# هەژان

ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەویەت

# هەژان

## ناوەندی هەژان بۆ فیکر و مەعنەویەت


سەرنووسەر: تەحسین حەمە غەریب

سکرتێری نووسین: نوعمان محمد ئەڵماس

دەستەی نوسەران

سەلمان نادر

موسعەب ئەدهەم

یاسین حەمەسەعید

کارزان ئەحمەد

ئاری عەلی



پەیوەندیەکانی گۆڤار لە رێگەی سکرتێری نووسینەوە دەبن

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ١- خودا وەک مانای ژیان | ٣ |
| ٢- شەڕ دوڕیانی ونکردنی خودا | ٢٠ |
| ٣- زمان و ئایین لای ڤینگشتایین | ٥٠ |
| ٤- هونەری پیرۆز | ٦٦ |
| ٥- هونەر و مەعنەویەت | ٩٣ |
| ٦- ماڵێکی گڵین و ماڵێکی دڵین | ١١١ |
| ٧- گوناهناسی مەعریفی | ١٢٣ |
| ٨- زنخلاق وەک فریادڕەس | ١٣٩ |
| ٩- موسڵمانان لەسەر خوانی مۆدێرنە | ١٤٧ |

# چاوی هەژان

خەریکی ئامادەکردنی ئەم ژمارەی هەژان بووین کە زۆربەی بابەتەکانی دیویکی ئاسمانیان هەیە و باسی بابەتە مەزن و وجودیەکانی مرۆڤن، وەك بابەتی مانای ژیان و و بابەتی شەڕ و دیوی نەبینراوی سروتە ئایینیەکان و هونەری پیرۆز و ئەخلاق و مەعنەویەت و گوناهناسی و زمان، خەریکی وەرگەڕانی گەورە بووین لە روانینە ئاسمانیەکانمان لە پڕ وەرگەڕانیکی گەورە لە بابەتە زەمینیەکانی نیشتمانماندا روویدا، زۆر بەداخەوە ئەوەی بە ماندووبوون و شەونخونی و خوێنی شەهیدانی ئەم نیشتمانە و ئاخ و فوغانی دایکانی جەرگ سووتاو لە ماوەی دەیان ساڵدا بۆ بە دەستهێنانەوەی خاکی نیشتمان و رەنج و ئازار و نەبوونی و هەژاری ئەم نەتەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ئاواتە دیرێنەکانی پێکەوەی نابوو لە دەستیدا. ئەوەی روویدا تەنها لە دەستدانی خاك و داهات و نەوت نەبوون، بەڵکو لە دەستدانی بەشێک لە وجود و شۆکیك بوو لە رۆحیدا دروست بوو.

ئەمە دەرەنجامی ئەو سیاسەت سەنتەریە بوو کە حیزبەکان و سیاسیەکان لە رابردوودا گرتبوویانە بەر، سەلماندنی بۆچوونی ئەو کەسانەشە باوەڕیان وایە کە دەبێت لە سیاسەت سەنتەریەوە بگوازینەوە بۆ فەرهەنگ سەنتەری، دەبێت جەخت لە گۆڕانکاری ناوەکی و فەرهەنگی بکەین ، هەر بەمەش گۆڕانکاری لە هەموو کایەکانی ژیاندا دەست پێدەکات.

هەنووکەش کە نەتەوە و نیشتمانمان بەو دۆخەی ئیستا گەیشتووە پێویست بە هەڵسانەوە دەکات، ئەویش نەوەك بە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی ناوخۆیی و بیدادی و تێکچوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بوو، بێجگە لە توندوتیژی کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی شەڕ کە کێشەی شەڕ تەنها هەر ئەوەندە نیە کە وێرانی و لەناو چوون دەخولقێنێت، بەڵکو خراپی گەورەی شەڕ لەوەدایە کە مرۆڤی خراپ پەروەردە دەکات و هەر ئەو مرۆڤە خراپانەش کۆمەڵگە وێران دەکەن و کیشە بۆ مرۆڤایەتی دەخولقێنن، بۆیە ئێمە پێویستمان بە پرۆژەی ئاشتیخوازانە و فرەخوازی و لێبووردەیی و تیۆری خولقین هەیە کە ئومێد و شادی و ئارامی بۆ کۆمەڵگە بگێڕنەوە و دەبێت مانای قووڵی نەتەوە کەشف بکەینەوە و تەنها لە بابەتە مێژوویی و جوگرافیە رووکەشەکاندا کورتی نەکەینەوە.

لێرەوە مانا قووڵ و بابەتە فەرهەنگی و ئومێدەکانی کاتی هەڵسانەوە و چۆنیەتی و چیەتی ئەو هەڵسانەوەیە بابەتی سەرەکی ژمارەی داهاتووی هەژانن. بە ئومێدی بەشداری شێلگیرانە و پشتیوانی هەموو لایەك و رێنموونیەکانی خودای باڵادەست .



تەحسین حەمەغەریب

# خودا وەک مانای ژیان

**پێشەکی:**

بابەتی گرنگی مانای ژیان یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی سەردەمی نوێیە کە تەمەنی بۆ نزیکەی پەنجا ساڵ دەگەڕێتەوە، کە ئەگەرچی بابەتێکی بینراو و لەبەرچاو نیە، بەڵام بە یەکێک لە پڕ کێشمەترین بابەتەکانی سەردەمی نوێ دادەنرێت. بابەتەکە هەر ئەوە نیە کە ژیان چیە؟ تەنانەت ژیان دەبێت چۆن بێت؟ بەڵکو پرسیارەکە لە بۆ چیەتی ژیانە؟ بە مانای ئەوەی من بۆچی بژیم؟ ڕەنگە ئەمە سەرەکی ترین بابەتی تیشک هاوێژ بێت بۆ سەر چەندین ناوچەی تاریکی ناو ژیانی مرۆڤ، هەر بەهۆی ئەو نوور پژینەی ئەم بابەتەشەوە مرۆڤ دەتوانێت لە ریشەی چەندین نەخۆشی گرفتی باوی وەک نەخۆشیەکانی (غەمباری) و گرفتی دەستچوونە خۆ و خۆکوژی تێبگات. کە بە دڵنیاییەوە لە گرفتەکان و نەخۆشیەکانی سەردەمن و لە سەردەمەکانی لەوە و پێشدا بەو فراوانیە بوونیان نەبووە.

لە بواری ئاینیشدا دەرکەوتنی بابەتەکانی وەک خوداناسی (غەیب بوونەوەی خودا) لە ژیانی مرۆڤدا (نەوەک بوون و نەبوونی خودا و دەلیلەکانی). کە مرۆڤ وا هەست دەکات ژیانی لە (حوزوری خودا) خاڵی بۆتەوە و ژیانی وەک بیابانی لێهاتووە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نیە کە ڕێی تێدا بدۆزرێتەوە.

لە رووی زانستە پزیشکیەکان و دەروون و دەرمانیشەوە ئەم بابەتە خۆی خزاندۆتە ناو چەقی بابەتەکەوە، تۆ سەیر بکە دەرمان لە قۆناغەکانی پێشوودا بۆ چارەسەرکردنی بابەتە جەستەییەکانی مرۆڤ بوو بەڵام لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان دەرمان دەخۆن لەبەر ئەوەی بێتاقەتن و شەکەت و ماندوون و خەویان لێناکەوێت..

دەرمـان دەخـۆن بـۆ ئـەوەی بحەوێنـەوە و خەویـان لێبکەوێت. کەواتـە کێشـەکە لـە جەسـتە و ژیانـی مـادی و تەنانـەت سـتایلی ژیانیشـیاندا نیـە، چونکـە مرۆڤـەکان هـەم دەربـارەی سیسـتمەکانی خـۆراک و وەرزشـە جەسـتەییەکانیشـیان هۆشـیار بوونەتـەوە بەڵکو بابەتەکە لەوێدایە کە مانایـەک بـۆ رەفتار و زەحمـەت و ئازارەکانیـان لـەم ژیانـەدا نادۆزنـەوە کە ئـاگان لـە چیەتـی زەجر و ئازارەکانیـان، بـەڵام وەڵامـی ئەوەیـان دەسـت ناکەوێـت کـە بۆچـی ئـەو ئـازار و رەنجـە بوونـی هەیـە.

گرنـگ دەرکەوتنـی ئـەو پرسیارە بـوو کـە لـە راسـتیدا تەمەنـی دەرکەوتنـی زۆر کـۆن نیـە تەنیا سـەد و پەنجا سـاڵێک دەبێت.

هـەر ئـەو کاتەی کە گۆڕانکاریە ریشـەییەکانی سـەردەمی نـوێ مرۆڤیـان لـە لـە دەسـت دانانـی هەمـوو تەمـەن لـە پێنـاو بـە دەسـتهێنانی شـتە پێداویسـتە سـەرەتاییەکانی وەک خـۆراک و پۆشـاک رزگار کـرد کاتـی بـۆ رەخسـاند تـا بیر لـە خـۆی بکاتـەوە و بیریشـی لـەوە کردەوە کـە مـن بۆچـی دەژیـم، ئـازارە گەردوونـی و مرۆییەکانـی بـۆ؟

ئایـا خـودا هەیـە؟ ئەگـەر هەیـە ئـەم هەمـوو شـەڕەی نـاو وجـود بـۆ؟ بۆچـی رێگـەی داوە مـرۆڤ ئـازار بـە مـرۆڤ بگەیەنێـت؟ مامەڵـەی نا ئەخلاقی بکات؟ شار و ئاوەدانی لەناو بەرێت هـەر لێرەوە بـوو بابەتێکـی وەک بابەتـی شـەڕ، بوونـی شـەڕ لەنـاو وجوددا و پێچەوانە نەهاتنـەوەی لـە تـەک (عەدالەتـی خوداییـدا) کەوتنـەوە نـاو چەقـی لێکۆڵینـەوە فەلسـەفیەکانەوە، بێجگـە لـەوەی چارەسـەری مانایـی لـە چارەسـەری دەروونیدا بوونـەوە جێـی گرنگـی پێدانـی زانـا و پسـپۆران و

> **گۆڕانکاریەکانی سەردەمی نوێ مرۆڤیان لە لەدەست دانانی هەموو تەمەن لە پێناو پێداویستە سەرەتاییەکان رزگار کرد**

فەیلەسـوفان!.

هـەروەک باشـترین رۆمانەکانـی ئـەم قۆناغـە ئـەو رۆمانانـەن کـە بابەتـی (مانـا) سـەرەکیترین بابەتیانـە وەک کارەکانـی فەیلەسـوف و دەروونناس و رۆماننووسـی بەناوبانـگ (یالـۆم).

ئەگـەر ئەمـە لـە ئاڵۆزتریـن و سـەرەکیترین بابەتەکانـی ئـەم سـەردەمە بێـت. مـن وا دەبینـم بابەتـە مەعنـەوی و عیرفانیەکانی تایبەتیەکانیـش رۆڵێکـی سـەنتەری لە چارەسـەری بابەتەکەدا دەبێت. بـە تایبـەت (راز)ی بوونـی مەعشـوقی راسـتەقینە، چونکـە ئـەو وەک مەولانـا دەفەرموێـت (خـودا خـۆری ژیانـە) کـە نـە مـرۆڤ دەتوانێـت بـێ ئـەو بـژی و نـە ماسـیش بـێ ئـاو.

هـەر لەبـەر ئەوەشـە مەولانـا ئـەوە دەداتـە پـاڵ مامۆسـتاکەی کـە وتوویەتـی:

(انما المعنى هو الله)

*** *** ***

## باشترین ڕۆمانەکانی ئەم قۆناغە ئەو ڕۆمانانەن کە بابەتی (مانا) سەرەکیترین بابەتیانە وەک کارەکانی ڕۆماننووسی بەناوبانگ (یالۆم)

"١"

### (مانای مانای ژیان)

لە سەردەمی ئەرستۆوە عەقڵانیەت دابەش بووە بە عەقڵانیەتی تیۆری و عەقڵانیەتی پراکتیکیدا، عەقڵانیەتی تیۆری بریتیە لە مامەڵەی عەقڵی و بەڵگەهێنانەوەی عەقڵانی و نەهێشتنی هاودژی لە نێوان باوەڕەکانی مرۆڤدا. لەکاتێکدا عەقڵانی بریتیە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هۆ و ئامانجەکانی مرۆڤدا، دۆزینەوەی ئەو ئامرازانەی دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤی خاوەن (ویست) بە ئامانجەکانی بگات. ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیەی نێوان هۆکار و ئامانج بابەتی عەقڵی پراکتیکیە.

بەڵام جۆرێک لە عەقڵانیەتی دیکە هەیە کە دۆزەرەوەکەی بریتیە لە (ڤینگشتاین) کە لەم جۆرە عەقڵانیەتەدا هەر دوو جۆرە عەقڵانیەتەکە کۆ دەبنەوە جۆرێک لە عەقڵانیەت دروست دەکات کە پێی دەوترێت شێوازی ژیان (stile of life) کە ڕووگە بە ژیان دەبەخشێت، لەوێدا هەموو مرۆڤێکی عاقڵ هەوڵی ئەوە دەدات پێکهاتەیەک و پەیوەندیەکی دینامیکی و ئۆرگانی لە نێوان هەر دوو جۆرە عەقڵانیەتەکەدا دروست بکات کە ئەو پێکهاتە عەقڵیە نەدیتراوە هەمیشە حزوری هەیە یەکێک لە نووسەرەکان ناوی ناوە (عەقڵی هەمیشە ئامادە). دەتوانرێت مانای ژیان لە پەیوەندی بەم عەقڵە ئامادەوە مانا پەیدا دەکات.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە روون بکەینەوە و هەنگاو بە هەنگاو لێی بچینە پێشەوە هەوڵی دروستکردنی ئارگیۆمینت و بەهێزکردنی بەڵگە و ئارگیۆمێنتەکان دەدەین.

سەردەمی نوێ ئەرکێکی گەورەی بەسەر مرۆڤی نوێدا سەپاندووە کە مرۆڤەکانی لەوە پێش لەو ڕووەوە ئەرکیان سووک بوو، ئەویش بەهۆی ئەو گومان سەنتەریەی ئەم سەردەمە بە مرۆڤی بەخشیوە. کە ئیتر مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەیەوێت خۆی ڕۆڵی هەبێت لە دانانی بابەتەکاندا (لەوانەش مانا بۆ ژیانی) ئەمە لە کاتێکدا لە سەردەمەکانی دیکەدا مرۆڤ شتە دانراو و پێشتر هەبووەکانی بدۆزێتەوە ئیتر مانای ژیان هەر ئەو مانایە بوو کە خودا و ئایینەکان بە ژیانیان بەخشی بوو و مرۆڤ تەنیا ڕۆڵی شوێنکەوتن و دۆزینەوەی (discovery) هەبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم گومانی قووڵی بەرامبەر خودا و بوون هەیە، ئەمرۆ دەیەوێت خۆی مانا بە ژیانی خۆی بدات و کاری دانانی مانا دەکات (invention).

بەڵام کاتێک بە قووڵی لەم بابەتە تێدەگەین کە لەوە تێبگەین هەستە قووڵەکان و نیازە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ چین و چ ڕۆڵێکیان لەمەیدانی بیروباوەڕەکانی مرۆڤ هەیە، کاتێک

ئەو هەستە قووڵ و نیازە بنەڕەتیانە نادۆزێتەوە یاخود جێبەجێ نابن. هەست بە بارگرانی و نەخۆشی دەکات، ئیتر لێرەوە مامەڵە عەقڵی و تیۆریەکانی وەک زانستە ئەزموونیەکان بە تایبەت (زانستە پزیشکیەکان) ڕۆڵێکی چارەسەری و سەنتەر دەرمانیان دەبێت، هەر لێرەوە گوتەی فەیلەسوفە شیکاریەکان مانا پەیدا دەکات کە ئەرکی فەلسەفە لەم سەردەمەدا دەکاتە دەرمانکردن (فەلسەفە وەک رووگە دەرمانی) هەر لێرەوە من لە نووسینێکی دیکەمدا نووسیم کە ئەگەر پێغەمبەر بێتەوە پیشەی پزیشکی هەڵدەبژێرێت.

بەڵام ئەی ئەو هەستە قووڵ و نیازانە چین کە دەبنە مایەی نەخۆشی قووڵ، مرۆڤ کە دەبێت چارەسەر بکرێن: دەتوانین بڵێین هەر لە سەردەمی ئەفلاتوون و فەیلەسوفەکانەوە بۆ ئەوە ڕۆشتوون کە مرۆڤ بە شوێن سێ شتەوەیە و بە گەڕان بە شوێن ئەو سێ شتەدا ژیانی مانا پەیدا دەکەن کە ئەوانیش (حەقیقەت و جوانی و چاکەن) یەکێک لە فەیلەسوفە موسڵمانەکانیش ناویان دەنێت بە (ئایەتەکانی خودا) و دەڵێت: هەر ئەو کەسانە (آیة الله)ن کە دەرکەوتەی هەر کام لەم سیانە بن، ئەوەی یەکێک لەم سیانەی تێدا نەبێت ئەوە هەرگیز ئایەتی خودا نیە ئەگەرچی شوێنکەوتوانیشی بانگەشەی شتی لەو شێوەیەشی بۆ بکەن.

مرۆڤ بە شوێن هەر کام لەو سیانەدا دەگەڕێت و نیازی هێنانەدی ئەو سێ بابەتەیەتی، جا یان بە عەقڵانیەتی ئامادە و شێوازی تایبەتی ژیانی هەر کام لەو سیانەدا دەدۆزرێتەوە یاخود دەیەوێت بیاندۆزرێتەوە ئەو دەمە ژیانی دەبێتە ژیانێکی ڕەسەن و مانادار. یاخود نایەوێت (زەجر)ی گەیشتن بەو سیانە نەیکێشێت خۆی دەغافڵێنێت و لە گرتنەبەری هۆکاری گەیشتن بەو سێ ئامانجە خۆی لادەدات ئەو کاتە ژیانێکی خوازراو و ناڕەسەنی دەبێت. بەڵام لە سەردەمی نوێدا بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی قوتابخانەی بوونگەرایی نوێ بە جۆرێکی دیکە بۆ ئەم بابەتە ڕۆشتوون و ئەویش ئەو کاتەی دامەزرێنەری ئەم قوتابخانە (کیرکێگەرد) لە چایخانەیەک دانیشتبوو و جگەرەی دەکێشا و دەیووت: (نەخێر! ئەوانی تر بابەتەکە زۆر ئاسان دەکەن بەڵکو دەبێت خۆمان لە ئاڵۆزیەکانی بدەین)، مەبەستی ئەوە بوو ریشەی قووڵی ئەم بابەتە نە لە بابەتە مەعریفیە رووکەشەکان و نە تەنها بە سەیرکردنی دووراو دووری مەسەلەکان کەشفی ناکەین!.

بەڵکو بۆ گەیشتن بە دیوی قووڵتری بابەتەکە دەبێت هەم مەعریفە و ژیانی ڕۆشنبیری ئاسایی تێپەڕێنین و هەمیش بگەینە ئەو شوێنانەی کە پێیان دەوترێت (شوێنگە و دۆخە سنووریەکان) تا حەقیقەتی بوونی خۆمان بۆ کەشف بکرێت. ئەو شوێنگانەی تا نەچیتە ناویان و ئەزموونی راستەوخۆیان نەکەیت وەک دۆخی رووبەڕوو بوونەوەی (مەرگ). تەنیا بە گەیشتن بەو دۆخانە (مانا)ی بوونی خۆمان کەشف دەکەین.

دەکرێت یەکێک لەو دۆخە بوونیە قووڵانە هەستی ماناداری و بێمانایی ژیان بێت کاتێک مرۆڤ هەست دەکات مانایەک لە ژیانیدا نیە کە لە مامەڵەی رۆژانەدا ئەم مانایە دەرناکەوێت و بەڵام سێبەری بەسەر مرۆڤەوە هەیە و تووشی ڕاڕایی دەکات ئەو ڕاڕاییە قووڵەی وجودیەی

تەندروستی دەروونی مرۆڤەکان تێکدەدات.

ئا لێرەوە مرۆڤ سەرچاوەی قەلەق و دڵڕاوکێیەکانی بریتی نیە لە چەپاندنی پێشتر و منالّی وەک ئەوەی لە لێکۆڵینەوە دەروونیەکانی فرۆیدا باسی دەکرد کە دەرەنجام سەرچاوەی لە رابردوو و مێژوودا هەبوو بەڵکو پەیوەندی بە ئێستا و ترس لەو ترازانە وجودیەدایە کە ترسی لای مرۆڤەکە دروست دەکات. کە هەست دەکات لە قووڵایی خۆیدا لە پێگەی راستەقینەی خۆی ترازاوە و خەریکە دەکەوێت، دەرەنجامی ئەمەش بێمانایی و پووچی دەبێت کە رووگەیەکی زاڵ و دیاری سەردەمی نوێیە.

بەڵام دەبێت مانای مانای ژیان روون بکەینەوە: لەوانەیە ئەمەش گرنگترین خاڵ و جیاوازی پێگەی لەفز و مانایە لە سەردەمی نوێ و سەردەمی کۆندا کە لە سەردەمی نوێدا بە تایبەت لە قوتابخانەی شیکاریدا رۆڵی فەلسەفە لە روونکردنەوەی چەمکەکاندا کورت دەبێتەوە، سەرچاوەی هەموو گرفتە فەلسەفیەکانیش بە گوێرەی ئەم قوتابخانەیە بریتیە لە ناڕوونی چەمکەکان لە سەرچاوەی گرفتی وەک مانای ژیانیش هەر لەو ناڕوونیەدایە: هەر بۆ ئەوەی ئەم بابەتە روون ببێتەوە نموونەیەک دەهێنمەوە:

من کتێبێکم هەیە

من ئازارم هەیە

کە لە هەر دوو رستەکەدا هەر دووکیان هەبوونی شتێک دەگەیەنن، لەکاتێکدا لە رستەی یەکەمدا هەبوون و موڵکداری شتێکە لە دەرەوەی مرۆڤ کە بوونی کتێبێکی بینراوە لە دەرەوەی مرۆڤ لە کاتێکدا لە رستەی دووەمدا هەبوونی هیچ شتێک نیە و تەنها هەستکردنە و ناتوانرێت بێ ئەو هەستە بوونی هەبێت. (ناشێت کەسێک ئازاری هەبێت و هەستی پێنەکات).

ئەم بابەتانەیە کە فەیلەسوفێکی وەک ڤینگشتاین ناوی دەنێت (رێگریەکانی زمان) چونکە زمان تەنها ئامرازێک نیە بە دەست ئێمەوە بەڵکو جیهانی ئێمەیە کە تێیدا دەژین، ئیدی هەر ئەو زمانە مەعریفەی راستەقینەمان دەربارەی شتەکان لێ تێکدەدات، بەڵکو زۆرجاریش تووشی ئەو وەهمەمان دەکات کە وا دەزانین شتێک هەیە بەڵام لە راستیدا بوونی نیە.

سەیری ئەم دوو رستەیە بکە:

ئازاد نانی خوارد

ئازاد مرد

کە لە رووی رێزمانەوە لە هەر دوو رستەکەدا بکەر ئازادە، لە کاتێکدا لە رستەی دووەمدا ئازاد بکەر (فاعل) نیە، بەڵکو بەرکار (مفعول) ە چونکە ئازاد خۆی بەکاری مردن هەڵنەستاوە بەڵکو ئەو مرێنراوە.

ئیتر لە زۆر شتی دیکەدا بەو شێوەیە زمان لێمان تێکدەدات. وەک چەمکەکانی (شوێن) و کات وا دەزانین ئەوانە بوونی دەرەکی پێوانەکراویان هەن لە کاتێکدا هیچ لەو دوو چەمکە بوونی دەرەکیان نیە بەڵکو قاڵب و پێشمەرجی ناو زەینی ئێمەن بۆ تێگەیشتن لە دەرەوەی خۆمان ئەمەش داهێنراوی فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمانی (ئەمانۆیل کانت)ە کە بە شۆڕشی کۆپەرنیکی ناو فەلسەفە ناوی بردووە.

سەبارەت بە (مانا)ش هەمان گرفتی فەلسەفی

هەیە لە کاتێکدا وا دەزانی کە (مانا) تێدەگەیت و ماناکەی روونە، لە کاتێکدا لە (مانای مانا) یەکێک لەگەورەترین گرفتە فەلسەفیەکانی سەردەمی نوێیە و هەندێک فەیلەسوف بۆ ئەوە رۆشتوون ئەمە تاکە بابەتی فەلسەفەی زمانە، بابەتەکە لەوەدا نیە کە مانای بابەتێک بزانیت بەڵکو بابەتەکە لەوەدایە مەبەستمان لە (مانا) خۆی چیە؟

ئەم گرفتەش لە مانای ژیانیشدا بوونی هەیە مەبەستمان لە (مانای ژیان) پێکەوە و مانا و ژیان بە جودا چیە؟.

**بەکارهێنانەکانی مانا**

مانا بە چەندین مەدلول بەکارهاتووە لەوانە:

-مانا بە مانای هۆ و ئاماژە. بۆ نموونە بوونی ئەم هەورانە بە ئاسمانەوە مانای وایە لە چەند کاتژمێری داهاتوودا دەکاتە باران واتە هەورەکان هۆکاری باران بارینن هەروەها ئەم لەرز و تایەی تۆ مانای وایە ڤایرۆس لەناو جستەی تۆدا هەیە.

١. مانا بە مانای بابەتە ئیعتیباری و لە سەر رێکەوتنەکان لەبەرامبەر شتە سروشتیەکان، بۆ نموونە: هەڵبوونی گلۆپی سەوز لە ترافیکدا مانای جوولانی ئۆتۆمبیلەکانە.

٢. مانا بە مانای ئامانج.. کە ئەمە سەبارەت بە کارەکانی کەسێکی خاوەن (دەرک) و ویست دروست دەبێت کە ئامانج لە کارەکانیدا لەبەر چاو دەگرێت وەک ئەم هەموو رەنج و تەقەلایانەی تۆ مانای چی دەگەیەنێت؟ کە مەبەست ئەوەیە ئامانجت لەو کارانە چیە؟

**لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە بۆ ئەوە رۆشتوون کە مرۆڤەکان بە شوێن (حەقیقەت و جوانی و چاکە) وەن**

٣. مانا بە مانای ئیش و ئەرک: بۆ نموونە کاتێک دەڵێت مردن مانای چیە؟ بەو واتایەی (مردن) وەک بەشێک لە بوون وئیش و ئەرکی چیە؟

٤. هەروەها مانا بە مانای (بەها) و (نرخ) ئەمەش لەکاتێکدا بەکاردێت کە مرۆڤ هەندێک بابەت هێندە گرنگن بەلای کەسێکەوە کە بەها و نرخ بە ژیان دەبەخشن. بۆ نموونە کاتێک دەڵێیت ژیان بێ خودا مانای نیە (مەولانا گوتەنی:خودا خۆری ژیانە)

**ژیانیش بە چەند مانایەک دێت:**

ژیان بە مانای هەموو بوون بە هەموو پارچەکانیەوە.

١. ژیان بە مانای هەندێک رووداو لە زیندووبوونی برێک لە مەخلوقاتدا وەک ئەوەی دەڵێین درەخت یاخود ئاژەڵ ژیانی هەیە یاخود زیندوون.

٢. ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە لە هەموو سەردەمەکاندا بێ ئەوەی هیچ

## (حەقیقەت و جوانی و چاکە) لای هەندێك فەیلەسوفی موسڵمان ئایاتی خودان

کام لە مرۆڤەکان بە تایبەتی لەبەرچاو بگرین، وەک ئەوەی دەڵێین: مرۆڤ لەسەر زەوی ژیاوە.

٣. هەندێک جار مەبەستمان لە ژیان پێگەی مرۆڤێکی دیاریکراوە لەم سەرزەویەدا (نەوەک هەموو مرۆڤایەتی) وەک ئەوەی دەڵێم: ژیانم لە سلێمانی بەسەر بردووە.

٤. ژیان مەبەست لێی هەندێک بیر و هەڵوێست و گوفتار و رەفتاری مرۆڤیکە لە شوێنێک و کاتێکی دیاریکراودا. وەک کاتی گرانیەکە ئەوە ژیان نەبوو ئێمەی تێدا بووین.

٥. هەندێک جار مەبەست لە ژیان هەندێک لە بابەتی دیاریکراوە لە هەموو ژیانی کەسێک وەک دەڵێین: کاتێک ژیانی خۆم هەڵدەسەنگێنم ژیانێکی سەرکەوتووم هەبوو خۆ ژیان بێجگە لە سەرکەوتن شتی دیکەی تێدا هەبووە. ئەمە مانای ئەوە نیە کە هەموو ژیانی هەر دۆڕانە.

کاتێک هەر دوو زاراوەکەش دەخەینە پاڵ یەک (مانای ژیان) ئیدی بە گوێرەی ئەوەی کام لە ماناکانی مانا بۆ کام لە ماناکانی ژیان بەکاردەهێنین ئەنجامی جیاوازمان دەست دەکەوێت، بەڵام زاناکان بە شێوەی گشتی (مانای ژیان) بە مانای (ئامانج لە ژیان) ئەویش ئامانج بۆ هەموو ژیان و گەردوون کە ئەمەش ئەوە دەخوازێت مەوجودی ئاگا لە دەرەوەی هەموو بوونی بۆ دەربکەوێت.

یاخود ئامانج لەناو ژیاندا و بۆ بەشێک لە گەردوون بۆ نموونە مانای ژیانی مرۆڤ چیە؟ **واتە ئامانج لە ژیانی مرۆڤ چیە؟**

- (مانای ژیان) بە مانای بەهای ژیان ئایا ژیان مانای هەیە و مەبەستمان ئەوەیە ئایا ژیان ئەو گرنگی و نرخەی هەیە مرۆڤ ئەرکی بکێشێت و باجەکانی بدات (ئایا دەستکەوتەکەی لە تێچوونەکەی زیاترە) کاتێک مرۆڤێک دەستی دەچێتە خۆی و ژیانی کۆتایی پێدەهێنێت ئەوە مانای وایە ئەو کەسە پێی وایە ژیانی ئەو نرخەی نیە ئەو زەحماتە ناهێنێت کە دەبێت باریان بەرێت.
- هەروەها ژیان بە مانای ئەرک و کارە ئەم مانایەش بابەتی ئامانجی ژیان دەهێنێتەوە بەرچاو، کاتێک دەتوانێت لە ئەرک و کاری شتێک بدوێت کە ئامانجی ئەو شتە باسی بکەیت، ئەرکی هەر بەشێک لە هەر دەزگایەک رۆڵی ئەو پارچە پیشان دەدات لە کۆی کاری دەزگاکە و ئامانجی لە دروستبوونی بۆیە ئەم مانایە بە شێوەیەکی سەربەخۆ باسی ناکرێت لە چوارچێوەی مانای پێشووتردا نەبێت کە ئەویش بریتیە لە (ئامانجی ژیان).

سەبارەت بە رووگەکانی (مانای ژیان) دەتوانرێت دوو رووگەی سەرەکی دیاری بکرێن:

**یەکەم: رووگەی دۆزینەوەیی** (discovery)

کە ئەمە زۆر لە فەلسەفەی میتافیزیک و ئایینەکاندا دەردەکەوێت، کاتێک باوەڕ وایە مانایەک لە دەرەوەی مرۆڤ بوونی هەیە و رۆڵی مرۆڤ تەنها لە دۆزینەوەی ئەو مانایەدا خۆی دەبینێتەوە. ئیدی سەرچاوەی ئەو مانایە خودا بان هەر مەوجودێکی دیکە بێت.

**دووەم: مانای (مانا دانان**-invention )

بۆ ژیان، لەم رووگەیەدا مرۆڤ لە دەرەوەی خۆی مانا کەشف ناکات، لەبەر ئەوەی لە دەرە بوونی نیە، بەڵکو خۆی هەڵدەستێت بە دانانی مانا بۆ ژیانی خۆی چونکە مرۆڤ مەخلوقێکی خاوەن ویستە یاخود لەبەر ئەوەی (باوەر)ی وایە خودایەک بوونی نیە کە مانا بۆ ژیانی ئەم دابنێت.

بەڵام ئایا زەمینەکانی دروستبوونی هەر دوو رووگەکانی مانای ژیان چین؟

دەتوانین بڵێین لێرەش دوو زەمینە بوونی هەیە کە رووگەیەکیان رووگەی سروشت سەنتەریە (naturalistic approach) لەم زەمینەدا ئەو مەیدانەی کە مانای تێدا دادەنرێت یاخود کەشف دەکرێت بریتیە لە ناو ئەم جیهانە مادی و بینراوە کە تێیدا بوونی دەبێت، ئیدی نابێت پەنا بۆ جیهانی پشت ئەم جیهانە ببرێت. جا ئەو جیهانە پێشترە تەنها ئەفسانە و نەبوو بێت، تەنانەت ئەگەر بوونیشی هەبێت ئەوا دواجار پێویست بەهێنانە ناوەی ناکات و لەم رووەوە وەک نەبوو وایە.

مانا تەنها لێرە بوونی هەیە جا ئێرەش دوو جێگەیە یەکێکیان بریتیە لە ناوەوەی مرۆڤ، واتە مرۆڤ دەبێت لە ناوەوەی خۆی بۆ مانای ژیانی خۆی بگەڕێت، یاخود دایبنێت. ئەم رووگەیە کۆمەڵێک تیۆریای دروستکردووە کە پێیان دەوترێت خودگەراکان (subjective theories) و لە بەرامبەر ئەمە کۆمەڵێک تیۆریای دیکە هەن کە لە دەرەوەی مرۆڤ بۆ مانا دەگەڕێن بەڵام لە هەمان ئەم ژیانەدا پێیان دەوترێت تیۆریا بابەتگەراکان (objective theories) کە لە تیۆریا دەرەکی و بابەتیەکاندا لەبەها و نرخی ژیان لە ناو هەمان بوونە مادیەکەدا دەگەڕێن.

رووگەی دووەم ئەو رووگەیەیە کە دەتوانرێت بە رووگەی ئەو دیو جیهانگەرا یاخود بان سروشتگەرا (super naturalistic approach) بەگوێرەی ئەو تیۆریانەی کە دەچنە چوارچێوەی ئەم رووگەیەوە شوێنی راستەقینەی مانای ژیان و بەهاکەی لە مەیدانێکی دوورتر لە سروشتەوەیە لەو شوێنەی مادە نیە بەڵام (جیهانی مانا) بوونی هەیە، ئەوانەی باوەڕیان بەم رووگەیە هەیە بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان وای بۆ دەچن دەبێت باسی خودا و رۆژی دوایی بهێنینەوە پێشەوە، واتە هەرگیز بێ باوەڕ بوون بە خودا و رۆژی دوایی ناتوانرێت ژیان مانایەکی هەبێت. بوونی خودا و بوونی جیهانی دیکە پێکەوە و بە جودا مەرجی پێشوەختەی بوونی مانای ژیانن.

## "٢"

مێژووی سەرهەڵدانی مانای ژیان بۆ سەد و پەنجا ساڵی رابردوو دەگەڕێتەوە، ئەویش

چەندیـن هـۆکاری هـەن لەوانـە:

مـرۆڤ لـە کۆمەڵگـەی خۆشـگوزەراندا کاتـی بـۆ دروست بـوو کـە کاتـی هەبێـت تـا بیـر لـە خـۆی و دەوروبـەری و خـودا و ژیـان بکاتـەوە. ئـەو مرۆڤـە داماوەی لـە سـەردەمەکانی لـەوە پێشدا بـە نەگبەتـی و داماوی دەژیـا کـە هـەم کاتـی ئـەوەی نەبـوو بێجگـە لـە (مانـەوە) لـەو جیهانـی وەحشـەت و بێبەزەییـەدا بیـر لـە خـۆی و مانـای ژیانـی بکاتـەوە، هەمیـش ئامـرازی ئـەوەی نەبـوو واتـە ئامرازی مەعریفـە و تێڕامانـی سیستەماکی بۆیـە بیرکردنـەوە و هەڵسـەنگاندن لـەو قۆناغـەدا تایبـەت بـوو بـە کەمینەیەکـی دەستەبژێر، مـرۆڤ تـا پێویستیە جەستەیەکانی دابیـن نەبێت ناتوانێت بیـر لـە دابینکردنـی پێداویستیە رۆحـی و مەعریفیەکانـی بکاتـەوە.

هەروەهـا لەبـەر ئـەوەی سـەردەمی نـوێ بێجگـە لـە بەخشـینی کات و توانـا بـۆ بیرکردنـەوە هەلـی ئەوەشـی بـۆ رەخسـاند کـە نەشـیاوی و شـەڕ و زیانەکانـی دەوروبـەری ئـازاری زێتـری پێبگەیەنێت، هـەروەک دروسـتبوونی دونیـای تەکنۆلۆژیـا و چەندێتـی سـەردەمی نـوێ ئەگـەر کۆمەڵێـک لـە ئـازاری لـە کـۆڵ ئـەم مەخلوقـە نوێیـە کـرد بوویـەوە ئـەوا کۆمەڵێـک ئـازاری نوێـی بـۆ خولقانـد بـوو، هەرچـی زیاتـر تەنیـای کردبوویەوەلـە خـاک و خێزان و پیرۆزیەکانـی دووری خسـتبوویەوە.

بـە گوتـەی ئیقباڵـی لاهـوری (تەنهـا عەقڵـی نەکـرا بوویـەوە، بەڵکـو نەخۆشیەکانیشـی زۆرتـر بـوو بـوون) بـێ ئـەوەش ئـەم سـەردەمە نوێیـە پەیمانەکانـی خـۆی نەبردبوویـە سـەر، پەیمانەکانـی سـەردەمی رۆشـنگەری کـە جۆرێـک لـە هیـوای لـە مرۆڤدا دروسـتکرد بـوو ئـەو مرۆڤـەی لـە داهاتـووی بەهەشـتی خـۆی کـە (زانسـت و تەکنەلۆژیـا) بـۆی دەخولقێنـن دڵنیـا بـوو، ئیتـر بەهەشـت لـە دونیـا دەخولقـا هەمـوو ئـەوەی لـەو قۆناغـەدا پەیمانـی پێدرابـوو نەهاتـەدی، یاخـود هـات و بـەڵام خۆشـبەختی لەتـەک خۆیـدا نەهێنـا. شـەڕ و ئـاژاوە جیهانیەکانـی خولقانـد، ئـەو شـەڕانەی ملیۆنەهـای کـوشـت و چەندیـن وڵات و شـاری بـە تەواوەتـی وێران کـرد. ئـەوەی رەنجـی مرۆڤایەتـی بـە رۆژگارێـک لەسـەر ئـەم زەویـە دروسـتی کردبـوو بـە ماوەیەکـی کـەم لێـی وەرگرتـەوە. تـاڕادەی ئـەوەی کەسـێکی وەک ئەنیشـتاین دوای جەنگـی جیهانـی دووەم بڵێـت ئەگـەر جەنگـی جیهانـی سـێیەم روو بـدات و کەمێـک لـە مرۆڤەکان بمێنـن ئـەوا دەبێت لـە جەنگـی جیهانـی چوارەمـدا بـە دار و تێڵا شـەڕ بکـەن.

ئیتـر مـرۆڤ هـەم لـە ئەنجامـی ئـازارەکان و هەمیـش لـە دەرەنجامـی خولیـا قووڵەکانیـەوە وەک ئـەوەی فەیلەسـوفە بوونگـەراکان دەڵێـن: (مـرۆڤ تاکـە مەخلوقێکـە بوونـی خـۆی بـۆی بابەتـە)، بابەتـی نوێـی مانـای ژیـان بـوو بـە سـەرەکیترین بابەتـی زۆر زانسـت و کایـەی مەعریفی. بەناوبانگـە کـە نیچـە وتوویەتـی: هەرکـەس بۆچیەتـی ژیانـی خـۆی بزانێـت ئـەوا لەگـەڵ هـەر چۆنیەتێکـی ژیانـدا هەڵدەکات). هـەر بۆیـە دوای دەرکەوتنـی قەیرانـی بۆچیەتـی ژیـان و ئـەو هەمـوو دەرد و ئـازاری دەرەکـی و خەمۆکـی و بێـزاری و خۆکوژیـە ناوەکیـە فەلسـەفە و زانسـتەکان هەوڵـی چارەسـەرکردنی ئـەم بابەتـە کـۆن بـەڵام نوێیـەی کێشـەی مرۆڤـی نوێیاندا، ئـەو بابەتـەی ئەلبێـر کامـۆ بـە سـەرەکیترین بابەتـی سـەردەمی نوێـی دەبینێـت. ئـەو بابەتـەی هـەر ئـەم سـەردەمە مایـەی خولقانـدن و ئاشـناکردنی مـرۆڤ

بـوو پێـی.

بۆیـە هەوڵی ناساندن و چارەسەرکردنی تایبەت نیە بە زانستێک و کایەیەکی دیاریکراو، هەموو فەلسەفەکان، کاتێک دەڵێین هەموو فەلسەفەکان چونکە فەلسەفە لەسەردەمی نوێدا ئەو کایە نیە کە لەسەردەمی لەوەو پێشدا پێی دەوترا فەلسەفە و تەنیا لێکۆڵینەوەی لە میتافیزیک دەکرد. دوای دەرکەوتنی داهێنانەکانی کانت و بە شوێن ئەویشدا دەرکەوتنی فەلسەفەی شیکاری ئیتر فەلسەفە ئەرکی خۆی لە بوونناسیەوە گواستەوە بۆ مەعریفەتناسی، ئیتر فەلسەفە جودا جوداکانی وەک فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی ئەخلاق و فەلسەفەی ئایین و ... هتد، دەرکەوتن. بابەتانێکی وەک مانای ژیانیش بوون بە بابەتێکی گرنگی زۆرێک لەو فەلسەفانە بۆ نموونە لە کایەی فەلسەفەی ئەخلاق و فەلسەفەی ئایینیدا، لە فەلسەفەی ئایینیدا بابەتی لە شێوەی ئەوەی ئایا بۆ ئەوەی ژیانی مرۆڤ مانای هەبێت ئایین پێویستە یان دەشێت مرۆڤ مانای ژیانی لە دەرەوەی باوەڕ بوون بە خودا و ئایینیشەوە دەبێت.

هەروەک لە فەلسەفەی بوونگەراییدا کە ئەم بابەتە بە ساردی و سڕی و (بابەتیانە) لەم بابەتەیان نەکۆڵیتەوە بەڵکو بە گرنگی پێدانی تەواوەوە کە بابەتی سەرەکی مرۆڤە لەم سەردەمەدا چونکە مرۆڤیان بەو مەوجودە دەزانی کە بابەتی بوونی خۆی و مانای ئەو بوونە گرنگترین بابەتیەتی، بۆیە زۆر بە گەرمی دەستیان دایە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە و بە یەکێک لە بابەتە وجودیەکانی مرۆڤیان زانی کە مایەی نەخۆش کەوتن و دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە پوچیان زانی، دواتر

**مرۆڤ لە رابردودا نە کاتی ئەوەی هەبوە بیر لە مانای ژیان بکاتەوە نە ئامرازی مەعریفیشی بەردەست بوە بۆ ئەو کارە**

قوتابخانەی سێیەم لە چارەسەری دەروونی بە پشتبەستن بەم قوتابخانەیە دروست بوو بەناوی دەروونزانی بوونگەرا.

ئیدی ئەم بابەتە گرنگە خۆی ئاخنیە ناو زۆر کایەی دیکەی وەک دەروونناسی و قوتابخانەی سێیەم لەو زانستە کە دامەزرێنەرەکەی دەروونناس و فەیلەسوفی بەناوبانگ (فرانکل) بوو، ئەو زانا دیلەی ناو بەندی ئەڵمانیەکانی سەردەمی هیتلەر و چارەسەری نەخۆشیەکانی لە رێگای مانای ژیانەوە دەکرد.

ئەم بابەتە بووە بابەتی سەنتەری بابەتە هونەری و ئەدەبیەکان و زۆرێک لە کارەکان پەیوەندیان بە فەلسەفەی مانا و بێمانایی و پووچگەراییەوە هەیە ئیتر لە ئەدەبدا بە شێوەیەکی گشتی و لە رۆمانیشدا بە شێوەیەکی تایبەت.

"٣"

مانای ژیان وەک یەکێک لە هەستە وجودیە قووڵەکان کە مرۆڤ بە لە دەستدانی (ئارامی

**فەیلەسوفە بونگەراکان دەڵێن مرۆڤ تاکە مەخلوقێکە کە بونی خۆی بۆ خۆی بوەتە بابەت و لێی ورد دەبێتەوە**

و ئومێد و شادی) لە دەست دەدات کە بوونی ئەو سێیانەش مایەی بوونی ژیانێکی مرۆیی و مەعنەوین.

لە سەردەمی فرۆیدەوە نەخۆشیە دەروونیەکان و قەلەق و تەنانەت شەرمەکانی مرۆڤیش وا لێکدەدرێتەوە بەهۆی چەپاندنی مناڵی مرۆڤەوە دروست دەبن. بەڵام لە قوتابخانەکانی دواتری دەروونناسی مرۆڤ، بە تایبەت قوتابخانەی مرۆڤگەرا و بوونگەرا کە مرۆڤیان تەنیا لە مەیدانی جەستە و گەڕانیشیان بە شوێن نیاز و (هەوەسە)کانیدا و لە ئاکاریدا کوورت نەدەکردەوە. بەڵکو بۆ سەرچاوەی بابەتەکانی مرۆڤ لە هەستە قووڵ و نەدیتراوەکانیدا دەگەڕان. هەرچەند سوودیان لە هەندێک لە داهێنانەکانی سەردەمی (فرۆید)یش بینی.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە دیارترین بەڵگەنەویستەکانی دەروونناسی نوێ بریتیە لە دابەشبوونی دەروونی مرۆڤ بەسەر چەند منێکی جیاوازدا کە هەمیشە منی باتر سەرپەرشتی منی خوارتر دەکات و کاتێک منی خوارتر ئەرکەکانی خۆی ئەنجام نادات ئەوا منی باڵا لێپرسینەوە دەکات و پێوەری پێدەبەخشێت. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤ هەست بە شەرم دەکات ئەو کاتەی من خوار کارەکەی بە شێوەی شایستە جێبەجێ نەکردووە و قەلەق و ڕاڕایی قووڵیش هەر بە هۆی ئەم لێکترازانەی ئەم دوو (من) ەوە دەبێت ئەم بابەتەش لە بابەتە وجودیەکان و هەستە قووڵەکانیشدا بە هەمان شێوەیە. بۆیە هەمیشە مرۆڤ دوو هەستی دەبێت، هەستێکی ڕووکەش و بێقووڵایی و هەستێکی قووڵ و وجودی و ڕەسەن.

بۆیە بۆ زۆربەی بابەتە هاوشێوەکانی ئەم بابەتانە دوو ئاست بۆ هەستە مرۆییەکان دروست دەبن کە یەکێکیان ڕووکەشە و مرۆڤ وا هەست دەکات کە ناسیویەتی و دیوێکی قووڵتر کە مرۆڤ تا نەگاتە ئەو جێیەی کە پێی دەوترێت پێگەی وجودی (existence status) پێی نازانێت، چارەسەری کێشەکانی مرۆڤیش هەر لە چارەسەری ئەو هەستە قووڵ و وجودیانەن.


بۆ نموونە بابەتێکی وەک تەنیایی دەبێتە چەند ئاستێک (لانی کەم دوو ئاست) تەنیاییەکی فیزیکی و کاتێک کە مرۆڤ هەست دەکات لە هیچ کەس لە دەوروبەری نیە یاخود لە نیشتمان دوورە بەڵام هەستێکی قووڵتری تەنیایی هەیە ئەویش ئەو کاتەیە کە مرۆڤ لە ناو هاوڕێیان و ناسراوانی خۆیدایە.. بەڵام هەست دەکات تەنیایە ئەویش تەنیاییەکی قووڵ.. کە ئەمە لەکاتی نغرۆ بوونی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەستی پێناکات، بەڵکو ئەو هەستە لە شوێنێکی قووڵترە، بەڵکو زۆرجار خۆ مەژووڵکردن لە بابەتە ڕۆژانەکاندا بە تەعبیری قورئانی (لهو و لعب) بۆ خۆ دزینەوەیە لەو هەستە قووڵە.

ئەمە سەبارەت بە بابەتێکی وەک مردنیش بەو شێوەیە. مەرگ وەک بابەتێکی وجودی قوول ناکەوێتە کۆتا رۆژی ژیانەوە بەڵکو هەمیشە لەگەڵ مردندا بوونی هەیە، کاتێک مرۆڤ ناوێرێت رووبەڕووی بێتەوە خۆی لە بابەتی دیکەوە مەژغول دەکات، ناوێرێت رووبەڕووی بێتەوە لە خۆی دەترسێت، مەولانا وتەنی لە مەرگ ناترسێت بەڵکو لە خۆی دەترسێت، ئەمە سەبارەت بە مانای ژیانیش بە هەمان شێوەیە بوونی مانای ژیان یەکێک لە هەستە بوونگەراییە قووڵەکانی مرۆڤە، مانا لە کۆی ژیاندا لە شێوازی ژیاندا (stile of live) بە هەر دوو جۆرە عەقڵانیەتەکەی تیۆری و پراکتیکیشەوە. نەوەک لە تەنیا لە هەڵوێستێک یان کار و شتێکی دیاریکراودا بەرامبەر بە ماناداریش کە پووچگەراییە مرۆڤ هەستی پێدەکات ئەویش هەستێکی قوول هەر بۆیە ئەگەرچی ژیانی ئاسایی دەژی و خۆشگوزەرانە دەبیستی خۆی کوشتووە یان تووشی خەمۆکی بووە.. ئەوە منی دووەمە رێگە نادات منی یەکەم بەبێ مانایەک بۆ ژیان درێژە بە رەفتارە پارەییەکانی (جوزئی) بدات یاخود مانای بچووک و پارەیی.

## "٤"

یەکێک لە سەرەکیترین گرفتەکانی مرۆڤەکان لە رووی ماناوە دابین نەبوونی ژیانی ماناداره کە ئەویش دوو هۆکاری سەرەکی هەیە.

یەکەمیان: بریتیە لە دەرکەوتنی ئەو شتانەی کە خۆیان وەک مانابەخش بە ژیانی مرۆڤ




دەنوێنن بەڵام کاتێک مرۆڤ تووشی قەیرانی مانا دەبێتەوە دەبینێت ئەوانە وەڵامگۆی ئەو بێ ماناییە نین وەک بابەتە ئیعتیبارییەکان وەک (پارە و دەسەڵات و تەنانەت زانستی دونیاییش) ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە ئیمامی غەزالی دەیکات کە ئەگەر لە تۆ بپرسن تەنیا یەک هەفتە تەمەنت لە دونیا ماوە ئایا خەریکی چی دەبیت؟ ئایا دەچیت پارە پەیدا دەکەیت بە کورسیەکەتەوە دەچەسپیت یاخود دەچیت پەرستن دەکەیت یاخود هەوڵی خۆ رزگارکردن لە غەریبی و کەشفی خودا دەدەیت و رزگاربوونی قووڵ؟ ئا لەمە دایە مانای (نەجات)ی پێغەمبەران رزگاربوون (فەلاح)ی پێغەمبەران مانا پەیدا دەکات، کە بانگی ئێمە دەکەن خۆمان لە دیلی رزگار بکەین. بە گوتەی یەکێک لە

نووسەرەکان ئێمە لە رووکەشدا لە زۆر شت ئازاد بووین بەڵام لە قووڵاییدا ئێمە هێشتا هەر دیلین.

لە راستیدا هەر ئەم مانا نارەسەن و دەستکاری کراوانەن کە توانای چارەسەری گرفتەکانی مرۆڤیان نیە یەکێک لە نووسەرەکان بە (خەیاڵ خەوێنە بچووکەکان) ناویان دەبات. بۆ نموونە دەشێت پارە لە هەندێگ برگەدا مانا بە ژیانی مرۆڤ ببەخشێت و هەندێک پێداویستی بۆ دابین بکات بەڵام ئایا پارە لە توانایدا هەیە کە کاتێک مرۆڤ تووشی کارەسات و موسیبەتێک ببێت یاخود تووشی خەمۆکی بووە مانا بە ژیانی ببەخشێت.

دووەم: مانا نوێنی نەگەشتنی هەندێک لە ئاییندارانی سەر بە هەندێک لە ئاییندارانی سەر بە هەندێک لە ئایینەکاندا کە فەرمانە رووکەشەکان جێبەجێ دەکەن و فەرمانی بەندەیی بەجێ دەهێنن و حوکمە فیقهیەکانیش جێبەجێ دەکات بەڵام ناگەنە ئەو مانا قووڵە لە ئاییندارییەکانیاندا کە ژیان پڕ لە مانا بکات کە دەبێت توێکڵ ببڕن و بگەنە کاکڵە. بۆ ئەمەش دەبێت مرۆڤ لە ناوخۆیدا لە دایک ببێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا هات بێت تا بتوانێت تا قووڵایی ئەو مانایانەی ناو رۆحی ئایین بڕواتە خوارەوە. بە دڵنیاییەوە ئەو مرۆڤەی هێشتا کاڵە و نەیتوانیووە بەرەو گەیشتن بڕوات هەرگیز مانایەکی گەورە لەناو خەزێنە گەورەکانی ئایینیدا بۆ خۆی نادۆزێتەوە. بۆ جوداکردنەوەی ئەم مانا خۆنوێنانە لەگەڵ مانای راستەقینەدا دەبێت مرۆڤ لە مانای خودی ژیان بڕوانێت واتە ئەو ژیان چۆن دەبینێت.

بۆ نموونە: ئەگەر ژیان بەلای ئەوەوە تەنها لە دیوە فیزیکی و مادیەکەیدا کوورت بوو بێتەوە بە دڵنیاییەوە هەرگیز بە مانا رۆحی و مەعنەویەکان ناگات.

خۆ ئەگەر باوەڕی وا بێت دەبێت لە دیوە مادیەکەوە بەرەو دیوە مەعنەویەکە بگوازێتەوە بە وتی مەولانا مەرگی ئەم دیوە پارەییەی هەبێت و تێی پەڕێنێت. ئەوا بە دڵنیاییەوە پەی بە ماناکەی دیکەی ژیان دەبات.

هەروەها ئەگەر مەیدانی ژیان تەنها بە مەیدانێکی گەورەتر بزانێت و مەرگ وەک عەتار دەڵێت وەک دەستگرتن بۆ جێ خەوێک و دواتر هەڵسانەوە و چوون بەرەو پاشای پاشایان بە دڵنیاییەوە ئەمە جۆرێکلە مانا بە ژیان دەبەخشێت کە مرۆڤ بێجگە لەم حاڵەتەدا بە هیچ شوێنێکی دی پێی ناگات.

"٥"

هەروەک چۆن بابەتی مانا یەکێک لە جێکەوتەکانی ئەم سەردەمەیە هەروەها بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین بابەت لەم سەردەمەدا، بۆ نموونە فەلسەفەی (پووچگەرایی) کە بە هۆی دەستبرانی لە بابەتە مەعنەوی و قووڵەکان و هاتنە رووکەش لە لایەک و رەخساندنی بوار بۆی بۆ بیرکردنەوە و بوونی خۆشگوزەرانی و کات لە لایەکی دیکەوە کە هەر چەند دەگەڕێت و هەوڵ دەدات مانایەکی بۆ نا دۆزرێتەوە، ئیدی بەردەوام بابەتانێکی وەک بوونی شەڕەکان لە ژیاندا جا چ شەڕە سروشتیەکان یا خود شەڕە ئەخلاقیەکانی نێوان مرۆڤەکان و ستەمکردنیان بێت لە یەکتر جیاوازی نیە کە ئەو هەموو

نەگبەتـی و دەردەسـەریانەی مـرۆڤ دەبینێت لـە بوونی ژیانی ئایینی و ئەخلاقی راستەقینە باوەڕی لـەق دەبێت.

بـەڵام هەست بـە گرنگـی بابەتـە ئیلاهـی و مەعنەویەکانیش دەکات، بە وتـەی نیچە هەست بـە مردنـی خـودا دەکات، ئـەم بوونـە مژاوانـە بـە خاڵـی و بـێ حـوزوری خـودا دەبینێت. بابەتەکـە بـوون و نەبوونـی خـودا نیـە لـە رووگـەی بەڵگـە و عەقڵکاریـەوە بەڵکـو هەستی چۆڵـی ناوەکیـە کـە رەنگدانـەوەی ئـەم چۆڵیـە لـە دەرەوەش دەبینێت و ئیتر ئـەم بوونـە فراوانـەی لا بـەر تەسـک دەبێتـەوە (ضاقـت الارض مـن بمـا حبـت).

ئیتر هەست دەکات نە وەک خودا بوونی نیە، بەڵکـو (غائیـب)ە و لێرە نیـە، خـودا هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پەیوەندیـان بـە خـوداوە هەیـە وەک بابەتەکانـی فریشـتە و نەبینـراوەکان لـە دەرەوە و بابەتـە مەعنەویـەکان لـە ناوەوەی مرۆڤ ئەمە ئیتر ئـەو قۆناغەیـە بـە قۆناغـی ئیلاهیاتـی (غەیبـەت) چـۆڵ بوونـی خـودا لـە خـودا ناسراوە بۆیـە کاری مرۆڤـە مەعنەویـەکان لـەم قۆناغـەدا بریتیـە لـەوەی باسـی خـودا بێتـە بەربـاس (نـاوی لـە نـاوا نەمـا خـودا).

تـا مـرۆڤ هەسـت بـە بوونـی بەردەوامـی ئـەو لـە تـەک خۆیـدا بـکات، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ ئـەوەی لـەم سـەردەمەدا لـە دەستی داوە بریتیـە لـە (دیـار) نەمانـی خـودا نـەوەک نەبوونـی، بۆیـە ئیلاهیاتی ئـەم سـەردەمە تەنیا باوەڕبوونی بە خودا نیـە، بەڵکـو چەندیـن جـۆر مامەڵـەی ئیلاهیانـەی نـوێ دروسـت بـوون لەوانـەش ئیلاهیاتـی لێگەڕانـی خودایـە بـەو مانایـەی خـودا ئەگـەر ئـەم بوونەشـی دروست کرد بێت ئـەوا هەنووکە لێی گەڕاوە (ید

**ئێمە لە رووکەشدا لە زۆر شت ئازاد بووین بەڵام لە قووڵاییدا ئێمە هێشتا هەر دیلین.**

اللـە مغلولـە) وەک ئـەوەی لـە هەندێـک کتێبـی کۆنـدا هاتـووە جـووەکان دەیانـووت خـودا دەسـتی بەسـتراوە ئیتـر هەنووکـە پێویسـت بـە هێنانـەوەی باسـی خـودا دەکات بێگومـان ئـەم بابەتـی دریـار نەمـان (غەیبـەت)ی خودا لەسـەر دەمەکانی لـەوە و پێشدا بوونی هەبوو بـەڵام هەرگیز وەک ئـەوەی ئـەم سـەردەمە نەبـوو، مـرۆڤ هەسـتی بـە دووری خودا دەکرد بەڵام لە راستیدا ئەوە مرۆڤ خۆی بـوو (غائیـب) دەبـوو نـەوەک خـودا:

گـەر تـۆ لـە مـن غائیـب دەبـی چـم بـێ لـە تـۆ غائیب

قیامـەت حـازری بەرچاومـە خۆمـم لـە خـۆم غائیـب

بابەتەکـە بریتیـە لـە ئامادەیـی هەمیشـەیی و بـەردەوام لەبـەردەم خودادا نـەوەک دروستکردنێکی رابـردوو کـە هەنووکـە رۆڵـی نەمـاوە لـە ژیانـی مرۆڤدا مـن پێویستم بـە خودایەکە کە هەردەم شاد بـم بـە لەگەڵدا بوونـی و هـەم ئارامـی پێببەخشێت و هەمیـش ئومێدی بـەردەوام نـەوەک خودایـەک لـە رابـردوودا بوونـی هەبـووە.

# خودای عاریفان و عاشیقان کە خۆی بێ وێنە و سوورەتە و هەموو وێنە سوورەتەکان لەوەوە دێنە بوون

"٦"

پرسیارێک لەم بابەتەدا دەوروژێنرێت بریتیە لەوەی ئایا دەشێت مانای ژیانی مرۆڤ مانایەکی ئەبەدی بێت واتە مانایەک بۆ هەمیشە؟

دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارە لە چەند روویەکەوە وەڵام بدرێتەوە:

یەکەم: ئەگەر مانایەک بۆ ژیان بۆ ژیانی کەسێک هەبێت بەڵام کام کەس؟ چونکە ئەگەر مرۆڤ کەسێکی هەمیشە ماوە بێت خۆ کەسایەتی مرۆڤ کە ژیان ئەزموونەکانی ئەو مرۆڤەیە بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ کۆی ئەو ئەزموون و پەیوەندیانەیە کە مرۆڤ لە ژیانیدا تووشی دەبن ئیتر بەردەوام ئەزموونەکان و پەیوەندیەکان بە ماوەیەکی دوور و درێژ پەیوەندیان بەیەکترەوە نامێنێت. بۆ نموونە ئەگەر هەزار ساڵ بژیم لەوانەیە کەسایەتی من لە نیوەی دووەمی ئەو تەمەنەدا هیچ پەیوەندیەکی بە نیوەی یەکەمەوە نەبێت. هیچ کام لە پەیوەندی و ئەزموونەکانی پێشوو جێکەوتیان لەسەری نەبێت. کەواتە مانا بۆ ژیانی کام لەو دوو کەسایەتیەی من یاخود بە شێوەیەکی دیکە بڵێین کامیان کەسایەتی منە؟

دەکارێ بووترێت من دوو منم منێک کە کار دەکات و ئەزموون و پەیوەندی دەکات بەڵام منێکی دووەمی قووڵ هەیە ئەو دەڕوانێت ئەوەی دەگۆڕێت منی یەکەمە نەوەک منی دووەم.

دووەم: دەوترێت (مانا) لەناو چیرۆک و گێڕانەوەدایە کە مانا پەیدا دەکات بۆ نموونە هەموو کارێک و مردن و پەیوەندی و ئەزموونێکی ژیانی من بەشێکە لە چیرۆکی کۆتایی ژیانی من، ئەوە ماناکەیەتی کە بەشێکە لە کۆی ئەو چیرۆکە. ئەگەر بەشێک نەبێت لێی هیچ مانایەکی نابێت. بەڵام چیرۆکیش ئەگەر کۆتایی نەبێت ئەوە چیرۆک نیە و ئەو دەمەش چیرۆکێکی بێ مانا دەبێت لە دەرەنجامدا ژیانێکی بێمانا دەبێت.

لە وەڵامدا دەتوانرێت بووترێت بەڵێ دەکرێت ژیان مانای هەبێت ئەگەرچی چیرۆکەکەی من بێ کۆتایی بێت ئەویش بەوەی ئەو چیرۆکە تەنیا یەک رەگەزی نابێت کە ئەویش بریتیە لە رەگەزی (کۆتایی) پێهێنان. بەڵام بە کەمهێنانی ئەم رەگەزە چیرۆکەکە لە چیرۆک بوون ناکەوێت و بێمانا نابێت. وەک رۆمانێک لە چەند بەشێک پێک هاتبێت و هەر بەشەی کەسێک بینووسێت.

سێیەم: دەوترێت ئەگەر ژیان کۆتایی پێهێنراوە و براوە نەبێت ئەوە لە بنەڕەتدا هیچ مەعریفەیەک ناگەیەنێت چونکە ئەوە مانایەکی

یەک دیو و یەک جۆر و هەمیشەییە. شیمانەی مانایەکی دیکەی نیە تا (هەڵبژاردن) روو بدات ئەو دەمەش مانای ژیان مانای ببێت.

لە وەڵامی ئەمەشدا دەشێت بووترێت راستە یەک دیو بوونی هەر شتێک ناتوانێت مەعریفە بخولقێنێت بەڵام تەنیا بە کۆتایی نەهاتنی هەر شتێک ئەو شتە ناکاتە یەک دیو چونکە دەشێت لەباتی (کۆتایی) چەندین رەگەزی دیکە باس بکەین کە شیمانەی چەند دیوی بخولقێنین، هەر لەو ژیانە بێکۆتاییەدا، بۆ نموونە دانی مانا بە چەندین بابەتی دیکەی وەک کۆتایی پێهێنان بە ئازارەکانی مرۆڤ و دۆستایەتی و کۆشش لە پێناو عەدالەت و هونەر و چەندین بابەتی دیکەدا.

"٧"

ئەگەر ئەو دەرەنجامانە راست بن کە زانستەکانی وەک مەعریفەتناسی لە فەلسەفە و دەمارناسی لە پزیشکیدا گیراون کە هەنووکەش پشتگیری کراون لەو رووەوە کە زەینی مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەویش نیوەیەکی مێشک کە کاری وێنەگرتن و دروستکردنە چەمکە زمانیەکانی ئێمەیە کە ئێمە لە رێگەی زمانیشەوە جیهانی خۆمان دەخولقێنین، بەڵکو زمان جیهانەکەی ئێمەیە:

ئەوا نیوەی تری مێشک کاری بریتی نیە لە خولقاندنی چەمکەکان بەڵکو کاری بریتیە لە دروستکردنی پەیوەندی و کۆنتاکت، بەڵکو کاری زەین بریتیە لە وەصفی حاڵەتەکان بەڵکو وەستان و مامەڵەکردنە لەگەڵیان کەواتە لێرە لە باتی ئەوەی حیکایەتی شتێک بکات، حزوریانە و ئێستایانە لەگەڵ ئەو شتەدا مامەڵە دەکات، کە ئەوەش ناتوانێت ناوی شتی لێبنرێت چونکە ئەگەر شت بێت ئەوا دەبێتە کاری نیوەی یەکەم کە دروستکردنی ناو و چەمکەکانە. لێرەدا تەنیا حزور و ئاگایی و لاکردنەوە دەبێتە بابەتی سەنتەری و (ئیبنولوەقت) بوون گرنگترین دۆخ دەبێت. بە وتەی مەولانا جەلالەدین لەباتی ئەوەی جیکایەت بگێڕێتەوە خۆی دەبێت بە حیکایەت، هەر ئەم حزوورە دەبێتە مانای ژیان، نەوەک بەکارهێنانی زمان بۆ مانای ژیان.

وەک پەیوەندی نێوان دایک و کۆرپەلەکەی یاخود بەخشینی مرۆڤێک و سەیرکردن و بڕینی چاوەکانی لە چاوی مرۆڤە پێبەخشراوەکە، ناسینی خودا لە رێگەی ناوە حزوریەکانی خودا بۆ حزوری پەروەردگارە ئیتر ئەمە مانایەک بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت کە هەموو مانابەخشیە وەهمیەکان دەخاتە کەنارەوە و ئەو دەستە گەیشتنەی مرۆڤیش کە دەیەوێت بگات بە مانا کۆتایی پێدەبەخشێت.

هەر ئەم مانا بەخشینە ئێستایی و حزوری و گەرموگوڕە نا ویانەیە تەنانەت لە حاڵەتی سکوتدا کەسێکی وەک مەولانا ناوی دەنێت عیشق و دەیکاتە بابەتێکی سەنتەری لە ژیاندا و ئیتر بێ ئەو ناتوانێت بژی و وەک خۆی دەڵێت: نە من بێ تۆ دەژیم و نە ماسیش بێ ئاو.

ئەمە کرۆکی ناسینی خودایە لە رێگەی ناوەکانیەوە کە ناوی ئامادەن و تەجەللای خودان.

لێرە هەموو شتێک دەبێتە ئایەت و وشە وێنە بۆ مانایەک کە خۆی نەبینراوە دیوی نەبینراوی ئەو بینراوانەیە ﴿ هُوَ ٱلۡأَوَّلُ وَٱلۡأٓخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُۖ وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ٣ ﴾ الحدید هەر بۆیە ﴿ قُل لَّوۡ كَانَ ٱلۡبَحۡرُ مِدَادٗا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّي لَنَفِدَ ٱلۡبَحۡرُ قَبۡلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّي وَلَوۡ جِئۡنَا بِمِثۡلِهِۦ مَدَدٗا ١٠٩ ﴾ الکهف

لێرە مرۆڤ بە گۆشت و ئێسقانی خۆیەوە خۆی لەبەردەم خودایەکی ئامادە و ئەزموونیدا دەبینێتەوە. ئەزموونێک کە دەچەژرێت و ناوترێت، نەوەک خودایەکی فەلسەفی کە لە ناو چەمکە فەلسەفیەکاندا دەژی و پەیوەندی بە مرۆڤێکی فەلسەفیەوە هەیە کە چەمکەکان خولقاندوویانە نەوەک مرۆڤێکی خاوەن عارەقی تیژ و خوێنی گەرم و گۆشت و ئێسقاندار.

ئەمە خودای عاریفان و عاشیقانە و کە خۆی بێ وێنە و سوورەتە و هەموو وێنە سوورەتەکان لەوەوە دێنە بوون. ئەمە ئەو خودایەیە کە دەبێتە (مانایەک بۆ ژیان) وەک مەولانا بە ناوی شێخەکەیەوە باسی دەکات و دەڵێت:

(المعنی هو الله)

مانا خودایە

**سەرچاوەکان:**

- ———— -


١- آثار جدید درباره معنای زندگی، تدئوس متز: ترجمه محسن جوادی نقد و نظرشماره ٢٩-٣٠ ١٣٨٢ هـ ش.

٢- پوچی تامس نیگل، ترجمە: حمید شهرباری نقد و نظرشماره ٢٩-٣٠ ١٣٨٢ هـ ش.

٣-مهدی کمپانی زارع، حیات معنوی مولوی، نگاه معاصر، ١٣٩٠هـ ش.

٤- مهدی کمپانی زارع، مولانا و معنای زندگی، نگاه معاصر، ١٣٩٢هـ ش.

٥-; Happines and meaning Two aspects of good Life, Susan Wolf, Social Philosohy and policy/ December١٩٩٧ /Volume١٤ .

٦-معنای زندگی از نگاه مولانا و اقبال، تالیف پروفسور نذیر قیصر، ترجمە: محمد بقائی (ماکان) انتشارات تهران، چاپ اول١٣٨٩هـ ش.

٧-آرش نراقی، حدیث حاضرو غایب، نشر نگاه معاصر، چاپ اول ، ١٣٩٠هـ ش.



سەلمان نادر

# شەڕ دووڕیانی ونکرنی خودا

**ئەگەر شەڕ لە بەرزترین ئاستیدا بریتی بێت لەوەی ژیان کۆتایی پێدێنێت واتە دژە ژیانیی بێت، بە وردبوونەوە لە ژمارەی مرۆڤەکان دەبینین کە ئیرادەی خەیر زاڵترە بەسەر شەڕدا چونکە بەردەوام ژمارەی مرۆڤەکان لە زیاد بووندایە.**

شەڕ چیە؟ حەقیقەتی ئەو لە کوێدا خۆی پەنهان داوە؟ چۆن هاتۆتە ئاراوە؟ بۆچی شەڕ بوونی هەیە ؟ کێ شەڕی خولقاندووە؟ ئایا نەدەکرا جیهانێکی دوور لە شەڕمان ببوایە؟ بۆچی خودا شەڕ لەناو نابات؟ ئایا بوونی شەڕ دژی عەدالەتی خودا نیە؟ پێچەوانەی میهرەبانی و خەیر بوونی ئەو نیە؟ ئەمانەوە دەیان پرسیار لە زەینی مرۆڤی باوەڕداردا دەجولێن و داوای وەڵام دەکەن. ئەم پرسیارانەش لە مێژووی کۆن و نوێدا ئاستەنگیان بۆ ئایینداران خولقاندوەو ئاییندارانیش وەڵامیان داونەتەوە.

ئەگەر بە درێژایی مێژووش پرسی شەڕ بە یەکێک لە پرسە گەورەکانی بەردەم ئایین هەژمار کرابێت ئەوا لە سەردەمی نوێشدا بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی فەلسەفەی ئایین دەزانرێت جارێکی دیکەش لە سەردەمی نوێدا پرسی سازگاری و ناسازگاری نێوان بوونی خودا و بوونی شەڕ دەبێتە بابەتی جیدی، ئەڵبەتە نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت بە درێژایی مێژوو پرسی شەڕ یەکێک بووە لە قەیرانەکانی بڕوابوون

بە خودا، بەڵام لە سەردەمی نوێدا ئەم پرسە فۆرمێکی دیکەی بە خۆیەوە گرتووە بە تایبەتی پاش "هیوم" ئەم کەیسە زەقتر کەوتە بەرچاو و گفتوگۆیەکی بەردەوامی خولقاندوە، ناوبراو باوەری وابوو یان شەڕ لە پشتیەوە مەبەستی خودا هەیە کەواتە خودا خەیر نیە یان پێچەوانەی مەبەستی خودایە کەواتە خودا بە دەسەڵات نیە، ئەمەش هەمان رێچکەکەی "ئەپیکۆرە".

لە سەدەی بیستەمیشدا کتێبەکەی "جۆن لیزلی ماکی" کە لە ساڵی ١٩٥٥ دا بڵاو بوویەوە بە ناونیشانی (شەڕ و دەسەڵاتی رەها) دەکرێت بە قۆناغێکی تری کاریگەری ئەم پرسە هەژمار بکەین لەو رووەوە لە قۆناغەکانی پێشوودا زۆرترین نووسینەکان زیاتر پاساوی هەبوونی شەڕ بوون واتە باوەڕدارەکان نووسیویانن بەڵام لە "ماکی"ەوە ئەم پرسە بەرەو ئەو هەنگاوی نا کە شەڕ ببێتە دەلیلی نەبوونی خودا.

پرسی شەڕ بە هەمان شێوەی مۆدیرنە چۆتە پێشەوە وەک "د. سروش"یش ئاماژەی پێدەکات هیچ کتێبێک نیە لە بارەی کەلامەوە نووسرابێت بەشێکی تەرخان نەکردبێت بۆ بابەتی شەڕ ئەڵبەتە ئەو تەفسیرێکی هەیە بۆ ئەم بابەتە بۆچی لەسەردەمی مۆدێرنەدا ئەم بابەتە بەو چەشنە دەبێتە جێ بایەخ کە پەیوەستی دەکاتەوە بە هەبوونی خۆشگوزەرانیەوە، لەکاتێکدا من وای بۆ دەچم ئەم بابەتە پەیوەستە بە سەنتەر بوونی مافەوە لە زەینی مرۆڤی مۆدێرندا تەنانەت تا چەمکی ماف گەشەتر بکات پرسیار کردن لە خودا لەسەر پرسی شەڕ زیاتر دەبێت، تەنانەت هەر لەو کۆباسەدا سروش ئاماژە

بە رای نووسەرێکی فەرەنسی دەکات کە دەڵێت: ئەگەر یەک لە هەزاری ئەو مەینەتیانەی لە هیندستاندا هەن لە ئەوروپا ببوونایە ئەوا کوفری خودا دەکرا بەڵام لە هیندستان هەزار خودا دەپەرستن، هەرچەندە د.سروشیش ئاماژە بەوە دەکات پاش سەرهەڵدانی هیومانیزم پرسی شەڕ گەشەی زیاتر دەکات، بەڵام هەر دەیبەستێتەوە بە رەفاهیەتەوە هەرجەندە رەفاهیەت و هیومانیزمیش دەبەستێتەوە بە یەکەوە، دواجار بەشێک لە بیرمەندان باوەڕیان وایە پرسی ماف و هیومانیزمیش زادەی سەرهەڵدانی رەفاهیەتن.

لەم بابەتەدا ئێمە کار لەسەر پرسی شەڕ دەکەین ئەڵبەتە نامانەوێت سەرجەم ئەو رایانەی لەو بارەوە هەن بیانخەینە روو، بەڵام دەمانەوێت بزانین پرسی شەڕ بە چ ئاراستەیەک کاری لەسەر کراوە بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین بەشێک لە را باوەکان موناقەشە بکەین.

ئەوەی دەمانەوێت لەم بابەتەدا بە روونی دەریبخەین پەیوەستی پرسی شەڕە بە بابەتی خوداوە، چونکە بەڕای بەشێک لە توێژەرەکانی ئەم بوارە پرسی شەڕ بە یەکێک لە جیدی ترین ئارگیومێنتەکانی خوداناباوەڕی هەژمار دەکرێت و جیدی ترین رەخنەیەکە لە باوەڕ دەگیرێت، بە وردبوونەوە لەو سێ تەوژمە سەرەکیەی خوداناباوەڕی کە هەریەکەیان تێڕوانینێکیان هەیە بۆ بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی خوداناباوەڕیدا دەبینین پرسی شەڕ بە یەکێک لە ئارگیۆمێنتە ئیستقرائیەکانی خوداناباوەڕی هەژمار دەکرێت، هەر وەک پاشتریش کەمێک بە زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین چونکە

دواجار پەیوەست دەبێتەوە بەم بابەتەوە.

پێم باشە لە دەسپێکی ئەم کارەدا سەرنجتان بۆ ئەوە رابکێشم کە پرسی شەڕ ناتوانرێت تەفسیرێکی کۆتایی بۆ بکرێت، لەو رووەوە تەفسیرەکان بەرمەبنای دونیابینی مرۆڤەکانن بەڵام دەکرێت کار لەسەر دەرخستنی بۆشایی ئارگیۆمێنتەکە بکەین، بۆیە دەکرێت بڵێین لەگەڵ ئەوەدا پرسی شەڕ ناتوانرێت وەڵامی کۆتایی بۆ بهێنرێتەوە و سەراپای ئەو وەڵامانەی بوونیان هەیە خەوشیان تێدایە بەڵام دەتوانین ئاماژە بەوەش بکەین کە ئارگیومێنتی شەڕیش بۆ خۆی خەوشی تێدایە و لە رووی لۆژیکیەوە لە ژێر پرسیاردایە.

**کێ شەڕی خولقاندووە؟ ئایا نەدەکرا جیهانێکی دوور لە شەڕمان ببوایە؟ بۆچی خودا شەڕ لەناو نابات؟**

**شەڕ لە بەرامبەر ئیمانەوە:**

بابەتی شەڕ دەکرێت لە چەندین ئاراستەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، مامەڵەیەکی وجودیانە لەو رووەوە کێ شەڕی خولقاندووە، مامەڵەیەکی وەزیفی ئەخلاقی ئایا خودا بە ئەرکی ئەخلاقیانەی خۆی هەستاوە لە هەمبەر پرسی شەڕ و رووبەڕوو بوونەوەیدا، بەدەر لەمەش کاتێک بە شێوەیەکی کردەیی تەماشای شەڕ بکەین یان راستر بڵێین بە شێوەیەکی ئیستقرائیانە بۆی بڕوانین دەبینین شەڕ لە سێ ئاستدا لەگەڵ ئیماندا بەرکەوتنی هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. بەرکەوتنی لۆژیکی، بەپێی ئەم بابەتە هەبوونی خودایەکی رەها لە توانا و زانین و خەیردا ناسازگارە لەگەڵ هەبوونی شەڕدا، واتە ئەم دوو بابەتە "مانع و الجمع"ن، واتە یەکیان راست بێت ئەوی دیکەیان راست نیە، توێژەرەکان باوەڕیان وایە ئەم ئیدعایە گەورەترە لە موقەدیمەکەی.

٢- بەرکەوتنی پرۆبابیلیتی، ئیحتمالیانە، لایەنگرانە ئەم تەرزە دەڵێن ئیحتمالی هەبوونی خودا لە بوونی ئەم هەموو شەڕەدا کەمە، بۆ ڕزگار بوونە لە رەهایەتی بەرکەوتنی لۆژیکی.

٣. بەرکەوتنی سایکۆلۆجیانە ئەم بەرکەوتنە زیاتر لەو کەسانەدایە شەڕ و ئازار یەخەی گرتوون بەشێوەی کردەیی گومانیان لە هەبوونی خودا بۆ دروست دەبێت بێ ئەوەی پێشەکی فیکری و لۆژیکیان ببێت.

ئەم سێ روانینە سێ روانینن کە ئاییندارەکان بەشێوەی جیاواز موناقەشەیان کردوون لە مێژەی ئایینە جیاوازەکاندا.

**ئیمان و نەیارانی:**

یەکێک لە بابەتە سەرەکیەکانی دونیا پرسی ئیمان و نەیارەکانیەتی، لایەنگرەکانی ئیمان و نەیارەکانی ئیمان، بۆیە هەوڵدەدەین لەم

# به درێژایی مێژوو پرسی شەڕ یەکێك بووه له قەیرانەکانی بڕوابوون به خودا بەڵام له سەردەمی نوێدا فۆرمی نوێی وەرگرتوه

بەشەدا تیشکێکی کەم بخەینە سەر ئەو پرسە و چەمکی ئیمان و خودا نابـاوەڕی و بەشێک لـە ئارگیومێنتەکانی هـەر دوو لا بخەینـەڕوو.

**چەمکی ئیمان:** چەمکـی ئیمـان لـە سـەرچاوە نـا ئایینیەکانـدا بەواتـای ئـەو بیروباوەڕانـە دێـت کـە مـرۆڤ خاوەنداریـان دەکات لـە کاتێکـدا لـە ڕێگـەی عـەقڵ و ئەزموونـەوە دەسـتی نەکەوتـوون، بەشـێوەیەکی گشـتی بریتیـە لـە کۆمەڵێـک بیروبـاوەڕی هەمەکـی و بەشـەکی.

ئیمـان بوویەکـی سـەنتەری ئایینەکانـە کـە تێکـڕای تەعالیـم و داخودازیەکانـی ئاییـن لـە دەوری ئـەودا کۆدەبنـەوە .

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا دەبێت دان بـەوەدا بنێیـن بابەتـی ئیمـان بـە یەکێـک لـەو پرسـە ئاڵۆزانـە هەژمـار دەکرێت کە بۆچوونی جیاواز لە بارەیانەوە هەیـە لـەو بۆچوونـەوە کـە پێـی وایە ئیمان بابەتێکە لەگـەڵ عـەقڵدا سازگارە وەک "کانت" ئامـاژەی پێدەکات تـا ئـەو بۆچوونـەی کـە پێـی وایـە نەخێر پرسی ئیمان پێچەوانەی عەقڵە هـەروەک کۆمەڵێـک فەیلەسـوفی وەک "کیـرکگارد و ڤیگنشـتاین و پلانتینجـا" ئامـاژەی پێدەدەن. کەواتـە ئەگـەر هـەر یەکێـک لـەم بۆچوونانەمـان ببێـت پێناسـەمان بـۆ ئیمـان دەگـۆڕێت.

### ئیمان و دەلیل:

لـە پێشـەوەش ئاماژەمـان بـەوە کـرد بابەتـی ئیمـان بابەتێکـی فرەڕەهەنـدی ئاڵـۆزە ناتوانیـن بەشـێوەیەکی سـادەیی تێیپەڕینیـن بۆیـە لێرەدا ئاماژەیەکی سـەرەتایی بە پەیوەندی نێوان ئیمان و بەڵگەوێژی دەکەیـن و چونکـە پەیوەنـدی نێـوان خـودا و بورهـان بابەتێکـی کـراوە و جێـی نیقاشـە، دەکرێـت لـە ڕووی جیـاوازەوە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت، دەشکرێت ئاراسـتەی جیـاواز بـۆ وەڵامـی بوونـی خـودا چیـە بدرێتـەوە بەتایبـەت لەنـاو شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا کـە ئێمـە کەمێـک شـارەزایمان لـە بارەیـەوە هەیـە.

بەشـێوەی گشـتی دەتوانیـن پۆلینبەنـدی بۆچوونـی فەیلەسـوفان بکەیـن لەبارەی سـەلماندنی بوونـی خـوداوە بـەم چەشـنەی خـوارەوە:

بوونـی خـودا سـەلمێنراوە و بەڵگـەی پێویسـت لەبەردەسـتدان: لایەنگرانـی ئـەم تێـزە دەبێـت لانیکـەم بەڵگەیەکـی دانپێدا نـراو بخەنـەڕوو.

لێرەوە دەکرێت بۆچوون و بەڵگەی ئەم فەیلەسوفانە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە پۆلینبەنـدی بکەیـن:

بورهانـی قیاسـی (ئەگـەر بتوانرێـت بورهانـی پێشـینی و قیاسـی بخرێتـەڕوو بەمەرجێـک دروسـت و گشـتگیر –تـام- بێـت ئـەوە دڵنیابەخشـە بەهەمـان شـێوەی بورهانـی بیـرکاری)

بورهانی ئیستقرائی (ئەم بورهانە بورهانێکی پاشینەیی و ئەزموونیە، بەڵام گرفتێکی هەیە ئیستقرای تەواو — تام- دەست ناکەوێت)

یان بەشێوەیەکی دیکە:

ئەو دەلیلانەی راستەوخۆ دەمان گەیەننە خودا.

ئەو دەلیلانەی نامان گەیەننە خودا بەڵام بوونی بوونی هێزێک لە دەرەوەی سروشت دەسەلمێنن.

بورهانەکان لە روانگەی هێزیانەوە

بەشێک لە بورهانەکان لە رابردودا هاتوونەتە ئاراوە بۆ سەلماندنی خودا دەرکەوتووە دروست نین یان راست نین.

بەشێک لە بورهانەکان ناراست نین بەڵام تەواو نین وەک بورهانی جوڵە (Primummovens) و بورهانی خولقاندن.

بەشێک لە بورهانەکان دروستن و ناقصیش نین.

لێرەدا ئێمە ناوی چەند بورهانیکی جیاواز دەخەینەڕوو تاوەکو خوێنەر خۆی بەدوایاندا بچێت.

بورهانی نەزم یان ئامانج ناسی (Design or Teleological argument)، بورهانی هۆکاری (علیت) (The Causal or cosmological Argument)، بورهانی ئیمکانی.

بوونی خودا تا ئێستا نەسەلمێنراوە: هەموو ئەو بەڵگانەی خراونەتەڕوو ناتەواویان تێدایە، هەر چەندە ئیمکانیەتی سەلماندنی رەت ناکرێتەوە، هەڵگرانی ئەم دیدە دەبێت موناقەشەی هەموو ئەو ئارگیومێنتانە بکەن لەم بارەوە خراونەتەڕوو:

بوونی خودا ناسەلمێنرێت: ئەوانەی ئەم باوەڕەیان هەیە جگە لەوەی دەبێت لاوازی ئارگیومێنتەکانی سەلماندنی خودا بخەنەڕوو دەشبێت ئەوە بسەلمێنین کە بوونی خودا ناسەلمێنرێت، مەولانا گوتەنی:

پای استدلالیان چوبین بود

پای چوبین سخت بی تمکین بود

بەڵام روونە ئەوەی مەولانا سەلماندن نیە لە رووی لۆژیکیەوە بەڵکو پێویستە ئەوەی ئەم دیدەی هەیە بیسەلمێنێت

لایەنگرانی ئەم دیدە کە بەشێکیان ئیمانگەراکانیان پێدەوترێت باوەڕیان وایە عەقڵی عەینی لەگەڵ باوەڕی دینیدا نەگونجاوە، سیستمی بیروباوەڕی دینی لەگەڵ عەقڵانیەتدا ناگونجێت و دینیش بۆ سەلماندنی خۆی پێویستی بە عەقڵانیەت نیە یەکێک لەو فەیلەسوفانەی ئەم بۆچوونەی هەیە "سۆرن کیرکگارد"ە کە قەناعەتی وایە ئیمان گەورەتری فەزیلەتە مرۆڤ پێی بگات، تەنانەت لە بابەتە دونیاییەکانیشدا سەرەتا ئیمانمان بە شتێک هەیە و بە عەقل بەڵگەی بۆ دەهێنینەوە.

نەبوونی خودا سەلمێنراوە: ئەوانەی ئەم دیدەیان هەیە ناتوانن بە رەتکردنەوەی بەڵگەی باوەڕدارەکان راستیەتی بیر و بۆچوونی خۆیان بسەلمێنن چونکە سەلماندنی هەڵەی دەلیلی بەرامبەرەکان جگە لەوەی بەڵگە نیە لەسەر هەڵەیی ئەوان بەهەمان ئەندازە بەڵگە نیە لەسەر راستیەتی بیروبۆچوونی خۆشت.

لایەنگرانی ئەم تەوژمە لە چەندین ڕێگەوە کاریان لەسەر سەلماندنی ئەم دیدە کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە.

بەڵام لە سەرەتاوە دەبێت ئەوەش بڵێین خودا ناباوەڕەکان باوەڕیان وایە ئەرک و قورسایی سەلماندنی نەبوونی خودا ناکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە بەڵکو ئەوەی بەرپرسیارە لە ئەرکەکەی باوەڕدارەکانن کە بیسەلمێنن خودا هەیە. ئەمەش لە رووی ئەبستمۆلۆژیەوە بە تیغەکەی "هیچینز" ناسراوە کە تیروانینێکی ئەبستمۆلۆژیانەیە "کریستۆفەر هیچینز" داهێنەریەتی لەو بنەماوە دەست پێدەکات (هەر شتێک بێ ناونیشان دەرکەوێت دەتوانرێت بێ ناونیشان رەت بکرێتەوە).

"ریچارد داوکینز"یش لە کۆنفرانسی (TED) ی ساڵی ٢٠٠٢ دا وتی سەلماندن لە ئەستۆی ئێوەدایە بڵێن بۆچی نەک لە ئەستۆی ئێمەدا بێت بڵێین بۆچی نا، بۆیە پێدەچێت کەمترین کاری خودا ناباوەڕەکان بریتی بێت لە سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆیان هێندەی پرسیار دروستکردنە لەسەر بۆچۆنی باوەڕدارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بۆچوونەیان پاڵپشتی لۆژیکی هەیە، چونکە نەبوون ناسەلمێنرێت بەڵکو بوون دەسەلمێنرێت، بەڵام دەکەوێتە بەردەم مەئزەقی هەندێک پرسیاری ترەوە لەوانە تەفسیرکردنی بوون بەشێوەیەک هیچ بەشێکی تەفسیرکراوی تێدا نەبێت، پاشان نەبوونیش بڕوایە چۆن بوون بڕوایە، واتە کاتێک دوو کەس دەکەونە موناقەشەوە چۆن کەسێکیان حوکم دەدات لەسەر ئەوەی شتێکی دیارێکراو بوونی هەیە بڕوای خۆی دەربڕیوە بەهەمان ئەندازە ئەو کەسەشیان کە دەڵێت ئەو شتە بوونی نیە هەر حوکمی دەربڕیوە، ئەمە و چەندین پرسیاری دیکە.

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هیچ جۆرە کارێک نەکرابێت بۆ ئەوەی وەک بورهانی بێباوەڕی بخرێتەڕوو، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لە بورهانەکانیان ئاماژە پێبدەین بەر مەبنای ئەو پۆلێنبەندیانەی بوونیان هەیە.

ئارگیومێنتە ئیستقرائیەکان (بورهانی شەڕ، بورهانی نادیاری خودا، بورهانی دیزاینی لاواز، بورهانی سروش (وحی) ناسازگار "متناقض")

ئارگیۆمێنتە قیاسیەکان "خودای چاڵەکان (God of the gaps) ناسازگاری دەسەلاتی رەها، بورهانی ئیرادەی ئازاد، بورهانی ناسازگاری صیفەتەکانی خودا".

پێویستی بە بورهان نیە ( قۆری چای راسڵ، هیۆلای سپایگیتی باڵندە، ئەسپی تاک شاخی نەبینراو ، ئەژدیهای گەراجەکەی من).

## شەڕ چیە:

لە سەرەتای ئەم بابەتەوە پێویستمان بەوەیە کورتەیەک لە بارەی شەڕەوە بنووسین، لەو رووەوە خوێنەر مافی خۆیەتی وێنەیەکی سەرەتایی بەلانی کەمەوە لە بەردەستدا بێت لەسەر ئەو بابەتەی ئێمە لە بارەیەوە دەدوێین، بۆیە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی سەرەتایی بەشێک لەو پێناسانەی بۆ شەڕ کراون لەگەڵ بەشێک لە پۆلێنبەندیەکاندا بخەینەڕوو.

ئەگەر لەو پێشەکیە لۆژیکیەوە دەست پێبکەین کە بەشێک لە لۆژیکزانەکان کاریان لەسەر کردووە بەوەی شتەکان بە دژەکانیاندا دەناسرێنەوە، لێرەوە ئەگەر بمانەوێت لە شەڕ تێبگەین پێویستە لە خەیر تێبگەین، هەرچەندە ئەم دوو چەمکەش

وەک چەمکەکانی دیکە بەشێک پێیان وایە خۆیان بەدیهیاتن و پێویستیان بە ناساندن نیە و مرۆڤ خۆی دەزانێت مانایان چیە.

مەلا صەدرا لە شەرحی (غرر الفرائد)دا وا پێناسەی شەڕی کردووە بریتیە لە نەبوون، بوون بریتیە لە خەیر لە خودی خۆیدا یان بە بەراورد بە جگە لە خۆی بۆیە بوون یان خەیری رەهایە یان خەیری زیاترە لە شەڕی بارۆخ "سپینۆزا"ش بەو شێوەیە پێناسەی خەیر و شەڕ دەکات کە هەر شتێک بە سەلامەتی مرۆڤ و پەرستنی خودا کۆتایی بێت مرۆڤەکان پێی دەڵێن خەیر و بە پێچەوانەشەوە هەرشتێک بەوانە کۆتایی نەیەت پێی دەڵێن شەڕ.

لەبارەی شەڕەوە پۆلێنبەندی زۆر هەن، بە ئاراستەی جیاواز شەڕ پۆلێنکراوە بەشێک شەڕیان پۆلێن کردووە بۆ شەڕی سروشتی، ئەخلاقی، سۆزداری، میتافیزیکی. لە بەرامبەردا بەشێکی دیکە شەڕیان پۆلێن کردووە بە شەڕی سروشتی (فەلسەفی) و شەڕی ئەخلاقی، بەشێکی دیکە پێیان وابووە سێ جۆر شەڕ بوونیان هەیە سروشتی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هیچ یەکێک لەو پۆلێن بەندیانە ورد و دروست نین.

**ئایا شەڕ بوونی هەیە؟**

لە سەرەتاوە دەمانەوێت لە پرسیارێکی بنەڕەتیەوە دەست پێبکەین ئایا شەڕ لە بنەڕەتەوە بوونی هەیە، چونکە ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەمان نەخێر بێت لە سەرەتاوە کۆی ئارگیومێنتی شەڕ بەهایەکی نامێنێتەوە، پێویست

**د. سروش"**
**هیچ کتێبێکی نوێ نیە لە بارەی کەلامەوە نووسرابێت بەشێکی تەرخان نەکردبێت بۆ بابەتی شەڕ**

بە ئیستیدلالی تر ناکات، بەڵام ئەگەر باوەڕمان وابێت شەڕ بوونی هەیە پاش ئەوە قسەکردن لەسەر ئیستیدلالەکانی دی دێتە ئاراوە.

زۆرینەی زۆری فەیلەسوفان باوەڕیان وایە شەڕ بوونی هەیە پێشیان وایە ناکرێت ئینکاری بوونی شەڕ بکەین لە بەرامبەردا رای دیکەش هەن پێیان وایە شەڕ بوونی نیە، لەم رووەوە تێزی خاتونێکی فەڵە بە ناوی "مێری بیکەر ئیدی" [Mary Baker Eddy] لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بە رایەکی دیاری سەردەمی نوێ بزانرێت، ناوبراو یەکێکە لە نووسەرە دیارە ئەمریکیەکان و دامەزرێنەری زانستێکە کە پەیوەستی دەکات لە نێوان مەعنەویەت و تەندروستیدا بەناوی زانستی مەسیحیەت (Christian science) لەم بارەوە کتێبێکی هەیە بەناوی (science and health with key to the scriptures) بیکەر لە یەکەم چاپی ئەم کتێبەدا دەڵێت لە منداڵیەوە تووشی (chronic indigestion) هەروەها تووشی ئیفلیجی بووە، سەرچاوەکان دەڵێن لە رێگەی

## مێری بیکەر: شەڕ بوونی نیە تەنها وەهمێکە، یان وێناکردنێکی زەینیە بۆ شتێکی نەبوو

دۆخە ئیمانیەکانەوە چاک بۆتەوە و (٩٢) ساڵ ژیاوە و بەردەوامیش سەفەری کردووە.

لە سەرەتاوە دەتوانین بڵێین ناوەرۆکی ئەم تێزە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە شەڕ بوونی نیە تەنها وەهمێکە، یان وێناکردنێکی زەینیە بۆ شتێکی نەبوو، بە قەولی راسڵ بریتیە لە جیهانێکی پایین بۆ ئەو وەهمانەی پێویستە خۆمانیان لێ رزگار بکەین، دیارترین ئەو کەسانەی ئەم رایەیان دراوەتە پاڵ هێندۆسەکانن چونکە لای ئەوان شەڕ بریتیە لە مایا واتە وەهمێکە، بەشێک لە سۆفیەکانی دینە جیاوازەکانیش هەمان رایان هەیە.

تێزی "مێری" لەسەر دوو بنەما وەستاوەتەوە:

یەکەم: رای "مێری" بەو چەشنەیە لە ژیاندا مرۆڤ هەر هەڵەیەک بکات دەرئەنجامێکی بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە بێ قەمسەڵە لە سەرمادا بڕۆیتە دەرەوە نەخۆش دەکەوێت، لەوانەیە تاو لەرزێکی زۆر بتگرێت، تا و لەرز دەرئەنجامی هەڵەیەکە ئەنجامت داوە، کەواتە هەموو هەڵەیەک سزای خۆی هەیە.

هەندێک هەڵە لە رووی زانینەوە دەرئەنجامی هەیە، بۆ نموونە کاتێک من بەپەنجەم چاوم خێل دەکەم یەک بە دووان دەبینم، هەڵەی چاوخێلکردن دەرئەنجامی هەڵەی زانینە، هەڵەی لەبەر نەکردنی قەمسەڵەش ئەنجامی کردەییە، گوناهیش بەهەمان شێوە دەرئەنجامی هەیە، هەم کردەیی و هەم زانینی، گوناە جیهانی رۆح تێکدەدات، ئێمە لە روانگەی رۆحەوە جیهان دەناسین، کاتێک سیستمی رۆح تێک دەچێت ناسینمان تێک دەچێت.

دووەم: جیهان خۆی خەیاڵە واقیع نیە: دەتوانین ریشە سەرەتاییەکانی ئەم تێزە لە ئایینە رۆژهەڵاتیەکانەوە بدۆزینەوە، بەپێی ئەم تێزە بێت شەڕ (مایایە) بەپێی ئایینی هێندۆس دونیای مادە دونیای مایایە واتە وەهم و خەیاڵ و خەوە، لای هێندۆسەکان مرۆڤ کاتێک دەچێتە خەوەوە خەو دەبینێت، لەخەوەکەیدا وادەزانێت راستیە، بەڵام کە بە ئاگا هاتەوە دەزانێت خەوی دیوە، واتە لەخەوەکەیدا دەترسێت یان دڵی خۆش دەبێت، هاوار دەکات، دەحەپەسێت، لەگەڵ ئەوەشدا خەو لە خەیاڵ و وەهم زیاتر نیە، بەڵام دەشبینرێت.

لێرەوە هێندۆسەکان دەڵێن، ژیان وەک خەو وایە، تا نەمرێت نازانیت لەخەودا بوویت، کاتێک مردیت دەزانیت خەوێکی درێژ بووە بەلێکدانی ئەم دوو بنەمایە، جیهانی مادە خەیاڵە، لەڕێگەی رۆحەوە دەیناسین، گوناهیش رۆح تێکدەدات کەواتە گوناە دەبێتە هۆی هەڵەی مەعریفی، واتە دەزانێت جیهان حەقیقەت نیە، بەڵام گوناهکاران بەقەد گوناهەکانیان جیهان بە واقیع دەبینن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت لە جیهاندا شەڕ بوونی نیە، ئەوە گوناهە وادەکات ئێمە شەڕەکان بە واقیع بزانین.

**هەڵسەنگاندنی ئەم دیدە:**

وەک هەموو دیدەکانی دیکە لە بارەی شەڕەوە دەخرێنەڕوو کە رەخنەیان رووبەڕوو دەکرێتەوە ئەم دیدەش کۆمەڵێک رەخنەی رووبەڕوو دەبنەوە لەوانە:

١- ئەم دیدە دیدێکی بێ دەلیلە، واتە لە روانگەی فەلسەفیەوە هیچ ئارگیومێنتێک نەخراوەتەڕوو بە سەلماندن و بەهێز کردنی.

٢- با وا دابنێین جیهانی مادە "مایا"یە خەیاڵە، بە ورد بوونەوە لە جیهانی مادە دەبینین جیهانی مادە لە خەیر و شەڕیش پیکهاتووە بۆیە ئەگەر خەیاڵ بێت ئەو کات خەیر و شەڕ پیکەوە خەیاڵن نەک بە تەنها شەڕ خەیاڵ بێت، لەو دۆخەدا دەتوانین بڵێین خەیریش بوونی نیە

٣. گریمان ئەوەشمان قەبوڵ کرد کە ژیان خەوە، کەواتە خەوە خۆشەکان دڵخۆشمان دەکەن و خەوە ناخۆشەکانیش ئازارمان دەدەن، ئێمە لێرەدا شەڕ ناو دەنێین خەوە ناخۆشەکان پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی خەوی ناخۆش دەبینین، بۆچی هەموو خەوەکانمان خۆش نین.

٤- ئەم رایە موختار بوونی مرۆڤ دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێت نابێت سزا وەربگرێت لەسەر کردارەکانی لانی کەم لا دونیادا.

٥- ئەم رایە پێچەوانەی بەدیهیاتە عەقلیەکانە تەنانەت ئەگەر واش نەبێت لانی کەم وەهمی شەڕ خۆشی شەڕە چونکە ئەزموونی تاڵ بەرهەم دەهێنێت.

لەم رەخنانەوە دەتوانین بگەینە ئەو رایەی ئەم تێزە پێدەچێت نەتوانێت وەڵامدەرەوەیەکی باشی ئەو رەخنانە بێت ئاراستەی کراوە.

**قەیرانی ئەپیکۆر:**

ئەپیکۆر بە یەکێک لە فەیلەسوفەکانی سەردەمی هێلیستانی هەژمار دەکرێت، کە کاری لەسەر میتافیزیکی مادی و ئیپستمۆلۆژیای ئەزموونی و ئەخلاقی چێژ کردووە، ناوبراو بە چەند سالێک پاش کۆچی دوایی ئەفلاتون هاتووەتە دونیاوە .

پرسیاری بنەڕەتی ئەپیکۆر بریتیە لەوەی (ئەگەر خودایەکی عادیل بوونی هەیە شەڕ بۆچی بوونی هەیە) بەڕای ئەپیکۆر ئەم پرسیارە لە چوار ئەگەر زیاتر هەڵناگرێت، بەم چەشنەی خوارەوە:

خودا دەیەوێت شەڕ کۆتایی پێ بهێنێت بەڵام ناتوانێت کە ئەمەش پرسیار لەسەر خودا بوونی دروست دەکات، یان خودا دەتوانێت شەڕ کۆتایی پێ بهێنێت بەڵام ئەو کارە ناکات کەواتە لێرە خەیر بوونی خودا دەکەوێتە ژێر پرسیارە و بەمەش خودا دەبێتە بنەمای شەڕ لە بووندا. خودا دەیەوێت شەڕ کۆتایی پێ بهێنێت و دەشتوانێت شەڕ کۆتایی پێ بهێنێت، پرسیارەکە ئەمەیە ئەی ئەم شەڕانەی لە بووندا هەن لە کوێوە دێن. خودا ناتوانێت و ناشیەوێت ئەم شەڕانە کۆتاییان بێت کەواتە بۆ پێی دەڵێن خودا؟.

لێرەوە پرسی لۆژیکی شەڕ وەک یەکێک لە پرسە بنەڕەتیەکانی پەیوەست بە بوونی خوداوە دێتە ئاراوە کە ئێمە لەم بابەتەدا دەمانەوێت حیوارەکانی ئەو بوارە بخەینە بەر باس و لێتوێژینەوە.

بنەمای لۆژیکی پرسی شەڕ لەسەر ئەو خاڵە دامەزراوە کە بوونی شەڕ دژ دێتەوە لەگەڵ

بوونی خودایەکی (بەدەسەڵاتی زانای چاک)ی ڕەهادا، واتە بوونی خودا خودازیاری ئەوەیە کە شەڕ بوونی نەبێت، بە قەولەکەی ولیام ڕەوا بوونی شەڕ و بوونی خودا دژ دێنەوە دەبێت یەکیان نەبێت، مادام بوونی شەڕ یەقینیە کەواتە خودا نیە.

بە کورتی ئارگیۆمێنتی شەڕ ئارگیومێنتێکی لۆژیکیە لەو ڕووەوە ئەگەر خودایەکی زانا و بەدەسەڵات و خەیری ڕەها بوونی ببێت نابێت شەڕ بوونی ببێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

خودایەکی زانا و بەدەسەڵات و خەیری تەواو بوونی هەیە.

شەڕ بوونی هەیە.

ئەم دوو گوزارەیە لە ڕووی لۆژیکیەوە ناسازگارن.

ئەگەر خودا هەر یەکێک لەو خەسڵەتانەی نەبێت (زانینی ڕەها، دەسەڵاتی ڕەها و خەیری ڕەها) ئاساییە شەڕ بوونی ببێت، بە واتایەکی دیکە وا دابنین شەڕێک بوونی هەیە خودا پێی دەزانێت و دەشیەوێت بیگۆڕێت بەڵام ناتوانێت ئالێرەدا ڕەخنە لە خودا نیە، یان شەڕێک بوونی هەیە خودا پێی نازانێت ئەگەر نا دەیگۆڕی لێرەشدا هیچ ڕەخنەیەک لە خودا نیە، یان شەڕێک بوونی هەیە خودا دەزانێت و دەشتوانێت بیگۆڕێت بەڵام خودا چاکەی ڕەها نیە ئالێرەدا ڕەخنەیەک لە ئارادا نیە بەڵام کاتێک هەرسێ خەسڵەتەکە کۆ دەبنەوە ئەوکات ڕەخنە دروست دەبێت.

لێرەوە ئەگەر ئەو دو گوزارەیە لە ڕووی لۆژیکیەوە ناسازگار بن (مانع الجمع) ئەوا بۆ ئێمە گونجاو نیە بڕوامان بە هەر دووکیان ببێت یان دەبێت خودا بوونی ببێت و شەڕ بوونی نەبێت یان دەبێت شەڕ بوونی ببێت و خودا بوونی نەبێت.

## ڕوونکردنەوەی لۆژیکی:

لەم بەشەدا دەمانەوێت پێشەکیەک لەبارەی ئەو چەمکە لۆژیکیانەوە لەم بابەتەدا بخەینەڕوو، ئەمەش لەو ڕووەوە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە بە ڕوونی دەربکەوێت و بزانین چەمکەکانی ناسازگاری بە ج واتایەک دیت.

ناسازگاری لۆژیکی لە سەرچاوە لۆژیکیەکاندا وا پێناسە کراوە کە بوونی دوو کەیسە کە ڕاستیەتی، یەکیان وا دەخوازێت ئەوی تریان هەڵە بێت، بۆ ئەوەی ئەمە بێتە دی پێویستە دو کەیسەکە لە بارەی یەک بابەت و یەک پێناسەکراو و یەک کات و یەک شوێن و هێز و کار و گشتی و بەشەکی و مەرج ... هتد، وە بێت.

"پلانتینجا" ناسازگاری پۆلێن دەکات بۆ ناسازگاری صریح (ڕاشکاوانە)، ناسازگاری صوری (ڕواڵەتی)، ناسازگاری ضمنی (ئاماژەیی).

**ناسازگاری ڕوون** بریتیە لەوەی دو کەیس دراونەتە پاڵ یەک کە بەشێکیان ڕەتکەرەوەی بەشەکەی تریانە بۆ نموونە بڵێین ئەمڕۆ بەهارە، کەیسی دوەمیش بڵێت ئەمڕۆ بەهار نیە.

**ناسازگاری ڕواڵەتی:** بریتیە لەو جۆرەی ناسازگاریەی ڕاستەوخۆ و بە ڕوونی ناسازگار نیە بەڵام بەهۆی زیادکردنی بەدیهیاتی لۆژیکیەوە دەبێتە ناسازگاری ڕوون.

**ناسازگاری ئاماژەیی:** ئەو جۆرە ناسازگاریەیە کە کەیسیک دەدرێتە پاڵ کەیسیکی دروستی زەروری (دروستی زەروری ئەو دروستیەیە

کە ناکرێت هەڵە بێت) لەگەڵیدا ناسازگارە و لەوێوە دەبێتە ناسازگاری رووکاری.

**رەخنەی لۆژیکی لە ئارگیومێنتی شەڕ:**

ئەڵبەتە دەبێت ئەوە بزانین چۆن ئارگیومێنتی شەڕ مامەڵە و پرسێکی لۆژیکیە لە بەرامبەریشدا لە روانگەی لۆژیکەوە مامەڵەی ئەم پرسە کراوەوە و رەخنەی لۆژیکیشی ئاراستە کراوە، بۆیە بە هەمان ئەندازەی لایەنگرانی ئارگیومێنتی شەڕ ئەم ئارگیومێنتە نەیاری هەن، لەو رووەوە ئێمە پرسە لۆژیکیەکەمان خستۆتە رو هەوڵ دەدین رەخنەکانیشی بخەینەڕوو، بۆیە هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی کورتیش بێت هەندێک لەو رەخنە لۆژیکیانە بخەینە روو:

ئارگیومێنتی شەڕ پێویستی بە پێشەکیەکی دیکە هەیە.

بە وردبوونەوە لە ئارگیومێنتی شەڕ دەبینین پێشەکیەکان بە شێوەی زنجیرەیی خراونەتەڕوو، واتە تەسلیم بوون بە پێشەکی یەکەم و دووەم ناچارمان دەکەن دەرئەنجامەکەشی قەبوڵ بکەین. بەڵام بە وردبوونەوە لەو هاوکێشەیە بۆمان دەردەکەوێت حاڵەتەکە بەو چەشنە بەدیهیەش نیە، ئەوانەی سەروو کاریان لەگەڵ لۆژیکدا هەیە دەزانن دەرئەنجامگرتن لە لۆژیکدا بەرمەبنای ئەو پێشەکیانەیە بەردەستن، واتە حوکمدان لەسەر مەجهولەکان لە لۆژیکدا زادەی ئەو مەعریفەیەیە کە مرۆڤ لە رێگەی مەعلومەکانەوە دەگاتە مەجهولەکان و پاشان حوکمیان لەسەر دەدات.

لێرەوە رەخنەگرە لۆژیکیەکانی ئارگیومێنتی شەڕ پێیان وایە ئەو پێشەکیانەی لایەنگرانی ئەو

**لە لۆجیکدا حوکمدان لەسەر مەجهولەکان زادەی ئەو مەعریفەیەیە کە مرۆڤ لە رێگەی مەعلومەکانەوە دەستی پێیان دەگات**

تێزە ئاماژەیان پێدەکەن پێویستن بۆ گەشتنە دەرئەنجامەکە بەڵام بەس (کافی) نین، بۆیە پێویستمان بە پێشەکی دیکە هەیە، چونکە ناسازگاریەکە بە شێوەی راستەوخۆ دەرناکەون وەک "ج. ماکی" دەڵێت بەڵکو پێویستمان بە پێشەکی لۆژیکی یان نیمچە لۆژیکی دیکە هەیە بۆیە ماکی کە خۆی لایەنگری ئارگیومێنتی شەڕە پێی وایە پێویستە دوو پێشەکی دیکە بۆ ئارگیومێنتەکەی "ئەپیکۆر" زیاد بکەین یەکیان پەیوەستە بە پێشەکی خەیر بوونی خوداوە و ئەوی دیکەشیان پەیوەستە بە پێشەکی دەسەڵاتی خوداوە کەواتە ئەو کاتە بەم شێوەیە لێدێت.

خودایەکی خاوەن دەسەڵات و زانست و خەیری رەها بوونی هەیە.

دەسەڵاتی رەها واتە هیچ سنورێک لە بەردەمیدا نیە.

خەیری رەها واتە هەتا بکرێت هەوڵ دەدات بۆ نەهیشتنی خراپە و شەڕ.

ئالێرەدا نابێت شەڕ بوونی ببێت بەڵام شەڕ بوونی هەیە.

**بوونی شەڕ و بوونی خودا بەشێوەی روون ناسازگار نین واتە پێویستیان بە پێشەکیەکی تر هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەو دو گوزارەیە ناسازگارن پێکەوە**

کەواتە خودا نیە.

ئەوەی لێرەدا رەخنەیە بریتیە لەوەی بۆ ئەوەی دەرئەنجامی لۆژیکی دروست بێت پێویستە پێشەکیە لۆژیکیەکان واجیبەن دروست بن نەک ئەگەری دروست بوونیان ببێت، واتە دەبێت بەدیهیاتێک بن هەمیشە راست بن. بەڵام بە وردبوونەوە لەو پێشەکیانەی ماکی دەبینین دەکرێت وا نەبن بۆیە لێرەوە رەخنەی لۆژیکی ئاراستەی ئەم پێشەکیانە دەکرێت.

## پێشەکیەکانی ئارگیومێنتی شەڕ راستەوخۆ نامانگەینە ئەنجامگیریەکەی:

ولیام راوڵز باوەڕی وایە بوونی شەڕ و بوونی خودا بەشێوەی روون ناسازگار نین واتە پێویستیان بە پێشەکیەکی تر هەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین ئەو دو گوزارەیە ناسازگارن پێکەوە، بەڕای ئەو پێویستمان بە پێشەکیەکی تر هەیە لەم نێوەندەدا ئەویش بریتیە لە گوزارەی هەر بوونێکی بەدەسەڵات و زاناو و خێر رێگری دەکات لە هەموو شەڕیک، "ئێڵ جی مەکی"ش سەرەڕای ئەوەی لایەنگری بورهانی شەڕە دان بەوەدا دەنێت ئێمە ئەو پێشەکیە لۆژیکیانە راستەوخۆ نامان گەیەننە ئەنجامەکان، بەڵکو دو پێشەکی دیکەمان پێویستن یەکەم دەسەڵاتی رەهای خودا هیچ سنوورێک ناناسێت، دووەم خەیری رەها تا دوا سنوور کار دەکات بۆ رووبەڕوو بوونەوەی شەڕ، واتە پێش گریمانەیەکی نەوتراو لەناو ئەم ئارگیومێنتەدا رۆڵ دەگێڕێت کە بریتیە لەو بنەمایەیە (دەبێت خودا "خەیری رەها" رێگری لە شەڕ بکات چەندە مومکین ببێت و دەسەڵاتیشی بەسەر هەموو شتێکدا دەشکێت) واتە لە کۆنەستی هەموو ئەوانەدا ئارگیومێنتی شەڕ تەوزیف دەکەن بە نەوتراوی ئەم گوزارەیان وەک بەدیهیاتێک تەماشا کردووە کە پرسیار هەڵناگرێت لە کاتێکدا ئەم گوزارەیەش پێویستی بە سەلماندنە، چونکە لە راستیدا بەڵگەیەک نیە بۆ دەرخستنی راستیەتی ئەوە تەنها بازدانێکی نا لۆژیکیانەیە لە بانگەشەی دژ یەکی خێر و شەڕ بێ پێشەکی.

بە واتایەکی دیکە ناسازگاری نێوان گوزارەکان لە جۆری روون نین بەڵکو لە جۆری رواڵەتین پێویستیان بە پێشەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی ببنە روون ئەو پێشەکیانەش دەبێت سەلمێنراو ببن. واتە زەرورەتەن دروست ببن و مومکین نەبێت بەدرۆ بخرێنەوە.

وەرگرتنی تەسەوری باوەڕداران بە ناتەواوی:

بە وردبوونەوە لە ئارگومێنتی شەڕ دەبینین بەر مەبنای تەسەور و جیهانبینی باوەڕداران لە خودا بوونیات نراوە، بە زمانە ئیسلامیەکە رەخنەیە لە عەقیدەی ئەسمائو سیفات، رەخنەیە

لەو تێروانینان و پێناسانەی مرۆڤی باوەڕدار بۆ خودا هەیەتی بەوەی خاوەنی زانستی رەها و دەسەلاتی رەها و خەیری رەهایە، بەلام لە مامەڵە کردندا بەم چەشنە مامەڵە ناکات.

ئێمە بۆ وردبوونەوە لەم رەخنەیەی ئارگیومێنتی شەڕ کار لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەم ئارگیومێنتە پێویستی بە پێشەکیەکی تر هەیە، ئەویش ئەویە شەڕی بێهودە دژ دێتەوە لەگەڵ بوونی خودادا، واتە شەڕێک هیچ ئامانجێکی نەبێت، لەوانەیە پرسیارێک بێتە پێشەوە دەبێت ئامانجی شەڕ چی بێت؟

ئەو شەڕانەی پیان دەوترێت بێهودە کە بەهۆیانەوە خەیرێکی بالاتر بە دەست نەیەت، یان بە هۆیانەوە شەڕێکی بالاتر لە کۆڵ مرۆڤ نەبێتەوە. پرسیارە لۆژیکیەکە لێرەدایە ئەم پێشەکیە لە رووی لۆژیکیەوە پێویستە بۆ ئارگیومێنتی شەڕ زیاد بکرێت، کەواتە وا دابنێین ئێمە بڕیارماندا ئەو شەڕانەی لە بووندا هەن بێهودەن.

لێرەوە ئێمە بەرکەوتنمان لەگەڵ پێناسەکەی خۆماندا بۆ خودا بۆ دروست دەبێت، ئێمە دەڵێین خودا خاوەنی زانینی رەهایە، کەسیش نەی وتووە مرۆڤ زانینی رەهای هەیە، کەواتە لە کوێوە دەتوانین بڕیار بدەین لەسەر ئەوەی ئێمە هەموو دیوەکانی شەڕمان زانیوە تا بزانین بێ هودەیە. لە کاتێکدا لە دیدی ئایینداراندا لەگەڵ ئەو پێشەکیاندا باوەڕیان وایە ئێمە زانیاری تەواومان نیە لە بەرامبەر تەدبیری خوداییەوە.

**تێکەڵکردنی دەسەلاتی تەواو و دەسەلاتی خولقاندنی نا مومکینەکان:**

یەکێک لە دیوە لۆژیکیانەی رەخنەی لە ئارگیومێنتی شەڕ کردووە بریتیە لەو روانینە لۆژیکیەی کە پێی وایە نابێت تێکەڵەیەک بخولقێت لە نێوان دەسەلاتی تەواو و دەسەلاتی خولقاندنی موستەحیلدا. ئەڵبەتە نابێت ئەومان لەیاد بچێت ئەم رەخنەیەی ئارگیومێنتی شەڕ لە پشتیەوە تەفسیرێک بۆ قودرەتی خودایی هەیە کە دەکرێت پاشتر روونی بکەینەوە بە تایبەتی لەو بەشەدا کە شەڕ وەک پێداویستی جیهانی مادی کاری لەسەر دەکەین بەلام لێرەشدا ئاماژەیەکی کورتی پێدەکەین کە بریتیە لەوەی پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان دەسەلاتی کاملی خودا و دەسەلات بۆ ئەنجامدانی موستەحیلەکان، چونکە ئەم جیاوازیە کاریگەری دەبێت لەسەر تێروانینمان بۆ شەڕ.

بە واتایەکی دیکە نابێت داوای ئەنجامدانی ئەو کارانە لە خودا بکەین کە لە خودی خۆیاندا مەحاڵن هەر وەک بەشێک لە موتەکەلیمە موسڵمانەکان ئاماژەیان پێکردووە، هەرچەندە ئەم رایە لای بەشێک لە فەیلەسوفان قەبوڵکراو نیە بۆ نموونە "ئێل جی مەکی" دەڵێت دەسەلاتی رەها واتە هیچ سنوورێک ناناسێت، "دیکارت و مارتن لۆسەر"یش باوەڕیان وابوو نابێت لەناو بابەتی لۆژیکدا دەسەلاتی خود کۆت بکەین.

بە واتایەکی دیکە کاتێک دەڵێین خودا بە دەسەلاتە ئایا ئەمە مانای وایە خودا دەتوانێت هەموو شتێک بکات بە شێوەیەک ئەگەر پێچەوانەی مومکینیش بێت لە روی لۆژیکیەوە. بەشێک لە موسڵمانان و مەسیحیەکان باوەڕیان وایە ئەوەی لە رووی

لۆژیکیەوە موستحیل بێت نەبوونە ناکرێت باسی دەسەڵاتی بۆ بەکار بهێنرێت چونکە دەسەڵات لەگەڵ بووندا بەکار دێت نەک نەبوون، ئەوانە تەنها فێڵی زمانین و لە بووندا وجودیان نیە.

ئالێرەدا لایەنگرانی ئارگیومێنتی شەڕ لەسەر بنەمای ناسازگاری لۆژیکی بوونی خودا رەت دەکەنەوە لە کاتێکدا خۆشیان داوای کۆکردنەوەی دو دژ یەک دەکەن بەوەی دەیانەوێت خودا ناموەکین ئەنجام بدات.

**شەڕ وەک پێداویستی جیهانی مادی:**

(لەگەڵ ئەوەدا ئەم جیهانە ناتەواوی تێدایە بەڵام بە باشترین شێوەی مومکین خولقاوە)

"لایبێنتز"

لە بەشی پێشەوەدا باسی چەند رەخنەیەکمان کرد لەمەڕ پرسی لۆژیکی شەڕ یەکێک لەو رەخنە لۆژیکیانە بریتی بوو لە تێکەڵکردنی دەسەڵاتی تەواو لەگەڵ دەسەڵاتی خولقاندنی موستەحیلدا. بۆیە کاتێک دەوترێت شەڕ پێداویستیەکی جیهانی مادیە لەو پێشگریمانە بنەڕەتیەوە دەست پێدەکەین کە مانای دەسەڵاتی رەها بریتی نیە خولقاندنی موستەحیل بەڵکو خولقاندنی ئەو دروستکراوانەیە کە لە جوارجێوەی لۆژیکدا مومکینن نەک ئەوانەی مومکین نین.

دەکرێت لێرەدا پرسیارێک بکرێت باشە بۆچی خودا جیهانی مادی خولقاندوە بۆ ئەمەش دو وەڵامی جیاواز بوونیان هەبووە، بەشێک لە فەیلەسوفەکان پێیان وایە جیهانی مادی بەشێکە لە قەوسی نزولی بۆ تەواو بوونی دائیرەی قەوسی نزولی و قەوسی صعودیە بۆیە قۆناغی جیهانی مادی دەکەوێتە بەشی خوارەوەی قەوسی نزولیەوە.

رایەکی دیکەش هەیە دەڵێت نەخێر بە بەراورد بە شەڕ لە جیهاندا خەیر زیاترە دەکرێت نموونەی ئەمە لە بابەتی پەیوەست کردنەوەی شەڕ بە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەوە روونتر دەربکەوێت، لە بەرامبەردا کەسانێک هەن تەنانەت لەناو چوارچێوە دینیەکەشدا باوەڕیان وایە نەخێر شەڕ لە خەیر زیاترە بۆ نموونە "ئیبن مەیمون" لە "رازی"ەوە هێناویەتی کە لە بووندا زیاترە لە خەیر، ئەگەر بەراوردی خۆشی و ئیسراحەتی مرۆڤ بە درێژایی ژیانی بکەیت بە ئازار و برسیەتی و کەمئەندامی و بار و خەم و شکستەکانی دەبینیت شەڕ زیاترە لە خەیر. بەهەرحال پێدەچێت دەرفەتی چوونە ناو ئەم جەدەلەمان نەبێت لێرەدا کە ئایا خەیر زیاترە یان شەڕ بۆیە پێمان باشترە لەگەڵ خودی تیۆریاکەدا مامەڵە بکەین.

لە بنەڕەتەوە ئەم رایە وەڵامی ئەو پرسیارەیە ئایا خودا بە وەزیفەی ئەخلاقیانەی خۆی هەستاوە لە بەرامبەر شەڕەوە واتە باسی ئەوە نیە کە کێ شەڕی خولقاندووە.

لێرەوە یەکێک لەو تیۆرانە بەستنەوەی شەڕ بە پێداویستیەکانی جیهانی مادیەوە لەو رووەوە موستەحیلە جیهانی مادی بخولقێنرێت بەبێ شەڕ ئەم تیۆریایە لەناو شارستانیەتی ئیسلامیدا فارابی پێشەوایەتی دەکات لە کتێبی "التعلیقات"دا دەڵێت:

"الاول تام القدره و الحکمه و العلم، کامل فی جمیعه افعالیه لایدخل فی جمیع افعالیه خلل البته و لایلحقه عجز و لاقصور و الآمات و العاهات التی تدخل علی الاشیاء الطبیعه،

"انما هی للضرورات و یعجز الماده عن قبول النظام التام" لایەنگرانی ئەم تیۆریایە باوەڕیان وایە جیهانی مادی لە باشترین شێوەیدا خولقێنراوە و لەمەش زیاتر مومکین نیە.

دیدی ئەم ئاراستەیە دەکرێت لێرەدا بەم شێوەیە بخەینە روو جیهانی مادە قابیلیەتی کەمە، فەیزی خودا لە مەخلوقدا پلەبەندی تێدایە. مانای ئەوەیە مەخلوقات ئاستی جیاوازیان هەیە، جیهانی مادە نزمترین ئاستی وجودە بۆیە جیهانی مادە بەقەد توانای خۆی رەحمەتی خودایی دەگرێت لەوانەیە جیهانەکانی دیکە زیاتر بگرن بەڵام مادە کە هەیە لانی یەکەم تەنگترین ئاستی وجودە کەمترین قابیلیەتی هەیە، مەولانا وتەنی:

گر بریزی بحر را در کوزه‌ای
چند گنجد قسمت یک روزه‌ای

"واتە ئەگەر دەریا بڕێژیتە ناو گۆزەیەکەوە تەنها بەشی یەک رۆژ دەگرێت لەوە زیاتر ناگرێت."

ئەگەر دەریاش بکەنە ناو گۆزەیەکەوە گۆزە بەقەدەر خۆی دەگرێت نەک هێندەی دەریا، بۆیە قابیلیەتی جیهانی مادی لەمە زیاتر نیە کەم دەهێنێت، بۆیە وەک "ئیبن سینا" پێی وایە جیهانی مادی کەمی خودی (القصور الذاتی) هەیە بۆ نموونە زمانیش هەمان گرفتی هەیە توانای گەیاندنی مەبەستی هەیە ناتوانی هەموو بیرو باوەڕەکان بە زمان بگەیەنێت، بۆیە بە هەر زمانێک قسە بکەیت سنووردارییە خودیەکانی ئەو زمانە کاریگەریان لەسەر هەیە، بۆیە جیهانی مادەش وایە بۆ نموونە ناتوانی لە جیهانی

**ئەو شەڕانەی پێیان دەوترێت بێهودە کە بەهۆیانەوە خەیرێکی باڵاتر بە دەست نەیەت، یان بە هۆیانەوە شەڕێکی باڵاتر لە کۆڵ مرۆڤ نەبێتەوە**

مادەدا ناتوانی دژ یەکەکان کۆبکەیتەوە بوون و نەبوون، تاریک و روون، ئەمانە پەیوەستن بە تەنگی قابیلیەتی ئەوەوە، بۆیە فەیلەسوفەکانی لایەنگری ئەم دیدە کە دەڵێن ئەم جیهانە باشترین جیهانی مومکینە، واتە دەتوانرێت جیهانێکی باشتر بخولقێنرێت بەڵام لە سروشتدا نا بەڵام بە کەرەستەی سروشت لەمە باشتر نا خولقێنرێت.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جیهانی مادە ناتوانێت چاکەی رەها هەڵبگرێت، جیهانی مادە جیهانی تەزاحوم و دژ یەکیە، تەزاحوم واتە نەتوانینی کۆکردنەوەی دو حوکم لە مەقامی ئیمتیسالدا (واتە موکەلەف ناتوانێت دوو حوکم لە مەقامی کردەیی کردندا کۆ بکاتەوە بەهۆی کارتێکەری دەرەکیەوە) بۆ نموونە دوو کەس خەریکە دەخنکێن لە ئاوێکدا مەلەوانێک لە رووی ئەخلاقیەوە بەرپرسیارە لە رزگارکردنی هەر دووکیان بەڵام کاتەکەی بەش ناکات هەرکامێکیان رزگار بکات ئەوی تریان دەمرێت ئەمە پێی دەوترێت تەزاحوم دژیەک دوو کارن دەبێت یەکیان دروست بێت ناتوانرێت هەر

**"لایبێنتز**

**لەگەڵ ئەوەدا ئەم جیهانە ناتەواوی تێدایە بەڵام بە باشترین شێوەی مومکین خولقاوە)**

دووکیان دروست ببن بەڕای ئەم فەیلەسوفانە جیهانە مادە جیهانی جوڵە و گۆڕانە ئەمە بەدەر لە دیوە میتافیزیکیەکەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کە ئەم تیۆریایە باوەڕی بە وجود پەیوەستە بە دەرکەوتنەکانی نوورەوە لە هەر ئاستێکی قەوسی نزولیدا بە جۆرێک دەرکەوتووە ئەلبەتە ئەم تەزاحوم و دژیەکیە پێداویستی ئەم جیهانەیە نەک کۆی بوون واتە لەم ئاستەی قەوسی نزولیدا ئەمە زەرورە.

مەلا سەدرا لە (اسفار الاربعە)دا دەڵێت ئەگەر ئەم جیهانە خەیری رەها ببوایە ئەوا لە جیهانی مادی دەردەچوو دەبووە جیهانێکی تر بۆ نموونە ئاگر سەرچاوەی بەشێک لە شەڕەکانە دەی توانای سوتێنەریەکەی خەیری زیاترە لە شەڕ کۆکردنەوەی توانای پێگەیاندنی خواردن و نەسوتاندنی مرۆڤە مەحاڵە بە واتایەکی تر ئیمکانی نیە یاسای ئەم جیهانی مادیە بە شێوەیەکی تر ببن و ئەم جیهانەش بوونی ببێت.

لێرەوە پرسیارێک دێتە پێشەوە لەسەر بنەڕەتی هزری ناو ئەم بیرۆکەیە ئایا ئەوەی دەوترێت خودا قودرەتی خولقاندنی ئەو شتانەی هەیە لە رووی لۆژیکیەوە مومکینن نەک موستەحیل پرسیار لەسەر قودرەتی خودا دروست ناکات؟ لە بەرامبەردا دەڵێن نەخێر چونکە ئەوەی لە رووی لۆژیکیەوە موستەحیل بێت خەیاڵە بوونی نیە لە بنەڕەتەوە هەڵەیە بۆیە (شیئ) نیە، تا ئایەتی (و هو علی کل شیئ قدیر) بیگرێتەوە.

ئەگەر لەم دیدە ورد ببینەوە لەوانەیە بگەینە ئەو رایەی کە پێدەچێت لە رابردوودا بەشێک لە ئاییندارەکان ئەگەر ئەم دیدەشیان بەو چەشنە قەبوڵ نەبوو بێت کە هاتووە بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریان لەسەر ئەوە کردووە لە خولقاندنی مەخلوقدا نەنگیەکی لەو چەشنە نیە ئەوەی هەیە خواستی دروستکردنی واقیعەکەیە، ئەمە مانای ئەوە نیە لەناو ئاییندارەکاندا کەسانێک نەبوون پێیان وابوو بێت ئەم جیهانە نەنگی تێدایە، کاتێک تەماشای شیعرەکانی حافیزی شیرازی دەکەین دەبینین بە روونی ئاماژەی بەوە کردووە کە هەڵە لەم بوونەدا هەیە بەتایبەتی لە غەزەلی ژمارە (١٠٥) دا بە روونی رەخنە لە غەزالی دەگرێت کە پێی وابوو جیهان لە باشترین دۆخی مومکیندا خولقاوە و دەڵێت.


پیر ما گفت خطا بر قلم صنع نرفت

آفرین بر نظر پاک خطاپوشش باد

"پیری ما وتی هەڵە بەسەر پێنووسی خەلقدا نە گوزەراوە، ئافەرین بۆ دیدی پاکی هەڵە پۆشی ئەو."

تەنانەت حافیز بەرەو ئەوە دەچێت دەبێت جیهانێکی نوێ دوبارە بسازێنرێتەوە تاوەکو هەڵەی ئەم جیهانەی تێدا دوبارە نەکرێتەوە و دەڵێت:

# THE REALITY OF GOD AND THE PROBLEM OF EVIL



آدمی در عالم خاکی نمی‌آید بە دست
عالمی دیگر بباید ساخت و از نو آدمی

**کێ شەڕی خولقاندووە:**

لە فەلسەفەی کلاسیکدا یەکێک لەو پرسیارانەی هەبوون بریتی بووە لە پرسیار لە هەمبەر خالیقی شەڕەوە، ئایا دەکرێت خودا کە خەیری رەهایە شەڕ بخولقێنێت، ئەم پرسیارە لەسەردەمی نوێدا لەوانەیە مەترەح نەبێت بەڵام وەک تێزێک لە بەرامبەر شەڕەوە وەڵامەکە گرنگە.

دەکرێت بڵێین ئەوەی بەردەستە لە مێژووی فەلسەفەدا پێمان دەڵێت لە فەلسەفەی یۆنانیەوە گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەستی پێکردووە کێ شەڕی خولقاندوە؟ ئەرستۆ باوەڕی وابوو شەڕ نەبوونە، واتە بوون شەڕ نیە بەڵکو نەبوون شەڕە، پاش ئەرستۆ حەکیمە مەسیحی و موسڵمانەکانیش ئەم دیدەیان لە ئەرستۆوە گواستۆتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ئایینی، هەر لەم رووەشەوەیە بەشێک لە بیرمەندە موسڵمانەکان باوەڕیان وایە لە بنەڕەتەوە شەڕ نەبوونە، لەم رێگەیەوە هەوڵیان دەدا ئەوەی خولقاندنی شەڕ دەدرێتە پاڵ خودا تەبرئەی بکەن، لێرەوە هەموو ئەوەی لە بارەی شەڕە دەوترێت یان عەدەمێکی رەهایە یان سەردەکێشێت بۆ گەشتنە عەدەمێک بە واتایەکی دیکە ئەو شەڕانە یان لە زاتی خۆیاندا نەبوونن وەک هەژاری و نەخۆشی و تاریکی یان خۆیان شەڕ نین بەڵکو دەرئەنجامەکەیان دەبێتە هۆی نەبوونێک وەک بومەلەرزە و لافاو و باران.

موستەفا مەلەکیان لەو بارەوە باوەڕی وایە خودی ئەم تێروانینە ئەمەندەی تێروانینێکی کەلامیە تێروانینێکی فەلسەفی نیە، بەڕای ئەو لایەنگرانی ئەم تێزە لەو نێوەندەدا ماونەتەوە ئەگەر بڵێن شەڕ هەیە کەواتە شەڕ پێویستی بە خالیق هەیە و ئەگەر بشڵێن شەڕ نیە رووبەڕووی گرفت دەبنەوە، لێرەوە سەرنجی ئەم رایە بەرەو قسەکردن نیە لەسەر وەزیفەی ئەخلاقیانەی خودا بۆ رووبەڕوو بوونەوەی شەڕ هێندەی قسەکردنە لەسەر دیوە خالقیەکەی شەڕ.

ئەڵبەتە دەبێت دان بەوەدا بنێین ئەم تێزە بەرهەمی فەیلەسوفە موسڵمانەکان خۆیان نیە بەڵکو ریشەکانی دەگەڕێنەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی و دەدرێتە پاڵ ئەفلاتون بەڵام دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان نەبوونی شەڕ و شەڕ نەبووندا، لە یەکەمیاندا مەبەست لەوە نیە کە شەڕ بوونی نیە بەڵکو مانای ئەوەیە شەڕ بەرهەمی نەبوونێکە نەک بوونێک، بۆ نموونە تاریکی پێویستی بە خالیق نیە چونکە نەبوونی روناکی تاریکی دەخولقێنێت، با نموونەیەکی سادە بهێنینەوە وا دابنێ من کاغەزێکی گەورە بە مەقەست دەبڕم دەیکەمە چەند لاکێشەیەک ئێستا من دو شتم هەیە لاکێشە و کاغەز، بەڵام لە راستیدا تەنها کاغەزمان هەیە لاکێشە بەهۆی بەردەوام نەبوونی کاغەزەوە بەرهەمهاتووە بۆیە شێوەی کاغەز دروست کەری نیە واتە دەرئەنجامی نەبوونە نەک بوون خۆ ئەگەر کاغەزەکە بێکۆتا ببوایە ئەوا شێوەی نەدەبوو ئەم تێزە فەیلەسوفەکانی وەک "مەلا صەدرا و ئیبن و سینا و سەبزەواری" داکۆکیان لێکردووە.

لە بەرامبەردا جۆرێکی دیکەی شەڕ هەیە خۆی شەڕ نیە بەڵکە سەردەکێشێت بۆ شەڕێکی تر بۆ نموونە ئەو نموونەیەی لە "كشف المراد"دا هاتووە دەڵێت با ئێمە کوشتن بە نموونە وەربگرین ئایا ئەوەی مرۆڤ توانای هەیە شەڕە، ئایا ئەوەی دەستی دەتوانێت بجوڵێت شەڕە، ئایا ئەوەی خاوەنی چەقۆیە شەڕە، ئایا ئەوەی چەقۆ توانای بڕینی هەیە شەڕە، ئایا ئەوەی مرۆڤ ئیختیاری هەیە شەڕە، ئایا ئەوەی مرۆڤ لەشی نەرمە و چەقۆ دەیبڕێت شەڕە، بێگومان هیچ لەمانە خۆیان شەڕ نین بەڵام پێکەوە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی عەدەمێک کە شەڕەکە ئەوەیە.

ئەڵبەتە لە جێی خۆیدایە لێرەدا تێبینیەک بخەینەڕوو ئەم ئارگیومێنتە ئەوەندەی وەڵام بووە بۆ فرە خودایی وەڵام نەبووە بۆ پرسی شەڕ بەڵام وەک چۆن لە زانستی پزیشیکدا هەندێک جار چارەسەر بۆ سوود وەرگرتن لە کاریگەریە لاوەکیەکانی بەکار دەهێنرێت بەهەمان شێوەش ئەم تیۆرەش دوا جار بۆتە وەڵام دەرەوەی شەڕ، کاتی خۆی ئارگیۆمێنتی ئەوانەی باوەڕیان بە فرە خودایی هەبووە بریتی بووە لەوەی ناکرێت خودایەک چاکە و خراپە دروست بکات بۆیە پێویستمان بە زیاتر لە خودایەک هەیە، بۆیە خودای خێر چاکە دەخولقێنێت و خودای شەڕیش خراپە، بۆیە وەڵامی ئەم فەیلەسوفانە بریتی بووە لەوەی شەڕ نەبوونە پێویستی بە خالیق نیە.

**ڕەخنە لەم دیدە:**

بە هەمان شێوەی دیدەکانی ترەوە ئەم دیدەش

> **بەڕای ئەرستۆ شەڕ نەبوونە، واتە بوون شەڕ نیە بەڵکو نەبوون شەڕە، حەکیمە باوەڕدارەکانیش ئەمەیان گواستۆتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ئایینی**

کۆمەڵێک ڕەخنەی ئاراستەکراون کە دەکرێت لێرەدا بەشێک لەو ڕەخنانە بە کورتی بخەینەڕوو:

ئەم دیدە لە روی دەقە دینیەکانەوە: ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ لِيَبۡلُوَكُمۡ أَيُّكُمۡ أَحۡسَنُ عَمَلٗاۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡغَفُورُ ٢ الملك: ٢) دەکرێت ڕەخنە بکرێت لەو ڕووەوە دەقی زۆر هەن ئاماژە بەوە دەکەن شەڕیش بۆ خۆی بوونێکی هەیە و دروستکەرێکی هەیە وەک ئەو ئایەتەی لە سوورەتی مولکدا ئاماژەی پێکراوە. بە وردبوونەوەی زیاتر لە قورئان بە روونی هەست بەوە دەکرێت ئەم تیۆریایە لە زۆر شوێنی قورئاندا دەخرێتە بەردەم ڕەخنەوە بۆ نموونە خودای گەورە لە سورەتی ئەعرافدا دەفەرموێت: فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلۡجَرَادَ وَٱلۡقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٖ مُّفَصَّلَٰتٖ فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمٗا مُّجۡرِمِينَ ١٣٣ ﴾ الأعراف: هەروەها لە سوورەتی هوددا داباراندنی بەرد ئاماژەی پێکراوە: ﴿ قَالُواْ يَٰلُوطُ إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَۖ فَأَسۡرِ بِأَهۡلِكَ بِقِطۡعٖ مِّنَ ٱلَّيۡلِ وَلَا يَلۡتَفِتۡ مِنكُمۡ أَحَدٌ

**بوونی شەڕ وەک خۆی نائەخلاقی نیە بەڵکو شەڕی بێهودە گرفتی ئەخلاقیانە بۆ بوونی خودا دەخولقینێت،**

إِلَّا ٱمۡرَأَتَكَۖ إِنَّهُۥ مُصِيبُهَا مَآ أَصَابَهُمۡۚ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ
ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ﴿٨١﴾ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا
جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ
مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ هود: ٨١ - ٨٢

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا عەدەمیەت دەنێردرێت، دەخولقێنرێت هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن ئەو تیۆریایە لەبەردەم ڕەخنەی جیدیدایە.

ئیشکالیەتی جیاکردنەوەی بوون و نەبوون: یەکێک لە ئیشکالیەتە بە هێزەکانی ئەم تێزە چۆنیەتی جیاکردنەوەی بوون و نەبوونە، بۆ نموونە دەوترێت کە بینایی بریتیە لە نەبوونی بینایی واتە بینایی وجودە و نابینایی عەدەم، دەلیل چیە نابینایی وجود نیە و بینایی عەدەم بەو واتایەی بینایی عەدەمی نابینایی بێت یانی هەر بەو شێوەیەی لە زماندا هاتووە دەکرێتە پێوەر ئەگەر وابێت ئەوا کێشەی قووڵی فەلسەفی تێکەڵ بە مامەڵەی زمانی کراوە.

عەدەمی بوونی شەڕ لە ڕێگەی قیاسی لۆژیکیەوە مرۆڤ پێی نەگەشتووە بەڵکو مامەڵەیەکی ئیستقرائیانەی لەگەڵ کردووە بۆیە دروستتر وایە بڵێیت ئەو شەڕانەی من لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کردوون عەدەم بوون.

پرسی ئازار: ئەڵبەتە پرسی ئازار بە یەکێک لەو ڕەخنانە هەژمار دەکرێت ئاراستەی ئەم دیدە بکرێت لەو ڕووەوە ئایا ئازار بوونی هەیە یان عەدەمە، ئایا لە خودی خۆیدا نەبوونە یان دەبێتە هۆی نەبوونێکی تر، ئەڵبەتە دەمانەوێت ئاماژە بەوە بکەین هیچ کەسێک نەیوتووە ئازار بابەتێکی عەدەمیە، بۆیە لێرەوە ئەم ئیشکالیەتە بۆ تێزی عەدەمی بوونی شەڕ دێتە ئاراوە، لەو ڕووەوە هەر شەڕێک لە خودی خۆیدا شەڕ بێت دەبێت عەدەم بێت، بەڵام ئازار لە خۆیدا شەڕە و وجودیشە نەک عەدەم، چونکە خودی ئازار نابێتە هۆی عەدەمێکی تر. هەرچەندە "مەلا سەدرا" پێی وایە ئازار زانینێکی حزوریە بە عەدەمێک بەڵام پێناچێت ئەو تێزە توانیبێتی وەڵامێکی وردی ئەو ئیشکالیەتە بێت.

بوونی شەیتان بە یەکێک لە بابەتە گەورە و دیارەکانی ڕەخنەی ئەم دیدە هەژمار دەکرێت، ڕوونە کە ئایینە ئاسمانیەکان لانی کەم باوەڕیان بە سەرگوزەشتەی نێوان خودا و ئادەم و شەیتان هەیە، ئایا خودا کە فەرمانی کرد بە فریشتەکان کڕنوش ببەن بۆ ئادەم دەیزانی یەکیان سوژدە نابات، پلانی هەبوو، یان نەی دەزانی، ئایا خودا دەیویست مرۆڤە لە بەهەشت دەربکات خۆی ڕێگەی بە شەیتان دا و دەیان پرسیاری دیکە، لەوانە ئایا شەیتان پلانی خودای تێکدا، بۆچی خودا دەرفەتی بە شەیتاندا بەندەکانی سەر

لێشێواو بکات، ئەم پرسیارانە لای موتەکەلیمە موسڵمانەکانیش ئەم پرسیارانە بوونیان هەیە تەنانەت فەخرەدینی رازی پێی وایە هەموو جن و مرۆڤ ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.

**شەڕ وەک پێداویستی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ:**

یەکێک لەو وەڵامانەی بۆ پرسی لۆژیکی شەڕ خراوەتەڕوو، قسەکردنە لەسەر ئیرادەی ئازادی مرۆڤ، ئەم تیۆرەش بە هەمان شێوەی تیۆری بەستنەوەی شەڕ بە جیهانی مادیەوە لەسەر بنەمای ئەو پێشگریمانەیە بوونیات نراوە کە دەسەڵاتی رەها بە واتای دەسەڵاتی خولقاندنی ئەو شتانە نیە کە لە رووی لۆژیکیەوە ئەستەمن، ئەم تیۆریایە لە سەردەمی نوێدا لەلایەن "ئالڤین پلانتێنجا"وە بەناوی ئیرادەی ئازاد (Free will defense)وە رێبەرایەتی دەکرێت، ئەم تیۆرە بریتیە لە ئارگیومێنتێکی لۆژیکی لەلایەن فەیەسوفی ناوبراو لە دوا چاپی کتێبەکەیدا (God, Freedom and Evil) دا بڵاوی کردۆتەوە، لە واقیعیشدا دیدی "پلانتینجا" وەڵامە بۆ تیۆری فەیلەسوف "جۆن لیزلی ماک" (گرفتە لۆژیکیەکانی شەڕ) کە پێی وابوو بوونی شەڕ ناسازگارە بە تێزە سیانیەکەی ئایینەکان خودا خاوەنی زانینی رەها و دەسەڵاتی رەها و چاکەی رەهایە.

پلانتینجا تەنها بە بەستنەوەی بوونی شەڕ بە ئیرادەی ئازادەوە نەوەستایەوە بەڵکو پێی وابو لە رووی لۆژیکیشەوە رەخنەی لە ئارگومێنتەکەی مەکی هەبوو پێی وابوو نەیتوانیوە بیسەلمێنێت ناسازگاری روون لەنێوان بوونی خودا و شەڕدا هەیە، هەروەها ئەوەشی خستەڕوو چوار قەزیەکەی ماکی لە ناسازگاری تەواودا نین، لەو رووەوە پێویستە دژیەکی لە سیۆلۆژیای ئاماژەییەوە دەست پێبکات، ئەو گریمانانە کراوە نەبن و تەعبیر لە شوێنانێک بکەن لەناو دەلیلەکەدا ئاماژەیان پێنەدرابێت، لە ناسازگاری رووندا، پێویستە ئەو گریمانانە رێگە بە دەلیل بدەن تا کەیسەکە بسەلمێنن.

پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا بوونی شەڕ وەک خۆی نائەخلاقی نیە بەڵکو شەڕی بێهودە گرفتی ئەخلاقیانە بۆ بوونی خودا دەخولقێنێت، شەڕی بێهودە ئەو شەڕەیە کە نابێتە هۆی لادانێکی شەڕێکی گەورەتر یان بەدیهاتنی خەیرێکی باڵاتر، واتە لە رووی ئەخلاقیەوە کاتێک شەڕ ئەخلاقیە بتوانێت خەیرێکی گەورەتر لە شەڕەکە بەرهەم بهێنیت، یان شەڕێکی گەورەتر لەخۆی لابدات بۆ نموونە کاتێک منداڵێک لەسەر شەقامێک وەختە ئۆتۆمبێل لێی بدات. تۆ جگە لەوەی پاڵێکی پێوە بنێیت هیچ رێگەیەکت نیە بۆ رزگارکردنی، لەوانەیە پاڵەکە ئازاری پێبگەیەنێت، یان بیخات دەستێکی بشکێنێت بەڵام باشترە لەوەی ئۆتۆمبێلێک لێی بدات، یان منداڵەکەت ئەگەر بزانیت خەریکە بەرەو مادەی سڕکەر دەڕوات، تاکە رێگەش ئازاردانیەتی تاوەکو داهاتووی خۆی نەسوتێنێت، لەو دوبارەدا تووندوتیژی و پاڵنان و ئازاردان ئەخلاقیە.

ئەم دیدە بڕوای وایە هەبوونی ئیختیار بۆ مرۆڤ گەورەترین خەیرە، ناشتوانین نەبوونی

شەڕ لەگەڵ هەبوونی ئیختیاردا کۆبکەینەوە لە بەرامبەرەوە ئیمکاتیبلیزم، دیاریکردنگەرایی بوونی هەیە کە بنەمای بنەڕەتی ئەم بورهانە دوو پێشگریمانەن:

١- رابردوو ناگۆڕێت

٢- یاسای سروشت ناگۆڕێت

ئەوەی روویداوە دەبوایە رووی بدایە، ئەمە کاریگەری لەسەر ئیختیاری ئێمەش دەبێت، بۆیە ئەگەر ئێمە ئیختیارگەرا ببین لە بەرامبەر دیاریکردنگەراییەوە ئەنجا ئەم تیۆرەی پلاتینجا دەکرێت قسەی لەبارەوە بکەین وادابنێن ئێمە دوو جیهانمان هەن ( ا ) و (ب) لە (ا) مەخلوقەکان ئیرادەیان هەیە و لە (ب) مەخلوقەکان بێ ئیختیارن، بەڕای لایەنگرانی ئەم تیۆرە جیهانی بە ئیختیار باشترە، بۆیە خودا کە خەیرە دەبێت جیهانی موختار بخولقێنێت لێرەوە خودا ناتوانێت وابکات مرۆڤەکان تەنها کاری باش بکەن، ئەگەر خودا رێگری لە مرۆڤ بکات شەڕ ئەنجام بدەن ئەوا ئیختیاریان لێوەردەگرێتەوە، بۆیە مومکین نیە مرۆڤ ئیختیاری ببێت و توانای ئەنجامدانی شەڕی نەبێت. بۆیە شەڕ، مەرجی پێشوەختی هەبوونی ئیختیاری مرۆڤە، بۆیە ئەگەر خودا بیەوێت دەستوەربدات ئەوا لەسەر حیسابی زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤ بۆیە هەبوونی شەڕ مەرجی پێش وەختی خەیری بالاتری هەبوونی ئیختیاری مرۆڤە.

چونکە ئەگەر بە وردی تەماشای ئیختیار بکەین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەبوونی ئیرادە و ئیختیار واتە ئازاد بوون لە ئەنجامدان و ئەنجام نەدانی کارێک، واتە لە ئەنجامدان و نەدانی ئەوەدا تەواو ئازاد ببین هیچ مەرجێکی پێشینە و پاشینە نیە ئەو تاکە ناچار بە وەرگرتنی بڕیارێکیان بکات.

لێرەوە پێشەکیە لۆژیکیەکانی پلانتینجا بەم شێوەیە رێک دەخرێنەوە.

خودا خەیری رەها و دەسەلاتی رەها و زانای رەهایە.

خودا ناتوانێت جیهانێک بخولقێنێت بەبێ ئەوەی شەڕی ئەخلاقی تێدا بێت خەیری ئەخلاقی تێدا بێت.

خودا جیهانێکی خولقاندووە خەیری ئەخلاقی تێدایە.

**رەخنە لە دیدی پلاتینجا:**

هەندێک لە فەیلەسوفەکان باوەڕیان وایە بوونی ئیختیار دژ نایەتەوە لەگەڵ هەبوونی حەتمیەتی هۆکاریدا (causal determinism) واتە خودا دەیتوانی مرۆڤێک دروست بکات سەرەڕای ئەوەی ئازاد بىن کاری خراپە ئەنجام نەدەن. بەو واتایەی هەمیشە خەیر هەڵبژێرن بەشێکی دیکە لەو رەخنانەی لەم تیۆرە دەگیرێن پەیوەستە بە ئیرادەکانەوە واتە شەڕی ئەخلاقی بەم تیۆریایە تەفسیر دەکرێت لە کاتێکدا بەشێکی گەورە لەو شەڕانە بوونیان هەیە شەڕی سروشتین وەک بوومەلەرزە و لافاو نەخۆشیە زگماکیەکان، بۆیە ئەم تیۆریایە ناتوانێت تەفسیریان بکات.

**ئارگیۆمێنتی شەڕ وەک نارەزایەتی لە بورهانی نەزم:**

بەڕای بەشێک لە لێکۆڵەرەوان ئارگیۆمێنتی شەڕ بە تێکڕایی لە بەرامبەر بورهانی نەزمەوە هاتووەتە ئاراوە، لە بەرامبەردا بەشێک لە توێژەرەکان باوەڕیان وایە بە وردبوونەوە لەو بورهانە بۆمان دەردەکەوێت دوور و نزیک پەیوەندی بەو بورهانەوە نیە.

ئەگەر بە کورتی بمانەوێت بورهانی نەزم بخەینە روو دەتوانین بڵێین سیستمی ئامانجداری گەردون دەرئەنجامی دەستوەردانی بوویەکی خاوەن شعورە، لە بورهانی نەزمدا باسی ئەوە نیە کە ئەو هەبووە خەیر خوازە یان نا، ئەوەی "جۆن هۆسپێرز" دەڵێت: مرۆڤ نەزمیان ناوێت بەڵکو نەزمێکی تەبا بە خەیریان دەوێت، ئەمە ئەو هەڵە لۆژیکیەیە "هۆسپێرز" تێی کەوتووە، چونکە بورهان پەیوەست نابێتەوە بە خواستی مرۆڤەکانەوە بەڵکو بورهان زادەی پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان پێشەکی و دەرئەنجامە، بۆیە بەشێک لەم بابەتانە دەرهاویشتەی مامەڵەی سۆزداریانەن نەک ئارگیۆمێنت سازی و مامەڵەی عەقڵانی.

**لەبری تێگەشتن لە شەڕ دەستکاری کردنی تێگەشتن لە خودا:**

لەناو ئەو رایانەدا کێشەی بەدوای خۆیدا هێناوونی ئاراستەیەک هەیە پرسیار لەسەر پێشەکیە لۆژیکیەکانی شەڕ دروست دەکات، ئێمە وتمان شەڕ لەو رووەوە گرفتخێزە کە

**ولیام جەیمز**
**خودا خاوەنی زانین و قودرەتی رەها نیە، بەمەش هەبوونی شەڕ دژیەک نایەتەوە لەگەڵ هەبوونی خودادا .**

خودا هەم زانینی رەها و هەم دەسەڵاتی رەها و هەمیش خەیری رەها بێت، ئەگەر خودا هەر یەکێک لەم سیفەتانەی نەبێت بوونی شەڕ نا ئەخلاقی نیە و نا سازگار نیە لەگەڵ بوونی خودادا، وادابنین شەڕێک هەیە خودا پێی نازانێت یان پێی دەزانێت بەڵام ناتوانێت بیگۆڕێت لەم دۆخانەیا بوونی شەڕ ناسازگار نابێت لەگەڵ بوونی خودایەکی لەو چەشنەدا، بۆیە رایەک هەیە دەیەوێت دەستکاری ئەو پێشەکیانە بکات کە لە پێشتردا بڕوای باوەڕدارانی لەسەر بوونیات نراوە، بۆیە ئەم رایە لەناو ئایینداراندا قەبوڵکراو نیە ئەو دیدەش دیدی ویلیام جیمزە.

"ولیەم جەیمز" یەکێکە لە فەیلەسوفە خوداباوەڕەکان، ئەو بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی شەڕ رێچکەیەکی جیاوازتری گرتووەتە بەر، هەرچەندە وەک وتمان زۆربەی خوداباوەڕەکان رەتی بۆچوونەکەی دەکەنەوە، پێیان وایە دژی بیروباوەڕ و ئیعتیقادی ئەوانە، سیفەتی خودایی بوونی خودا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

**باوەڕ بوون بەوەی خودا خاوەنی زانین و قودرەتی رەها نیە پێچەوانەی تەواتوری مەعنەوی نێوان هەموو ئایینەکانە بە درێژایی مێژوو،**

جەیمز پێی وایە خودا خاوەنی زانین و قودرەتی رەها نیە، بەمەش هەبوونی شەڕ دژیەک نایەتەوە لەگەڵ هەبوونی خودادا .

لەلایەکی دیکەشەوە فەیلەسوفیکی دیکەش بەناوی "ئەلفرێد نۆرز وایتهید" رایەکی دیکەی لەمبارەوە هەیە پێی وایە تەواوی بوون لە حاڵەتی بەرەو کەماڵ چووندایە، ئەڵبەتە "مەلا صەدرا"ش لە تیۆریای بزاوتی گەوهەریدا باوەڕی وایە جیهانی سروشت بەردەوام بەرەو کەماڵ دەچێت بەڵام جیهانی بان سروشت بەو چەشنە نیە، بەڵام وایتهید باوەڕی وایە جیهانی بان سروشتیش بەهەمان شێوە بەرەو کەماڵ دەچێت لێرەوە خودا خاوەنی زانست و دەسەڵاتی رەها نیە تەنها خەیری رەهایە.

ئەم تێزە بۆ سەلماندنی رایەکانی خۆی پەنای بردوەتە بە بەڵگەکانی کتێبی پیرۆز و پێی وایە هەرگیز زانست و قودرەت نەدراوەتە پاڵ خودا لە کتێبی پیرۆزدا، هەرچەندا ئەمە لای مەسیحیەکانیش بەتەواوەتی قەبوڵکراو نیە و بەشێک لە موتەکەلیمینی مەسیح وەڵامیان داوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قورئاندا بە روونی ئەو دو خەسڵەتە دراونەتە پاڵ خودا ﴿قَالَ أَعۡلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٥٩﴾ البقرة ،﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ٦٢﴾ العنكبوت، هەروەها پێچەوانەی تەواتوری مەعنەوی نێوان هەموو ئایینەکانە بە درێژایی مێژوو، پاشان ئەگەر ئەو بەڵگانەمان قەبوڵ بێت ئەوا بە دڵنیایەوە دەبێت بڵێین لە کتێبی پیرۆزدا نەک خودا خاوەنی زانست و دەسەڵاتی رەها نیە بەڵکو هەر زانست و دەسەڵاتیشی نیە.

**خودا لەسەروو پرسیارەوەیە:**

ئەم دیدە دیدێکی دینیە و لەناو شارستانیەتی ئیسلامیشدا ئەشعەریەکان زیاتر ئەم دیدەیان تەبەنی کردووە پێیان وایە چەمکەکانی عەدالەت و هەندێک پرسیار هی جیهانی فیزیکن نەک میتافیزیک بۆیە پێیان وایە پرسیارکردن لەبارەی ئەو بابەتانەوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانیت وەڵامدەرەوەی خودی ئەو بابەتە بێت لە جیهانی میتافیزیکدا، بۆیە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە موعتەزیلەکان کە پێیان وابوو خودا عادیلە ئەشعەریەکان باوەڕیان وابوو ئەگەر خودا عادیل بێت کەواتە مونفەعیلە، واتە شتێک لەسەر خودا واجیب دەبێت بۆیە خودا ناچێتە ژێر هیچ واجیباتێکەوە ئەمانە ئەخلاقیاتی جیهانی مادی و مرۆڤن نەک خودا، لە راستیدا ئەمانە بۆ تەبریئە و خۆ لادانە هەرچەندە فەرموودەیەکی ئیشکالخێز بۆ ئەم دیدەی ئەشعەریەکان هەیە

كـە دەفەرمووێت: (يـا عبـادي إنـي حرمـت الظلـم على نفسي وجعلتـه بينكـم محرما فـلا تظالموا).

بۆ تێگەشتن لەم بابەتە پێویستمانە هەندێک سەرج بخەینە سەر دیدی ئەشعەریەکان لەو بارەوە:

ئەبولحەسـەنی ئەشـعەری بـاوەڕی وایـە ئەگـەر خـودا فـەرمانـی بكردایـە بـە درۆكـردن ئـەوا ئـەو كات درۆ خراپـە نەبـوو بەڵكـو باشـە بـوو، ئیمامـی غـەزالیـش دەڵێـت دەبێـت بپرسـین مەبەسـت لـە قوبـح خراپـە چیـە ئەگـەر مەبەسـت لێـی شـتێک هەماهەنـگ نەبێـت لەگـەڵ مەبەسـتی خـودادا ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە شـتی لـەو چەشـنە لـە خـودا ناوەشـێتەوە بەڵكـو ئەگـەر مەبەسـت لێـی ئـەو شـتانە بێـت تەبـا نیـن بـە ئامانجـی ئەوانـی تـر ئـەوا خـودا پابەنـد نیـە بـە ئامانـج و خواسـتی ئەوانـی دیكـەوە. لـەم دو ئیقتیباسـەوە بۆمـان دەردەكەوێـت ئامانجەكانـی خـودا دیاریكـەری شـەرحیەتی كردارەكانـی ئـەون نـەک مـرۆڤ.

یەكێـک لـەو تیۆرسینانەی لەسەردەمی نوێدا رایەكی لەم چەشنەی هەیە "لێندا زاگزبسكی"ە، ئـەو لـە روانگـەی تیۆریـای ئەنگێزەی خوداییـەوە كاری لەسـەر ئەخـلاق كـردووە و هـەر لـەم رووەشـەوە پرسـی شـەڕی یـەكلا كردۆتـەوە.

تیۆریـای ئەنگێـزەی خودایـی تیۆریایەكـی ئەخلاقیـە لەسـەر بنەمـای سەرمەشـقی ئەخلاقـی بەرجەسـتە دەبێـت و هـەوڵ دەدات لـە رووی میتافیزیكیـەوە بوونیـادی خودایـی بـە ئەخـلاق بـدات، ئـەم تیۆریایـە جگـە لـەوەی پێگـەی بـاڵا بـە فەزیلـەت دەدات، رۆڵیـش بـە سەرمەشـقی خودایـی لـە ئەخلاقـدا دەبەخشـێت.

ئـەم دیـدە پێـی وایـە ناوەڕۆكـی باشـە و خراپـە لـە روانگـەی شـیكاری چەمكیـەوە ناناسـرێن بەڵكـو بـە گێڕانـەوەی راسـتەوخۆ بـۆ میسداقـی و سـەرمەشـقەكان دەناسـرێن، بۆیـە پێـش ناسـینی سـەرمەشـقی ئەخلاقـی نازانیـن ئەخلاقـی جـوان و ناشـیرین چیـن.

بـە رای ئـەو خـودا خەیـری رەهایـە، تەنانـەت بورهانـی شـەڕیش لەسـەر ئـەو بنەمایـە هاتۆتـە ئـاراوە خـودا خەیـری رەهایـە، بۆیـە "زاگزبسـكی" پێـی وایـە لـە خەیـری رەهـاوە شـەڕ نایەتـە بـوون ئێمـە بـۆ ئـەوەی بزانیـن چـی باشـە و چـی خراپـە پێویستە تەماشـای خەیـری رەهـا بكەیـن تـا بزانیـن چـی باشـە و چـی خـراپ نـەک ئـەوەی لـە رێگەیەكـی ترەوە بـۆی بڕوانیـن، خەیر بۆیـە خەیـرە چونكـە فیعلـی خودایەكـی خەیـری رەهایـە.

ئـەم تیۆریایـە لـە رووی ئەخلاقناسیەوە رەخنـەی لێگیـراوە بەتایبەتـی لـە شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا لای موعتەزیلە و لە رۆژئاواش لەو رووەوە رەخنەی جیاواز خراونەتـەڕوو كـە پێدەچێت بەهۆی پەیوەست نەبـوون بـە بابەتـی لێكۆڵینـەوەی ئەخلاقیـەوە لـەم بابەتـەدا دەرفەتـی قسـە لەسـەر كردنیمـان نەبێـت.

### شەڕ نهێنی بوونی خەیرە لە بووندا:

اوەڕۆكی ئەم تێزە دەتوانین بەم شێوەیە كوورتی بكەینـەوە كـە ئەگـەر شـەڕێكی كـەم بوونی نەبوایە ئـەوا مرۆڤـەكان دەركـی خەیریـان نەدەكـرد، بۆیـە لایەنگرەكانی باوەڕیـان وایـە تـا شـەڕ بوونـی نەبێت خەیر تەحقیق نابێت. لـە بنەڕەتـەوە ئـەو كەسـانەی ئـەم تێڕوانینەیـان هەیـە باوەڕیـان وایـە خـودا دەیتوانی

جیهانێکی بێ شەڕ بخولقێنێت بەڵام ئەو کاتە مرۆڤەکان هەستیان بە هەبوونی خەیر نەدەکرد.

ئێمە لە ڕێگەی ئەزموونکردنی شەڕەوە دەستمان دەگاتە ماهیەتی خەیر بەدەر لە دەرککردنی شەڕ خەیر نەدەناسرێت و نە دەشزانرێت، بۆیە بەرای لایەنگرانی ئەم تێزە دادگەری خودایی بە ناوی خەیری گەورەشەوە ناو دەبرێت.

"لایب نێتز" بە نموونەیەک ئەمە روون دەکاتەوە، ژەنەڕاڵێک بۆ پارێزگاریکردن لە شارێک پێویستە فەرمان بکات بە پیاوان بەرگری، ئەمەش وادەکات بەشێک لە پیاوەکان بکەونە ئازارەوە، بەڵام خەیری رزگارکردنی کۆی شار زیاترە لە ئازار و رەنجی پیاوەکان و مردنی هەندێکیشیان، لە کاتێکدا دەیتوانی بە فەرمانی پاشەکشێ ڕێگری بکات لە ئازار گەشتن بە سەربازەکانی بەڵام ئەو کات خەیری رزگارکردن و پارێزگاری کردن لە کۆی شاری دەست نەدەکەوت، لێرەوە ئەمە بۆ خوداش دروستە.

لێرەوە شەڕ بۆ دەست راگەشتن بە خەیر زەرورە هەر ئەمەش وایکردووە "جۆن هیک" باوەڕی وابێت شەڕی بێ دەلیل بوونی نیە هەموو شەڕەکان ئامانجێک بەرجەستە دەکەن، بۆیە خودا شەڕی بە بەدیهێنانی خەیرێکی باڵاتر خولقاندوە، ئەمە لە دونیای مرۆڤیشدا دروستە . پزیشکێک قاچی نەخۆشێک دەبڕێتەوە بۆ رزگارکردنی ژیانی ئایا خەیری ئەنجام داوە یان شەڕ.

لە رووی ئەخلاقیەوە ئەگەر تەماشای ئەم تیۆریایە بکەین دەبینین تیۆریایەکی ئەخلاقی ئەنجامگەرایە، واتە جەخت لەسەر ئەنجام دەکاتەوە. بیرۆکەی سەرەتای ئەم تیۆرە دەکرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ رەواقیەکان "خرۆسیپۆس" باوەڕی وابوو چاکە بە بێ بوونی خراپە بوونی نیە، بە شێوەیەک ئەگەر هەرکامیان لەناو ببرین ئەوا هەردووکیان لەناو چوون، پێش ئەوان ئەفلاتونیش رایەکی هاوشێوەی هەیە و دەڵێت هەرگیز ناتوانین ناشیرینی و زشتیەکان لەناو ببەین بەڵکو پێویستە هەمیشە پێچەوانەی باشە بوونی هەبێت تاوەکو باشەش بوونی ببێت. تەنانەت لای هەندێک فەیلەسوف ئەم بابەتە بۆ چێژ و رەنگیش شۆر دەبێتەوە بۆ ئەوەی چێژ لە خواردن وەربگرین پێویستمان بە برسیەتیە، بۆ ئەوەی هەست بە بوونی رەنگی سوور بکەین پێویستە رەنگی تریش بوونی ببێت.

لە کلتوری تەسەوفی ئیسلامیدا ئەم تێزە بەستراوەتەوە بە دوا رۆژەوە، بە واتایەکی دیکە ئەگەر بەشێوەی بەشەکی لە بوون بڕوانین ناتوانین وەک پێویست دەرکی بکەین، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی هەمەکیانە و هەموو رەهەندەکانی لێی بڕوانین دەبینین وێنەکە روونتر بەچاو دەکەوێت، بۆیە ژیانی ئێرە بە بێ ژیانی دوا رۆژ ناتەواوە، بۆیە خەیری گەورەتر بەهۆی ناتەواویەکانی ئێرەوە دێنە ئاراوە ئەمەش بە روونی لای غەزالی هەستی پێدەکرێت.

ئەم دیدە بەشێوەی جیاواز دەردەکەوێت لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، "خواجە نەسیری توسی" لە کتێبی (تجرید الاعتقاد)دا بە ناوی (لەبری ) هێناویەتی، واتە تاک لەبری ئەو ناخۆشیانەی بەسەریدا هاتوون خەیر وەردەگرێتەوە

لە پاشەرۆژدا. "قازی عەبدولجەبار"یش رایەکی تری هاوشێوەی ئەم رایەی هەیە.

**رەخنە لەم دیدە:**

ئەم دیدەش وەک تێروانینەکانی دیکە کۆمەڵێک رەخنەی لێدەگیرێت کە دەکرێت بەم شێوەیە بیانخەینەڕوو:

ئایا بەراستی شەڕ کەمە: واتە ئەو شەڕەی لە دونیادا هەیە دەکرێت بە شەڕێکی کەمی بزانین بەو رادەیە هێندە ببێت تاوەکو مرۆڤەکان دەرکی خەیر بکەن.

ئایا نەدەکرا دەرک کردنی خەیر بی زەرورەتی بوونی شەڕ روو بدات؟

**خەیر لە شەڕ زیاترە بەڵام تێروانینی بەشەکی شەڕ دەخولقێنێت.**

ئەم تێزە وای دەبینێت لە کۆی گشتیدا خەیر لە شەڕ زیاترە بەڵام تێروانینی بەشەکی بۆ ژیان وا دەکات کەسانێک شەڕ ببینن، بۆیە ئەم دیدە وای دەبینێت پێویستە لە دووریەکەوە تەماشای تەواوی جیهان بکەین تا بزانین ئەم پارچانە یەکتر تەواو دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای بازنەیەک بکەین هەموو خاڵێکی ئەو بازنەیە پێویستە لە چوارچێوەی تەواوی بازنەکەدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت نەک هەر خاڵێک بە جیا و بێ رەچاوکردنی شوێنەکانی دیکە، بۆیە ئەگەر هەموو خاڵێک لەناو بازنەکەدا تەماشا بکرێت دەبینین ئەم خاڵە بەشێکە لە بازنەیەکی گەورە بە پێچەوانەشەوە ناتوانرێت تەفسیر بکرێت.

> **ئەبولحەسەنی ئەشعەری باوەڕی وایە ئەگەر خودا فەرمانی بکردایە بە درۆکردن ئەوا ئەو کات درۆ خراپە نەبوو بەڵکو باشە بوو**

لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە ئەگەر کەسێک ببرێتە کۆشکێکی گەورەوە لەو کۆشکەدا تەنها ببرێتە موشتەمەلات و سەرئاوەکانەوە، لەو کۆشکەدا تەنها ئەو شوێنە ببینێت بەدڵنیاییەوە تێروانینی بۆ کۆشکەکە تێروانینێکی نەرێنیانەیە بەڵام ئەگەر لە کۆی نەخشەی کۆشکەکە بڕوانێت دەبینێت بی هەبوونی موشتەمەلات کۆشکەکە ناتەواو دەبوو، تەنانەت پاک و خاوێنی کۆشکەکە بەشێکی گەورەی پەیوەستە بە هەبوونی سەرئاوەکانەوە.

یەکێک لەو فەیلەسوفانەی لایەنگری ئەم رایەیە "سپینۆزا"یە، ئەو پێی وایە دەرککردنی شەڕ پەیوەستە بە روانینی مرۆڤەوە نەک بابەتێکی واقیعی بێت، ئەو پێی وایە چونکە ئێمە بەشێوەی گشتی ناڕوانین بۆیە لە بووندا شەڕ دەبینین، بەڵام ئەگەر بەشێوەی گشتی بمانڕوانیایە بە دڵنیاییەوە بەو چەشنە نەدەبوو.

پرسیارەکە لێرەدایە مرۆڤ چۆن دەتوانێت ئەو تێروانینە گشتیەی بۆ دروست ببێت، لە

## سپینۆزا": دەرککردنی شەڕ پەیوەستە بە روانینی مرۆڤەوە نەک بابەتێکی واقیعی بێت و بەنی دەرەکی ببێت

چ رێگەیەکەوە مرۆڤ دەتوانێت وابکات لەو گۆشەنێگا تەسک و بچووکانەوە تەماشای بوون نەکات، سپینۆزا دەڵێت: فەلسەفە چاوی خودایی دەبەخشێتە مرۆڤ، بۆیە مرۆڤ چەندە لە قوڵبوونەوەی فەلسەفیدا قاڵ ببێتەوە هێندە دەتوانێت قووڵتر بابەتەکە ببینێت بەشێوەی گشتگیرتر.

ئەم تێروانینەش بەهەمان شێوەی تێروانینەکانی دیکە کۆمەڵێک رەخنەی لێدەگیرێت لەوانە مرۆڤ چۆن بتوانیت ببێتە خاوەنی چاوی گشتبین مەگەر نەزانین بۆ مرۆڤ حاڵەتێکی وجودی نیە، پاشان ئەگەر هەموو شتێک لە جێی خۆیدا خەیرە کەواتە بۆچی مرۆڤەکان سزا دەدرێن لە لایەن خوداوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم تێروانینە هێندەی لە تێروانینێکی عیرفانی دەچێت هێندە لە تێروانینی فەلسەفی ناچێت، زۆر لەو رستەیە دەچێت کە عاریفەکان دەیڵێن (یا من فسادە صلاح)

**دەرئەنجام:**

پرسی شەڕ زۆر بە سادەیی دەتوانرێت بەم شێوەیە دەرببڕدرێت، ئەگەر خودا خاوەنی دەسەڵات و زانینی رەها بێت، ئەوا رووبەڕووی شەڕ دەوەستێتەوە ئەگەر خەیرخواز بێت، لێرەوە ئەم دو دەربڕینە، خودایەکی خاوەن دەسەڵاتی زانای خێرخواز بوونی هەیە و شەڕیش بوونی هەیە پێچەوانەی یەکتر دێنەوە.

بۆ ئەمە وەڵامی جیاواز بوونیان هەبووە، بەشێک لە ئایینداره‌کان هەوڵیان داوە راستیەتی دەربڕینی یەکەم بسەلمێنن لەگەڵ ئەوەشدا بیسەلمێنن ئەو دو دەربڕینە پێکەوە ناسازگار نین، واتە کارکردنیان بە ئاراستەی سەلماندنی ئەوەدا بووە بوونی شەڕ ناسازگار نیە بە بوونی خودا لە رووی لۆژیکیەوە، بەشێکی دیکەیان ویستوویانە پرسیار لەسەر دەربڕینی یەکەم دروست بکەن بەو واتایەی باوەڕیان وابووە خودا خاوەنی ئەو خەسڵەتانە نیە کە لە دەربڕینی یەکەمدا هاتوون، و بەشێکی دوەمیشیان پرسیاریان لەسەر دووەم دروست کردووە بەو واتایەی پێیان وابووە شەڕ بوونی نیە.

ئەڵبەتە ناتوانین بڵێین سەرجەم هەوڵ و کاری باوەڕداران بۆ وەڵامدانەوەی گرفتی شەڕ خۆی لەم سێ تەوژمەدا بینیوەتەوە بەڵکو شیوازی وەڵامی دیکەش بوونیان هەیە، بەڵام لە راستیدا وەڵام نین بۆ پرسی شەڕ بەڵکو بەشێکیان وەڵامی ئاییندارانەن بۆ وەڵامەکانی پرسی شەڕ بۆ نموونە هەندێک لە وەڵامەکان خۆیان لەوەدا بینیوەتەوە کە دوو خودا بوونیان هەیە خودای خەیر و خودای شەڕ هەروەک لە میتافیزیکی یۆنانیەکان و زەردەشتیەکاندا هاتووە و لای

زەردەشتیەکان ئەهریمەن و ئاهورامەزدا بوونیان هەیە و جەدەلیەتێکە مێژوو دەجولێنێت لە بەرامبەردا ئایینداره یەکخودا پەرستەکان بە تێۆریای عەدەمی بوونی شەڕ وەڵامی ئەو تێروانینەیان داوەتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەشێکی دیکە لە ئایینداره‌کان لەسەر تەفسیرکردنی چەمکەکانی پێشەکی یەکەمی کەیسە لۆژیکیەکە ناهاورا بوون لەگەڵ لایەنگرانی لۆژیکی پرسی شەڕدا، پێیان وابووە هەڵە تێگەشتنێک لەبارەی دەسەڵاتی رەها و خەیرەوە بوونی هەیە، بۆیە لە چوارچێوەی تێگەشتن لە جیهانی مادە و ئیرادەی ئازادەوە وەڵامی ئەم کەیسە لۆژیکیەیان داوەتەوە.

دواجار وەڵامی دیکەش زۆرن لەسەر ئەم بابەتە ئەوەی دەمێنیتەوە لێرەدا ئێمە لە ماوەی بەدواداچون و کار لەسەر کردنمان لەم بوارەدا ئەوەی بۆ تێگەشتنمان فەراهەم بووە بریتیە لەوەی ئارگیومێنتی شەڕ وەک خۆی ناتەواوی تێدایە لە روی لۆژیکیەوە ناتوانیت دەستی نەزانیمان بگرێت. بۆ دۆزینەوەی ئەو دونیا مەجهولەی لۆژیکی رواڵەتی لە رێگەی رێکخستنی دراوەکانەوە موژدەمان پێدەدات، بەڵام پێشمان وایە لە بەرامبەردا ئەو وەڵامانەی بە ئاراستەی سەلماندن یان پاساو هێنانەوە بۆ پرسی شەڕ بوون نەیانتوانیوە تیزێکی گشتگیر بخەوەڕوو وەڵامی گونجاو و پێویست بە سەراپای پرسی شەڕ بخاتەڕوو بۆیە لێرەدا بە هەڵەدا چوون کە ویستویانە سەراپەی شەڕ لەناو یەک پۆلێنبەندیدا کۆبکەنەوە و وەڵامێکیشی بۆ بدۆزنەوە، بۆیە وا دەبینم لە قۆناغی یەکەمدا تەنها سەلماندنی ئەوەی لە رووی لۆژیکیەوە ئارگیومێنتی شەڕ تەواو نیە بەشێک لە کارەکە ئەنجامدراوە و ماوەتەوە بەشی دووەمی کە تەفسیر کردنی خودی شەڕە ئەمەیان رەخنەمان لێی هەیە .

پرسی شەڕ بێ تەفسیرکردن و لە دەرەوەی ئارگیۆمێنتی شەڕەوە بە یەکسانی قەیرانی فیکری بۆ باوەڕدار و بێباوەڕ دەخولقێنێت، لەوانەیە بۆ باوەڕدارێک لە چەند گۆشەنیگایەکەوە تەفسیری ئیمانی هاوکار یان کار ئاسانی بکات تا قەیرانەکە زۆر زەق دەرنەکەوێت بەڵام بەبێ تەفسیرێکی روون گرفتێکی وجودی بۆ بێباوەڕێک دەخولقێنێت، دەبێت مانای بوون چی بێت کە ئەم هەموو ئازارەی تێدا بێت، ئەو ئامانجە کۆتاییەی مرۆڤ چیە لە پێناویدا ئەم هەموو تەنگ و چەڵەمەیەی بۆ بچێژرێت، بۆیە بێ تەفسیر وەک وتمان باوەڕدارێک لە پەنای باوەڕبوون بەوەی دروستکەرەکەی نهێنی ئەمکارە و حیکمەتەکەی دەزانێت یان لە پەنای باوەڕبوون بەوەی ژیانێکی تر هەیە بۆ پڕکردنەوەی ناتەواویەکانی ئەم ژیانە یان باوەڕبوون بەوەی پاداشتی نا راحتیەکانی ئێرە وەردەگرێت لەوانەیە قەیرانی شەڕ بۆی زۆر زەق نەبێت.

## سەرچاوەکان


(١). آرشی نراقی: درآمدی بر مسئله شر، تۆماری ڤیدیۆیی، ١٢ وانە.

(٢). ملا صدرا: شرح غرر الفرائد.

(٣). اسپیونزا، اخلاق، ترجمە: محسن جهانگیری.

(٤). مصطفی ملکیان، درسگفتارهای درباره

شر.

(٥). www.goodreads.com/. quotes

(٦). وليام راولز، مسئله شر، ترجمه : امير صادقى.

(٧). دكتر علي افضلى: در ماهيت الم، نشريه فلسفة، سال ٣٩، ١٣٩٠ هـ.ش.

(٨). د. سامى عامرى، مشكلة الشر و وجود الله، ٢٠١٦.

(٩). سيدرضا حسينى لواسانى، محمد سعيد مهرى، كارا□مدي راه حلهاى فيلسوفان و متكلمان مسلمان در پاسخگويى به مسئله عملى شر، فلسفه دين، دوره دين، شماره ١.

(١٠). مجموعه آثار شهيد مطهرى . ج١

(١١). موسى بن ميمون، دلائل الحائرين.

(١٢). عبدالكريم سروش، سلوک ديندارانه، جلسه ٢١ و ٢٢.

(١٣). شرح مطق مظفر، كمال حيدرى.

(١٤). جعفر سبحانى، نقد بررسى سخنان معترضان دەرباره شر.

(١٥). يدالله رستمى، خدا و مسئله شر، مجله فلسفه دين، دوره ١١، شماره ٤.

(١٦). اعلى تورانى و معصومه عامرى، مسئله منطقى شر از ديدگاه الوين پلانتينگا، فصل نامه اسراء، سال پنجم، پياپى چهاردهم، ١٣٩١ هـ.ش.

(١٧). شيما شهريارى، حل مسئله شر با تكيه بر نظريه انگيز شالهى (بررسي راهكار زاگزبسكى درحل مسئله شر) جستارهاى فلسفه دين پژوهشگاه علوم انسانى و مطالعات فرهنگى، سال چهارم، شماره اول، بهار و تابستان ١٣٩٤.

(١٨). دكتر حسين حيدرى، حسن و قبح عقلى و سرشت خدايى انسان در مكاتب كلامى و انديشه مولوى، فصلنامه كلام فلسفه اسلامى آيينه معرفت، دانشگاه شهيد بهشتى، ٩١.



ئاری عەلی

# زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین

**پێشەکی؛**

سەرجەمی ئەو بابەت و لایەنانەی کە لە یەک وشەدا کۆدەبنەوە، پێکیدەهێنن و ئێمەی مرۆڤ بە (زمان) ناوی دەبەین، ساناتر بڵێین هەر چییەک پێی بڵێین (زمان)، ئیتر زمانی ئاسایی، ئاماژە، هێما، جەستە، ڕەنگ و زمانی شێوە و...هتد بێت، دەچنە بەرگی یەک وشەوە کە(زمان)ە.

مرۆڤ، گەلێک ڕێگە و ڕێباز و زانستی دامەزراندووە، بۆ توێژینەوە و پەیبردن بە راز وشاراوەکانی زمان، هەریەک لەم زانستانە بۆ نمونە؛ ( ڕێزمان، دەنگسازی، وشەڕۆنان و تەنانەت ماناناسی) کە دەچنە خانەی(زانستەکانی زمانەوانی)ەوە، لەباشترین پێگەیشتنیاندا دەتوانن روونکەرەوەی (ڕەهەندێک)ی زمان بن. واتا زمان وەک چەند بابەتێک بەرباسە نەک وەک گشتێک. ئاشکراتر بڵێین لەم کایە و زانستانەدا خودی زمان خۆی نەبووەتە بابەتی توێژینەوە، بەڵکو جەستەیەکە و ئەندامەکانی بە جیا بەرکاری توێژینەوەن. ئەم جۆرە کارکردنەش دەرئەنجامێکی قووڵ نابەخشێت، مەیدانەکەی بەرگی زمان تێناپەڕێنێت. واتا ئەمە ڕەهەندی ئاسۆیی زمانە.

بەڵام بە چ ڕێگەیەک دەتوانین بەرگی زمان تێپەڕێنین و بە ستوونی رووەو توێژە قووڵەکان و کرۆک بڕۆین؟ بۆ ئەمە دەبێت خودی زمان بکەینە بابەت، تا بە (مانای مانا) بگەین. دەپرسین ئایا بوارێک هەیە خودی زمان تێیدا بووبێتە بابەت؟ بە خوێندنەوەیەکی سادەش بێت لە فەلسەفەی سەردەمدا دەگەینە

وەڵامی بەڵێ و دەبینین چەندین فەیلەسوف لەم بوارەدا ژیاون! ئەویش( فەلسەفەی زمان)ە.

بۆیە لە (زمانەوانی)ەوە، لە بەرگ و رووکەشی زمانەوە دەگوازینەوە بۆ (فەلسەفەی زمان)، بۆ کرۆک و (مانای مانا)، هەر لەم پێودانگەوە کە ناکرێت بۆنموونە باسی(خودا) وەک بوونێکی باڵا لە رووکەش و بەرگی زماندا قەتیس بکەین، بانگەشەی ئەوەش بکەین کە باسی خودامان کردووە. ئەگەرچی ئەم بابەتەیش هەر دەبێتەوە بانگەشە و بەجۆرێک دەبێتەوە بەندکردنی باسی خودا لە زماندا، واتا چەندێک بڵێین دەربارەی هێشتا لە نەوتندا باسی زۆرتر هەیە بۆ وتن، بەڵام هەوڵدەدەین لەرێی فەلسەفەی زمانەوە دەرەوەی زمان ببڕین و رووەو قوڵایی مانا چەند هەنگاوێک بنێین.

لەم رۆژگاری جیهانگیریەدا، زۆرتر لە سەردەمانی پێشوو، مرۆڤ رووبەڕووی ژینگە و زمانی بیانی یاخود پەیوەندی و ئاخاوتن بە زمانی جۆراوجۆر دەبێتەوە. بەکاربردنی زمان لە بوارە جیاوزەکاندا تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە. بۆ نمونە، (زمانی زانست) بەجۆرێک پێشکەوتووە کە کەسێکی ئاسایی هەر زوو لە زمانی گشتی ئاخێوەران جیای دەکاتەوە.

نمونەیەکی دی کە (زانیاری تێکنەلۆژی) یە، بەتایبەت بەشی نەرمەئامێر کە لەسەر بەرنامەی (زمانی دەستکرد) بیناکراوە، خۆی دەخزێنێتە ناو بەشێکی فراوانی ژیانی مرۆڤی ئەم رۆژگارەوە. بۆیە دەبینین پرسیارگەلێک لە جاران توندتر خۆ دەردەخەن، بەئاشکرا دەبیسترێن، بووەنەتە پرس؛ زمان چییە؟ مانا چییە؟ چۆن وشەکان واتا هەڵدەگرن؟

وەک پێشتر وتمان کە زۆر بوار هەن زمان بابەتی توێژینەوەیانە، بەڵام لەم باسەدا تەنها بوارێک مەبەستمانە، ئەویش (فەلسەفەی زمان)ە.

سەرەتا دەربارەی فەلسەفەی زمان؛

یەکێک لە بزاڤە دیارەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ، فەلسەفەی زمانە. زۆر بەرین و بڵاوگیرە، بە واتا؛ ناکرێت لە چەند بابەتی دیاریکراودا سنووربەندی بکەین، بۆچی؟ چونکە مرۆڤ هەرچی دابهێنێت، لە هەر روانگە و بوارێکەوە بۆ هەر بابەتێک بێتەوە، تەنانەت (بوون، خودا، خودی مرۆڤ و زمان، سەرجەمی زانستەکان و فەلسەفە)یش هەموویان لای مرۆڤ لەناو زماندان، مرۆڤ ناتوانێت لە زمان دەربچێت، بۆیە لە (فەلسەفەی زمان)دا زمان جیهانێکە تا ئەوەی بابەتێک بێت. بەکورتی دەکرێت بڵێین فەلسەفەی زمان هاوگیرییەک دەسازێنێت بۆ ئەو گوتارانەی کە جەخت دەکەنەوە لەسەر رۆڵی زمان وەک میانەیەک بۆ (هزرینەکانمان) و (پەیوەندیمان) بە واقیعەوە. لەم سۆنگەیەوە، یەکێک لە دامەزرێنەرانی فەلسفەی زمان (ڤیتگنشتاین)[1] دەڵێت: " سنوورەکانی زمانت سنوورەکانی جیهانی تۆیە!" لێرەوە چیتر زمان تەنها ئامرازێک نیە بەدەست مرۆڤەوە، بەڵکو زمان جیهانێکە ئێمەی لەخۆگرتووە!

لە مێژووی فەلسەفەدا هەر لە مێژەوە هەندێک لە فەیلەسوف و هزروانان رۆڵی زمانیان بە بابەت کردووە، بەڵام لەڕاستیدا لە سەدەی(١٩ و ٢٠ )دا ئەم جۆرە گوتارە بۆ زمان گەشەی کرد و بڵاو بوویەوە، بۆیە زۆرجار ئەم گۆڕانکاریە بە (وەرچەرخانی

زمانەوانی)[٢] ناودەبرێت. نوێباسەکان لەسەر زمان هاوکات هەڵگری ئەو باوەڕەش بوون کە شیکاری زمان دەتوانێت لە هەمان کاتدا چارەی کێشەکان بکات و ئەوەش بخاتەڕوو کە ئایا هەر بەڕاست ئەوەی بە (کێشە) ناودەبرێت، هەڵە تێگەیشتنێک نیە لە ئەرکدارکردنی زمان؟ ئاشکراتر بڵێین ئەوی لەئارادایە لەمەڕ زمان (کێشە)یە یان (کێشەئاساخۆی دەنوێنێت)؟[٣]

جیا لە گرنگیدان بە رۆڵی زمان، زانست-یش بووە رکابەر و بەرەنگارێکی تری فەلسەفە. بۆنمونە ئەو دەرکەوتنە جادوگەریەی زانست و ئەنجامگیریە وردەکانی بوونە نموونەی چاولێکراو بۆ فەلسەفە، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە فەلسەفەیش وەک زانست ئەنجام بدات بەدەستەوە. لەبارێکدا ئەمەش مەترسی بوو بۆ بەرتەسککردنەوەی توانای پێزانینی ئێمە بۆ بوون و ئاڵۆزیەکانی. بۆیە لە هەناوی ئەم دۆخەوە کە تازە بۆ فەلسەفە پەیدا بووبوو، بزاڤێک سەریهەڵدا کە دەکۆشا بۆ پێشکەشکردنی گوتارێکی زانستی لە فەلسەفەدا، ئەم بزاوتە بە (فەلسەفەی شیکاری) ناودەبرێت. ئەمەش زیاتر وەک جوڵانەوەیەکی فراوان لێیدەڕوانرا تا ئەوەی تەنها بریتی بکرێت لە فەلسەفەی زمان.

هەمان بیرمەندان سروشبەخشی هەردوو بزاڤەکە بوون، ئەوانیش؛ (گۆتلۆب فرێگە، بێرتراند راسڵ، لودویگ ڤیتگنشتاین و جۆرج ئێدوارد مۆر)[٤] بوون. ئەمانە لەگەڵ (لۆژیکیە پۆزەتیڤیست)ەکاندا لە (بازنەی ڤیەننا)[٥]دا کۆبووبوونەوە. لەبەر ئەم هۆیەش ئەم نووسەرانە هەردوو دەستەواژەی (فەلسەفەی زمان) و (فەلسەفەی شیکاری)یان وەک هاوواتا

**جگە لە فەلسەفەی زمان، رێباز و زانستەکانی ترکە لە زمان دەکۆڵنەوە تەنها دەتوانن (رەهەندێك)ی زمان بخەنە بەرباس.**

بەکاردەهێنا. هەروەها دەوترێت ئەم فەیلەسوفانە رۆڵێکی گرنگیشیان بینیوە لە دامەزراندنی لۆژیکی مۆدێرندا. بەشێوەیەک هەندێکجار لە میانەی وتنەوەی لۆژیکدا فەلسەفەی زمان دەوترایەوە. بۆیە دەکرێت، ئاسایی و ماناداریشە هەر وەک چۆن مەبەستیشمانە لەم باسەماندا لە دیدی (قوتابخانەی شیکاری)یەوە خۆ بدەین لە باسی زمان و ئایین. لەنێو ئەو فەیلەسوفانەشدا کاریگەرترین و دیارترینیان لە فەلسەفەی زماندا کە (ڤیتگنشتاین)ە وەردەگرین.

**بابەتەکانی فەلسەفەی زمان:**

زمان چییە، چییەتی مانا، مانای مانا، بەکارهێنانی زمان، پەیوەندی (مەعریفەی زمان) و (زمان و راستێتی)، لە بابەتە سەنتەریەکانی فەلسەفەی زمانن.

ژیانی هزری و فەلسەفی ڤیتگنشتاین بەشێوەیەکی ئاسۆیی و یەک ئاراستە نەبووە، بەڵکو بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە کە بە ڤیتگنشتاینی یەکەم و دووەم ناسراون. واتا سەرجەمی کارەکانی بەسەر ئەو دوو قۆناغەدا دابەش دەبن. لەم نووسینەدا دەکۆشین هێندەی بکرێت بابەتەکەمان

**بۆ تێپەڕاندنی بەرگی زمان و گەیشتن بە چینە قووڵەکان و کرۆك، دەبێت خودی زمان(مانای مانا) بەکەینە بابەتی توێژینەوە.**

روانگەی هەردوو ڤیتگشتاینەکە رەچاو بکات.

**زمان وەک جیهانی وتراوەکان:**

پاش سەرهەڵدانی قوتابخانەی فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی زمان، خستنە بەرباسی هەر بابەتێک کە لە (زانستە ئەزموونیەکان) یان (زانستە مرۆییەکان)دا بێت، دەبێت گەڕانەوەی تێدا بێت بۆ بابەتی زمان، چونکە ئیتر لێرە بەدواوە زمان شتێک نەبوو بە تەنیشت شتەکانی ترەوە، بەڵکو زمان ئەو جیهانەیە کە سەرجەم وتراوەکانی مرۆڤ و خودی مرۆڤیشی لەخۆگرتووە. زانستەکانیش بێگومان بەشێکن لە وتراوەکانی مرۆڤ. بۆیە لێرەوە زمان لە (شت)ەوە دەبێتە (جیهان). ئاشکرایە کە گوزارەی جیهان راستەوخۆ (سنوور) بە دوای خۆیدا دێنێت. زمانی هەر کەسێکیش جیهانی ئەو کەسەیە، واتا دنیابینی و رووگەی ئەو کەسەیە. ئەگەر زمان و دنیابینی و رووگەی هەر کەسێک وەک جیهان بناسێنین، ئەوا رێک یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی ڤیتگشتاین دێتە پێشمان؛" سنوورەکانی زمانی تۆ، سنوورەکانی جیهانی تۆیە."[٦]

وتراوەکان دەبنە دوو بەش؛

بەشی یەکەم: ئەوانەن کە دەتوانین بیانڵێین، لە بارەیانەوە بدوێین، بەڵگاندن و پاسادانیان بۆ بکەین لە رووی لۆژیکی و زانستییەوە. ئەنجامی هەر نمونەیەک دەکەوێتە بەردەم بژاردەی (راست) و (هەڵە)ەوە. واتا ئەم وتراوانە راست و هەڵەیان بەسەردا دەدرێت. میتۆدی ئەم وتراوانە کارکردی کەسێتی و ئەزموونی تاک رەنگدار و تایبەتی ناکات، بەڵکو هەر کەسێک لە چوارچێوەی میتۆدێکی دیاریکراودا دەبێت هەمان ئەنجامی دەستکەوێت، گەرنا هەڵەبوون مسۆگەر دەکات. بەواتایەکی تر لێرەدا دۆخی مرۆیی هیچ رۆڵێکی نیە. بۆیە دەبینین مرۆڤێک و کۆمپیوتەرێک بە هەمان پێدراو و هەمان میتۆد، هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدەن.

بەشی دووەم: ئەوانەن کە تەنها دەتوانین بیانڵێین، بەبێ ئەوەی بچنە ژێر بەڵگاندن و پاسادانی لۆژیکی و زانستی. بابەتە مەعنەوییەکانی وەک (ئایین، خودا، ئومێد، ئازادی ..هتد) سەر بە بەم بەشەی وتراوەکانن. ئەمانە پێچەوانای جۆری یەکەمی وتراوەکان راست و هەڵەیان بەسەردا نادرێت، بەڵکو دەڵێین دەکرێت لەسەریان ئاخاوتن بکەین یان نا، (باسهەڵگر) یان (باسهەڵنەگر)ن[٧]. بەواتایەکی تر ئەمانە بابەتی (وتن) یان (نەوتن)ن. لەم سۆنگەیەوە ڤیتگنشتاین دەڵێت؛" ئەو بابەتانەی ناکرێت لە بارەیانەوە بدوێین، دەبێت لە ئاستیان بێدەنگ بین." [٨] ئەوەی دەکرێت لە بارەیەوە بدوێین بچوکترە لەو بەشەی کە ناکرێت دەبارەی بڵێین. مرۆڤ لە نەوتنەکانیدا زۆرتری هەیە تا وتنەکانی. لێرەدا بەشە گەورەکەی جیهانی


زمان نەوتنە. لەم بەشەدا شتێک بەناوی زانست لە ئارادا نیە، بۆیە ناکرێت بەرگ و قاڵبێکی زانستی رووت دابکێشین بەسەر باسی خودا یان ئاییندا، هەروەها چاوەڕوانی دەرئەنجامی زانستی بکەین، بابەتگەلێک کە نازانستین، ناکرێت مامەڵەی زانستیان دەرهەق بکەین. کاری هەر کەسێک لە فەلسەفەی زماندا لەمەڕ ئەم بەشەی وتراوەکان تەنها روونکردنەوەیە، هەرچی نزیکتربوونەوەیە لە ژیرێتی نەک هێنانی هێڵی راست و هەڵە بەسەریاندا.

**ڤیتگنشتاین و گەمەی زمان:**

وشەکان تەنها لە زەمینەی دەقدا واتایان هەیە، لە ناو گەمەیەکدا. ئەمە روون دەکەینەوە؛ لەکاتی تەماشاکردنی یارییەکدا، یاری تۆپی پێ، کە ئەمە بۆهات و رامانێکە لە لایەن ڤیتگنشتاینەوە، لەم تەماشاکردنەدا؛ ئەگەر کەسێک مەعریفەی پێشین یان زانیاری پێشتری نەبێت دەربارەی تۆپی پێ، ئەوا تەماشاکردنی ئەم یارییە بۆ ئەم کەسە زۆر هەڕەمەکی و بێمانایە. بۆ ئەوەی یارییەکە مانا پەیدا بکات لای ئەم کەسە، یەکەمجار دەبێت لە یاساکانی تۆپی پێ تێبگات. بۆنمونە، دوو تیم رکابەری یەکن، هەریەکەیان لە یازدە یاریزان پێکدێن، هەریەکەیان دەکۆشێت گۆڵ لەوی تر بکات بە بردنی تۆپەکە بەرەو تۆڕی رکابەرەکەی...هتد، بۆیە هەر یەکجار کە ئەم کەسە لە یاساکان تێگەیشت، ئیتر لە زەمینەی گشتی یارییەکە تێدەگات ئەوانەی بەدوای تۆپەکەدا رادەکەن شێت نین!! بەڵکو مانایەک لەو کارەیاندا هەیە.

بەهەمان رێوشوێن، ڤیتگنشتاین ئەنجامگیری لە زمانیشدا کردووە. ئەگەر کەسێک تێنەگەیشت لە زەمینەی زمانێک و رێساکانی پێکهێنەر و هەڵگری گوتارێکی دیاریکراو تێیدا، ئەوا هەر لە بنچینەوە ناشتوانێت تێبگات لە راستترین بەکارهێنانی وشە لەو زمانەدا. هەروەها دەڵێت ئەگەر کەسێک لە یاساکانی یارییەک، بۆ نمونە تۆپی پێ تێگەیشت ئیتر ئەم کەسە دەکارێت هاوشێوەیی لە نێوان تۆپی پێ و یارییەکانی تریشدا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەم یارییانە لەبنەماوە لێکدی جودان، بۆ تەواو تێگەیشتن، دەبێت کەسێک لە رێسا تایبەتەکانی ئەم گەمەیە تێبگات، هەروەها جیاکەرەوەکانی ئەم یارییە لە یارییەکانی تر بزانێت.

ئەوەی ڤیتگنشتاین دەیگوت ئەوەبوو کە زمان/ وشە تەنها لە زەمینەیەکی دیاریکراوی خۆیدا واتای هەیە. کاتێک دەهێنرێتە دەرەوە، دەخرێتە جێگەیەکی ترەوە، ئیتر پێناچێت هەمان واتای هەبێت. بۆیە هۆشیاری دەدات دەربارەی سەپاندن و چەقین لە یەک جۆر بیرکردنەوەدا. ئەو دەڵێت ناکرێت کەسێک لەدەرەوەی یارییەک وەستابێت و حوکم بدات بەسەر یارییەکەدا، یان بێت رێساکانی یارییەک بسەپێنێت بەسەر یارییەکی تردا، بۆنمونە ناکرێت بە رێسای یاری باسکە تۆپی پێ ئەنجام بدەیت. کەواتە دەڵێت وەرزشەوانی یارییەک ناتوانێت رەخنەبگرێت لە وەزشەوانی یارییەکی تر، هەتا رێساکانی یارییەکەی ئەو فێرنەبێت و نەچێتە ناو ئەو گەمەیەی ئەوەوە. هەمان ئەنجام بۆ زمانیش هەر وایە، بە کورتی و بێ دووبارەکردنەوی ئەوەی سەرەوە دەڵێین؛ خەڵک ناتوانن رەخنە بگرن لە (بەکارهێنانەکانی تری زمان لای ئەوانی دی) بەبێ تێگەیشتن لە تەواوی زەمینە و مانای مەبەست.


Ludwig Wittgenstein
The Blue And Brown Books
Preliminary Studies for the 'Philosophical Investigations'
A Blackwell Paperback
The Blue And Brown Books
Ludwig Wittgenstein

### زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین-ی یەکەم:

سەبارەت بە زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاینی یەکەم، دەبێت لە کتێبی (تێزی لۆژیکی فەلسەفی)[٩] بڕوانین، کتێبەکە دەربارەی کێشەگەلێکی فەلسەفیە کە بە باوەڕی ڤیتگنشتاین بەهۆی هەڵەتێگەیشتنی ئێمەوەیە لە لۆژیکی زمان. لە پێشەکیەکەیدا بەم وتەیە کتێبەکە کورتدەکاتەوە: " ئەو بابەتانەی ناکرێت لە بارەیانەوە بدوێین، دەبێت لە ئاستیان بێدەنگ بین" تێگەیشتن لەم گوتەیە هاوکارمانە بۆ تێگەیشتن لە زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین. دەپرسین چ بابەتێک ناکرێت لە بارەیەوە بدوێین؟ ئایا لە نبەڕەتەوە، بابەت هەیە لەدەرەوەی باسکردن بێت؟ "ناکرێت" پێویستی بە روونکردنەوە هەیە. یان دەپرسین ئەوەی لە ناو زماندایە مەگەر بابەتی باسکرن نییە؟ بە جۆرێکی تر دەپرسین دەکرێت زمان دەستەوسان بێت لە هەمبەر شتێک کە لە نێو خۆیدا هەڵیگرتووە؟

ئەگەر بەڕوونی و سانایی وەڵامەکان بخەینە بەردەست، ئەوا دەبێت بە نمونە هێنانەوە دەستپێبکەین. لە نمونەی (چاو)دا؛ چاو دەزگای بینینی ئێمەیە، خۆی سنووری خۆیەتی، واتا چاو ئەگەر شتەکانی تر ببینێت ئەوا ئەم بینینە لە سنوورێکدا کۆتایی دێت، ئەو سنوورەش خودی خۆیەتی، واتا چاو خۆی نابینێت، ساناتر بڵێین خودی چاو دەکەوێتە ئەودیو سنووری بینینەوە. بۆ ئەقڵیش بە هەمان شێوە، زۆر شت دەبنە بابەتی ئەقڵکاری و دەکەونە ژێر کردەی بیرکردنەوەوە و ئەقڵاندنەوە، بەڵام خودی خۆی بۆ ناکرێتە بەرکار. واتا خۆی لە دەرەوەی سنووری بیرکردنەوە دەبێت، خۆی

**پێویستە بۆ تێگەشتن لە زمان، لە پانتایی (زمانەوانی)ەوە بگوازینەوە بۆ پانتایی (فەلسەفەی زمان).**

لەدەرەوەی کاری خۆی دەبێت کە بیرکردنەوەیە. بەڵێ بیردەکاتەوە لە ئەقڵ، بەڵام ئەوە تەنها وشەیەکە، وشەی (ئەقڵ)، نەک خودی ئەقڵ. لەم نمونانەوە دێین بۆ باسی زمان، لای ڤیتگنشتاین زمان دەربڕی بیرکردنەوەکانمانە، بۆ هەر بیرکردنەوەیەکی ئێمە وێنەیەک هەیە، هەر بابەتێک کە وێنای هەیە لای مرۆڤ ئەوە واتای هەیە و بابەتی باسکردنە، بەڵام هەر چییەک وێنای نەبێت، ئەگەرچی بەزمانیش گۆی دەکەین، بەڵام واتای نیە، نەک بوونی نیە، سادەتر، ئەوەی نەتوانین وێنای بکەین، ناشتوانین لێتێبگەین، یان لانی کەم ناتوانین بیگوازینەوە بۆ بەرامبەر. ئیتر وێناکردن دەبێتە سنووری زمان، لێرەدا تێدەگەین لای ڤیتگنشتاین هەرچیەک لەدرەوەی وێناکردن بێت ئەوە لەدەرەوەی زمانە، لە مانا بەدەرە، نەک بوونی نیە، لەم سۆنگەیەوە مەرج نیە زمان هەموو بوون لەخۆبگرێت. بەڵکو ئەو بەشەی بوون واتای هەیە کە دەتوانین بیکەینە وێنە لە زەین و زماندا.

ئێستا هەنگاوێک نزیکتر دەبینەوە لە باسەکەمان، ئێمە مەبەستمانە بە هۆی ئەو

**لە فەلسەفەی زماندا، زمان ئامڕازێك نیە بەدەستی مرۆڤەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی، بەڵکو جیهانێکە تێیدا دەژی.**

نمونە و روونکردنەوەیەی سەرەوە، خودا لە زماندا باسبکەین؛ دەپرسین ئایا لە جیهانی زماندا، یان تەنانەت لە زەین و خەیاڵیشدا مرۆڤ دەتوانێت وێنای خودا بکات، بێگومان نەخێر، چونکە خودامان نەبینیوە، مرۆڤ تەنها لە توانایدایە وێنای ئەوە بکات کە پێشتر بینیویەتی. تەنانەت خودا لەکتێبە پیرۆزەکاندا وێنەیەکی بۆ خۆی قەرار نەداوە، زۆر بەروونی لە قورئاندا هاتووە کە نەک هەر وێنەی نیە، بەڵکو هیچ شتێکیش لە خودا ناچێت؛ (لیس کمثلە شیء) (١٠). بۆیە تێدەگەین کە بابەتی (نەبوونی وێنە) و (نەبوونی واتا) نەک (نەبوون)، بۆ باسی خودا دەکرێت زۆر یارمەتیدەربێت بۆ مامەڵە لە گەڵ چەمکە مەعنەویەکانی تریشدا. لە گەڵ واژە و بێژەی دینیدا. دەپرسین ئەگەر بابەتێک واتای نەبێت ئیدی مرۆڤ چۆن بتوانێت مامەڵەی لە تەکدا بکات؟ راستیەکەی خۆی ئەوەی مانای نەبێت بابەتی مامەڵە لەگەڵ کردنە! چۆن؟ کاتێک ڤیتگنشتاین کە دەڵێت هەرچیەک کە نەتوانین دەربارەی بڵێین دەبێت دەربارەی بێدەنگ بین، وەک وتمان ئەوەی کە نەتوانین دەرباری بڵێین، جێیدەهێڵین بۆ ناوتن، بۆ سکوت، بە کۆتاییهاتنی کەوشەنی زمان ئیتر سکوت دەستپێدەکات، سکوت رێک جیهانی مامەڵەیە، زەمینەی ئەزموونکردنە. ئەو جێگەیە کە ئیتر مرۆڤ لە بەرامبەر بابەتە مەعنەویەکاندا دەرگیر دەبێت، لێرەدایە وتن بنەی دێت و مرۆڤ دەبێت جگەلە جیهانی زمان لە جیهانێکی تردا پەیدۆزی بکات. دەبێت بێجگەلە وێناکردن شتێکی تر بکات، ئەویش مامەڵە و ئەزموونە تێدا ژیانە. ئەمە ڤیتگنشتاین ناویدەنێت( شێوەکانی ژیان، فۆرمەکانی ژیان).

بەم شێوەیە ڤیتگنشتاین، باوەڕی وابوو کە ئێمە زمان بەکاردێنین بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەمان، بیرکردنەوەکانیشمان وێنەی راستەقینەی لۆژیکیانەی جیهانن بەو شێوەیەی کە؛ جیهان بریتییەلە گشت حەقیقەتەکان، ئەم حەقیقەتانەش باسی چۆنێتی پەیوەستبوونی شتەکان دەکەن لە چێکردنی دۆخێکدا. راستێتی بریتییە لەو دۆخەی کە سەرجەمی شیمانەکان پێکەوە دەیسازێنن.

ڤیتگنشتاین هەر لە تراکتاکۆسدا دەڵێت: " زۆرترینی ئەو رستەو پرسیارانەی کە دەربارەی فەلسەفە نووسراون هەڵە نین، بەڵکو بێواتان."(١١) گواستنەوەی ڤیتگنشتاین لە (هەڵەبوون و راستبوون)ەوە بەرەو بابەتی (بێواتایی) وەرچەرخانێکی گرنگ و پڕبایەخە، جێڕەوتی تەنگی هەڵە و راست-ی گۆڕی بە جیهانێکی زۆر بەرین و کراوە، کە بەڕاستی زۆرێک لە گوزارە دینیەکان دەکرێت بەهۆی چەمکی (بێواتا)وە دەرویەکی زۆر گەورەتریان لێکرابێتەوە، چونکە بۆ ئەو چەمکانەی کە لە دین و بابەتە مەعنەویەکاندا زۆر سەنتەری و بەرباسن،

وەک پێشتر بە نمونە وەرمان گرت، خودا، ئێمە چۆن توانا بین بەسەر باسکردنیدا کە بابەتی ناوباس نەبینراو و وێنا نەکراوە، لە چ رەهەندێکەوە باسی خودا بکەین؟ چونکە هەرچی بڵێین ئەو نیە. باسی خودا لای مرۆڤ لە زماندایە، کاتێک ئێمە دەڵێین زمان بریتییەلە وێنەکانی بیرکردنەوەمان، لەکاتێکدا هیچ وێنایەک بۆ خودا شک نابەین کەواتە هەرچی بڵێین دەربارەی وێنانەکراوێک دواوین، ئەمە لەبارێکدا دەڵێین وێنانەکراو باسناکرێت، کەواتە لێرەدا هەرچی وتنێکە دەربارەی خودا نەوتنە دەربارەی خودا! چونکە هیچ دەربارەی نەوتراوە، بەڵکو (هەوڵ)ە بۆ وەسفکردنی خودا. لێرەوە بەوە دەگەین کە سنوورەکانی ئەوەی دەکرێت بوترێت سنووری ئەوەیە کە دەکرێت لەبارەیەوە بدوێین. واتا سنووری زمانێکی واتادار سنووری جیهانە. دوو واژە دەبنە چەمک لای ڤیتگنشتاین ئەوانیش بریتین لە بێمانا و ناڕوون. هیچکام لەم دوانە بە ئاوایەکی توند و تۆکمە ئاماژە نین بۆ واقیعێکی ئەزموونی یان بەشێک بن لە رەهەندێکی تری سنوورەکانی زمان.

"پێدانی تایبەتمەندی هەڵە لە بەکارهێنانی زماندا، بەسەر گوزارە دینیەکانیشەوە رەنگی داوەتەوە".[١٢] هەروەها باوەڕی وایە کە زۆربەی چەمکە دینیەکان بە شێوەی لێکچواندن و خوازە بەکاربراون، بۆنمونە کە دەڵێین خودا کردگاری جیهانە، یان ئێمە لە سایەی خوداوە هەست بە پارێزراوی دەکەین. ئەوەی کە سەرەتا بە لێکچواندن دێتە ئاراوە، ئێستا وەک بێمانایەکی پوخت نمایان دەبێت.[١٣] هەموو ئەوەی کە بە بوونی حەقیقەتە بانسروشتیەکان دەناسرێن، لە تراکتاتۆسدا بە مانای وشە بە ناڕاست دادەنرێن.

ڤیتگنشتاین دان بەوەدا دەنێت کە بێمانایی گوزارە دینیەکان ئەو گەوهەرەن کە دەکەونە ئەودیو زمان و جیهانەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەر هەوڵێک لە پێناو نووسین و وتن دەربارەی دین،نەک دەربارەی تێگەیشتنمان بۆ دین، دژ دێتەوە لەگەل سنوورەکانی زماندا، جگەلە نومێدی هیچی تر نییە. سەرەڕای ئەمەش ئایین ناتوانێت زانست بێت، بەپێچەونەشەوە.

ڤیتگنشتاین دەڵێت کە سروتە دینیەکان ناکرێت روون بکرێنەوە، لەبەرئەوە بە راست و هەڵە دانانیان کارێکی ئەنجامبەخش نیە. دین کاتێک راست و هەڵە وەردەگرێت کە وەک زانست مامەڵەی لە گەڵدا بکەین. "هیچ رەمزێکی دینی واتایەکیان نیە، ئەوە تەنها واتاکانن کە راست یان هەڵە دەبن."[١٤] تەنانەت ئەگەر روونکردنەوەش بکرێت ئەوا هەموو روونکردنەوەکان هەر گریمانەن. سروتە دینیەکان تەنها دەکرێت وەک گوزارەیەک لە ژیانی مرۆڤدا باسبکرێن.

بەکورتی لای ڤیتگنشتاینی یەکەم ، ئایین و خوداناسی بابەتگەلێکی نازانستی و بێمانان. بێمانا بەو واتایەی کە هی وتن نین، بەڵکو بابەتی دەرکەوتنن، زمانی دینی زمانی وتن نییە، هەروەها حەقیقەتی دەرەکی نییە، بەڵکو دەکەوێتە ئەودیو سنوورەکانی زمانەوە. خودا خۆی دەرناخات لە جیهاندا. لەبەرئەوەی کە دین هیچ حەقیقەتێکی دەرەکی لە پشتەوە نییە، ئیتر دین نازانستییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەرچی دین خۆی دەردەخات و ئاشکرا دەکات، بەڵام هەر ناکرێت دەبارەی بوترێت. بۆیە لەم رووەوە دەکرێت پێگەی ڤیتگنشتاینی یەکەم لەم

رستەیەدا کورت بکەینەوە کە ئایین نازانستی و قسەهەڵنەگرە، بەڵکو هی ئەوەیە کە دەربکەوێت، جیلوە بکات. سەرباری ئەوەش کە ئەو بێمانایی بە گەوهەری دین دەزانێت، هاوکات ئارەزووی وتن دەربارەی مانای ژیان دەبێت ڕێزلیگیراو بێت.

دروست لە ئاخاوتنێکیدا ڤیتگنشتاین لە گەڵ (بازنەی ڤییەننا)دا، ساڵی ١٩٣١ دەڵێت کە تراکتاتۆس کتێبی دۆگما(عەقیدە)یە. ئەمەش بەڕاستی ئاماژەیە وەک یەکەم جووڵەی ئەو رووەو کاری دواتری. ئەو جگەلەوەی بەراوردی ئایین و زانستی دەکرد، هاوکات ئیشی دەکرد لەسەر سروتە دینیەکان. ئەمەش زەمینەی وەبارهاتنی کتێبی(توێژینەوە فەلسەفیەکان) بوو.[١٥]

زمان و ئایین لای ڤیتگنشتاین-ی دووەم:

نووسینێک کە ژێدەر بێت و ئایین کرابێتە بابەت تێیدا، بریتییەلە (وانەکانی ڤیتگنشتاین دەربارەی باوەڕی دینی)، کە باوەڕ وایە روونتر وێک دێنەوە لەتەک فەلسەفاندنی ڤیتگنشتاینی دووەم. دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک پرسی دینی و وەڵامی شیمانەیی پێشکەش دەکات لەوانەی یەکەمدا، پرسیارێک دەکات بەوەی ئێمە چۆن بزانین کە باوەڕدارێک باوەڕی بە چەندین شت هەیە، بۆنموونە بە رۆژی دوایی. ڤیتگنشتاین دەڵێت: " پرسیارکردن لێی بەس نییە، لەوانەیە بڵێت کە هیچ بەڵگەیەکم نییە. بەڵام پێدەچێت ئەوەی هەبێت کە تۆ پێیدەڵێیت باوەڕێکی نەلەرزیو. ئەم ئیمانە دەردەکەوێت، بەڵام نەک لەڕێی بەڵگاندن و زمانێکی سادەوە، بەڵکو سەراپای ژیانی ئەو کەسە ڕێکدەخات."[١٦] بەڵێ ئیمان بابەتی وتن نیە، بەڵکو دەردەکەوێت، ئەوەی باوەڕ لە مرۆڤی باوەڕداردا

بەرپایەدەکات ناوترێت، بەڵکو لە ژیانی کەسەکەدا دیارە، پێویست بە ئاماژە ناکات، ئیمان لەودا دەبێتە ژیان، دەبێتە فۆرمێک لە ژیان. هەمووژیانی دەبێتە ئەوەی کە پێیدەوترێت باوەڕ، یان باوەڕی دینی. باوەڕ رەنگدانەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە دەبێتە بەرچاوڕوونی لە ژیانی کەسی باوڕداردا. لەوانەیە لەپێناویدا دەست لە کۆمەڵێک شت هەڵبگرین یان تەنانەت ژیانمان بخەینە مەترسییەوە بۆی. ڤیتگنشتاین دەڵێت کە ئەم جۆرە باوەڕە بەرمەبنای بەڵگەی زانستی نییە، هەروەها رەتیش ناکرێتەوە بە بەڵگەی دژوازی خۆی. لەم زەمینەیەدا باوەڕی دینی عەقیدە و ئیمانە زیاتر لەوەی بۆچوون بێت." ئێمە لێرەدا دەربارەی گریمانە و شیمانە و زانین نادوێین" " لە گوتاری دینیدا ئێمە دەبڕینەکان جیاواز بەکاردێنین وەک لەوەی لە زانستدا بەکاریان دێنین."[١٧] دین نابێت لە پرسی زانستدا کورتی بکەینەوە. نەک لەبەرئەوەی نامەعقولە، بەڵکو لەبەرئەوەی مەعقولێکی روون نییە. تەنانەت دین بانگەشەی لەم جۆرەی بۆ خۆی نییە. ئەگەرچی بۆی هەیە هەردووکیان هەوڵبدەن هەمان شت روون بکەنەوە، بەڵام دین و زانست پێوەریان بۆ مانا جیاوازە."[١٨]

"هەندێک جوڵە پێدەچێت لە یارییەکی دیاریکرودا هەڵەیەکی قبوڵنەکراوبێت، بەڵام هەمان جوڵە بۆ یارییەکی تر مەرج نییە وابێت."[١٩] بەشێوەیەکی سەیر ڤیتگنشتاین بابەتی یاری دەگشتێنێت و دەیکاتە پاشخانی بەڵگاندنی زۆرێک لە کارەکانی لە بارەی ئایین و زمانەوە. ئەمەش لە ڤیتگنشتاینی دووەمدا و لە (توێژینەوە فەلسەفیەکان)دا دەردەکەوێت.

ڤیتگنشتاین دەڵێت ئەگەرچی خودا پیشان نەدراوە، بەڵام وشەی خودا یەکێکە لە پێدراوە هەرە سەرەتاییەکانی دەزگای فێربوون و وەرگرتنی ئێمە. بۆنمونە خودا وێنایەکی هەیە لای کەسی باوەڕدار، بەڵام کێ دەڵێت خودا بەو جۆرەیە کە لە وێناکردنەکەی ئەم کەسەدا هەیە. ڤیتگنشتاین ئارگیۆمێنت دەدات کە ئیمان بەم واتایە بانسروشتییە، بۆیە ناکرێت بۆ راستاندن بخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە. وێنەی خودا یان هەر وێنەیەکی دیکەی نێو کتێبە پیرۆزەکان ناکرێت بەراوردیان بکەین بە وێنەکانی ژیانی واقیعی ئەم جیهانەی خۆمان. بۆیە دەڵێین لە هەوڵدانمان لەم بوارەدا هیچ بەڵگەیەک بەردەست نیە. تەنانەت ئێمە رەوشی چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم وێنانەش نازانین. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە تەنها دەتوانین گوزارشت لە دۆخی خۆمان بکەین لەڕێگەی ئەم وێنە نەسەلمێندراوانەوە. هەروەها ئەوەش دەڵێت کە هەبوونی جۆرە باوەڕێکی دینی یان جۆرە دینداررییەک واتا هەبوونی وێنەیەک یان وێناکردنێکی دیاریکراو. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا دژوارە بزانین ئەم وێنانە چی دەگەیەنن و چی بەدەست دێت لێیان.

"لە یەکەم ئاماژەیدا بۆ دین، پەرستن وەک گەمەی زمان دەخاتە روو. لە تراکتاتۆسدا گەنگەشەی مانای زمان دەکات، بەڵام لێرەدا لە(لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)دا جەخت لە زمان دەکاتەوە وەک پرۆسە، وەک کردەییبوون. " زمان و ئەو هەموو چالاکی و تێکچڕژاوەی ناوی، ناودەنێم گەمەی زمان[20] ڤیتگنشتاین باس لە ژمارەیەکی زۆر لە گەمەکانی زمان دەکات، وەک؛ رێگەی بەکارهێنانی وشە و رستەکان،

**وشەکان تەنها لە زەمینە و چوارچێوەی دەقدا دەتوانن واتا ببەخشنە مرۆڤەکان .**

دەربڕینی نێو پەرستنەکان، جنێو، فەرمانکردن و پەسندانی شتێک ...هتد. لەو پرسینەدا کە چی گەوهەری ئەم هەموو یاریەی زمانە؟ دەڵێت؛ ئەمانە لە زۆر رێگەی جیاوازەوە دەگەڕێنەوە سەر یەکتر، بۆیە ناویاندەنێین پەیوەندی خزمایەتی[21] ئەگەرچی دژوارە پێناسەی پەیوەندی و لێکچوونەکانی یارییەکانی زمان بکەین، بەڵام بەڕێگەی چاودێری و لەبەریەکنان دەکرێت ئەو پەیوەندی و لێکچوونانە بدۆزینەوە. لەئەنجامی ئەم بەراوردکاری و تێبینیە وردانەوە، سەرەنجام خۆمان لەبەردەم تۆڕێکی ئاڵۆزی تێکڕژاوی یەکتربڕی لێکچووەکاندا دەبینینەوە کە دەکرێت بە (لیکچووی خێزانی) ناوی ببەین. هەر لە بنەڕەتەوە گەمەکانی زمان بۆ خۆیان خێزانێکی خوازەیی پیکدەهێنن. وەک لە کتێبەکەیدا روونی دەکاتەوە کە هەردووکیان، زمان و یاری رێسایان هەیە، ئیتر رێساکان بنەمایی یان رێکخستەیی[22] بن بابەت و تەکنیکی فێربوون و وەرگرتنن. لەبەرئەمەیە کە دەتوانین گەمەکانی زمان بە ناونیشانی پرۆسە و داب و نەریت ناوبهێنین. ڤیتگنشاین دەڵێت" تێگەیشتنی زمانێک دەسەڵاتە

**ئیمان بابەتی وتن نیە، بەڵکو دەردەکەوێت، ئیمانداری پێویست بە ئاماژە ناکات، بەڵکو ژیانی باوەڕدارە.**

بەسەر تەکنیکەکانیدا"[٢٣] وێڕای ئەمەش جەخت دەکاتەوە کە " زمان بۆخۆی چالاکییە یان بە جۆرێک فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ژیان"[٢٤] چالاکی ئاخاوتن لە زمانێکدا بیناکراو و تێکهاڵاوە لەگەڵ فۆرمێکی دیاریکراو لە ژیان. لەم روانگەیەوە ڤیتگنشتاین بەڕاشکاوی دەڵێت کە چالاکی زمانەوانی ئێمە بەشێکە لە سروشت و کلتوور و مێژووی چڤاتیمان.

ئەم گەنگەشەیەی سەرەوە دەربارەی گەمەکانی زمان چ ئاماژەیەک دەکات بۆ مانای زمان؟ ڤیتگنشتاین لە کۆڕستێکی بەناوبانگدا ئارگیۆمێنت دەدات کە لە بەر زۆر هۆ مانا بەم جۆرە روونەدکرێتەوە: " مانای وشەیەک بریتییەلە بەکارهێنانی لە زماندا، مانای ناویش هەندێکجار بە ئاماژەدان بۆ هەڵگرەکەی روونەدکرێتەوە."[٢٥] کاتێک کەسێک دەکۆشێت مانای وشەیەک دەستبخات، بەکارهێنانەکەی لەزماندا کە نیشتمانی وشەکەیە، دەبێت بە ئامانج بگیرێت. وشەکان دەبێت لە بەکارهێنانی مێتافیزکییەوە بگێڕینەوە بۆ بەکارهێنانی ژیانی رۆژانە. بۆیە زۆر دەوترێت کە ئەمەیە ئەو بابەتەی کە فەلسەفەی نوێی ڤیتگنشتاین لەسەری وەستاوە،" بیرمەکەوە، بەڵکو بڕوانە."[٢٦] مانا بە راڤە و روونکردنەوە بەدیارناخرێت، بەڵکو بە چالاکی. ئەمە دەمانبات بۆ ئەو باوەڕەی کە هەڵە و راستبوونی مانا بەرمەبنای هاوڕایی نییە، بەڵکو شێوەیەکی ژیانە و لێی جودا نابێتەوە. " پەیوەندی لەڕێگەی زمانەوە تەنها رێکەوتێک نیە لە پێناسەدا، بەڵکو پەیکاڵبوونیشە لە حوکمدا."[٢٧] لێرەدا پەی بەو رێزمانەی زمان دەبەین کە بریتییەلە بەکارهێنانی چەمکی (دروست) بۆ وشە و دەربڕینەکانمان لە زمانی رۆژانەدا. خۆشبەختانە ڤیتگنشتاین "لاهوت وەک رێزمان"[٢٨] لە زۆر جێدا بەکار دێنێت. ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ناسینەوەی چەمکە دینیەکان لە دیدی ئەوەوە.

ئێستا جۆرێکی تر روانین هەیە بۆ دۆخی دین لە (توێژینەوە فەلسەفیەکان)دا. بە جۆرە روانینێک دەگەین کە پێماندەڵێت ئایین و چالاکییە زمانیەکانی وەک پەرستن، ئاواز، ئامۆژگاریکردن و.. هتد، دەخرێنە میانەی (گەمەکانی زمان)ەوە، یان فۆرمێکن لە ژیان. ئەمە بۆ لاهوتیش راستە کە قسەیە دەربارەی خودا. ئایین پەیرەوکردنێکی تایبەت یان جۆرە بەکاربردنێکی زمانە، ئەویش بە دەستەواژە و بێژە و تایبەتمەندی و تەکنیکی خۆیەوە. ئەگەرچی ئایین گەمەی زمانە، بەڵام دەکرێت باسبکرێت، بەراوردبکرێت بە ئەوانی دی، هەروەها ئەوەش شیمانەیەکی کراوەیە کە هەرکەسێک خوازیار

بێت دەكرێت سروتە دینییەكان فێرببێت و كردەیان پێبكات. لە هزری ڤیتگنشتایندا واتای وشەكان دەكاتە بەكارهێنانیان لە زماندا، بۆیەش زمانی دینی واتای خۆی هەیە. حەقیقەت و درۆبوون هەڵناگرن، بەڵكو زمانی دینی وابەستە و وەستاوە لەسەر زەمینە و هاوڕابوون. ڤیتگنشتاین بەدروستی ئیلاهیات بە ناونیشانی یەك ڕێزمان دەناسێنێت كە ئەم ڕێزمانە پێناسەی چییەتی چەمكە دینیەكان دەكات.

ڕووگەی ڤیتگنشتاینی دووەم لە هەمبەر دین دەكرێت كورت بكەینەوە لە دوو بابەتدا؛

یەكەم: دین وەك مومارەسە.

دووەم: گەمەی زمان.

ئەگەرچی ئایین بەرمەبنای بەڵگەی زانستی نیە، بەڵام گوتاری دینی بە پێوەری خۆیەوە بۆ مانا لە ئارادایە. ئایین، دیناسی و باسی خودا لە فۆرمەكانی ژیان و گەمەكانی زمانن، باوەڕداران بەهۆی وێنە دینیەكان(نەسەلمێندراوەكان) ەوە خۆیان رادەگەیەنن. ئەمەش پێماندەڵێت كە مانای واژە دینیەكان لەنێو زمانی دینی-دا یە. بەم شێوەیە دەڵێین راستی و ناڕاستی لێرەدا لەسەر پێوەری دەرەكی زانستی بینا نەكراون، بەڵكو ڕێكەوتنی میانی باوەڕداران جێگەی ئەو پێوەرە دەرەكیە زانستیە دەگرێتەوە.

هەرچەندە دەوترێت "باشترین پێشەكی بۆ فەلسەفەی ڤیتگنشتاین، ڤیتگنشتاینە"(٢٩) سەرباری هەموو بۆچوونەكانی، بەڵام لێرەدا دەكۆشین لە دوو خاڵدا باسەكە چڕ بكەینەوە؛

یەكەم: لە خوێندنەوەیكی بەراییدا، دەبینین هزرینە دینیەكانی ڤیتگنشتاین دەچنە خانەی (فیدایزم)ەوە.(٣٠) واتە كەسێكی (ئیمانگەرا) یە، ئەمەش هەمیشە دەبرێتەوەسەر پاسكاڵ، كیركەگارد، ولیەم جەیمز، پرسیارەكەی (تێرتیلیانوس) سەرچاوەی ئەم بابەتەیە؛ " بەڕاست ئەسینا و قودس چ كاركرد و پەیوەندییەكیان هەیە؟" ئاشكرا بپرسین پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئیمان چییە؟ دەڵێین كە (حەقیقەتە دینیەكان) تەنها بە ئیمان دادەمەزرێن نەك بە ئەقڵ، بۆیە ئەقڵ و ئیمان یان لێكجودا و سەربەخۆن یان ركابەری یەكترن. بە كورتی بڵێین حەقیقەتە دینیەكان (پێشئەقڵی) یان (بانئەقڵی)ین. ئیمانگەرایی ڤیتگنشتاین دەكرێت لە چەند خاڵێكدا تایبەت بكرێت؛

١- لۆژیكانە دین دادەبڕێت لە كایە مەعریفی و زانستی لۆژیكییەكان.

٢-گوتاری دینی لە بنەماوە دارای مەرجەعیەتێكی خۆسەریە، ليناگەڕێت وێنەكانی تێكەڵی وێنەكانی ژیانی واقیعی بكەین.

٣-باوەڕە دینیەكان تەنها باوەڕداران لێیان تێدەگەن.

٤-دین رەخنە ناكرێت.

ئەگەرچی جێگومانە كە ئایا ڤیتگنشتاین خۆی پەیوەست بووە بەو تەرحانەی خۆیەوە یان نا، بەڵام لانی كەمی هەندێك لە هاوبیرانی پەیرەوكاری ئەو چەند خاڵەن. هەرچۆن بێت، جیاوازی زۆر روونی ڤیتگنشتاین و ئیمانگەراكانی تری وەك پاسكاڵ و كیركەگارد، ئەوەیە كە ڤیتگنشتاین بەڵێ ئیمانگەرایە، بەڵام مەسیحییەكی بەرگریكار نیە.

دووەم: ڤیتگنشتاین وەك دیندارێكی دژەواقیعگەرا یان وەك ڕێژەگەرا لەقەڵەم دەدرێت.

(٣١) لە بەرامبەر واقیعگەراکان، دژەواقیعگەراکان باوەڕیان بە کەتوارێک نیە سەربەخۆ و دابڕاو بێت لە وێناکردن و جیهانبینی ئێمە. دژە واقیعگەراکان باوەڕیان بە حەقیقەت نیە، بەو واتایەی حەقیقەت و بوون هیچ پەیوەندیان بە تێگەیشتنی ئێمەوە نیە بۆ واقیع. بۆ نمونە خودا وەک بوونی هەبوویەک لە واقیعدا بەرهەست نیە، دەکەوێتە پشت ئەزموونەوە، بۆیە مانا نابەخشێت. لەمەوە دەکرێت بڵێین کە یەکێک لە زادەکانی ئەم دژەریالیزمە ئیلحاد بێت. ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت وێناکردنی ئێمە بۆ واقیع وابەستەی توانا مرۆییەکانی وەک زمانە، بەڕوونی سازگارە لەگەڵ هزری ڤیتگنشتایندا لە بابەتی گەمەکانی زمان و فۆرمەکانی ژیان. ئایین بابەتی مەعریفەیەکی زانستی و بەڵگەدار نیە، بەڵکو هەوڵە بۆ ئاخاوتن دەربارەی خودا، ئەویش کە خۆی لە جیهانی واقیعدا نیشان نادات. ئاشکرا بڵێین ئەوەی کە لێرەدا شایانی گەنگەشەیە، ئەوەیە کە بپرسین ئایین چ مانایەک دەبەخشێت بە ژیانی کردەیی مرۆڤ. لەبەرئەوەی کە گوتاری دینی ئامێتەی زمانی دینیە، بە نێو یەکتریدا رژاون، هەروەها هیچ شیمانەی حەقیقەتێکی دەرەکی و دەرەوەدینی نیە کە لەپشت ئایین یان باوەڕی دینیەوە وەستا بێت، هاوکارمان بێت رەخنەی دین یان پشتگیری دین بکەین. ئایین بابەتی (وتن) و (ناوتن)ە نەک هەڵەبوون و راستبوون. بۆیە ئیتر لەژێر تیشکی ئەم بۆچوونەدا رێژەگەرایی دینی و گومانگەرایی دینی باسێکیان بۆ نامێنێتەوە! ئایینێکی دیاریکراو ناکرێت سەربەخۆیانە و بابەتیانە گەردونی و سەرانسەرگیر ببێتەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زمانی هەر دینێک پێویستی بە مومارەسەیە، بە ئەزموون نەک بە لۆژیک و زانست. مانای (جیهانی دینی) تەنهاوتەنها لە ناو بەکارهێنانی زمانی دینیدایە. داوەریکردن و حوکمدان بەسەر پێدراوە دینیەکاندا بابەتی ناوەدینین، واتا پشتبەستوو نین بە بنەمای مەعریفی.

**پەراوێز و ژێدەر:**

1- Ludwig Josef Johann Wittgenstein (1889 –1951).

2- Slavkovsky, Reginald Adrian. And Kutas, Michal. Introduction of the Philosophy of Language 2013.

3- problem or pseudo-problem
لە بەرامبەر ئەم دوو زاراوەیە :

4- Friedrich Ludwig Gottlob Frege (1848 –1925).
Bertrand Arthur William Russell (1872 –1970).
George Edward Moore (1873-1958).

5. پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی: هەروەها بە ( ئەزمونگەرای لۆژیکی و نوێپۆزەتیڤیزم) یش ناسراوە. قوتابخانەیەکی فەلسەفیە، لە ١٩٢٠-ەکاندا لە نەمسا و ئەڵمانیا سەری هەڵداوە. کاری هەرەلەپێشی ئەم تەرزە فەلسەفیە شیکاری لۆژیکییە بۆ مەعریفەی زانستی. لۆژیکیە پۆزەتیڤیستەکان نکوڵییان دەکرد لە راستی و پتەوی فەلسەفە و مێتافیزیکی

دێرین، هەروەها رایانگەیاند کە زۆرێک لە کێشە فەلسەفیەکان لە واقیعدا بێمانان. لای ئەمان تەنها دوو سەرچاوەی مەعریفە بوونی هەیە؛ بەڵگاندنی لۆژیکی و ئەزمونگەرایی.

بازنەی ڤییەننا: گروپێک لە فەیلەسوفان بوون، کە لەدەوری (مۆرتیز شلیک) کۆبووبوونەوە. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٢٢ دێتە ڤییەننا، ئەمانە ئەنجومونێکی فەلسەفیان سازدا بە ناوی (ئەنجومانی ئیرنیست ماخ).

6. Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.95, (5:6).

7. Intelligibility لە بەرامبەر: Unintelligibility

8. Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.116, (7).

9: Tractatus Logico-Philosophicus.

ئەمە ناونیشانی یەکەم کتێبی ڤیتگنشتاینە، هەروەها تا کاتێکیش لەژیاندا بووە، هەر ئەم کتێبەی چاپکراوە، دواتر ئەوانەی تری چاپکراون. تراکتاکۆس لۆژیکۆ-فیلۆسۆفیکۆس، بەمانای (تێزی لۆژیکی فەلسەفی)، ئەم ناونیشانە لاتینییە لەلایەن (جۆرج ئیدوار مۆر)ەوە هەڵبژێردراوە. ئەمەش لەسەر رەوتی ناوی کتێبەکەی (سپینۆزا)یە، بە ناونیشانی (تراکتکۆس تیۆلۆژیکۆ-پولیتیکۆس).

قورئانی پیرۆز سورەتی شورا، ئایەتی؛١٠١١

11. Ludwig Wittgenstein, Tractatus Logico-Philosophicus, (5:6) Translated by D. F. Pears and B. F. McGuinness, With an introduction by Bertrand Russell, Routledge, London, 2001. P.49, (4:003).

12. Wittgenstein. (1965) 'A lecture on ethics', The Philosophical Review 71(1), 9.

13. 'Lecture on ethics', 10.

14. Wittgenstein, Remarks on Frazer's Golden Bough, The Brynmill Press, 3.

15. بەکوردی (توێژینەوە فەلسەفیەکان یان لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)؛ دووەم کتێبی ڤیتگنشتاین-ە،دووساڵ پاش مەرگی خۆی چاپکراوە، ساڵی١٩٥٣، تێیدا ڤیتگنشتاین گەنگەشەی زۆر گرێ و گرفتی کردووە لە کایەکانی؛ واتاناسی، لۆژیک، فەلسەفەی ماتماتیک، فەلسەفەی دەروونناسی، فەلسەفەی کار و فەلسەفەی زەین. لێرەدا ڤیتگنشتاین دیدگای خۆی رادەگەیەنێت کە بناژۆی زۆرترینی کێشە فەلسەفیەکان زەمینە و راجیایی و هەڵە بەکارهێنای چەمکەکانی زمانە. ئەو لەم کارەیدا وا ئارگیۆمێندەدات کە بخوازێت کارەکەی پێشووی واتا( تێزی لۆژیکی فەلسەفی ) تێپەڕێنێت.

Lectures' ,(1972) 16Wittgenstein.
on religious belief', in Lectures
& Conversations on Aesthetics,
Psychology and Religious Belief ,
.54-53 ,University of California Press

.57 ,'Lectures on religious belief'17.

.58 ,'Lectures on religious belief'18..

.59 ,'Lectures on religious belief'19.

2 0 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S7

2 1 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S66

22regulative and constitutive.
لەبەرامبەر هەردوو زاراوەی:

2 3 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S199

2 4 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S23

2 5 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S43

2 6 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S67

2 7 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S242

2 8 W i t t g e n s t e i n .
Philosophical Investigations,,(2001)
.Blackwell Publishing, S374

,(1997) 29J. Hyman.
Wittgensteinianism', in P.L.'
Quinn & C. Taliaferro (eds.), A
Companion to Philosophy of
.150 ,Religion, Blackwell Publishers

Wittgensteinian' ,(1967) 30K. Nielsen.
fideism', The Journal of the Royal
,(161)Institute of Philosophy XLII
On' ,(1968) W.D. Hudson ,209-191
two points against Wittgensteinian
,273-269 ,43 fideism', Philosophy
Wittgensteinian' ,(1969) ,K. Nielsen
fideism again: A reply to Hudson',
Hudson, ,65-63 ,44 Philosophy
Wittgensteinian Fideism and Phillips
?& Nielsen, Wittgensteinian Fideism

Theological' ,(1997) 31R. Trigg.
realism and antirealism', in Quinn &
Taliaferro, Companion to Philosophy
,(1983) and R. Trigg 222-213 ,of Religion
Religion and the threat of relativism','
310-297 ,19 Religious Studies



سەیدحوسەین نەسر

# هونەری پیرۆز

## "هونەری ئیسلامی لە سەردەمی هاوچەرخ و گرنگیەکەی لە رووی رۆحیەوە"

و.گۆران عەبدوڵلا

گومانی تێدا نیە، یەکێک لەو بوار و کایانەی کە لە ئێستادا و لە دونیای شارستانیەتی ئیسلامیدا پەشۆکاوی و داگیرکراوی پێوە دیارە بریتیە لە "هونەر و بیناسازی ئیسلامی". دیارە ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "مۆدێرنە" چونکە مۆدێرنە، هەروەک چۆن کاریگەری کردۆتە سەر زۆرترین بوار و کایەکانی دونیای هاوچەرخ، بەهەمان شێوەش کاریگەری کردۆتە سەر هونەر و بیناسازی ئیسلامی.

بەپێچەوانەی جیهانی پێش مۆدێرنەوە، موسڵمانان لە سەردەمی نوێدا هەر لە شار و شارۆچکەکانیانەوە بیگرە تا دەگاتە ئەو جلوبەرگەی دەیپۆشن یاخود ئەو دەنگ و مۆسیقایەی گوێی لێدەگرن یانیش ئەو خانووانەی تێیدا دەژین، هەمووی بەجۆرێک لە جۆرەکان لە رۆژئاوای هاوچەرخەوە وەرگیراون یاخود کاریگەری هونەری مۆدێرنەی رۆژئاواییەکانی بەسەرەوەیە. ئەو هاوردە بیانیەش (هونەر و بیناسازی رۆژئاوا) بۆ ناو شارستانیەتی ئیسلامی بووەتە بناغەیەکیش بۆ تێگەشتن لە مرۆڤ و بەرهەمە هونەریەکانی کە ئەمەش پێچەوانە دێتەوە لەگەڵ چەمکی "مرۆڤ" یاخود "مرۆڤ کێیە؟" لە ئیسلامدا،

هەروەها پێچەوانەش دێتەوە لەگەڵ ئەو مانا و مەبەستانەی هونەر و بیناسازی کە لە لایەن مرۆڤەکانی شارستانیەتی ئیسلامیەوە دروستکراون و بەرهەم هاتوون. بەدرێژایی ئەم نووسینەش هەوڵدەدرێت ئەم بابەتە گرنگانە بخرێنەڕوو بۆ خوێنەر چونکە لەم سەردەمەدا زۆر گرنگە بەتەواوەتی بگەڕێینەوە بۆ ڕێسا و بنەماکانی هونەری ئیسلامی یان ئەوەی کە هەندێک پێی دەڵێن "فەلسەفەی هونەری ئیسلامی".

کاتێک کە موسڵمانان لەجیهانێکدا بژین کە لە لایەن گیان (ڕۆح)وە دیاریکرا بێت، واتە ڕۆح نەفەس بدات و گرنگیەکەشی زانرا بێت بەجۆرێک باڵی بەسەر ئەو جیهانەدا کێشا بێت و هەروەها مامۆستایان و وانەبێژان، وانەی "ئیسلامی ترادیشنەڵ" لەو جیهانەدا بڵێنەوە، ئەوا چیتر پێویستمان بە کۆکردنەوەی زانیاری و نووسین نابێت لە سەر فەلسەفەی هونەری ئیسلامی چونکە ئەو کات جیهان دەبێتە هونەر و هونەریش نمایشی جیهانی بوونی خۆی دەکات. دانایی (حیکمە) ڕێساکانی ئەم هونەرەی بۆ دەستنیشان کردوین و ئەو تەکتیک و ڕێگە و شێوازانەشی کە پێویست بوون بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی هونەر و بیناسازی ئیسلامی بە شێوەی زارەکی لە مامۆستاکانەوە بۆ قوتابیەکان گوازراونەتەوە، ئەگەر لە حاڵەتێکیشدا، نووسراوێک لەسەر ئەم بابەتانە "هونەر و بیناسازی ئیسلامی" هەبوو بێت ئەوا بە نهێنی لە نێوان قوتابی و مامۆستاکاندا ماونەتەوە و بەهیچ جۆرێک بڵاو نەکراونەتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە هیچکام لە بەشەکانی هونەری ئیسلامی بە (بەش بەش و جیا جیا) نەمان بن و بڵاویش نەکرا بێتنەوە وەک ئەوەی کە لە لای ئیبن سینا و مەلا سەدرا هەیە.

ئەو زانا و توێژەرانەش کە بە جیا لەسەر یەکێک لە بابەتەکانی هونەر بۆ نموونە "زانستی وێنە و شێوەکاری، بیردۆزی جوانی، بابەتە سەرەکیەکانی فەلسەفەی هونەری ئیسلامی و... هتد،" نووسیویانە و کۆڵیویانەتەوە، ئەوە دواجار ئەو بابەتانەیان لە دەقێکی زۆر گشتگیرەوە دەرهێناوە. بۆ نموونە پسپۆڕێکی بواری وێنە هەڵدەستێت بە گەڕان و پشکنینی نێو هەزاران بەیتی مەسنەوی "مەولانای ڕۆمی"دا بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو وێنە شیعریانەی کە لای مەولانا هەن بیاندۆزێتەوە و کەشفیان بکات، بەڵام دیارە ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە ئەو پسپۆڕەی بواری وێنەی شیعری توانی بێتی هەموو مەسنەوی کەشف بکات چونکە تەنها ئیشی لەسەر لایەنێکی مەسنەوی کردووە کە بریتیە لە وێنەی شیعری.

لەجیهانی ئیسلامیدا، سەدەی نۆزدە و دواتر دادەنرێت بە ڕۆژەکانی ڕاماڵین و کاڵبوونەوەی هونەر و بیناسازی ئیسلامی، بێگومان ئەمەش لەسەر دەستی هونەر و بیناسازی ڕۆژئاوا ڕوویداوە. واتە هونەری ڕۆژئاواییەکان لە سەدەی نۆزدەوە وردە وردە کاریگەری خۆی لە سەر هونەری ئیسلامی داناوە بەجۆرێک لە زۆرێک لە ناوچەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا گەشتۆتە ئاستی ڕاماڵین و لەناوچوون. هەروەها جیاوازیەکی وشک و بێ ڕۆحیشی دروستکردووە لە نێوان هونەری ئیسلامی، بیناسازی ئیسلامی، دارشتنەوەی شاری ئیسلامی لەگەڵ مۆدێرنەدا، چارەسەرکردنی ئەم جیاوازیەش پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاری ورد هەیە لەسەر هونەری ڕەسەنی ئیسلامی

تاکو بتوانرێت هونەرێک بێتەکایەوە جیاواز بێت لە هونەری رۆژئاوایی، و بیناسازیەک دروست بکرێت جیاواز لە بیناسازی رۆژئاواییەکان، هەروەها پلانی شاریش بەجۆرێک دابڕێژرێت لە داڕشتنی شارەکانی رۆژئاوا جیاواز بێت. ئەمەش بێگومان پێویستی بە زمانێکی سەردەمیانە و تێگەشتنێکی لە ئیسلامی ترادیشنەڵی تەواو هەیە. ئێستاش دەمەوێت باسی هونەری ئیسلامی بکەم و گرنگیەکەشی لە رووی رۆحیەوە بۆ موسڵمانانی سەردەمی نوێ روون بکەمەوە.

کاتێک لە وڵاتانی رۆژئاوادا گفتوگۆ لەسەر بابەتێکی وەک هونەری ئیسلامی دەکرێت، پێویستە پێش هەموو شتێک ئەوە بزانرێت و روونیش بکرێتەوە کە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا شتێک هەیە پێی دەوترێت "هونەر" ئەو هونەرەش هونەری ئیسلامیە، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی موسڵمانەکان هەستاون بەدروستکردن و بەرهەمهێنانی ئەو هونەرە بەڵکو لەبەر ئەوەی رێسا و بنەماکانی هونەری ئیسلامی دامەزراون و وەرگیراون لە سروشەوە (وەحی) کە ئەمەش بە یەکێک لە گرنگترین دەرختەکانی رۆح هەروەها فۆرمی وەحی ئیسلامی کە کلیلە بۆ تێگەشتن لەم شارستانیە دادەنرێت.

لە ئەوروپا، کاتێک کە مێژووی هونەر لەسەدەی نۆزدەدا وەک کایەیەکی ئەکادیمی دەرکەوت و دەستییێکرد، هەندێک لە شارەزایان سەرنج و کایەی ئیشکردنی خۆیان خستە سەر هونەری ئیسلامی و لەو گۆڕەپانە نوێیە زانستیەدا دەستیانکرد بە نووسین و لێکۆڵینەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە، نووسین و بڵاوکراوەکانیان وەک ئەو هونەرە ئیسلامیە نەبوو کە دەبوایە

## لەجیهانی ئیسلامیدا، سەدەی نۆزدە و دواتر دادەنرێت بە رۆژەکانی راماڵین و کاڵبوونەوەی هونەر و بیناسازی ئیسلامی

ببوایە چونکە بناغەی کارکردنی ئەوان لەسەر هونەر و بیناسازی ئیسلامی، بەتەنها داڕێژراو بوو لەچەند روویەکی دیاریکراوەوە لەوانە (مێژوویی، رەگەزی، جوگرافی، ناوچەیی و کلتوری)، دیوە رۆحیەکەش کە بەشە گەورەکەی هونەری ئیسلامی بوو فەرامۆشکرا بوو. ئەو بابەتانەش کە بڵاوکراونەتەوە لە سەر بۆ نموونە هونەری (ئێرانی، میسری، تورکی و هیندی) هەموویان خستنەڕووی چەند نموونەیەکی هونەری بوون لە رووی ناوچەییەوە کە جوگرافیای ناوچەکان تێیدا سەنتەربوون نەک پەیوەندار بن بە فەلسەفەی هونەری ئیسلامیەوە کە رۆح تێیدا سەنتەرە.

تەنانەت زۆرترین مۆزەخانە رۆژئاواییەکان هەر لە مۆزەخانەی لۆڤەرەوە بۆ مۆزەخانەی ڤیکتۆریا و ئەلبێرت و مۆزەخانەکانی پایتەختی وڵاتانی رۆژئاوا، گەلەری و بەشی تایبەتیان تەرخانکرد بۆ هونەری فارسی و عوسمانی و هیندی و...هتد، بەڵام نەیانتوانی بەشێکی جیاواز و تایبەت بۆ هونەری ئیسلامی تەرخان بکەن. ئەم مۆدێلەش کاریگەری خۆی دانا لەسەر مۆزەخانەکانی وڵاتانی ئیسلامی، واتە

**هونەری ئیسلامی ئەوە نیە موسڵمان بەرهەمی هێنابێت بەڵکو ئەوەیە ڕێسا و بنەماکانی وەرگیراون لە سروشەوە**

موسڵمانەکانیش لە وڵاتانی خۆیاندا هەستان بە بونیادنان و دروستکردنی مۆزەخانەکانیان لەسەر شێوازی مۆزەخانەی ڕۆژئاواییەکان نەک ئەوەی خۆیان بتوانن بیناسازی و بناغەی مۆزەخانەکانیان لەسەر شێوازی خۆیان دروستبکەن و فۆرمێکی تایبەت لە مۆزەخانە بۆ خۆیان بونیاد بنێن بەجۆرێک کە نمایشکردنی هونەری ئیسلامی پێگەی تایبەتی لە مۆزەخانەکانیاندا هەبێت. لەپێش دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیشدا، تاکە شار لەو وڵاتانەی کە زۆرترین دانیشتوانەکانی موسڵمانن توانی بێتی بەشێکی سەرەکی و تایبەت بۆ هونەری ئیسلامی تەرخان بکات بریتی بووە لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر.

ئەو کارە ناوازانەی کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا ئەنجامدران لەسەر هونەری ئیسلامی لەلایەن (ئەناندا کێتیش کۆماراسوامی) بوونە سەرەتایەکی باش و پێشەنگ بۆ چەندین زانا و پسپۆڕی دیکە کە بەردەوامی بەم کارە بدەن و لێکۆڵینەوەی زیاتریش بکەن لەسەر دیوە ڕۆحیەکەی هونەری ئیسلامی، لە گرنگترین ئەو زانایانەش (هاینریک زیمەر و ستێلا کرامریک) کە کاریگەریەکی زۆری کۆماراسوامیان لەسەر بووە. ئەم شارەزایانەی بواری هونەر لەکارەکانیاندا توانیان ئەو ڕاستیە دەربخەن کە بەڵێ لە ئیسلامدا هاوشێوەی ئایینەکانی هیندی و بوزی و مەسیحی شتێک هەیە پێی دەوترێت هونەر، ئەو هونەرەش دیوێکی ڕۆحی زۆر قوڵی هەیە بەجۆرێک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئایینەوە هەیە، جا ئەمەش چ لە ڕووی ماناوە بێت یاخود لە ڕێگەی هێما و زمان و ڕۆحەوە بێت. لەم چەشنە کارانە و هاوشێوەکانی ئەم نووسینانە دواتر دەرنەکەوتنەوە تاکو دوای جەنگی دووەمی جیهانی، جێی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی ئەو هەوڵانەی (بێرکخارت) و هاوکارەکەی (ژۆن لویس) بکرێت کە داویانە لەسەر هونەری ئیسلامی، هەروەها سوپاسی کارەکانی مێژوونووسی ئەکادیمی بواری هونەر (ریچارد ئێتینگ هاوسن) بکرێت چونکە ئەو هەوڵانە وایانکرد وردە وردە هونەری ئیسلامی دیوە ڕاستەقینەکەی خۆی بەدەربخات و ڕۆژئاواییەکان و ڕۆژهەڵاتیەکانیش بەوە ئاشنا بکاتەوە کە هونەری ئیسلامی چیە؟

دوای ئەو کار و هەوڵانەی کە لەسەر هونەری ئیسلامی دران و لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، دواتر، لەساڵی ١٩٧٠ لە وڵاتی بەریتانیا و لە شاری لەندەن، دوو ڤیستیڤاڵی گەورەی تایبەت بە جیهانی ئیسلامی ئەنجامدران، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتەواوەتی دان بە ڕاستیەتی هونەری ئیسلامیدا بنێن، و ئەوەشیان بۆ روون ببێتەوە کە جگە لە هونەر و بیناسازی ئیسلامی لە رووە (ناوچەیی،



مێژوویی، جوگرافی و کلتوری و... هتد،) کەیەوە، شتێکی دیکە لەمانە گەورەتر و بنەڕەتی تر هەیە کە پێی دەوترێت "هونەری ئیسلامی"و دیوێکی رۆحی قووڵیشی هەیە. پاش ئەو هەموو هەوڵانەش، مۆزەخانە لە دوای مۆزەخانە چ لە وڵاتانی ئەوروپا یانیش لە وڵاتانی باکووری ئەفریقا دەستیانکرد بە تەرخانکردنی گەلەری و بەشی تایبەت بە "هونەری ئیسلامی" لە مۆزەخانەکانیاندا. زیاتر لەمەش، زانکۆکانی رۆژئاوا لە سەروو هەمووشیانەوە زانکۆی "هارڤارد"ی ئەمەریکی کورسی تایبەتی تەرخانکرد بۆ خوێندن و لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری ئیسلامی، هەروەها چەندین کاری دیکە بە زمانە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی رۆژئاوا ئەنجامدران کە پەرۆشیەکی باش بە کارەکانیانەوە دیار بوو بۆ دەرخستن و پیشاندانی هونەری ئیسلامی. راستیەکیش هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، ئەویش ئەوەیە، ئاساییە و دەکرێت هونەرێکمان هەبێت فارسی بێت و لەهەمان کاتیشدا ئیسلامی بێت، ئەمەش بەهەمان شێوە بۆ وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامی راستە (تورکیا، میسر، مەغریب، تونس، هیندستان،



عێراق و...هتد،). ئەم بۆچوونەش بۆ هونەرێکی یابانی راستە و تەواوە بەجۆرێک کە دەکرێت لەگەڵ یابانی بوونی هونەرەکەدا لەهەمان کاتیشدا بووزی بێت، یان ئەو کەنیسانەی کە لە سەدەی **١٣**دا لە فەرەنسا دروستکران، لەگەڵ ئەوەی کە کەنیسەکان لە خاکی فەرەنسادا و بە کەرەستەی بیناسازی فەرەنسی دروستکران لەهەمان کاتیشدا ئەو بینا ئایینیانە رەنگدانەوەی هونەری بیناسازی مەسیحی بوون و تایبەتمەندیەکانی هونەری بیناسازیەکەیان لە خۆیدا کۆکردبوویەوە. لەم سەردەمەشدا، لەناو ئەو پسپۆڕە ئەکادیمیانەی کە بڕوایان وایە هونەری ئیسلامی، هونەرێکی سەربەخۆیە و چەندین لق و پۆپی لێبۆتەوە، دەکۆڵنەوە لەوەی کە بۆچی ئەو هونەرە دەبێت ئیسلامی بێت؟ یان بە چ رێگەیەک دەکرێت ئەو هونەرە ئیسلام بێت؟.

ئەم مێژووە کورتەش کە باسکرا، بۆ ئەوە بوو بزانرێت تاچەند رۆژئاوا و رۆژئاواییەکان توانیویانە هونەری ئیسلامی کەشف بکەن و رەسەنایەتیەکەشی بدۆزنەوە هەروەها جۆر و پۆلەکانی ئەو هونەرەش جیا بکەنەوە و دانیان پێدا بنێن. لە جیهانی ئیسلامیشدا، کارکردن

لەسەر هونەری ئیسلامی شتێکی نوێیە و هۆکارەکەشی بۆ چەند هۆکارێکی جیاواز دەگەڕێتەوە. لە سەردەمی پێش پەلامارادان و داگیرکردنی دەوڵەتانی رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات و ئەفریقا، موسڵمانان خۆیان لە جیهانێکی پڕاوپڕ هونەریدا دەژیان بەجۆرێک کە هەموو کەرەستەکان و پێداویستیەکانی رۆژانە لەلایەن خودی مرۆڤەکانەوە دروست دەکران؛ هەر لەو شتانەوە بیگرە کە رۆژانە لەبەر چاو بوون تاکو ئەو دەنگ و مۆسیقایەی کە گوێی لێدەگیرا یانیش ئەو جلوبەرگەی کە دەپۆشرا. هەموو ئەمانەش بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندار بوون بە هونەری ئیسلامیەوە بۆیە پێویستی نەدەکرد کەسێک یان شارەزایەک دروست بێت و هەستێت بە باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر هونەری ئیسلامی. بەڵام دوای هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ سەر وڵاتانی زۆرینە موسڵمان، هونەری ئیسلامی و سازگاریەکەی لەگەڵ تێکشکانی بیرکردنەوەی موسڵماناندا تێکشکێنرا. ئەمەش وایکرد، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا یەکگرتوویەکی ناوخۆیی پێویست بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژمارەیەک لە (بیریار و هونەرمەند و بیناساز)ی ئیسلامی تاکو بتوانن لە لایەک گرنگی هونەرەکەیان لە رووی رۆحیەوە بخەنەڕوو و پیشانی هەموو جیهانیشی بدەن کە ئیسلام خاوەنی چ هونەرێکی گەورەیە، لە لایەکی دیکەشەوە رەسەنایەتی هونەری ئیسلامی پیشانی موسڵمان بدەنەوە تاکو بتوانن هاوشێوەی نەوەکانی پێشووتریان لە جیهانێکی هونەریدا ژیان بەسەر بەرن.

**پێش هاتنی ئیستعمار و رۆژئاواییەکان موسڵمانان خۆیان لە جیهانێکی پڕاوپڕ لە هونەریدا دەژیان**

هاوشێوەی ئایینەکانی بوزی و مەسیحی، ئایینی ئیسلامیش دیوە هونەریەکەی گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینی، هەروەها ژینگەیەکی ئایینی و رۆحی وەهاشی دروستکرد کە رەنگدانەوەی زۆر باشی هەبێت لەسەر شوێنکەوتوانی، ئەویش بەجۆرێک کە ئەو گەشەسەندنە پێش هەریەک لە بوارەکانی "فەلسەفەی ئیسلامی و سیۆلۆجی" کەوت. مێژووی سەرەتای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هونەری ئیسلامیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی یەکەم و دووەمی ئیسلامی کە نموونە سەرەتایەکانی لەسەر شێوازەکانی (جوان نووسین، بیناسازی، نەخشەی ئەندازەیی) دەرکەوتن، ئەویش وەک دەرئەنجامێکی رۆحی و فۆرمێکی وەحی قورئانی کە بناغەکەی لە سەر "راستیەتی" دامەزراند کە بە دڵی قورئان دادەنرێت. دامەزراندنی بناغەی ئەو هونەرەش لەسەر راستیەتی، کاریگەری گەورەی لەسەر مرۆڤی موسڵمان دانا بەتایبەتی لەو خاڵەدا کە زیاتر مرۆڤ دەستکاری دیوی ناوەوەی (رۆحی) خۆی بکات و بیر و هۆشیشی فراوان بکات بەجۆرێک جیهانبینیشی گۆڕانکاری

# مادەی هونەری ئیسلامی دەتوانرێت دابنرێت بە پاشماوە و کلتوری هونەری، پاش گونجاندنی لەگەڵ رۆحی ئیسلامدا

بەسەردا بێت بۆ ئەوەی تاکو ئەو مرۆڤە لە ژیاندا بێت لە هەنگاونان بەرەو کەماڵ بەردەوام بێت. لێرەوە دەگەینە ئەو خاڵەی کە هونەری ئیسلامی بەتەنها بەرهەمی مرۆڤ نیە ئەگەرچی دواجار ئەوە مرۆڤەکانن ئەو هونەرەیان بەرهەمهێناوە چونکە ئەم هونەرەش هاوشێوەی بەشێک لە هونەرە پیرۆز و ئایینیەکانی دیکە، پشت ئەستوورە بە وەحی ئاسمانیەوە واتە ئەگەرچی لەسەر گۆی زەویدا ئەوە مرۆڤەکانن یان هونەرمەندەکانن هەستاون بەدروستکردنی بیناکان و نەخشاندنی هونەرە جۆرا و جۆرەکان بەڵام دواجار دیوێکی رۆحی و ئاسمانیش لە پشت هونەری هونەرمەندەکانەوەیە.

بێرکخارت لەسەر هونەری ترادیشنەڵ بۆچوونێکی تایبەتی هەیە و پێی وایە "لە هونەری شارستانیەتە کۆنەکاندا بۆ ئەوەی لە رۆڵی وەحی ئاسمانی تێبگەین، کە هەریەک لە رۆح و مادەی لە فۆرمێکی پیرۆزدا لە خۆگرتووە باشتر وایە ئەو هونەرانە بخوێنرێنەوە و پێداچوونەوەیان لەسەر بکرێت بە لەبەرچاوگرتنی بیردۆزی "شێوە و مادە"ی ئەرستۆ. بە گوێرەی بیردۆزەکە هەموو کەرەستەیەک لە دوو شت پێکهاتووە ئەوانیش "شێوە و مادە"ن جا چ ئەو شتە سروشتی بێت یان دروستکراوی دەستی مرۆڤ بێت جیاوازی نیە. ئەگەر چی ئەم دوو تێرمە لەسەردەمی کارە کلاسیکیەکانی ئەورووپادا بە زۆری بە "فۆرما و ماتێریا" هاتوون، بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە لەسەردەمی نوێدا بەکارنەهێنرێن و رۆڵیان نەبێت چونکە تا ئێستاش کارە هونەریەکانی سەردەمی نوێ پەیوەندیەکی باشیان بەو دوو چەمکەوە هەیە. بۆ نموونە، کورسیەکی لە دار دروستکراو، پێکهاتووە لە فۆرمێکی کورسیەتیدا کە بەسەریدا سەپێنراوە، خودی کورسیەکەش لە مادەیەک دروستکراوە کە دارە، واتە مادە و شێوە رۆڵی سەرەکیان هەبووە لەو شتەی کە پێی دەوترێت "کورسی"بە هەمان شێوەش بۆ کارە هونەریەکانی دیکە.

ئەگەر بێت و ئێمە ئەم بیردۆزە لە سەر هونەری ئیسلامی جێبەجێ بکەین ئەوا دەتوانین بڵێین شێوە یان فۆرمی هونەری ئیسلامی وەرگیراوە یاخود داڕێژراوە لەسەر "رۆح و وەحی ئاسمانی" دیوە مادیەکەشی دەکرێت لە سێ ئاستدا بخوێنرێتەوە:

١-ئەم هونەرە لە ئاستی یەکەمدا، بابەتی دەروونی و هزری ئەو کەسانەیە کە بۆ یەکەم جار هەڵدەستن بە ئاشکراکردنی بابەتی مادە لە هونەردا، پاشانیش لەم کەسە یەکەمینانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٢- مادەی هونەری ئیسلامی دەتوانرێت دابنرێت بە پاشماوە و کلتوری هونەری، کە موسڵمانەکان لە شارستانیەتەکانی دیکەوە وەریانگرتووە و دواتر ئەو مادانەیان بە ئیسلامی

کـردووە بـە جۆرێـک کـە لەگـەڵ داخوازیـە رۆحـی و مادیەکانـی موسـڵمانـاندا بگونجێت، هەروەهـا لەگـەڵ ڕێسـاکانی ئاییـنەکەشیـاندا پێچەوانـە نەیەتـەوە. ماناشـیان بـەو مادەیـە بەخشی کـە هونەرەکەیان لـێ دروست دەکرد.

٣- دڵـی وەحـی ئاییـنی ئیسلام وەستاوە لەسەر باوەڕبـوون بـە "یەکتاپەرسـتی" چونکـە ئیسـلام بـاوەڕی بـە فـرە خودایـی نیـە. ئـەو خودایـەش لـە شـێوەی پەیکەرێـکدا دەرناکـەوێت وەک ئـەوەی لای هەندێـک لـە ئایینەکانـی دیکـەدا دەبینرێـت لەوانـەش ئاییـنی (هیندۆسـی).

ئـەو مرۆڤـە یەکەمینانـەی کـە وەرگـری وەحـی ئاسـمانی بـوون و بناغـەی شارسـتانیەتی ئیسـلامی لێوەیـان دەسـتی پێکـردووە بریتـی بـوون لـە مرۆڤـە عەرەبـەکان، کـە ڕەچەڵەکی ئەوانیـش دەگەڕێتـەوە بـۆ لقێـک لـە سامیە کۆچـەری و دەشـتەکیەکان. ئاییـنی ئیسـلام هەسـتا رۆحـی کـرد بـە بـەری ئـەو هـزر و بۆچوونـە هونەریانـەی کـە لـەلای سـامیەکان هەبـوون بەتایبەتیـش هونـەری "بیناسـازی" کـە لەسـەرەتاکانی ئیسـلامدا زیـاد لـە هەمـوو هونەرەکانـی دیکـە دەرکەوتـوو بـووە. واتـە هونـەر پێش هاتنی ئایینی ئیسـلام لای عەرەبـەکان زیاتـر دیوێکـی دونیایـی هەبـووە، بـەڵام ئـەم بۆچوونـە دوای هاتنـی ئاییـنی ئیسـلام گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـوو دیوێکـی ئاسمانیش بـە هونـەر بەخشـرا. ئـەو گۆڕانکاریـەش دواتـر رۆڵێکـی سـەرەکی بینـی لـە دروسـتکردنی "هونـەری ئیسـلامی" بێگومـان ئەویـش لەچەنـد ڕێگەیەکەوە کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین.

هونـەر و بیناسازی ئـەو شارستانیەتانەی کـە ئیسـلام لەسـەرتادا ڕووبەڕوویان بۆتـەوە بریتـی بـوون لـە هونـەر و بیناسـازی (فارسـی ساسـانی، بیزەنتیـەکان، هەندێـک فۆرمـی هونـەری عەرەبی پێـش ئیسـلام، هەندێـک نموونـەی دەگمەنـی رۆمانـی). دواتـر، پـاش بڵاوبوونـەوەی زیاتـری ئاییـنی ئیسـلام، موسـڵمانان ڕووبـەڕووی هونـەر و بیناسـازی شارسـتانیەتی دیکـە بوونەتـەوە لەوانـە هونـەری (چینـی، هینـدی، مەلایـۆ، ئەفریقـا). موسڵمانەکانیش هەمـان ئـەو مـادە و کەرەسـتانەیان بەکارهێنـاوە کـە دانیشـتوانی ئـەو ناوچانـە بەکاریـان هێنـاوە، بـەڵام موسـڵمانەکان لـە ناوچـە جیاوازەکاندا فۆرمێکـی ئیسلامیان بە کارەکانیان بەخشـیوە و گۆڕانکاریـان بەسـەر هونەرەکانـی ئەوانـدا هێنـاوە. ئـەو گۆڕانکاریانـەش هەمیشـە بـە ڕەچاوکردنـی سروشـت و کـەش و هـەوای ناوچـەکان ئەنجامـدراون. دروسـتکردنی بینـاکان و کارە هونەریەکانـی دیکـەی وەک هونـەری (نەخـش ونیـگار، جـوان نووسـین، وێنەکێشـان، نەخشـەی ئەندازەیی، مۆسیقا و...هتد،) لە ناوچە جیاوازەکانـی شارسـتانیەتی ئیسـلامیدا زۆرجـار لەلایـەن ئـەو هونەرمەنـدە بلیمەتانـەوە دروسـتکراون کە نە عـەرەب بـوون نە فارسیش بوون. لە جیهانی ئیسـلامیدا، مـرۆڤ دەتوانێـت تێبینـی دوو شـتی گرنگ بکات لە کارە هونەریەکانیدا ئەوانیش:

١-یەکیەتی و یەکانەیی لە هونەری ئیسلامیدا.

٢- فرە جۆری و هەمە جۆری لە هونەردا.

ئەمانـەش لـە چەنـد ڕێگەیەکـی جیـاوازەوە رەنگدانەوە و هێمان بۆ یەکانەی (الوحدانیة) خودادا و رۆح لەبەراکردنی ئەو هونەرەشە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـامیە دەشـتەکیەکان.

هەندێک لە تایبەتمەندیەکانی بیر و زهنی سامیە دەشتەکیەکان بریتین لە ئاگایی و هۆشیاریەکی رۆشن لەسەر بەشە نادیار و دیوە نادیاریەکانی جیهان، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو بیر و بۆچوونەیە کە بەتەنها تەرکیز دەکاتە سەر خاڵێکی دیاریکراو کە بەتەنها خودی دنیایە. ئەم بۆچوونەش جۆرێکە لە نەفرەتکردن لە بیروبۆچونی "عەقڵەتی کۆچەری"و نزیکی لە ئاوازی سروشتەوە، واتە دروستکردنی ناوچەیەک بۆ ژیانی مرۆڤەکان بە بێ پچڕان و ناکۆکبوون لەگەڵ سیستەمی سروشتدا نەک ژیانی کۆچەری و هەر رۆژێک لە شوێنێکدا ژیان. هەمان شت دەتوانرێت لە هونەری بیناسازی ئیسلامیدا بەدی بکرێت کە زیاتر هونەرێکی نیشتەکی ئەو مرۆڤانە بووە کە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێبوون، وەک لەوەی هونەری ئەو کەسانە بێت کە کۆچەری و گەڕۆک بووبن. عەرەب لەسەردەمی پێش ئیسلامدا بیناسازیەکی وا گرنگی نەبووە کە جێگەی باس بێت جگە لە "کەعبە"کە لە سەردەمەکانی پێش ئیسلامدا دروستکراوە و دواتر بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی سەردەمی ئیسلامی، لایەنە بیناسازیەکەشی گەشەی کردووە. بیناسازی ئیسلامی و نەخشەی شارستانی شار لە ئیسلامدا کاریگەری ئەو بۆچوونە سەرەتاییانەی لەسەر بووە کە دەبێت پەیوەندیەکی سازگار هەبێت لە نێوان سروشت و شاردا، و نابێت سروشت لە شار بشاردرێتەوە و شاریش لە بێ سروشتیدا ون ببێت وەک ئەوەی کە ئێستا لە زۆرێک لە شارە گەورەکانی جیهانی ئیسلامیدا دەبینرێت.

مزگەوتەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەزۆری کراوە بوون بە رووی سروشتدا یاخود سروشتێک لەناو مزگەوتەکاندا دروستکراوە بە جۆرێک زۆربەی مزگەوتەکان باخچەیان هەبووە. هەروەها ئەو خانووانەشی کە موسڵمانەکان بۆ نیشتەجێبوونی خۆیان دروستیان دەکرد، رەنگدانەوە و تەرجومەی ئەو بیرۆکەیەی دەکرد کە "هیچ مرۆڤێک نیە بۆ هەتا هەتا بتوانێت بژیت، دەبێت رۆژێک هاوشێوەی نەوەکانی رابردوو ئەم جیهانە بەرەو جیهانی نەبڕاوە بەجێ بهێڵێت". دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون لە مادەی "قوڕ و خشت"لە زۆرێک لە ناوچەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا تەنانەت لەو ناوچانەشی کە بەردیان زۆر بووە وەک ئێران، هۆکارەکەی بۆ لایەنی ئابووری یان هیچ بیرۆکەیەکی ئابووری لە پشت بەکارهێنانی قوڕەوە نەبووە بەڵکو هۆکاری ئایینی و فەلسەفی لە پشت بەکارهێنانی ئەو مادەیەوە هەبووە. لەوانەیە ئەم نموونەیەی خوارەوە باشتر بابەتەکەمان بۆ روون بکاتەوە؛

کاتێک لە سەردەمی نوێدا مرۆڤەکان لە وڵاتی ئێراندا لە دروستکردنی خانووەکانیاندا مادەی کۆنکریتیان بەکاردەهێنا لە جیاتی قوڕ، پیاوێکی بەساڵاچوو کە هێشتا لەگەڵ بیناسازی رەسەنی ئیسلامیدا ژیانی دەگوزەراندا رۆژێکیان پرسیاری لێکردم و وتی "باشە بۆچی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە کۆنکریت بەکاردەهێنن بۆ دروستکردنی خانووەکانیان؟ ئایا ئەوان پێیان وایە هەزار ساڵ دەژین؟ هەموو نەوەیەکی نوێ پێویستە خانووی نوێ لە قوڕ و خشت دروستبکات یاخود خانووە لە خشت دروستکراوەکان نوێژەن بکەنەوە" هەڵوێستی ئەم کابرا بە تەمەنەش کاردانەوەی ئەو تایبەتمەندیەی بیناسازیە کە

ئیسلام رۆح و عیرفانی تێکەڵ بە هونەری بیناسازی و هونەرەکانی دیکەشکردووە. ئەو مادانەش (خشت و قوڕ) تەنها لە خانووەکانی نیشتەجێبووندا بەکارنەهاتوون، بەڵکو لە کۆشک و تەلار و بینا گشتیەکانی وەک (مزگەوتەکان، بازاڕەکان، قوتانخانەکان، نەخۆشخانەکان، قەڵاکان و ...هتد،)دا بەکارهێنراون، تاکو مرۆڤێکی موسڵمان وا هەست نەکات کە ئەم جیهانە و تەمەنی بێکۆتایە بەڵکو ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کە تەمەنی ئەویش هاوشێوەی مادە قوڕەکە لەوانەیە بەرگەی بارانی زستانێک نەگرێت.

ئێستا با بگەڕێینەوە بۆ باسکردنی هونەری ئیسلامی، وەک ئەوەی کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا و وترا "دڵی هونەری ئیسلامی لەسەر الوحدانیة لێدەدات" ئەمەش لە هەموو جۆرە جیاوازەکای هونەری ئیسلامیدا رەنگی داوەتەوە. دروستکردنی بناغەی ئەو هونەرەش لەسەر (الوحدانیة) بەند نیە بە هەبوونی پەیکەرەوە و دانانی لە جۆرە جیاوازەکانی بینا ئایینیەکاندا، وەک ئەوەی لای هونەری ئایینەکانی هەریەک لە (هیندۆسی، بوزی، مەسیحی) بەدی دەکرێت کە پیشاندانی خودا یان دۆزەرەوەی ئایینەکە لە شێوەی پەیکەرێکدا رۆڵی سەرەکی دەبینێت.

لێرەدا دەتوانیین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ک هونەری ئیسلامی زیاتر لە هونەری ئایینی جولەکەوە نزیکە وەک لە ئایینەکای دیکە چونکە لەو ئایینەشدا تاقانەیی خودا و دروستنەکردنی پەیکەر بۆ ئەو خودایە سەنتەرە نەک شتی دیکە. لەو کاتەوەش کە مرۆڤەکان لە جیهانێکدا دەژیان فرەجۆر و جۆراوجۆر بوو، پێویست بوو لەسەر "ئیسلام" جۆرە هونەرێک

> **ئیسلام رۆح و عیرفانی تێکەڵ بە هونەری بیناسازی و هونەرەکانی دیکەشکردووە.**

بەرهەم بهێنێت کە (الوحدانیة)تی هونەرەکەی رەنگ بداتەوە لەو جیهانە فرە جۆرەدا. لەسەر ئەو ئایینە "ئیسلام" پێویستیش بوو ژینگەیەک بۆ شوێنکەوتوانی دروستبکات کە بتوانن ئەزموونی ئەو (الوحدانیة) یان یەکجۆریە بکەن لەناو فرەجۆریدا ئەوەی کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت "الوحدة الی کثرة، الکثرة الی الوحدة". بۆ گەشتن بەم مەبەستەش، بەکارهێنانی (ئەندازە و رووبەری بەتاڵ) لە هونەری ئیسلامیدا بەتایبەتیش لە هونەری بیناسازیدا بەکارهاتن و بوون سەنتەر لە هونەرەکەدا.

ئێستا دەتوانرێت بوترێت، ئەندازەی پیرۆز و رووبەری بەتاڵ ئەو رەگەزانەی هونەری ئیسلامین کە دادەنرێن بۆ هێمایەکی گرنگ و گەورە ئەویش تاقانەبوونی خودایە (الوحدانیة). بەکارهێنانی ئەو دوو رەگەزەش وک هێما و رەمزێک بۆ "خودا" لە هونەری هەندێک لە ئایینەکانی دیکەدا بەدی دەکرێت لەوانە (پەرستگای هیندۆسەکان، پەرستگای میصریەکان، پەیکەری مەسیحیەکان لە کەنیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا). بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە رەگەزی (شێوە

**دڵی هونەری ئیسلامی لەسەر "الوحدانیة لێدەدات" ئەمەش لە هەموو جۆرە جیاوازەکای هونەری ئیسلامیدا رەنگی داوەتەوە.**

ئەندازەیی) لە هیچکام لە هونەری ئایینەکانی دیکەدا وەک هونەری ئیسلامی دیار و روون نیە و رەنگیشی نەداوەتەوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زۆرێک لە رۆژئاواییەکان وەک هونەرێکی ئەبستراکت ئاماژە بەهونەری ئیسلامی بکەن. بەڵام بەکارهێنانی چەمی "ئەبستراکت" لەم کۆنتێکستەدا فریودراوە و بەهەڵە بەکارهاتووە بەتایبەتیش لەو کاتەوەی کە چەمکەکە خراوەتە پاڵ "کۆنکریت" کە دواتر وەک راستیەکی کۆنکریتی ناسراوە و مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، بەڵام لە رووی میتافیزیکیەوە دەتوانرێت بوترێت ئەو شتەی کە پێویستە وەک راستیەکی کۆنکریتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت "بوونی خودای تاک و تەنهایە" بەپێچەوانەی شتەکانی دیکەوە کە فانین و لەناو دەچن.

نەخش و نیگاری شێوە ئەندازەیی و هونەری ئەرەبێسک لای موسڵمانەکان کە بناغەکانیان لەسەر "ئەندازە" وەستاون پەیوەندارن بە هەبوونی جیهانێکی روون و ئاشکرا. هاوشێوەی ئەم بیرۆکەیەش لای ئەفلاتوون بوونی هەیە. ئەمانەش زیاتر راستیەکی کۆنکریتی و عیرفانین وەک لەوەی بابەتێکی مادی و تەواو دونیایی بن یانیش پەیوەندار بن بە هێزێکی ئەبستراکتەوە. سەرەڕای ئەمەش، نەخش و نیگاری شێوە ئەندازەیی لە فۆرمی "فرەلایی و چوونەوە ناو یەکدا" نوێنەرایەتی نێرینەیی (المذکر) دەکات و هونەری ئەرەبێسکیش نوێنەرایەتی مێینەیی (المؤنث) رێسا گەردوونیەکان دەکەن. دووبارەبوونەوەی ئەمانەش لە هونەری ئیسلامیدا نوێنەرایەتیکردنی رێساکانی خودی ژیان خۆیەتی. ئەم دوو فۆرمەی هونەری ئیسلامیش (نەخش و نیگاری ئەندازەیی و ئەرەبێسک) زیاتر هێمان بۆ راستیەکی رۆحی و عیرفانی وەک لەوەی بوترێت رۆڵی ئەمانە تەنها بۆ جوانکاری و رازندنەوەیە یان بەرێکەوت دروستکراون.

رووبەری بەتاڵ (الفضاء الخالیة) لە هونەری ئیسلامیدا رۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەبینێت، جیاواز لەوەی کە دەشێت کەسێک بەدی بکات لە هونەری ئایینەکانی دیکەدا وەک هونەری ئایینی مەسیحی. لە هزر و هۆشی موسڵماناندا "هیچ یاخود رووبەری بەتاڵ" لە هونەرەکەیاندا ناتوارێت بەشێوەیەکی سادە و ئاسان بوترێت کە "هیچ نیە یاخود هیچە و شتێکە" چونکە ئەو رووبەرە بەتاڵە نوێنەرایەتی شتێکی نادیار و جیهانێکی نادیار دەکات کە ئەمەش بۆ موسڵمانان کرۆک و ناوەرۆکی جیهانی رۆحە. واتە رووبەری بەتاڵ لە هونەری ئیسلامیدا بەتایبەتیش لە هونەری بیناسازیدا ئامادەیی و نوێنەرایەتی نەبینراوێکە کە مرۆڤ لەم جیهانەدا ناتوانێت بەچاوی سەر بیبینێت. هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە لە زۆرێک لە بینا ئیسلامیەکاندا بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە

"رووبەری بەتاڵ" وەک "حەوشەی بیناکان"بەدی بکرێت. ئەمەش زیاتر و بەتایبەتی تر لە بیناسازی مزگەوتەکاندا درەوشاوەتەوە و هیچ پەیکەرێک یانیش کەلوپەلێکی زۆر لەو رووبەرانەدا دانانرێت. هەندێک جاریش ئەو رووبەرە بەتاڵەی کە لە بیابانەکاندا بەدی دەکرێت رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر هونەری ئیسلامی. تەنانەت ئەو رووبەرە بەتاڵەی کە لە ناوچە شارنشینەکانی کۆندا هەبووە، بەدیوی دەرەوەی بیناکان و مۆنۆمێنتەکاندا نەناسراوەتەوە و تەعبیر نەکراوە، بەڵکو ئەو بۆشاییە خاڵیەی (الفضاء الخالیة) کە لە دیوی ناوەوەی بیناکاندا بوونی هەبووە زمانحاڵ و دەرخەری ئەو راستیە بووە.

هەندێک لە رۆژئاواییەکان و بەشێکیش لە موسڵمانانی سەردەمی هاوچەرخ، چ ئەوانەی خۆیان بە مۆدێرن دەزانن یانیش ئەوانەی "فەندەمێنتاڵن" ئاماژە بەوە دەکەن لە هونەری ئیسلامیدا شتێک نیە بەناوی (هێما-symbolism). ئەم بۆچوونەش بەتەواوەتی راستە کاتێک کە هەڵەکان هێما بن بۆ وێنە پیرۆزەکان. بێگومان بناغەی هونەری ئیسلامی لە سەر پەیکەرە پیرۆزەکان یان بەپیرۆزکردنی پەیکەرەکان دانەمەزراوە وەک ئەوەی کە لەلای هونەری ئایینی بوزی و مەسیحیەکاندا هەیە. بەڵام ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە بوترێت لە هونەری ئیسلامیدا (هێما و رەمز) بوونی نیە یاخود نابێت هەبێت. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە ئێمە توانیبێتمان لە هونەری ئیسلامیدا لە بنەڕەت و بنچینەی مانای (هێما) تێگەشتبێتین کە بریتیە لە پێکەوە بەستنی جیهانی بچووک و بینراو بە جیهانی گەورە و نەبینراو. تەنانەت فۆرمی ئەو پیتانەی زمانی عەرەبی کە لە هونەری "جوان نووسین"دا بەکارهاتوون، بێ هێما و بێ مانا نین، واتە هەم مانایان هەیە و هەمیش هێمان بۆ شتێک لە جیهانی نەبینراودا. ئەمانەش لە چەندین هونەری دیکەدا بەکارهاتوون لەوانە هونەری (نەخش و نیگاری سەر گومەزەکان، بەکارهێنانی رەنگەکان بەتایبەتیش رەنگی سپی لە ناوچە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا لەوان لادێ و شارۆچکەکانی وڵاتی مەغریب، سووریا، ئێران، ئەفغانستان) واتە هەم نەخش و نیگارەکان و هەمیش رەنگە جیاوازەکان هێمادار و مانادارن. جیاواز لەمانە، لە بیناسازی ئیسلامیدا بەگەڕخستنی "رووناکی و ئاو" هەردووکیان لە پلەیەکی زۆر بەرزی هێما و مانادا بەکارهاتوون.

گرنگی هێمایی و مانایی هەریەک لە رووناکی و ئاو لە قورئانی پیرۆزدا، هەروەها لە بیناسازی ئیسلامیشدا رەنگی داوەتەوە و باسکراوە. لە لایەکی دیکەوە نەخش و نیگاری "شێوە ئەندازەیی" کە لە هەریەک لە پێکهاتە و دیکۆری دەرەوەی بیناکاندا بەکارهاتووە هەڵگری هێما و مانای تایبەتی خۆیەتی. بۆ نموونە دروستکردنی گومەزی مزگەوتەکان لەسەر شێوازی "گۆیی" هێمایە بۆ ئاسمان و بنکەکەشی هێمایە بۆ گۆی زەوی، شێوە هەشت لاییەکەشی لە بنکەوە بۆ بەرزی گومەزەکە هێمایە بۆ شانشین و جیهانی فریشتەکان. لە بیناسازی مزگەوتەکانی رۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامیدا لە میسرەوە تاکو بەنگال (هیندستان و بەنگلادیش) هەریەک لە رەگەزەکانی منارە و گومەز بەشێوەیەکی زۆرتر بەرچاو دەکەون کە گومەزی مزگەوتەکان هێمایە بۆ (المونث)

بوونی ڕێساکانی جوانی خودا و منارەش هێمایە بۆ (المذکر)بوونی شکۆ و پایە بەرزی خودا.

سەرەڕای ئەوەی هونەری ئیسلامی هاوشێوەی هەموو هونەرە ترادیشنەڵەکانی دیکە هونەرێکی هێمایی و ماناداره، هەروەها هونەرێکی واقیعی و راستەقینەشە (ریاڵیستیکە). ریاڵیستیکیشنەک بەو مانایەی کە لە سروشتگەریخوازی هاوچەرخدا هەیە، کە "راستیەتی"بەتەنها دەناسێنێت و دیاری دەکات لەگەڵ دیوی دەرەی جیهانی سروشتی و دیوی ناوەوە و نەبینراوی شتەکان فەرامۆش دەکات. خودی ئایینی ئیسلامیش لەگەڵ تەواوی بنەما سەرەکیەکانیدا کە بەرپرسیارن لە دروستکردنی ئەم هونەرەدا، راستەقینە و واقیعین وەک لەوەی میسالی بن، ئەویش لەو روانگەیەوە کە هونەری ئیسلامی دروستکراوە و بەرهەم هاتووە لەسەر بنەمای سروشتێکی راستەقینەی دوو لایەن. واتە هونەری ئیسلامی بەتەنها لەسەر یەک ئاست و یەک لایەن کارناکات کە "مادە"یە بەڵکو کارکردن لەسەر رۆح و بەدەمەوە بوونی رۆح و گەورەکردنی ئەو جیهانە کە بە جیهانی نەبینراو ناسراوە لە عیرفانی ئیسلامیدا بنەڕەتی کارە هونەریەکانە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا. ئایینی ئیسلام هەر لەسەر ئەم بیرۆکەیەش مامەڵەی لەگەڵ ژن و پیاودا کردووە نەک بە شێوەیەکی میسالی شاراوەی پیرۆز، هەروەها ئیسلام هەمیشە هەوڵی داوە پێداویستیە مادی و مەعنەویەکانی مرۆڤ دابینبکات و ڕێنماییش بدات بە موسڵمانان کە چۆن ئەو پێداویستیانەیان پڕ بکەنەوە بەبێ فەرامۆشکردنی لایەنی مادی یان رۆحی.

ئەم واقیعی بوون و راستیەش راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر جۆرە جیاوازەکانی هونەری ئیسلامی. گەر هونەری بیناسازی وەک نموونە وەربگرین، ئەو رووبەرەی کە تەرخان دەکرێت بۆ بینای مزگەوت، لە سەر ئاشتیەک وەستاوە کە لە سەرووی خۆیەوە وەریگرتووە. بەکارهێنانی خشتی زۆر قورس و بەردی گەورە لە بیناسازی ئیسلامیدا زۆر باو نەبوون و بەکاریش نەهاتوون بۆ ئەوەی وا دەرنەکەوێت و واش پیشان نەدرێت کە ئەو مادانە دژی هێزی راکێشانی زەوی بەرەو سەرەوە دەجوڵێن، بەشێوەیەک کە جۆرێک لە ناواقیعی و ناراستی پیشان بدرێت لە ڕێگەی بیناسازیەوە هەروەک ئەوەی کە لە هونەری بیناسازی کەنیسەکانی "گۆسیک"دا دەبینرێت کە ئەوان لە روانگەی چەند بنەما و ڕێسایەکی دیکەوە کاریان لەسەر هونەری بیناسازی کردووە.

لە هونەری ئیسلامیدا، مادە بەکارهاتووەکانی بواری هونەر بەو جۆرە یاخود بەو ڕێگەیە بەکارهاتوون کە رەنگدانەوەی راستیە سروشتیەکەی خۆیان بن و هیچ ئەرکێکیان بەسەردا نەدراوە کە پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ راستیەتی مادە بوونیاندا. بۆ نموونە، مادەی "قوڕ" بەکارهاتووە بەگوێرەی قوڕبوونی خۆی، واتە کاتێک کە ئەو مادەیە بەکارهاتووە لە بوارێکی هونەریدا بەجۆرێکی لێنەکراوە کە کەسێک وابزانێت ئەو مادەیە قوڕ نیە و مادەیەکی دیکەیە جیاواز لەوەی کە لە سروشتدا دەست دەکەوێت. هەروەها ئەو جۆرە هونەرانەشی کە دوو دیویان هەبووە وەک (دیواری بیناکان، پارچە کاغەزەکان و...هتد) هەرگیز وا پیشان نەدراون کە سێ دیو یان زیاتریان هەبێت. هەر

ئـەو "سـەنتەربوونی راسـتیەتیە"ش وایکـردووە کـە موسـڵمانەکان سـەرەڕای هەبوونـی مەعریفـەی ئەندازەییـیان، بـەڵام بـە هیـچ شـێوەیەک هەوڵـی ئەوەیـان نـەداوە مـادە دوو دیـوەکان بـە سـێ دیـوو یـان چەنـد دیـو پیشـانبدەن، وەک ئـەوەی کـە لـە "پۆسـت میدیەیڤڵی" هونـەری رۆژئـاوادا دەبینرێت. ئەگەرچـی هونـەری رۆژئاواش پێـش سـەدەی حەڤـدە و کاریگەریەکانـی رێنیسـانس، هونەرێـک بـووە یەکانگیـر بـووە لەگـەڵ سروشـت و راسـتیەتیدا بـەڵام دوای رێنیسـانس، هونـەری وێنەکێشـان و جـۆرە جیاوازەکانـی هونەرەکانـی دیکـە گۆڕانکاریـان بەسـەردا هـات بەجۆرێـک رۆژ بە رۆژ لە راستیەتی دوور دەکەوتنەوە. ئێستا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانیـن ئـەوە بخەینەڕوو کـە هەسـتیاریەکی گـەورە هەیـە لـە نێـوان سروشـتی ئـەو مادانـەی کـە هونەرمەنـد و پیشـەگەرەکان بـەکاری دێنـن لەگـەڵ راسـتیەتی ئـەو مادانـەی کـە خـودا لـە بنەڕەتـدا دروسـتی کـردوون.

هونـەری ئیسـلامیش، لەسـەرەتادا لەوانەیـە بـۆ هەندێـک کـەس کـە شارەزایی قووڵـی ئـەو هونـەرە نەبن بەجۆرێک ناواقیعی و ناڕاستی دەربکەوێت، بەڵام دەبێت ئـەوە لای شارەزایانی بـواری هونـەری ئیسـلامی روون بێـت کـە ئـەو هونـەرە هەمیشـە خـۆی بەدوورگرتـووە لـە فەلسـەفەی سروشـتی یـان سروشـتگەرایی کـە کاری ئـەم فەلسـەفەیە بریتیـە لـە کۆپیکردنـی فۆرمـی دەرەوەی (دیـوە بینراوەکـە) سروشـت، هـەروەک ئـەوەی کـە لـە هونـەری سـەدەکانی حەڤـدە و هـەژدەی رۆژئـاوادا دەبینرێت. موسـڵمانەکانی سـەرەتاکانی سـەرهەڵدانی هونـەری ئیسـلامی، هەمیشـە وابیریـان کردۆتـەوە، دروسـتکردنی گیانەوەرێـک

**لە هونەری ئیسلامیدا، مادە بەکارهاتووەکان هیچ ئەرکێکیان بەسەردا نەدراوە کە پێچەوانە بێتەوە لەگەڵ مادە بوونیاندا**

یـان وێنـەی مرۆڤێـک لـە تابلۆیـەک یـان پەیکەرێکـدا هەوڵدانـە بـۆ کۆپیکردنـی کاری خـودا، پەیامبـەری ئیسـلامیش راسـتیەتی ئـەم بیرۆکەیـەی بـە فەرموودەیـەک روونکردۆتـەوە. لەوانەیـە ئێسـتا کەسـێک وابیربکاتـەوە کـە هونـەری ئیسـلامی دوورە لـە سروشـتەوە یـان دژە بە سروشت، بەڵام لە راستیدا ئەوە وانیە چونکە مەبەسـتەکە لێرەدا ئەوەیە" بناغـەی هونـەری ئیسـلامی لەسـەر سروشـت نەوەسـتاوە" بەڵکـو نزیکـی و سـازگاری هەیـە لـە نێـوان هونـەری ئیسـلامی و سروشـتدا بەجۆرێک کە ئەو هونەرە کار لەسـەر هـەردوو دیوەکـەی سروشـت دەکات چ دیـوە بینراوەکـەی بێـت یاخـود نەبینراوەکـەی.

شارسـتانیەتی ئیسـلامیش، بەپێچەوانـەی هەریـەک لـە شارسـتانیەتە گەورەکانی هینـدی و بـوزی لـە رۆژهـەڵات و شارسـتانیەتی مەسـیحی لـە رۆژئـاوادا گرنگـی نـەداوە بـە هونـەری پەیکەرتاشـی ئەمـەش لەبەرئەوەیـە لـە جیهانبینـی ئیسـلامیدا وا خراوەتـەوە روو کـە "پەیکـەر" هیـچ سـەروکارێکی لەگـەڵ بابەتـە رۆحیەکانـدا نیـە و هەروەهـا پێچەوانـەش دێتـەوە لەگـەڵ رێسـا و

**شارستانیەتی ئیسلامی، گرنگی نەداوە بە پەیکەرتاشی لەبەرئەوەی لە جیهانبینی ئیسلامیدا "پەیکەر" سەروکاری لەگەڵ بابەتە ڕۆحیەکاندا نیە**

بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا، بەتایبەتیش کاتێک کە پەیکەرەکان پیرۆز بکرێن و وەکو خوداوەندێکیش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

سەرەڕای ئەوەی کە لە پێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا، چەندین شارستانیەتی تری گەورە هەبوون و خاوەنی هونەری تایبەتی خۆشیان بوون، بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئەو ئایینە چەندین جۆری دیکەی هونەر لە ئاستێکی بەرزدا دەرکەوتن لەوانە هونەری (بیناسازی و جواننووسی) هەروەها چەند جۆرێکی دیکەی هونەر بەرهەم هاتن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە ژیانی ڕۆژانەی موسڵمانەکانەوە، گرنگترینیشیان بریتی بوون لە هونەری "ڕستن و چنین" هونەری "جلوبەرگ". لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئایینی ئیسلام ڕێگەی بە هەموو جۆرێکی هونەر داوە لەسەر بنەمای "نەژادی، ڕەچاوکردنی بارودۆخی کەش و هەوای ناوچەکان، تەکنیک و مادە بەردەست بووەکان" لەگەڵ چەندین هۆکاری ناوچەیی دیکە ئەویش بەمەرجێک دروستکردنی هونەرە جیاوازەکان و پێکهاتەکانیان پێچەوانە نەیەتەوە لەگەڵ ڕێسا سەرەکیەکانی ئیسلامدا.

نموونەی جۆراوجۆری هونەری بیناسازیش وەک دروستکردنی مزگەوت لە مادەی دار لە ئەندۆنیسیا، بەکارهێنانی خشت لە ئێران و ئاسیای ناوەڕاست، بەکارهێنانی بەرد لە سووریا و تورکیا و میسر، هەروەها لە یەمەن و مالیش بەشێکی زۆری مزگەوتەکان لە قوڕ دروستکراون. ئەگەر کەسێکیش بەتەنها دیوی دەرەوەی مزگەوتەکان ببینێت ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە هونەری بیناسازی هەریەک لەو مزگەوتانە بەگوێرەی جیاوازی ناوچەکانیان جۆراوجۆرن. بەڵام لە هونەری بیناسازی ئەو مزگەوتانەدا یەکیەتیەکی ناوخۆیی دیار و گرنگ هەیە کە دەتوانرێت لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و هەستیارەوە دەرک پێبکرێت.

لەسەر ئەو ڕێسا و فاکتەرانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، دەتوانرێت بوترێت هونەری ئیسلامی بەشێوەیەکی "پلەبەندی-هەرەمی" پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. تێگەشتنیش لەم پلەبەندیە زۆر پێویستە بۆ کەسێک بیەوێت لە هونەری ئیسلامی تێبگات. لە پلەبەندیەکەشدا ژمارە یەک بەر ئەو هونەرە دەکەوێت کە پێی دەوترێت هونەری "بیناسازی، تشکیلی" لە لوتکەی پلەبەندیەکەشدا زۆرتر گرنگی دراوە بە بیناسازی مزگەوتەکان و جوان نووسینی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە پەیوەندیەکی زۆر باشیش هەیە لە نێوان ئەم دوو هونەرەدا بەجۆرێک ڕەگەزە جیاوازەکانی بیناسازی مزگەوتەکان وەک (منارە و گومەز و دیواری هۆڵی نوێژکردن....هتد) بەکارهاتوون بۆ نەخشاندنی هونەری جوان نووسینی ئایەتەکانی

قورئانی پیرۆز. پتەوی پەیوەندی نێوان ئەو دوو هونەرەش وایکردووە کە موسڵمانان قورئان و مزگەوتەکان بە "جیهانی خودا" وەصف بکەن.

ئێستا بابێینە سەر باسی هێما و مانای ئەو دوو هونەرە؛ هونەری "جوان نووسینی ئایەتەکانی قورئان" هێمان بۆ جیهانی خودا، ئەوی دیکەشیان "هونەری بیناسازی مزگەوتەکان" (فضاء) دروست دەکات بۆ وشە و ئایەتە قورئانیەکان تاکو لە رێگەی رەگەزە جیاوازەکانی بیناسازی مزگەوتەکانەوە نمایشی خۆیان بکەن و ئەوانیش مانای خۆیان وەربگرن. بەشێوەیەکی گشتی سەرەکی بوونی ئەو دوو هونەرەش لە شارستانیەتی ئیسلامیدا رەنگیداوەتەوە و رۆڵێکی گرنگیشیان بینیوە، بەجۆرێک توانیویانە کاریگەری خۆشیان لەسەر جۆرە جیاوازەکانی دیکەی بیناسازی ئیسلامی دابنێن بەتایبەتیش بینا گشتیەکان. بیناسازی مزگەوتەکان کاریگەری خۆشی لەسەر بینا نیشتەجێبووەکان داناوە چونکە موسڵمانەکان پێیان باشبووە کاتێکیش لە ماڵەکانی خۆیاندان وا هەستبکەن کە لە مزگەوتدا ماونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەستاون بەدروستکردن و بەکارهێنانی چەندین رەگەزی بیناسازی مزگەوتەکان لەناو ماڵەکانیاندا لەوانە "عەقدەکان، تاقەکان، شێوازی دەرگا و پەنجەرەکانیان". هاوشێوەی ئەمانەش، حەوشە و باخچە کە دوو رەگەزی زۆر سەرەکی بوون لەناو مزگەوتەکاندا بەهەمان شێوە لە حەوشەی ماڵەکانیشدا دروستکراون کە حەوشە لە بیناسازی ئیسلامیدا هێمایە بۆ رووبەری بەتاڵ "الفضاء الخالیة" و باخچەکانیش هێمان بۆ بەهەشت. لە قورئانی پیرۆزیشدا هەندێک جار وشەی "بەهەشت" بە باخچە هاتووە. وشەی "فیردەوس" لە شێوەزاری عەرەبەکانی ناوەراستی وڵاتی فارسدا ماناکەی یەکسانە بە "پەردیس" کە ئەویش بەمانای باخچە دێت، تێرمی "پەردیس"یش زۆر نزیکە لە وشەی "Paradise"ی زمانی ئینگلیزی کە بەواتای بەهەشت دێت.

لە رووی گرنگی و پلەبەندیەوە، دوای هونەری "بیناسازی-تشكیلي" کە بەدڵی هونەری ئیسلامی دادەنرێت، ئەو هونەرانە دێنە پێشەوە و نمایشی خۆیان دەکەن کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بەژیانی مرۆڤەوە و کاریگەری چاکیشیان هەیە لەسەر رۆحی مرۆڤ؛ ئەوانیش بریتین لە هونەری "رستن و چنین وەک چنینی فەرش و مافور" چەندین جۆری دیکەی رستن و چنین لەم شارستانیەتەدا بەرهەم هاتوون بەڵام دیارترینیان چنینی فەرش و مافورە کە لە ژیانی رۆژانەی موسڵماناندا رۆڵێکی سەرەکی هەبووە. جگە لەم هونەرەش، چەندین هونەری دیکە هەبووە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی رۆژانەی موسڵمانەکانەوە هەبووە و رۆژانەش وەک پێویستیەک بەکاریان هێناون ئەوانیش (کەلوپەلی خواردەمەنی وەک قاپ و دەفر و جام، چرا و فانۆس و...هتد).

دوابەدوای ئەم هونەرانەش، هونەرێکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش هونەری "جلوبەرگە" جا چ جلوبەرگی پیاوان بێت یان ژنان جیاوازی نیە ئەویش بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیانەوە. هەبوونی یەکیەتیش لەم هونەرەدا کاریگەری رۆحی داناوە لەسەر موسڵمانان، چونکە دوای جەستەی مرۆڤ، جلوبەرگ نزیکترین شتە لە رۆحی مرۆڤەکانەوە. هاوشێوەی هونەرەکانی دیکەش، چەندین مەرج لە لایەن شەریعەتەوە بۆ جلوبەرگ

دانراون کە گرنگترینیان بریتین لە (سادەیی و بێفیزی، ئاسانی لەکاتی پەرستشەکاندا بەتایبەتی لەکاتی دەست نوێژگرتن و ئەنجامدانی نوێژدا) ئەمانەش زۆرترین جوولەی لەشی مرۆڤیان تێدەکەوێت لەکاتی ئەنجامدانی پەرستشەکاندا. بەڵام خودی هونەر لە راستیەکی قوڵترەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەویش قورئانی پیرۆزە نەک شەریعەت. جلوبەرگی ژنانی موسڵمان، ژن بوون دوپات دەکەنەوە وەک رەگەزی مێینە، جلوبەرگی پیاوانیش جەخت دەکەنەوە لەسەر پیاو بوون وەک رەگەزی نێرینە، ئەم دووانەش پێکەوە تیشک خستنەسەر شکۆی لاشەی مرۆڤە دەخەنەڕوو. هەردوو رەگەزەکەش (مێینە و نێرینە) جێنشینی خودا دەردەخەن لەسەر گۆی زەویدا.

لە رۆژئاوادا، هەموو ئەو هونەرانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانەوە هەیە بە هونەری "بچووک، ناگرنگ یان ناسەرەکی" دادەنرێن ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە هونەرە سەرەکی و گرنگەکان بریتین لە هونەری "پەیکەر و تابلۆ". بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە، ئەم دابەشکردن و پۆلبەندیەی هونەر بۆ "سەرەکی و ناسەرەکی یان گرنگ و ناگرنگ" لە هونەری ئیسلامیدا بوونی نیە کە ئەویش بناغەکەی لەسەر ئەوە داڕێژراوە کە رۆحی مرۆڤەکان زیاتر کاریگەری ئەو شتانەیان بە سەرەوەیە کە رۆژانە بەریەک کەوتنیان دەبێت و ئەزموونیان دەکەن وەک لەوەی کاریگەری پەیکەرێک یان تابلۆیەکیان بەسەرەوە بێت کە هەفتەی یەک رۆژ لە کڵێساکاندا یانیش لە مۆزەخانەکاندا ببینرێن و سەردانیان بکرێت.

لە هەرەمی هونەری ئیسلامیدا، ئەو هونەرانەی کە لە رۆژئاوادا بە هونەری ناسەرەکی یان ناگرنگ ناسراون، دەکەونە بەشەکانی سەرەوەی هەرەمەکەو وەکو هونەرگەلێکی مەزنیش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لێرەدا دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو، لە هونەری ئیسلامیدا هیچ جۆرە پۆلبەندیەکی هونەر بە مۆدێلە رۆژئاواییەکەی بۆ "گرنگ و ناگرنگ" جێی وەرگرتن نیە و بوونیشی نیە، بەتایبەتیش بۆ هونەرە جوانەکان کە لە دوای شۆڕشی پیشەسازیەوە پەرەسەندی زۆرتریان بەخۆوە بینیوە ئەویش بە جۆرێک ئامێرەکان جێگەی دەستی مرۆڤەکانیان گرتەوە، واتە مرۆڤەکان لەو سەردەمەدا، لە جیاتی ئەوەی لە دروستکردنی هونەرە جۆراوجۆرەکاندا دەستیان بەکاربهێنن ئامێریان بەکاردەهێنا. ئەمەش ئەو گۆڕانکاریە بوو کە بەسەر ژیانی مرۆڤەکاندا هاتوو مانایەکی نوێشی بە هونەر بەخشی بەجۆرێک وەک "دروستکردنی جۆرێکی تایبەتی شتومەک مامەڵە لەگەڵ هونەردا کرا نەک وەک هونەر" ئەمەش لە لاتینیدا پێی دەوترێت "دروستکردن" نەک "هونەرکردن". ئەو گۆڕانکاریەش کە لە رۆژئاوای مۆدێرندا ڕوویدا، بێگومان بەدەر نەبوو لە دانانی کاریگەری لەسەر جیهانی ئیسلامی بەجۆرێک چەندین زاراوەی نوێی هێنایە ناو زمانەکانیەوە وەکو (الفنون الجميلة، الصناعات الموستزرقة) لە زمانی عەرەبیدا و (هنرهای زیبا) لە زمانی فارسیدا. هەموو ئەو زاراوانەش وەرگیراون لە "Fine art"ی زمانی ئینگلیزی یاخود "Beaux-arts"ی فەرەنسیەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلامی کە بە مانای "هونەرە جوانەکان دێن".

سەرەڕای ئەوەی کە لە هەرەمی هونەری ئیسلامیدا هیچ ئاماژەیەکی دیار و بەرچاو بۆ هەریەک لە هونەری وێنەکێشان و پەیکەرتاشین نەکراوە، بەڵام پێویستە لێرەدا چەند وشە و رستەیەک لەسەر هەریەک لەو دوو هونەرە بوترێت. سەرەتا با لە هونەری پەیکەرتاشیەوە دەست پێبکەین، ئەم هونەرەش لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پێشتر ئاماژەیان بۆکرا هیچ رۆڵێکی گرنگی نەبینیوە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەو جۆرەی کە لە هونەری شارستانیەتی "مەسیحی، بووزی، هیندۆسی یان کلتوری بلاک ئەفریقا" هەیە کە پەیکەرەکان رۆڵی سەنتەربوونیان پێبەخشراوە. بەڵام هونەری وێنەکێشان جیاوازە لە کەیسی هونەری پەیکەرتاشین چونکە لە کلتوری بەشێک لە وڵاتانی ئیسلامیدا، هونەری وێنەکێشان بەشێوەیەکی دیار بەرچاومان دەکەوێت بەتایبەتیش لە کلتوری (تورکی، فارسی، مەغۆلی)دا. لە نێوان وێنەکێش و نیگارۆکەکانی فارسیشدا چەندین هونەرمەندی بەتوانایان تێدا هەڵکەوتووە کە لە ئاستی جیهاندا ناوبانگیان هەبووە. شێوازی هونەری وێنەکێشانی ئەو هونەرمەندانەش زیاتر لەسەر کاغەز و کتێبەکان بووە وەک لەوەی لەسەر مادەکانی دیکە بوو بێت.

بەڵام لەچەند ناوچەیەکی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا ژمارەیەکی بەرچاو هونەرمەند هەبووە کە گرنگیان داوە بە رازاندنەوە و نەخشاندنی دیواری بیناکانیان بە وێنەی جۆراوجۆر بەتایبەتیش لەسەر دیواری (خانەکان، حەمامەکان، کۆشکەکان). ئەو وێنانەشی کە لەسەر دیواری بیناکان نەخشێنراون، وێنەی

**جوان نووسینی قورئان" هێمان بۆ جیهانی خودا، "هونەری بیناسازی مزگەوتەکان" (فضاء) دروست دەکات بۆ وشە و ئایەتە قورئانیەکان**

ئاڵۆز نەبوون هاوشێوەی ئەو نموونانەی کە لە لایەن هونەرمەندە موسڵمانە بەتواناکانەوە دواتر کێشراون. هۆکاری دروستکردنی وێنەی سادەش لەسەر دیواری بیناکان بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە لەو سەردەمەدا پێیان وابووە کە ئەو بینایانە شوێنی گشتین و پێویستب ە وێنەی ئاڵۆز ناکەن. بەڵام دواتر لەسەدەی شازدەهەمدا لە سەر دیواری کۆشکەکان کۆمەڵێک وێنەی زۆر نایاب دەرکەوتن، هەندێک لەو وێنانەش دەتوانرێت ببینرێن لەسەر دیواری بیناکانی ئەسفەهانی سەردەمی سەفەویەکاندا.

پێش ئەوەی بچینە سەر جۆرێکی دیکەی هونەری ئیسلامی، و باسکردنی هونەری "تشکیلی" بەجێ بهێڵین، پێویستە ئاماژەیەکیش بە هونەری "زەخرەفە و ئەندازە" بکەین کە پەیوەندیەکی باشیان هەیە بەو هونەرانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوەکرا. ئەم جۆرە هونەرەش بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری هونەر لەخۆدەگرێت ئەوانیش هونەری "نەخش و نیگاری ئەندازەیی" و هونەری "ئەرەبێسک"ن. لە دروستکردنی ئەو هونەرانەشدا چەندین

**تا چەند سەدەیەکیش، موسڵمانەکان ئەوەندەی گوێیان لە شیعر گرتووە، شیعریان نەخستۆتە دووتوێی کتێبەکانەوە**

ڕەنگی جیاواز بەکارهاتوون وەک نموونەی ئەو قورئانانەی کە لەسەردەمی مەملوکیدا نووسراونەتەوە یانیش ئەو گومەزانەی ئەسفەهان و سەمەرقەند کە ڕەنگی شین و زیوییان تێدا بەکارهاتووە. هەروەها هونەری "نەخش و نیگاری ئەندازەیی" بەشێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش لە کارخانە یان ژووری "وێنەکێشانی" شاری نیودەلهی و ئەسفەهان و چەندین ناوچەی دیکەی جیهانی ئیسلامیدا دەبینرێت. جیاواز لەو بینا نائایینیانە، هونەری نەخش و نیگاری ئەندازەیی لە چەندین بینای ئایینیشدا نەخشێنراوە لەوانە بینای مزگەوتەکانی شاری ئەستەمبوڵ، ئەمەش بە تایبەتی لەسەر ئەو ڕەگەزانەی بیناسازی مزگەوتەکان نەخشێنراوە کە بە خشت دروستکراون. هونەری نەخش و نیگاری ئەندازەیی لە زۆربەی بەشە جیاوازەکانی هونەری ئیسلامیدا بوونی هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە کە بە یەکێک لە هەرە دیارترین تایبەتمەندیەکانی هونەری ئیسلامی دابنرێت.

ئێستا دەچینە سەر جۆرەکانی دیکەی هونەری ئیسلامی چونکە وەک پێشتر باسی لێوەکرا هونەری ئیسلامی بەتەنها بریتی نیە لە هونەری "تشکیلی". ئەو جۆرەی هونەریش کە ئێستا دەمەوێت باسی لێوە بکەم بریتیە لە هونەری "بیستراو" ئەمەش بەتەنها بریتی نابێت لە مۆسیقا بەڵکو شیعریش لە خۆدەگرێت. چونکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا تاکو تێپەڕبوونی چەند سەدەیەکیش، موسڵمانەکان ئەوەندەی گوێیان لە خوێندنەوەی شیعر گرتووە، شیعریان وەک نووسراو نەخستۆتە دووتوێی کتێبەکانەوە. واتە لە باتی ئەوەی شیعر نووسراو بێت وتراو بووە و گوێی لێگیراوە نەک ئەوەی کەسێک لەناو کتێبێکدا بیخوێنێتەوە بەتەنها بۆ خۆی. ئەگەرچی لەڕووی تەکنیکیەوە خوێندنەوەی قورئان پێی ناوترێت مۆسیقا، بەڵام بەرزترین فۆرمی مۆسیقاش لە هەرەمی هونەرە بیستراوەکانی ئیسلامیدا بریتیە لە "خوێندنەوەی قورئان"بە زمانی عەرەبی.

جۆرێکی دیکەی هونەری بیستراو بریتی دەبێت لە "سروودە ئایینیەکان" و خوێندنەوەی "تێکستە پیرۆزەکان" و "سروودە ڕۆحیەکان" کە ئەمانەش ژیانی موسڵمانانیان هەر لە سەرەتای لەدایک بوونیانەوە تاکو مردنیان پێ دەورە دراوە. سروودە ئایینیەکانیش لە سەردەمی هاوچەرخدا دەتوانرێت لە زۆرێک لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامیدا بەدی بکرێن و گوێ بیستیان بین ئەویش لە ئاستێکی هونەری زۆر بەرزدا. ئەو سروودانەش لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی ئیسلامدا جێگەی گرنگی پێدان بوون بە تایبەتیش ئەو گۆرانی و سروودانەی کە ستایش و پیاهەڵدانبوون بەسەر پەیامبەری ئیسلام "محمد"دا هەروەها ئەوانەشی کە

سرودی صۆفیگەری بوون جێگەی بایەخ بوون بەجۆرێک کە ئەم فۆرمەی هونەری ئیسلامی پڕبووە لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ "پەروەردگار" و پەیامبەرەکەی. ئەمانەش هەموو بە جۆرێک لە جۆرەکان کارکردن بووە لەسەر گەورەکردنی رۆح و هەروەها بەدەمەوە بوونی رۆح بووە.

هونەری مۆسیقای کلاسیک لە چەندین ناوچەی جیاوازی شارستانیەتی ئیسلامیدا هەبووە و سەردەمانێکیش کاریگەری زۆری داناوە لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانە، گرنگترین ئەو ناوچانەش بریتی بوون لە ناوچەی (فارس، تورک، باکووری هیندستان، سانتانێس لە جاڤای ئەندۆنیسیا). زۆربەی ئەو سرودە رۆحی و مۆسیقا سونەتیانەش لە لایەن ئەو کەسانەوە دەوتران و دەژەنران کە سەر بە یەکێک لە تەریقەتەکانی صۆفیگەری بوون، وەک ئەوەی کە بەدیدەکرێت لە تەریقەتی "مەولەویە" لە سەردەمی عوسمانیەکاندا، کە ئەمانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری هونەری مۆسیقای سەردەمەکانی پێش خۆیانیان لەسەر بووە. هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە کە قوتابخانە میوزیکیە جۆراوجۆرەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دیوێکی رۆحی قوڵیان هەبێت و هەندێک جاریش ئەو قوتابخانانە لە لایەن صۆفیەکانەوە بەڕێوە ببرێن. گرنگترین نموونەی ئەو گۆرانی و مۆسیقایانەش بریتین لە هونەری بیستراوی "قەوالی" ناوچەکانی پاکستان و جیاواز لە مۆسیقا و سرودی ئایینی، چەندین جۆری دیکەی مۆسیقا لە هونەری مۆسیقای ئیسلامیدا هەیە کە پەیوەندیان بە پیشە جۆراوجۆرەکانەوە هەیە، گرنگترینیشیان بریتین لە (مۆسیقای سەربازی، مۆسیقای تایبەت بە رستن و چنین، مۆسیقای کارکردن لە بینا دروستکردندا، مۆسیقای تایبەت بەو کەسانەی کە لە لادێکاندا خەریکی کشتوکاڵکردن بوون). هەموو ئەم جۆرە جیاوازانەی مۆسیقاش بناغەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ هونەری ئیسلامی یاخود سەر بە پۆلی هونەری ئیسلامی ترادیشنەڵن کە ئەوانیش وابەستەی رێسا و بەها ئیسلامیەکانن.

بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا، لەناو هەندێک لەو موفەسیرانەدا کە وابەستەی وەرگێڕانی وشە بە وشەی "تەرجومەی حەرفی" دەقەکانن هەمیشە بانگەشەی ئەوەیان کردووە "مۆسیقا لە ئیسلامدا شتێکی رێگە پێنەدراوە و لە هەمان کاتیشدا دژە دینە". ئەم بۆچوونەش، لەسەردەمی نوێدا لەناو زانا فەندەمێنتەڵەکاندا کاری پێدەکرێت و بەتەواویش هونەری مۆسیقا و گۆرانی بەرپەرچ دەدەنەوە و پێشیان وایە هیچ جۆرە هونەرێکی لەم جۆرە لە ئیسلامدا جێگەی نابێتەوە. دیارە بۆچوونی ئەو زانایانەش هەڵەیە و بەو جۆرەش نیە کە ئەوان باسی لێوە دەکەن و لێی تێگەشتوون، چونکە لەم ئایینەدا ئەو جۆرانەی مۆسیقا رێگە پێنەدراون کە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبەن و ئارەزووەکانی مرۆڤیش بەرەو خراپبوون دەجولێنن. بەڵام ئەمەش نابێت وابکات لە موسڵمانان کە گشتاندن لەم بابەتەدا بکەن و پێشیان وابێت کە هەموو جۆرەکانی مۆسیقا نادروست و رێگە پێنەدراون. ئەگەر ئەمە بەو چەشنە بووایە کە ئەو پۆلە لەو زانا فەندەمێنتەلانە بۆی دەچن، شارستانیەتی ئیسلامی نەیدەتوانی مۆسیقایەکی ترادیشنەڵی بەو چەشنە بەرهەم بهێنن بەجۆرێک کە خودی پەیامبەری ئیسلام گوێی لە مۆسیقا رێگەپێدراوەکان گرتووە لەوانەش مۆسیقای تایبەت

بە ئاهەنگی هاوسەرگیری و هەروەها گوێشی لە گۆرانی تایبەت بە کاروانچیەکان گرتووە.

ئێستاش پێویستە چەند شتێک سەبارەت بە هونەری هۆنراوە "شیعر" ئاماژە پێبکەین ئەگەرچی ئەم هونەرەش زۆر زیاتر لەم بابەتەی ئێمە هەڵدەگرێت. هەروەها گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین "هۆنراوە هۆنینەوە" بابەتێکی سەرەکی بووە لە ژیانی موسڵماناندا بەجۆرێک دەتوانرێت بە ئاسانی لەناو هەموو ئەو کلتورە جۆراوجۆرانەی کە ئیسلامیان پەسەندکردووە ئەم هونەرە بەدی بکرێت و رۆڵێکی باشیش لە ژیانیاندا بگێڕێت. ئەو جۆرە هۆنراوەیەش کە ئێمە مەبەستمانە بریتیە لەو هۆنراوانەی کە لە رووی ئایینی و رۆحیەوە پێگەیەکی تایبەتیان لە هەرەمی هونەری ئیسلامیدا هەبووە.

دانانی "هۆنراوە"ش لە پۆلی هونەرە پیرۆزەکان و هەرەمی هونەری ئیسلامیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانەی کە خودی قورئان بەکاریهێناوە کە جۆرێک لە رەوانبێژی و تەنانەت تۆنی مۆسیقیشی تێدا بەدیدەکرێت، هەر ئەمەش وایکردووە لە قۆناغە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامیدا لە کاتی خوێندنەوەی قورئان و شیعردا مۆسیقا نەژەنرێت. وشەی هۆنراوەش راستە لە قورئاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگەی ئەوەی کە هۆنراوە لە ئیسلامدا رێگە پێنەدراو بێت، هۆکاری بەکارنەهێنانی وشەی هۆنراوەش لە قورئاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت ئەوانیش:

١- لە سەردەمی پێش ئایینی ئیسلامدا، عەرەبەکان گرنگیەکی زۆریان بە هۆنینەوەی هۆنراوە داوە و هەر ئەمەش وایکردووە هۆنراوە پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆوە ببینێت. دیارە هۆنراوەکانی ئەو سەردەمەش دووربوون لە وتنی راستیەوە یان کەمترین ئاماژەی راستیەتیان تێدابووە ئەم فۆرمە لە هۆنراوەکانیش پێچەوانە هاتوونەتەوە لەگەڵ بناغەی هونەری ئیسلامیدا کە "راستیەتی" مەرجی سەرەکی بوونیەتی. ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی وشەی هۆنراوە لە قورئاندا بەکارنەهێنرێت.

٢- هۆنراوەی عەرەبەکانی سەردەمی پێش دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام پڕبوون لەو بابەتانەی کە پەیوەندیدار بوون بە "غەیبەوە". ئەمەش لە تێڕوانینی ئیسلامدا هەڵەیە چونکە ئەو کەسەی کە تەنها ئاگاداری "غەیبە" پەروەردگارە "اللە" نەک شاعیر. ئەمەش بوو بە هۆکارێکی دیکە کە وشەی هۆنراوە لە قورئاندا نەبینرێت.

ئەو موسڵمانانەش کە "شاعیر" بوون ئاگادارکراونەتەوە لە وتن و هۆنینەوەی هۆنراوەی هاوشێوەی عەرەبەکانی سەردەمی نەفامی، بەڵام دواتر و لە قۆناغەکانی داهاتووی ئەم شارستانیەتەدا هۆنینەوەی هۆنراوەی هاوڕێک لەگەڵ رێسا و یاساکانی ئیسلامدا بووە شتێکی ئاسایی و دیاردە لەناو کلتورە جیاوازەکاندا بەجۆرێک لەناوچە جیاوازەکانی ئەم شارستانیەتەدا شاکاری ئەدەبی و هۆنراوەی گەورە و دانسقە بەرهەمهاتن. لەکاتی هۆنینەوەی هۆنراوەکاندا موسڵمانەکان رەچاوی رێساکانی شیعریان کردووە و لە ئاستێکی رەوانبێژی بەرزدا هۆنراونەتەوە.

قورئانی پیرۆزیش لە بەرزترین ئاستی رەوانبێژیدا لە لایەن پەروەردگارەوە رەوانەی مرۆڤایەتی کراوە کە زۆرجار لە زمانی عەرەبیدا بە "هۆنراوەی باڵا" ناسراوە و وەسفکراوە، بەڵام

قورئان بەراورد ناکرێت لەگەڵ هۆنراوەی مرۆڤەکاندا ئەمە ئەگەرچی لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامدا چەندین کەس هەوڵی ئەوەیان داوە کە هاوشێوەی قورئان هۆنراوەکانیان بهۆننەوە بەڵام دواجار نەیانتوانیوە لەو کارەیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

لەو ناوچە و کلتورانەشدا کە ئایینی ئیسلامی تێدا بڵاوبووەتەوە، هۆنینەوەی هۆنراوەش بڵاوبووەتەوە و بووەتە شتێکی ئاسایی. لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە هۆنینەوەی هۆنراوە تەنها تایبەتەت نەبووە بە عەرەبەکانەوە بەڵکو لە کلتورە جیاوازەکانی وەک (هیندی، پەنجابی، تورکی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی) و تەنانەت زمانە ئەفریقیەکانی وەک (سەواحلی)دا هۆنراوە هۆنراوەتەوە. ئێمە لە رێگەی هۆنراوەکانەوە دەتوانین بۆچوون و کلتوری ئیسلامی ناوچە جیاوازەکانی شارستانیەتی ئیسلامی شارەزا ببین چونکە بەشێکی زۆری کلتورە جیاوازەکان هۆنراوەکانیان کردووەتە دەلاقەیەک بۆ ئەوەی (هونەر و کلتور و رەوشت و ئایینزانی و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە مێتافیزیک)ی تێدا پیشانی ئەوانی دیکە بدەن ئەمە لە لایەک. لە لایەکی دیکەوە، هۆنراوە هۆکارێکی باشی فێرکردن بووە لە خوێندنگە ئیسلامیەکاندا، واتە قوتابیانی قوتابخانە ئیسلامیەکان لە رێگەی هۆنراوەکانەوە فێری زانست و زمانیش بوون.

لەم شارستانیەتەشدا، هۆنراوە تەنها یەک جۆری نەبووە بەڵکو لە چەندین جۆر پێکهاتووە لەوانە هۆنراوەی (لاوانەوە، زانستی، گۆرانی، لاوک و...هتد) ئەمانەش لەڕووی ئایینەیەوە گرنگی تایبەتیان هەبووە. ئەو زمانە

**هۆنراوەی ترادیشنەڵی صۆفیگەری لە توانیویەتی چەندین کەسایەتی گەورە بەرهەم بهێنێت**

ئەدەبیەش کە صۆفیەکانی فارس هۆنراوەیان پێ نووسیووە، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانەی ئەدەبی لە ئاسیادا، هەروەها رۆڵێکی باشیشیان گێراوە لە بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامدا لەو ناوچانەدا بەتایبەتیش لە ناوچەکانی (هیندستان و تورکیادا).

هۆنراوەی ترادیشنەڵی صۆفیگەری لە لای فارسەکان توانیویەتی چەندین کەسایەتی گەورە و گرنگ بەرهەم بهێنێت لەوانەش (مەولانای رۆمی و حافیزی شیرازی). وەرگێڕانی هۆنراوە و بەرهەمەکانی مەولانای رۆمی بۆسەر زمانی ئینگلیزی یەکێکە لە پڕفرۆشترین بەرهەمە هونەریەکان لە جیهان بە گشتی و باکووری ئەفریقا بەتایبەتی، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرهەمەکانی مەولانا زیاتر گەردوونین وەک لەوەی تایبەت بن بەناوچەیەکی دیاریکراوەوە. گەردوونی بوونی بەرهەمەکانی مەولاناش وایکردووە بابەتەکانی بەتەنها تایبەت نەبن بەو سەردەمەی کە خۆی تێیدا ژیاوە بەڵکو ئەمە وایکردوو بەرهەمەکانی هەمیشە بەزیندوویی بمێننەوە و لە هەموو سەردەمێکدا

**یەکێك لەو شتە زۆرگرنگ و رۆحیانەی کە ئێمە ناتوانین لە هونەری ئیسلامیدا لە بیری بکەین بریتیە لە هۆنراوە "شیعر"**

مرۆڤەکان سوودی خۆیانی لێوەربگرن.

هاوشێوەی مەولاناش، حافیزی شیرازی بەکارە هونەریەکانی کاریگەریەکی زۆری لەسەر جیهان بەگشتی و جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی دانا لەوانەش (ئەفغانستان و تاجیکستان) چونکە خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە شارەزایەکی باشیان لە زمانی فارسیدا هەیە. دواتر و لەسەدەی نۆزدەدا بەرهەمە هونەریەکانی "حافظ" رۆڵێکی کاریگەریان گێڕاوە لە هیندستان و ناوچەکانی ژێر فەرمانڕەوایی عوسمانیدا. ئەو رۆڵە کاریگەرەی "حافظ" و گرنگی هۆنراوەکانی وایکردبوو کە دیوانە شیعریەکەی لە زۆربەیماڵە موسڵمانەکاندا (ئەوانەی شارەزای زمانی فارسی بوون) لە دوای قورئانەوە لە ماڵەکاندا دابنرێت و بوونی هەبێت.

لێرەدا دەگەینە ئەو خاڵەی کە بڵێین، یەکێک لەو شتە زۆرگرنگ و رۆحیانەی کە ئێمە ناتوانین لە هونەری ئیسلامیدا لە بیری بکەین بریتیە لە هۆنراوە "شیعر" بەتایبەتیش هۆنراوەی صۆفیەکان چونکە شاعیرانی ئەو فۆرمە لە هۆنراوە هەمیشە هەوڵیانداوە هاوشێوەی قورئان پەیامەکانیان گەردوونی بن تاکو هەموو مرۆڤە خاوەن رۆح زیندووەکان بتوانن لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا بەشی خۆیانی لێوەربگرن و نەفەسێک بە رۆحیان بدەن.

لە کۆتاییدا و پێش بەجێهێشتنی ئەم گفتوگۆیەیی "هونەری ئیسلامی"، بە پێویستی دەزانم چەند شتێکیش سەبارەت بە "هونەری نمایشکردن" بخەمەڕوو ئەگەرچی ئەم هونەرەش بەشێوەیەکی دیار لە پلەبەندی و هەرەمی هونەری ئیسلامیدا دەرناکەوێت وەک ئەوەی کە لەلای هەندێک لە هونەری ئایینەکانی دیکەی وەک "هیندۆسی" دەردەکەوێت. جگە لەو هونەرانەی کە لەسەرەوە باسکران، شارستانیەتی ئیسلامی دوو جۆری دیکەی هونەری بەرهەمهێناوەکە هەم گرنگی ئایینیان هەیە و هەمیش گرنگی رۆحیان هەیە، ئەوانیش بریتین لە هونەری "سەما" و هونەری "شانۆ". ئایینی ئیسلامیش هیچ کام لەو هونەرانەی لە ئایینەکانی دیکەوە وەرنەگرتووە بەتایبەتیش ئایینی "هیندۆسی" کە لە پەرستگاکانیاندا سەمای رۆحی تایبەت بەخۆیانیان هەیە کە ئەویش ناسراوە بە سەمای "بەهارات ناتیام"کە یەکێکە لە هونەرە سەنتەریەکانی ئەو ئایینە.

هونەری سەماکردن لە شارستانیەتی ئیسلامیدا هاوشێوەی هونەرەکانی دیکە بوونی هەبووە و بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو شارستانیەتەش گەشەی سەندووە بەتایبەتیش لای صۆفیەکان زیاتر رەنگی داوەتەوە. ئەو هونەرەش زۆرجار لە شوێنە تایبەتەکاندا ئەنجامدراوە و مرۆڤەگەلێکی تایبەتیش بینەری ئەو نمایشەبوون و خەڵکە عامەکە بۆیان نەبووە

بینەری ئەو هونەرە بن، واتە بەتەنها تایبەت بووە بە ئەندامان و موریدانی شێخ و صۆفی و تەریقەتەکان. بەڵام ئێمە ناتوانین ئەمە بگشتێنین بەسەر هەموو تەریقەتەکاندا چونکە لە تەریقەتی مەولەویدا "سەماکردن و حاڵ"ی موریدەکان هەرکەس بیویستایە "موسڵمان و ناموسڵمان" دەیتوانی لە نزیکەوە بینەری ئەو هونەرە بێت. ئەو رۆژئاواییانەش کە لە نزیکەوە هونەری سەماکردنیان بینیوە ناویان لێناوە "سوورانەوەی دەروێش و صۆفیەکان" چونکە لەم جۆرە سەماکردنەدا سوورانەوە "بەتایبەتیش سوورانەوەی موریدەکان بەدەوری خۆیاندا" دەورێکی سەرەکی هەیە بەجۆرێک صۆفی و دەروێشەکان دەگەنە حاڵەتێکی رۆحی بەرز کە مەبەست لێی لە خودا نزیکبوونەوەیە، واتە هونەری سەماکردن هونەرێکی رۆحیە و ئامانج لێی گەورەکردنی رۆح و لە خودا نزیکبوونەوەیە.

سەبارەت بە هونەری شانۆش، ئەوە روونە و دەشزانرێت کە ئایینی ئیسلام بنەماکەی لەسەر "شانۆ" نەوەستاوە لە نێوان مرۆڤ و خودادا، سەرەڕای وەرگێڕانی چەندین بابەتی تایبەت بە شانۆ کە لە زمانی یۆنانیەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاون لە سەدەکانی "هەشت و دەی زایینی" هیچ جۆرە شانۆیەکی ئایینی لەم جۆرە و هاوشێوەی ئەوەی کە لە یۆنانی کۆن و هیندستاندا هەیە لە هیچ قۆناغێکی شارستانیەتی ئیسلامدا دەرنەکەوتووە. تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێک لە موسڵمانەکان گرنگیەکی کەمیان لە رێگەی نووسینەوە بەو لایەنەی کلتور و ئایینی یۆنانیەکانداوە. لەناو موسڵمانە شیعەکاندا فۆرمێکی شانۆیی ئایینی دەرکەوت کە بنەماکەی لەسەر شەهیدکردنی یەکێک لە کچەزاکانی پەیامبەری ئیسلام بەناوی "حسێن"ەوە وەستابوو. ئەو شانۆ ئایینیەش ساڵانە لە شاری (کەربەلا-عێراق) بەڕێوە دەچێت و لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (Passion plays) واتە (پرسەگێڕان یان تەعزییە) چونکە لێکچوونێک لە نێوان پرسەی مەسیحیەکان بۆ مەسیح و موسڵمانە شیعەکان بۆ حسێندا هەیە. ژمارەی بەشداربووانی ئەو شانۆ ئایینیەش ساڵانە روو لەناو شیعەکاندا بەتایبەتیش لەناو شیعەکانی ئێران و هیندستاندا لە بەرزبوونەوەدایە.

ئێستا پێویستە ئەوە روون و رۆشن بێت کە هونەری ئیسلامی، لە هەموو شوێنێک و کایەکی شارستانیەتی ئیسلامیدا بوونی هەبووە. هەروەها هیچ جیاوازیەکیش نەکراوە لە نێوان هونەری (پیرۆز و ناپیرۆز، ئایینی و نائایینی، هونەر و پیشە جۆراوجۆرەکان) هەروەک ئەوەی کە لە رۆژئاوادا دەبینرێت. واتە هەوڵدراوە هەموو جۆرەکانی هونەری ئیسلامی بەجۆرێک کار لەسەر ناوەوەی مرۆڤ بکەن و بەرەو نزیکبوونەوە لە خودا بیجوڵێنن. لە زمانی عەرەبیدا ئەو وشەیەی کە لە بەرانبەر (Art) دادەنرێت بریتیە لە (الفن) کە بە واتای (هونەر) دێت، لە شارستانیەتی ئیسلامیشدا هەموو شتێک هونەر (الفن)ی تایبەت بەخۆی هەبووە. قوڵتر بڕۆین و بڕوانین هەموو پیشەیەک لەم شارستانیەتەدا کە ئەنجامدراوە بەگوێرەی هونەرێک کراوە و دیوێکی هونەری هەبووە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە فەیلەسوفی گەورەی ئەم بوارە (ئەناندا کۆماراسوامی) بڵێت "جیاوازی کۆمەڵگەی تراديشنەڵ و کۆمەڵگەی مۆدێرن لەو خاڵەدایە

کە هونەرمەند لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بە کەسێکی دیاریکراوی ئەو بوارە دەوترێت، بەڵام لە کۆمەڵگە ترادیشنەڵەکاندا هەموو مرۆڤێک بۆ خۆی هونەرمەندێک بووە". ئەم بۆچوونەی کۆماراسوامیش سەبارەت بە کۆمەڵگەی ترادیشنەڵی ئیسلامی تەواو راست و دروستە چونکە موسڵمانەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەمووی بەجۆرێک لە جۆرەکان هونەرمەند بوون.

پێش ئەوەی "مۆدێرنە" پەلاماری جیهانی ئیسلامی بدات کە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردن و بەرزبوونەوەی ژمارەی داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی لەلایەن ئەوروپییەکانەوە لە سەدەی حەڤدەدا، موسڵمانان لە ژینگەیەکدا دەژیان و هەناسەیان دەدا کە پەیامە رۆحیەکەی هونەری ئیسلامی لە هەموو شوێنێکی ئەو شارستانیەتەدا ئامادەگی هەبووە. ئەو رووبەرە زەویانەی چ لەشار یان لادێکاندا کە موسڵمانەکان تەرخانیان کرد بوو بۆ ژیانیان هەمووی بەجۆرێک لە جۆرەکان پاراو کرا بوو بە زایەڵە و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

بینا جۆراوجۆرەکانی شارستانیەتی ئیسلامی وەک (مزگەوتەکان، کۆشکەکان، بازاڕەکان، کاروانسەراکان.....هتد) پەیوەندیان هەبووە بە پەیامە رۆحیەکەی قورئانەوە ئەمە لایەک. لەلایەکی دیکەوە، هەموو ئەو کەلوپەل و کەرەستانەشی کە رۆژانە بەدەوریدا کۆدەبوونەوە و بەکاریان دەهێنانبەجۆرێک لە جۆرەکان یادی خوای بەبیردەخستنەوە و وایکردبوو کە لە کارەکانی ژیانی رۆژانەشیاندا پەیوەندیان نەپچڕێت لەگەڵ خودادا، واتە "خودا لە هیچ شوێنێکی ئەو شارستانیەتەدا لە بیرنەکراوە". بۆ نموونە، ئەو جلوبەرگەی کە ژنان و پیاوانی موسڵمان دەیانپۆشی کاریگەری رۆحی لەسەر دادەنان. هەروەها ئەو مۆسیقایەی کە گوێیان لێدەگرت مۆسیقایەک بوو ئاسوودەیی دەبەخشی بە رۆحیان، هەموو ئەو هۆنراوانەشی کە دەیانخوێندنەوە یان لەبەریان دەکرد هەنگاوی پێ هەڵدەگرتن بەرەو راستیەتی و خودای تاقانە. تەنانەت ئەو وەرزشانەشی کە لەناو موسڵمانەکاندا باوبوون وەک (ئەسپ سواری و زۆرانبازی) تێکەڵکراوبوون بە هونەر و ئایین.

هاتن و لەدایکبوونی "مۆدێرنە" بووە هۆی لەناوبردن و تێکشکانی زۆرێک (گەر هەمووشی نەبێت) لەو ژینگە رۆحیەی کە موسڵمانان چەندین ساڵ بوو دروستیانکردبوو. هەر لە وێنە و تابلۆکانەوە بیگرە کە زۆربەیان بوونە سروشتی تا ئەوەی زۆرێک لە هونەرمەندە موسڵمانەکان دەستیانکرد بە چاولێکردنی جۆرە جیاوازەکانی هونەری وێنەکێشانی رۆژئاوایی. بیناسازی و هێڵکاری شارەکان بە تایبەتیش هەندێک لە شارە گەورەکان کارکردن بوو لەسەر چواندنیان بە شار و بیناسازی رۆژئاواییەکان، ئەم کۆپیکردنەی رۆژئاواش وایکرد کە بیناسازیەکی ناساز و ناشرین دروست ببێت لە شارە ئیسلامیەکاندا بەجۆرێک کە نەفەسی رۆحی لەشار و بیناسازی ئیسلامیدا مرێنرا. ئەم مۆدێلە رۆژئاواییەش ئێستا لە زۆرێک لە شارە ئیسلامیەکاندا دەبینرێت.

هەروەها ئەو مۆسیقا رۆژئاواییەی سەردەمی مۆدێرن کە موسڵمانەکانیش شوێنی کەوتوون دوورە لە سروشتە رۆحیەکەیەوە چونکە ئەو جۆرە لە مۆسیقا هەوڵدانە بۆ کەنارخستن

و پەراوێزخستنی هونەری کلاسیکی و قوتابخانە مۆسیقاییە ئیسلامیەکان. لە لایەکی دیکەوە، بەشێک لە شاعیرە موسڵمانەکانیش دەستیانکرد بە هۆنینەوەی هۆنراوەکانیان لەسەر شێوازی هۆنراوەی شاعیرە رۆژئاواییەکان بەجۆرێک یاساکانی هۆنراوە نووسینیان شکاند و دەستیانکرد بە نووسینی "شعر الحر". تەنانەت ئەو جلوبەرگەی کە موسڵمانەکان لە سەردەمی پێش مۆدێرنەدا دەیان پۆشیگۆڕدرا بۆ جلوبەرگی رۆژئاوایی و هیچ کاریگەریەکی رۆحی لەسەر موسڵمانان دانەدەنا. لەوانەیە کەسێک یان نووسەرێکی دیکە زۆرتر بنووسێت لەم بوارەدا، بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستبوو ئێمە لەسەر "هونەری ئیسلامی" ئاماژەی پێبکەین ختسمانەڕوو کە لەناوبردنی پەیامە رۆحی و هونەریەکەی شارستانیەتی ئیسلامی هەمووی بەهۆی مۆدێرنەوە بووە کە ئەویش بەمانای "بە رۆژئاواییکردن" دێت.

بەئاگابوون لە تێکشکان و لەدەستدانی ئەم لایەنەی کلتور و شارستانیەتی ئیسلامی گرنگە، هەروەک ئەوەی کە کاردەکرێت بۆ کورتکردنەوە و لەناوبردنی یاسا ئیسلامیەکان و بە عەلمانیکردنی بیروبۆچونی موسڵمانان. بەشێکی باش لە زانا و بیرمەندە موسڵمانەکان لەسەردەمی هاوچەرخدا زۆر بەخەمی چارەسەکردنی بابەتە "فیقهی"ەکان و شەریعەتی ئیسلامیەوەن. بەڵام بێگان لەوەی کە گرنگترین و سەرەکی ترین شت لە کلتوری ئیسلامیدا بریتیە لە هونەر و ئەو پەیامە رۆحیەی کە پێیەتی بۆ مرۆڤایەتی. لەماوەی ساڵانی رابردوودا هەندێک نیشانەی دڵخۆشکەر و هەوڵی جیدی دراون بۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی هونەری ئیسلامی ئەویش لەچەند فۆرمێکی جیاوازدا، بەتایبەتیش لە بواری هونەری "بیناسازی و جوان نووسیندا" کە هەندێکیان ماونەتەوە و هەندێکیشیان لەلایەن هێزە وێرانکەرەکانەوە لەناوبراون.

لەکۆتاییدا، دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین تەنها ئیسلامی ترادیشنەڵ دەتوانێت ئەرکە بەجێ بگەیەنێت و سەر لەنوێ رێسا و یاساکانی هونەری ئیسلامی دابڕێژێتەوە بە جۆرێک کە ژینگەیەکی وا دروست بکات هەموو تایبەتمەندیەکانی هونەر بە پەیامە رۆحیەکەیەوە لە ژیانی تاک بە تاکی موسڵماناندا نمایش بکات.

کارزان ئەحمەد



# هونەر و مەعنەویەت
# "هونەری ئیسلامی، وەک نموونە"

**(کتب الله الاحسان علی کل شیء) فەرمودەی پێغەمبەر د.خ**

**"مەعنەویەت لەگەڵ ژیان و پراکتیزکردنە، نەوەک زانیاری و خوێندنی دەرەکی" تۆماس میرکۆن**

**دەروازەیەک:**

بە "ب" (بسم للە) دەست پێدەکەین وەك پیشەیەکی نەریتی کە هەموو شتەکان لەوە دەست پێدەکات، هەر بە ئەویش کۆتاییان دێت، بە زاراوەیەکی تر خودا سەرچاوەی هونەر و مەعنەویەتە. هەر بۆیە بابەتی هونەر و مەعنەویەت بابەتێکی خودی و کەسی نیە، بەڵکو، پێویستیەکی گەردوونی مرۆییە و مرۆڤ لە خودی خۆیدا ناتوانێت بەبێ ئەم بابەتانە درێژە بەژیانی بدات. روونە بەپشتگوێ خستنی خۆمان دووچاری نائومێدی و بێ هیوایی دەکەین و خۆمان دەخەینە نێو بیابانی رۆحی، ئەوسا هیچ هیوایەك نابیت بۆ دۆزینەوەی رێگەی گەڕانەوە بۆ ماڵی رەسەنی رۆحمان(١). ئەوەی لە عیرفاندا بە بنچینەی یەکەم (ماڵی رەسەن)ی خۆمان ناودەبرێت.

مەولانا گوتەنی: "ئێمە لە نێو دەریای نەبینراوی خودادا بووین و یەکبووین، بەڵام ئێستا دڵۆپی وجودمان تکاوەتە سەر بیابانی وشك و جیهانی وەهمی بێ رۆح، بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی یەکەم، (دەریای ئیلاهی) پێویستمان بە هونەر و مەعنەویەتە بۆ ئەوەی ژیانێکی رەسەن و راستەقینە بژین و لە ژیانی وەهم و جودایی رزگارمان بێت"(٢).

مەولانا چیرۆکی بوونی مرۆڤ لە ڕێگەی سمبولی "نەی"، باس لە تراژیدیای ڕۆحی مرۆڤ دەکات. بە گوتەی مەولانا بێت، تاکە ڕێگر لە بەردەم ئەم گەڕانەوەیە خودی خۆمانین "نفس- Self". بۆ لابردنی ئەم ڕێگرە کە (خود) ە، پێویستە بە عیشقی ئیلاهی پوختەی بکەین. بە زاراوەی عاریفەکان مەقام بە مەقام، تاوەکو مولاقاتی خودا بەرز ببینەوە، ئەو کاتە دەتوانین ئەو یەکبوونە بەدەست بهێنین، کە دەبێتە سەرچاوەی گشت داهێنانێک لە مرۆڤدا لەوانەیش "هونەر".

هونەر چیە؟ جێکەوتەکانی چین؟ مەعنەویەت چیە؟ کاریگەریەکانی لەسەر مرۆڤ چین و... هتد، پێش ئەوە بڕۆینە سەر باس و خواستی بابەتەکە لەمەڕ "هونەر و مەعنەویەت" چەمکەکان ڕوون بکەینەوە، پاشان بە نموونە لە هونەری ئیسلامی و هونەرەکانی تر بە درێژایی مێژووی هونەر، بە گرنگی دەزانم جارێ هەڵوێستە بکەین لەسەر تێگەیشتنی جیهانی ئیسلامی لەتەك هونەر و فەلسەفەی هونەری ئیسلامی، دواجار کەشفی ئەو پێشگریمانەیە بکەین کە ئەم جۆرە تێگەیشتنانە بەرهەم دەهێنێت. لەمەوە ئەگەر گونجاو بێت پێشگریمانەیەکی تر بخەینە بەردیدە، وەك ئەڵتەرناتیڤیك بۆ تێگەیشتن لە هونەر و هونەری ئیسلامی و فەلسەفەی پشت ئەم ڕەهەندە مەعریفیە گەورەیەی کە یەك لەسەر سێی عیرفانی ئیسلامی پێکدەهێنێت.

ئەگەر بە چاوێکی تر و عەقڵیەتێکی زرنگانەتر بڕوانینە هونەری ئیسلامی، دەبینین ئەم بابەتە هەمیشە لە دوو دیدگاوە تەماشاکراوە، بە بڕوای ئێمە کەمهێنانێکیان تێدایە بۆیە پێویستمان بە ڕەهەند و دیدگایەکی سێیەم هەیە بۆ کەشفی قووڵی بابەتی هونەر و کلتوری ئیسلامی ،بە گشتیش ئەو دوو دیدگایەش بریتین لە:

١. شەریعەت.

٢. فەلسەفەی مەشائی.

دیدگای یەکەم: زۆربەی بیریاران و هونەرناسی شارستانیەتی ئیسلامی هەر کاتێک هونەر بۆیان بوو بێتە بابەتی بیرلێکردنەوە، ئەوە هەمیشە لە چاویلکەی "شەریعەت- فقهە"وە لێیان ڕوانیوە ویستوویانە بزانن تا چەند گونجاوە لەگەڵ بنەماکانی ئەو شەریعەتە و گرفتەکانی چین بۆ موسڵمانان . بەڵام لە ڕاستیدا شەریعەت بۆ ئەوە هاتووە تاوەکو پێمان بڵێت چۆن و چی بکەین نەوەکو چۆن بەرهەم بهێنین(٣).

گرفتی "حەرام و حەڵاڵ"ی بابەتی هونەریش هەر لەم دیدگایەوە هاتووە، کە دواجار دەرئەنجامەکەی بە زیانی هونەر و موسڵمانان شکاوەتەوە و بێئاگا لەوەی کە ئایین بەبێ هونەر ناتوانێت درێژە بە خۆی بدات و دەرئەنجامی ئەخلاقی و مەعنەوی ببێت. لە گۆشەیەکی تریشەوە هونەر ڕۆحی گشت شارستانیەتەکان بووە و هەروەها زیندویێتی پێبەخشیون. دەکارێ ئەوەش بوتریت ئەم گرفتە تایبەت نەبووە بەتەنها بە هونەرەوە، بەڵکو بۆ فەلسەفە و زانستەکانیش هەر ڕاست بووە. هەتاوەکو فەلسەفەی یۆنانی بەر شەن و کەوی بیریاران نەکەوتووە نە هێنراوەتە نێو کۆنتێکستی فەلسەفی ئایینی ئیسلامەوە.

لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە



کە بۆ زۆربەی شتەکان چی بکرێت و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام بۆ هونەر هیچ ئاماژەیەك نیە، کە چۆن هونەر بکرێت. عاریف و بیریاری ئیسلامی "تیتۆس بوکهارت" دەبێژێت:" لە قورئاندا هیچ ئایەتێک نیە ئامۆژگاریمان بکات، چۆن چۆنی هونەر بکەین"(٤).

ئەگەرچی "بوکهارت" ئەم ئاماژە نەکردنە بە حیکمەتی ئیلاهی دەزانیت، چونکە باوەری وەهایە کە سەرچاوەی هونەرکردن خەیاڵ "Imaginations" و خودایش نایەوێت خەیاڵمان سنووردار بکات و مەرج لەسەر توانا و لێهاتوویی مرۆڤ دابنێت. هەر لەم سۆنگەیەوەیە، قورئاننناسی کورد مامۆستا "ناصری سوبحانی" دەفەرمویێت: "هیچ دەلیلێک بوونی نیە، لەسەر نەکردن (حەرام)ی خودی هونەر"(٥). بە رستەیەك مەبەستەکەمان روون بکەینەوە ئەوەیە کە هەرکات لەسەر بابەتی هونەر گفتوگۆ کرابێت، ئەوا لە دیدی شەریعەتەوە سەیرکراوە، بیریارانی موسڵمانان بە چاویلکەی (فیقهە) وە لە هونەریان روانێوە و هەر بۆیە لە چەندین رەهەندی دیکەوە کەوتوونەتە نێو کەمهێنان و خوێندنەوەی نادروستەوە و نەیان توانیوە بیپێکن.

دیدگای دووەم: بیریاران و هونەرناسان لە رۆژئاوا هەرکات لە هەمبەر کاری هونەری ئیسلامی لێکۆڵینەوەیان کردبێت لە باشترین حاڵەتدا لە دیدگای فەلسەفەی ئیسلامیەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە، فەلسەفەی ئیسلامیشیان لە فەلسەفەی مەشائیدا کورت کردۆتەوە. ئەمەش دووچاری کەمهێنان و ناتەواوی کردون لە ئاست

**هونەر و مەعنەویەت بابەتێکی خودی و کەسی نیە، بەڵکو، پێویستیەکی گەردوونی مرۆییە**

کەشفی دیوە قوولّ و ناوەکیەکەی هونەری ئیسلامی. فەلسەفەی مەشائی بە دیدی ئەوان وەرگیڕانی فەلسەفەی یۆنانی و بە تەنها ئیشی دەلیل هێنانەوە و عەقڵکاری بووە. گواستەنەوەی فەلسەفەی ئەرستۆ بووە لە رێگەی "کیندی، فارابی، ئیبن سینا و ئیبن روشد". بەڵام بیئاگا لەوەی لەنێو فەلسەفەی ئیسلامیدا، فەلسەفەی ئیشراق بوونی هەیە و بە تەنها فەلسەفەی پوخت نیە، بەڵکو تێکەڵێکە لە فەلسەفە و فەلسەفەی عیرفان، بەتایبەت لە لای "مەلا سەدرا، ئیبن عەرەبی، ئیمامی غەزالی، سەهرەوردی". ئەوانیش جگە لە عەقڵکاری و دەلیل هێنانەوە، بەڵکو سەرچاوەی تریش هەبووە کە (شهودە) واتە "لە روحەوە بۆ هاتن"(٦) کە پشتیان پێبەستووە.

هەروەها "وەحی ئیلاهی" دەبێتە سەرچاوەیەکی تر، ئەویش سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی هونەری ئیسلامی و مەعنەویەتی ئیسلامیە. پوختەی ئەم دیدگای دووەمە ئەوەیە کە رەهەندی مەعنەوی رۆحی فەلسەفەی ئیسلامی یان لەبەرچاو نەگرتووە، بەمەش نەیان توانیوە بگەنە عیرفانی

# مەولانا: بۆ گەڕانەوە بۆ (دەریای ئیلاهی) پێویستمان بە هونەر و مەعنەویەتە

ئیسلامی، کە پێشگریمانەکەی ئێمە ئەوەیە ئەگەر لە دیدگای عیرفانیەوە سەیری هونەر نەکەیت ئەوە هەرگیز ناتوانێت رۆحی هونەری ئیسلامی بزانیت و کاریگەری و جێکەوتەکانی ببینێت لەسەر فەرهەنگی ئیسلامی.

### مەعنەویەت چیە؟

پاش ئەوەی ئایینەکان لە رووی مێژووییەوە رووبەڕووی چەندین گرفتی جیاواز بوونەوە بیریاران، مەعنەویەتیان وەکو بەدیلی ئایین پێشنیاز کرد، چونکە مرۆڤ بێ مەعنەویەت نایکرێت و ژیان مانای خۆی لە دەست دەدات. بۆ ئاماژەکردن بە دیوی مەعنەوی و ناوەکی دینی ئێمە دوو زارە (چەمك) بەکاردەهێنین:

زاراوەی (رۆحانیەت) بنچینەکەی لە (رۆح) ەوە سەرچاوە دەگرێت، لە زارەوە قورئانیە کە (الروح من المری ربی) وەرگیراوە. هەر لەبەر ئەوەیە هەر شتێک مەعنەوی بێت بە شیوەیەکی کردەی پێویستە لە ژێر فەرمانداری خودا بێت و پێویستە مامەڵ لەگەڵ رۆح بکات، کە مانای ناوەکی شتەکانە دەگرێتەوە.

هەروەها مانای چەمکی "مەعنەویەت" لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە کە بە مانای (مانا) دێت، مانای ناوەکی (ئیزۆتیرك- Esoteric) شتەکان، شتگەلێک وەکو ئەوەی کە هەن لە نێو ریالێتیدا. هەر لەبەر ئەوەیە هەمیشە پێویستە فۆرمی دەرەکی پەیوەست بێت بە بابەتێکی ناوەکی و مەعنەویەوە(٧).

بیرمەندان و فەیلەسوفەکان تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ چەمکی مەعنەویەت هەیە، هەندێکیان بڕوایان وەهایە بەهۆی گرفتەکانی "دۆگمابون و دەمارگیر و ئەفسانەبوونی ئایینەکان" پێویستە ئێمە بگوازینەوە بۆ شتێکی تر، کە ئەم شتانە بەرهەم نەهێنێت! لەبەر ئەوەیە زۆر جار خۆیان ناوزەند دەکەن وەکو مەعنەویەتگەرای بێ ئایین.

هەندێکی تریان وا بیر دەکەنەوە کە لە بنەڕەتدا مەعنەویەت لە دەرەوەی ئایینە، ئایین مەعنەویەت بەرهەم ناهێنێت، زۆرینەشیان بڕوایان وەهایە مەعنەویەت پێوەرە، هەر شتێک ئەم شتانە لە مرۆڤدا فەراهەم بهێنیت ئەوا شتگەلێکی مەعنەوین. وەکو (ئومێد) ئومێد بۆ مرۆڤەکان دروستبکات. (ئارامی) ئارامی ناوەکی بۆ دەستەبەر بکات. هەروەها رەزامەندی و مانای ژیان کە مانای ژیانیان پێ ببەخشێت(٨).

ئەم مەعنەویەتەی ئێمە لێرەدا مامەڵەی لە تەکدا دەکەین پێی دەوترێت (مەعنەویەتی قودسی)، کە رۆحی دینە و بە بێ ئایین، مەعنەویەت مەعنەویەت نیە! هەر ئەو مەعنەویەتەش کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هونەری ئیسلامی.

سەرچاوەی سەرەکی مەعنەویەتی قودسی

لە ئیسلامدا قورئانی پیرۆزە کە لە نوێژ و پەرستشەکاندا یاخود لە نێو مانا قووڵەکانی ناوەکانی پەروەردگار نومایان دەکات، لە مانای دەرەکی بۆ مانای ناوەکی، بۆ نموونە خودا (ظاهر و باطن) ئەگینا جیهان نەدەبوو، زۆرجار دەوترێت چۆن دەکرێت خودا (ظاهر-ئاشکرا) بێت کە ناتوانین بیبینین؟! لێرەوەیە تەنانەت (ظاهر-ئاشکرا)ش، ئاشکرای ناوەوەیە، هەرچی شتە دەرەکیەکانە بەیانی شتە ناوەکیەکانن، خودا سەرچاوەی گشت مەعنەویەتێکە(٩).

**هونەری ئیسلامی چیە؟**

لە بابەتی مەعنەویدا مەبەستمان مەعنەویەتی دینی بوو، کە سەرچاوەکەی کەلامی خودا و خودا خۆی بوو. لە بابەتی هونەری ئیسلامیش، کە یەك لەسەر سێی عیرفانی ئیسلامیە، دەبێتە هۆی مانیفیستی جیهانی مەعنەوی، ژێدەرە سەرەکیەکەی قورئانی پیرۆز و دینی پەیامبەرە. لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوێستە بکەین لەسەر بۆچوونی زۆرێک لە رەخنەگران و مێژووناسانی هونەر، کە سەرچاوەی سەرەکی هونەری ئیسلامی بۆ شارستانیەکانی تر دەگێڕنەوە. تا ئەندازەیەك رەخنەکانیان لە جێگەی خۆیەتی، چونکە شارستانیەتی ئیسلامیش وەکو هەموو شارستانیەتەکانی تر لە بۆشیایدا دروست نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە هونەردا کاریگەری و جێکەوت لێرە و لەوێ لەسەر یەکتر روو دەدات و شیمانەی سوود بینین لە یەکتری راستیەکی حاشا هەڵنەگرە.

گومانی تێدا نیە هونەری ئیسلامی بەرکاریگەری هونەرەکانی تر کەوتووە، بەڵام لە رووی فۆڕم و ماتریاڵەوە، چونکە ئەگەر سەیری ستراکچەرە گشتیەکەی هونەری ئیسلامی بکەین تەنانەت لە رووی فۆڕمیشەوە تەواو جیاوازە لە هونەرەکانی تر. یەکێتیەك "Unity"ی سەیر لە پێکهاتەی هونەری ئیسلامیدا خۆی نومایان دەکات، هەم جیاوازی و شوناسی تایبەتی پێدەبەخشێت، هەمیش کاتێک لە رووی ئیستاتێکیەوە ئەزموونی ئەو هونەرە دەکەین، راستەوخۆ بەر ئەزموونێکی ئیستاتێکی تەواو جیاواز دەکەین کە راستەوخۆ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بنەما سەرەکیەکانی دینی ئیسلام و پەیامی مەعنەوی و رۆحی قورئانی پیرۆز(١٠).

ئەگەر بڕیار بێت ژێدەری سەرەکی هونەری ئیسلامی قورئان بێت -کە بە دڵنیایەوە بەو شێوەیە- جێگەی خۆیەتی بپرسین باشە لە قورئاندا ئاماژەی راستەوخۆ نیە بە بوون و چۆنیەتی دروستکردنی هونەر تەنها لەو جێگەیە نەبێت کە خودا فەرمانی بە جنۆکەکان کردووە کە مەنجەڵی گەورە و پەیکەری (تماثیل) بۆ حەزرەتی داود دروست بکەن. ئەگەر بە چاوێکی ترەوە سەیری وشەکانی قورئان بکەین ئەوا دەتوانین لە پشت مانای وشەکانەوە، لە نێو دێڕەکاندا ئەوە کەشف بکەین کە نابینرێت و لە نێو قورئاندا خۆی شاردۆتەوە. لە راستیدا بە گوتەی سەیید حسێن نەصر:" قورئان خۆی "Context" بۆ هونەری ئیسلامی خولقاندووە(١١).

رەهەندە ناوەکیەکەی قورئان لە حەقیقەتەوە دێت کە بە دڵی وەحی ئیلاهی هەژمار دەکرێت. بەکورتی سەرچاوەی سەرەکی هونەری

ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی شوێن و ماتریاڵ و پێکهاتە جیاوازەیەکانەوە، دەتوانین بڵێین لە جیهانبینی ئیسلام خۆیەوە سەرچاوە دەکرێت کە سروشتی ئایینیە و لە کردار و گوفتاری پێغەمبەرەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. زیادەڕەۆیمان نەکردووە، ئەگەر بڵێین لە دوای قورئان گشت هونەری ئیسلامی لە نێو مانا قووڵەکانی ئەم دوو فەرمودەوە هاتۆتە دەرێ.

فەرموودەی یەکەم: "ان الله الجمیل و یحب و الجمال" واتە: "خودا جوانە و جوان کرداری خۆشدەوێت".

ئەرکی هونەریش پێشاندانی ئەو جوانیە کە خوداوەند لە گەردووندا چاندوویەتی، لەناو چوونی جوانی وادەکات ئیلاهیەت ناڕاستەقینە بێت. عاریفی گەورەی ئەورووپی فرێتۆڤ شڤان دەڵێت: "ئایین پێکدێت لە حەقیقەت (Truth) و ئامادەیی )الحضور(Presence -. بەبێ حوزور حەقیقەت دەبێت بە ئەبستراکت و ناڕاستەقینە، بەبێ حەقیقەتیش حوزور هیچ بەهایەکی نابێت(١٢).

فەرمودەی دووەم: کە زۆر بیستراو نیە بریتیە لە : "کتب اللە الأحسان علی کل شیء".

واتە: "خودا جوانی و هونەری نەخشاندووە لە سەر هەموو شتێک! یاخود لە ناوچاوانی شتەکان جوانی نووسیوە".حەقیقەت و جوانی دووانەی لە هونەری ئیسلامیدا دانەبڕاوبوون. هەر بۆیە حەقیقەت هەمیشە لە ڕێگەی جوانیەوە خۆی پێشانداوە، بەمەش رۆحی مرۆڤەکانی بۆ خۆی کەمەندکێش کردوە، مرۆڤەکان ویستویانە رۆحیان جوان و پوخت بکەن، بگەنەوە بە مەقامی (فەنای)ی یەکبوون.

لێرەدایە بەرزترین هونەر لە ئایینەکاندا ئەو هونەرە بوو کە پەیوەندی لەگەڵ خودا "حەقیقەتی باڵا"دا بێت. بۆ ئێمەی موسڵمانیش کوورت ترین رێگا و باشترین بژاردەیەك بۆ زیاتر مامەڵەکردن لەگەڵ باری تەعالادا مامەڵەی مەعنەوی هونەری بووە.

**کایەکانی هونەری ئیسلامی:**

لێرەدا زیاتر مەبەست لە کایەکانی هونەری موقەدەسی ئیسلامیە کە جیاوازە لە هونەری دینی(١٣). هونەری موقەددەس راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەنتەری کردەی ئایینی و پراکتێکی جیهانی مەعنەوی، وەکو هونەرەکانی: "خۆشنووسی، بیناسازی، مزگەوت، خوێندنەوە قورئانیەکان (قرائات)". بەڵام هونەری دینی ئەو فۆرمانە دەگرێتەوە کە سەر بە هونەرە بینراوەکان "Visual Arts"ە، هونەرە دەنگیەکان و شێوازی باخداری و هۆنراوە. لە راستێدا هونەری موقەدەس دڵی هونەری دینیە (نەرێتی-Traditional ).

فەیلەسوفان و هونەرناسانی شارستانی ئیسلامی باوەڕیان وایە کە بڵاوترین جۆری هونەرەکان هونەری "خۆشنووسی"ە، چونکە باڵاترین شێوازی دەربڕینی حەقیقەتە! کاتێک جوبرەئیل قورئانی لە سنگیدا هەڵگرتبوو بە شێوەی زارەکی بۆ پێغەمبەری ئیسلامی دەخوێندەوە، پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، ئارام ئارام دەیبیست و ئەزبەری دەکردن. باوەڕمان وایە ئەم وەرگرتن و گواستنەوەیە زۆر گرنگە

بۆ کەشفی قووڵایی هونەری ئیسلامی، چونکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وشەکانی پەروەدگار شتگەلێکی دیکەیان بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە خودا فەرمووی: ("ببە"،بوو)، جیهان هاتەبوون.

لە دینی مەسحیەتیشدا کاتێک خودا فەرمووی: ("ببە"، لە دایک) بوو، واتە: وشە گۆڕا بە مرۆڤ، حەزرەتی جانان "عیسا" لە دایک بوو. بەڵام لە ئیسلامدا کاتێک پەروەردگار فەرمووی: ("ببە"، کتێب دروست) بوو، ئەویش قورئانی پیرۆز بوو. دەنگ گۆڕا بە وشە وشەش خۆی خستە بەرچاوان، خوداش بەشێک لە پەیامەکەی بەرجەستەکرد لە رووی بینگەیەوە.

لەم سۆنگەیەوەیە کە هەموو هونەرێک پێویستە پەیوەندیدار بێت بە وشەکانی خوداوە، جگە لەوەش کە بە دەنگدانەوەی ئەوەی کە فەرموی "ببە" گشت شتەکان (بوون)، ئەوا لە مەرەکەبی پیرۆز بە قەڵەمی پیرۆز لە "لوح المحفوظ"دا هەموو هەقیقەتەکانی بەیان کردووە لە نێو شتەکاندا، قورئانی پیرۆز کە خۆشنووسی بە کاریگەری سەر لەنوێی ئەوە لەزەیندا.

لەبەر ئەوەیە دەوترێت هونەری خۆشنووسی نووسراو "وشە"ی خوداوەندە و لە دڵەوە دەچێت بۆ زەین و لەوێشەوە دەچێت بۆ دەست و پاشان لەسەر وەرەقە خۆی بەرجەستە دەکات و خۆی دەنەخشێنێت. بە دەربڕینێکی تر دەوترێت لە خۆشنووسیدا خوێن دەگۆڕێت بۆ مەرەکەب و رۆح خۆی دەنووسێتەوە بە کاریگەری و جێکەوتی وشەکانی پەروەردگار، ئەمەش وایکردووە کە لە رووی شارستانیەتەوە رەنگ بداتەوە کە شارستانی ئیسلامی و چین

**رۆمی:**
**تاکە رێگر**
**لە بەردەم**
**گەڕانەوەمان بۆ**
**دەریای ئیلاهی**
**خودی خۆمانین**
**"نفس- Self**

"نووسین" پیرۆز بێت، بەڵام لە شارستانیەتی مەسیح و هیندیدا (وێنە) پیرۆز بێت.

مرۆڤی موسڵمان لە زیهنیدا هەمیشە نووسین دەبەستێتەوە بەوەی کە دیویکی ئاسمانی تێدایە، رازێکی شاراوەی لە پشتی دێڕەکانەوە خۆی شاردۆتەوە کە پەیوەستی دەکات بە بابەتی خوداوە، لەبەر ئەوەیە خۆشنووسەکانی شارستانیەتی ئیسلامی جوان نووسیان بە پەرستن و یادی خودا زانیوە، تا توانیویانە ئەوپەڕی وردەکاریان تێدا بە خەرجداوە، بە تایبەت لە نووسینەوەی قورئانی پیرۆزدا.

ئەم دیوە مەعنەوی و میتافیزیکیەی هونەری خۆشنوسی وایکردوە هونەرمەندان و بیرمەندانی ئیسلامی بە باڵاترین شێوازی هونەر دابنێن لە نێو کایە و شێوازەکانی تردا، ئەگەر چی ئێمە پێمان وایە هەموویان بە هاوتەریبی باڵان لە نێو کۆنتێکستی هونەری ئیسلامیدا، بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوە قورئانیەکان وەربگرین، کە دەوترێت لە خودی پێغەمبەری خوداوە فێربوون(١٤). چونکە کاتێک پێغەمبەری خودا

**بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم گەڕانەوە بۆ لای خودا کە (خود)ە، پێویستە بە عیشقی ئیلاهی پوختەی بکەین.**

ڕاستەوخۆ بە شێوەکی زارەکی لە جوبرەئیلەوە گوێبیستی دەبێت ئاوازێک دێتە گوێی، لە ڕاستیدا خودی وشەکان ئاوازیان تێدایە یاخود بڵێین وشە و میوزێک پێکەوە بوون.

ڕێگە بدەن ئەوەتان بیربخەمەوە کاتێک پێغەمبەری نازدار بە "عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود" دەفەرموێت "قورئانم بۆ بخوێنە" یاخود بە بیلالی دەفەرموو "أریحنا یا بیلال" ، وەکو بڵێت بۆ ساتێک لەو دەنگە مەلەکوتیەت ئارامیمان پێببەخشە و بمانبە بۆ بەهەشت؟! عەبدوڵڵا دەیوت: "پێغەمبەری خودا قورئان بۆ تۆ دابەزیوە، من بیخوێنم!" ئەویش دەیفەرموو "بەڵی، لە دەنگی کەسانیترەوە گەلێک چێژ بەخشە". دیارە هەموو ئەمانە ئاماژەن بە قووڵی جوانی خوێندنەوەی "قرأت"ی قورئان، بەندە وەکو خۆم هیچ شێوازێکی هونەری ئیسلامی بە ئەندازەی قیرائاتی قورئانی کاریگەری ڕۆحی لەسەر جێنەهێشتوم، چێژێکی منداڵی هەیە کە تائێستاش لە گەڵەمدایە ئەوەیە کە بە منداڵی دەچووین بۆ بازاڕی سلێمانی لە شەقامی مەولەوی زۆربەی دوکانەکانی ئەوسا بەیانیان "سورەتی یوسف"یان بە دەنگی "وەلید ئیبراهیم " لێدەدا، خودایە چەند بەچێژبوو! سوێند بەخودا تا ئێستاش ئەو دەنگە لە گوێ و لەنێو ڕۆح و زیهنمدا دەزرنگێتەوە، ئەی خودایە چ ئەزموونێکی مەعنەوی مرۆیی بوو.

لە ڕۆمانی "دوو شاباڵی نوورینی شاردا" تەحسین حەمەغەریب، هاتنی قورئان خوێنە سعودیەکان، لە جێگەی قورئان خوێنە کۆنەکان بە دوو سەردەمی جوداواز دەچوێنێت، لە ڕاستیشدا دوو چێژ و دوو ئەزمونی ئیستاتێکی جیاوازن.

بە دوو دەلیل باوەڕمان وایە کە باڵاترین کایەی هونەری ئیسلامی خوێندنەوەی قورئانە(١٥). پێغەمبەری خودا لە ڕێگەی دەنگەوە قورئانی وەرگرت "﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ ﴾ العلق"، جوبرەئیل فەرمووی بیخوێنە، کە ئەمەش لەرووی وجودناسی ئیسلامیەوە زۆر گرنگە و خاڵێکی جەوهەری دینی ئیسلامە. ئەگەر لە زۆرینەی موسڵمانان بپرسین ناوی چەند خۆشنوسێکی شارستانی ئیسلامیم پێبڵێ، جگە لەوانەی پسپۆڕان ناتوانن ناوی چەند دانەیەك لەو خۆشنوسانەت پێبڵێن، بەڵام هەر کەسێک دوو ركات نوێژی كرد بێت لێی بپرسیت لە قورئان خوێنەکان حەزت لە دەنگی کێی ، گومانی تێدا نیە ناوی "عبدالباسط و ولید ابراهیم و منشاوی و غامدی و... هتد."چەندین ناوی تازەت بۆ دەژمێرن. "مارتن لینگز وتوویەتی: "مرۆڤ بە خوێندنەوەی قورئان دادەگیرسێت".

پوختەی بابەتەکە ئەوەیە کە خۆشنووسی

و قورئان كاریگەری مەعنەوی و ئەخلاقی لەسەر مرۆڤەكان جێدەهێڵێت و مرۆڤ بەرەو مەقامەكانی باڵاتر دەجولێن، بیرخەرەوەی دروستكەر و ماڵی رەسەنیان دەخەنەوە كە پێویستە بۆی بگەڕێنەوە. بە زاراوە قورئانیەكە (ان اللە و اناللە الراجعون) لەوەوە هاتووین و بۆ لای ئەویش دەگەڕێینەوە.

**بیناسازی ئیسلامی "Architecture":**

"جعلت لی الارض مسجدا و طهورا"

بیناسازی ئیسلامی بەرجەستە دەبێت لە "شار و مزگەوت و كۆشك و تەلار و ماڵ و...هتد" . بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها كەمێک لەسەر مزگەوت و ماڵ هەڵوێستە دەكەین پێ بە پێ زەروریەتیش ئاماژەیەك بە رەگەزەكانی تریش دەدەین. هەوڵ دەدەین فەلسەفەی پشت دروستبوونیان بزانین و كاریگەری و جێكەوتەكانیان لە سەر مرۆڤ و ئەخلاقیاتی مرۆڤەكان كەشف بكەین. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ریشەی ئایینە ئیبراهیمیەكان رەنگە بتوانین وێنای ئەوە بكەین، كە پیاوێكی ریش سپی لەگەڵ كوڕە تازە پێگەیشتووەكەیدا لە چۆڵەوانیەكدا دەستدەكەن بە دروستكردن و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی یەكەم شوێنی پەرستن و لە رێگەیەوە ماڵێكی گڵین بۆ پەرستنی خودا تاقانەكەیان و تاپۆكەشی بە بەردێكی رەش دەنووسرێتەوە، دەبێتە گرێبەستێكی هەتا هەتایی خودا و مرۆڤ!.

خودا لە هەموو شوێنێكە(١٦)، هەموو جێیەك شوێنی پەرستنە، بەڵام كاتێک جێگەیەك تایبەت دەكرێت بۆ یادی حەقیقەتی رەها، هەر ئەو كاتەیە پیرۆزی سروشت لەناوبراوە و لەبەر خولیاكانی مرۆڤ رەهەندە پیرۆزەكەی وجودیان فەرامۆشكردوە.

ستراكچەری مزگەوت لەسەر حەقیقەتی "لا الە الااللە" بوونیات نراوە، بنەماكان هاوئاهەنگە لەگەڵ بنەماكانی دینی ئیسلام، هەروەكو چۆن ستراكچەری كڵیساش لەسەر بنەمای ئایكۆنی خاچ دامەزراوە، ئینجا خاچی گرێكی بێت كە " هەرچوار لاكەی یەكسانە"، یاخود خاچی لاتینی بێت كە "باڵەكانی كورترن" واتە لە بنەمای حەقیقیەكانی مەسیحیەتەوە وەرگیراون. لە راستیدا شاری مەسیحیش لەسەر بنەمای "بنەمای خاچ" بونیاتنراون. لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، لەیەكێک لە شارەكانی ئیتاڵیادا دەوترێت خودی پاپا خۆی چۆتە سەر گاسنی گاجوتەكە بۆ نەخشەی دامەزراندی شارەكە لەسەر بونیادی خاچ. بەڵام، شاری ئیسلامی مزگەوتێک لەسەنتەرە و هەموو ماڵەكان لە چوار دەوریەوەن، یاخود گشت رێگاكان لە مزگەوتدا بەیەك دەگەن.

بۆ ئەوەی لە قووڵایی بیناسازی مزگەوت تێبگەین، پێویستە مزگەوتێک لە زیهنمان وێنا بكەین كە گشت بنەماكانی هونەری ئیسلامی لە نێو منالانی خۆیدا هەڵگرتبێت، رێگە بدەن ستراكچەرێک بكێشم بۆ ئەوەی وێنەكە روونتر بێت. وێنای مزگەوتێک بكە كە بەردەمەكەی باخێكی سەوزی پر لە گوڵ و گوڵزار بێت، حەوزێكی ئاویش لە ناوەڕاستی باخچەكە و بە چەندین فوارەی جۆراوجۆر باخەكەی ئاودێر بكرێت، پێش داخڵبوون بە مزگەتەكە هەوڵدەدەین سیمبول و كۆدەكانی نێو باخەكە ئاماژە پێبكەین

دوا جاریش بەناوی خودا و پێشخستنی قاچی راست دەچینە مزگەوتەکەوە. لە هونەری ئیسلامیدا هەموو شتێک سیمبولە بۆ شتێکی تر کە بڵاوترە لە خۆی، سیمبول بەمانای بەستنەوە و گرێدانی دوو شت دێت، یاخود بەمانای پەیوەندی نێوان واقیعی نزمی ماتریاڵی دەبەستێتەوە بە واقیعێکی حەقیقی باڵاوە، کە دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی یەکێتی ئیلاهی.

سمبول گرێدانی دوو جیهانە، گوڵ و گوڵزارەکە سیمبولن بۆ بەهەشتی بەڵێن پێدراو حەوز و فوارەی ئاوەکەش سیمبولە بۆ دوو رەهەندی جیاواز، ئاوەکە وەبیرمان دەهێنێتەوە کە خودا فەرمووی "هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاو دروستکردوە"، هەر بەو ئاوەیش پاکتان دەکەمەوە و پوختتان دەکەمەوە".حەوزەکەش کە لەبەردەم گشت مزگەوتێکی ئیسلامدا دروستکراوە، سیمبولی ئەم جیهانە کاتی و خەیاڵیەمان بۆ بەیان دەکات. چۆن کاتێک وێنەدانەوەی مزگەوتەکە رەنگدەداتەوە لە نێو ئاوی حەوزەکەدا، وێنەی مزگەوتەکە لە نێو ئاوی حەوزەکەدا زۆرجار زۆر جوانترە لە خودی مزگەوتەکە، بەڵام کاتێک شنەبایەك یاخود چڵە پوشێک دەکەوێتە سەرئاوەکە و شەپۆلێک دروستدەکات لە هەمان کاتدا وێنەدانەوەی مزگەوتەکە دەشێوێنێت و تەنها چەند رەنگ و فۆرمێکی شێواو دەمێنێتەوە. ئەوە پێمان دەڵێت ئەم دونیایە لەهو و لەعبە زوو تێدەپەرێت ئەوەی راستەقینەیە و هەمیشەیە بەماڵی دڵین و جیهانی ئەو دیوە.

سوود وئەرکی پاکژی هەواو دەستنوێژیش هەر لەوێدا بوەستێت کە موسڵمانان ئەزموونی دەکەن. دەستنوێژیشمان شت و تێربووین لە بۆن و بەرامەی گوڵەکان و ئاوازی خۆشی فوارەی ئاوەکان و جوانی باخچەکە، پاشان لە بەردەم دەرگای مزگەوتەکە سەرێک هەڵدەبڕین و دەڕوانینە منارەکان و قووبەیەکی هەڵتۆقیو لە ناوەراستی مزگەوتەکە هەروەکو مەندیل خۆیمان بۆ دەردەخات. منارەکانی راست و چەپ سیمبولی "ئادەم و حەوان"، چونکە منارەکان لەکاتی خۆیدا بۆ دۆزینەوەو رێنیشاندەری کاروانچیان بووە، لە منارەکانەوە بانگی (محمد) بە گوێی موسڵماناندا دراوە، زۆر جار لە لوتکەی منارەکەدا رووناکیەك هەبووە وەك ئاماژەیەك بۆ ئاوەدانی، ئەگەر وردبینەوە لە چیرۆکی ئادەم و حەوا بۆ رووناکی ئیلاهی و بۆ یەکتری گەڕان تا بەیەك گەیشتنەوە. بۆ ئەوانەی بەشوێن ئاوازی حەقیقەدا ویڵن هەمیشە لە بڵندگۆی منارەکانەوە کەسێک بانگیان دەکات، هەمیشە رووناکی پرشنگدار هەیە، پێشیان دەڵێت هەی ئەوانەی لە بیابانی نا ئومێدیەوە هاتوون، هەمیشە رووناکی منارەیەك هەیە ئومێدێکتان پێببەخشێت هەروەکو چۆن بە ئادەم و حەوای بەخشی.

گومەزەکەش لە شێوەی نێوەگۆ یاخود نێو بازنەیەك دەردەکەوێت لە رووی دەرەوە، ستراکچەری مزگەوت وایە هەمیشە چوار گۆشەیەك هەیە و پاشان نێوە بازنەیەك دەیبرێت، چوار گۆشەکە رەمزە بۆ جیهانی ماتریاڵی، بەڵام گومەزەکە کە رەمزە بۆ جیهانی هەتا هەتایی و جیهانی باڵا. لەسەر دەرگای مزگەوتەکە عادەتەن دەنووسرێت

((أدخلو بسلام)) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تۆ لەنێو شوێنێکی پیرۆزدایت، پێویست بە ترس و دڵەڕاوکی ناکات، پێلاوەکان لە پێتدا دابکەنە و بفەرموو. هەر وەکو خودا لە قورئاندا بە مووسای فەرموو " ﴿ إِنِّيٓ أَنَا۠ رَبُّكَ فَٱخۡلَعۡ نَعۡلَيۡكَ إِنَّكَ بِٱلۡوَادِ ٱلۡمُقَدَّسِ طُوٗى ١٢ ﴾ طە".

لە مزگەوتدا نوێژخوێن بەر بۆشایەکی مەعنەوی دەکەوێت و ئەو چۆڵیە بە وتنی "الله اکبر" لە وجودی خودا پڕ دەبێت، بۆیە دەوترێت ئەو چۆڵی و بەتاڵیە لەهەمان کاتدا پڕی و هەست بە ئامادەی ئیلاهیەت دەکەیت، بە (لا الە الا الله) مەبەستەکەمان روون دەکەینەوە(١٧). ئەگەر (لا الله) وەربگرین بۆ ئەوەی پڕ بێت "هیچ خودایەك نیە" ئەوە بەتاڵیە، چونکە خودایەك ئامادەگی نیە. بەڵام ئەگەر (الا الله) وەربگرین ئەوا پڕ دەبێت لە وجودی خودا "بەس خودا" بە زاراوەیەکی تر ئەگەر جیهان شت بێت، ئەوا خودا شت نیە! بەڵام ئەگەر خودا شت بێت ئەوا جیهان هیچ نیە، هەر ئەوەش مانای راستەقینەی "لا الە الا الله".

ئەگەر بڕوانینە جیهانی شتەکان و ماتریاڵ ئەوا بە دڵنیایەوە خودایەك نیە، ئامادەگی نیە. بۆیە پێویستە بڵێین خودا هیچ یەکێک لەوانە نیە، و بە پێچەوانەشەوە خودا هەموو شتێکە و حەقیقەتی موتڵەقە. لەگەڵ سوجدەبردندا ئەوەت دێتەوە یاد کە هەر خودی ناوی مزگەوت لە (المسجد)ی عەرەبیەوە هاتووە کە شوێنی سوجدە بردنە، شوێنێک کە بەڕێزترین شوێنی مرۆڤە کە سەریەتی دەیخاتە سەر زەوی بۆ مەعشوقی

**سەرچاوەی سەرەکی مەعنەویەتی قودسی لە ئیسلامدا بریتیە لە قورئانی پیرۆز**

راستەقینە دووبارە کردنەوەی پەیامی "ألست بربکم"، ئێمەش بەئاوازێکی یەکدەنگ و هارمۆنی وتمان "قالو بلا". ئایا من خودای ئێوە نیم؟ ئێمە بە یەك دەنگ وەڵامان دایەوە بەڵی سوێند بە خۆت.

لەگەڵ سەلامدانەوەدا کەمێک لە چواردەوری خۆت دەڕوانێت کە رووبەڕووی میحرابەکە و نووسین و ئایەتەکانی چواردەوری مزگەتەکە بیرخەرەوە و ئاماژەن بۆ دروستکردنی ئادەم، گفتوگۆی نێوان خودا و فریشتە یاخود هەمیشە ئەو ئایەتانە وجودیانە دەنووسرێت کە باسی دروستبوونە"خەلق". خودا دەفەرموێت: "بە شەش رۆژ و بە شەش شەو بوونم هێنایە بوون". ئەو ئایەتانەی سیمبول و رەمزن بۆ بیرخستنەوە و دووبارە گەڕانەوەی ئێمە بۆ ماڵی راستەقینەی خۆمان، ئەو بەهەشتە زەمینیەی لێی بووین و لەوێشەوە بۆ دیداری خودای میهرەبان.

لە نێو میحرابەکەشدا ئایەتی گۆڕینی قیبلە لە مەشریقەوە بۆ مەغریب "قَدۡ نَرَىٰ تَقَلُّبَ وَجۡهِكَ فِي ٱلسَّمَآءِۖ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبۡلَةٗ تَرۡضَىٰهَاۚ فَوَلِّ وَجۡهَكَ شَطۡرَ ٱلۡمَسۡجِدِ ٱلۡحَرَامِۚ وَحَيۡثُ مَا كُنتُمۡ فَوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ شَطۡرَهُۥۗ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ

> **هەرچی شتە دەرەکیەکانە بەیانی شتە ناوەکیەکانن، خودا سەرچاوەی گشت مەعنەویەتێکە**

أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ لَيَعْلَمُونَ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَـٰفِلٍ عَمَّا يَعْمَلُونَ ﴿١٤٤﴾ البقرة "، جیاوازی موسڵمانان و بەخشینی شوناسی تایبەت کە بەرەو حەقیقەت بمان بزوێنێت. کەمێکی تر زیاتر سەر هەڵدەبڕێت و ڕووناکیەکی ئارام باوەشینی گۆنامان دەکات کە لە پەنجەرەکانی ژێر گومەزەکەوە دێینە ژووری بە شێوەیەکی بازنەیی، ڕووناکی خۆرەکە و ئایەتەکانی کە باس لەوە دەکەن کە خودا نەك هەر سەرچاوەی ڕووناکی زەوی و ئاسمانەکان و ئومێدە، بەڵکو خودی ڕووناکیە. هەروەك ئیمامی غەزەلی لە"المشكات الانوار"دا ئاماژەی پێدەکات.

بە ئومێدی بەرکەوتنی ئەو ڕووناکیە چەند بوار بێت لە نێو مزگەوتدا دەمێنینەوە و لە نزاکانماندا کە لە ڕۆحەوە دەست پێدەکات و بە ڕێگەی ڕاست کە ستوونیە "صراط المستقیم" تا دەگاتە عەرشی خودا، وەکو پەروانە خۆ سووتان بە ڕووناکی عیشقی ئەوە تابەیانی لە گۆشەی ئیعتیکافدا لەو مزگەوتە جوانەی وێنامانکرد زیکری "اللە، اللە" دەکەین.

**نموونەی چەند مزگەوتێک:**

ئەگەر چەند مزگەوتێک بە نموونە وەربگرین لە شارستانیەتی ئیسلامیدا ئەوسا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم شارستانیەتە چۆن لە نێو ڕۆحی خۆیدا هونەری بەرز بەرز خولقاندوە و دیوی نەبینراوی مەعنەوی خۆی لە فۆرمی جیا جیادا بەرجەستە کردووە. هەروەها ئەگەر هەندێک بنەمای بیناسازی کۆنی بەکار هێنابێتەوە ئەوا لەبەر ئەوە بووە کە پێویستە بنچینەیەکانی مرۆڤیان تێدا ڕەچاو کردووە ئەو تەنها ئەوەی لەسەربوو کە ڕووگەیان پێبدا بەرەو جیهانی باڵا بیان بزوێنێت و لەگەڵ ڕۆحی گشتی ئەو شارستانیەتدا گونجاوی بۆ فەراهەم بهێنێت.

یەکەمین نموونەمان: یەکەم مزگەوت دەبێت ئەویش مزگەوتە سادە و جوان ڕووخسارەکەی (مەدینە)یە "مزگەوتی پێغەمبەری خودا". لەدوای کۆچی پێغەمبەر و یارانی بۆ مەدینەی منەوەرە لە جێگەیەکی سادە و خاکیدا بە فەرمانی خودای جیهانیان وشترێک "یخ" درا بۆ دروستکردنی مزگەوتێک بۆ موسڵمانانی کۆچکردوو و هەروەها خانەخوێ. هەروەکو چۆن ئاماژەمان پێکرد کە هونەری ئیسلامی لە سەنتەری کردەی ئایینی و پراکتیکی جیهانی مەعنەویەوە هەڵدەقوڵێت، ئاوا مزگەوتێک لە نێو سادەی و خۆشەویستی موسڵمانان هەڵتۆقی لەسەر بنەمای ئەو حەقیقەتە قورئانیەی کە خودا فەرمووی: "﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ أَنتُمُ ٱلْفُقَرَآءُ إِلَى ٱللَّهِ ۖ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿١٥﴾﴾ فاطر. هەر بۆیە ئەو مزگەوتە یەکەمینەش بەرگی فەقیری و سادەی پۆشی و هەر لە دار و بەرد و قوڕی ئەو شوێنەدا خۆی خۆی

دروستکرد، دارخورماکان بوون بە پایە و راگر و کۆڵەکەکانی، خشتی قوڕیش بۆ دیوار و رراگرەکان، گەڵا و پوشی دار و دەوەنی هەمان شوێن بۆ رڕایەخ و حەسیر و بەرماڵەکانی.

هایدگەر دەبێژێت: "بیناسازی رەسەن ئەو بیناسازیە کە ماتریاڵ و مادەکانی هی ئەو شوێنە بن کە بیناکەی لێ بونیات دەنرێت". مەبەستی ئەوەیە چێژی ئەو بینایە لە دەست دەچێت ئەگەر ماتریاڵ و کەرەستەکانی کە سەر بەو جێگەیە نەبن، لە رووی دەرونی و رۆحیەوە هەست بەنامۆ بوون دەکەیت کە لەگەڵ شوێنەکەدا گونجاویەك نەبێت.

پێغەمبەری خودا خۆشی بەشداربووە لە دروستکردنیدا و زۆر خۆشی ویستووە، دەبینین پایەکانی کە پێک هاتبوون لە دارخورماکان، کە هەم راگری مزگەوتەکە بوو هەمیش دەبوونە سەرچاوەی هەوای پاك و سێبەری ئارامبەخش لە نێو بیاباندا، هەر یەکە و ناوێکی لێنابوون، یەکێک لە دارخورماکانی ناو نابوو پایەی کۆبوونەوە یان پایەی میوانی یاخود پایەی گفتوگۆ و پرسیار و هەرکات پەیامبەر چوو بایە پاڵ هەر پایەیەك لەو پایانە موسڵمانەکان دەیانزانی پێغەمبەری خودا ئەمرۆ خەرێکی چی و چی دەبێت.

دەتوانم بڵێم لەنێو ئەو مزگەوتە سادەیەدا جگە لە پەرستن و نیایش دەیویست خوێندگەیەگیش بێت بۆ مرۆڤە سادەکان بۆ بە شارستانێتی کردن و فێرکردنیان. لە چەندین شوێن ئاماژە بەوە کراوە کاتێک پێغەمبەری خودا پاڵیداوە بە پایەی میوانەوە هیچ کەسێک لە یارانی نەچۆتەلای زانیویانە میوانانی پێغەمبەری خودا تەشریف دەهێنن، بە تامەزرۆیەوە چاوەڕوانبوون بزانن ئەمرۆ کێ دێت و چی پێیە بۆیان.

نموونەی دووەم : کەعبەی پیرۆز:

ئەگەرچی بە خێرایی ئاماژەیەکمان بۆ کرد بەڵام جێگەی خۆیەتی کە باس لە کەعبە بکەین کەعبە دڵی موسڵمانانە. چەقی یەکتا پەرستی،ماڵی خودای جیهانیان، بەراستی ماڵێکی رۆحیە نەوەك فیزیکی. حوزور هەمیشەی خودا لەوی هەست پێدەکەیت کە وەکو موگناتیسێک موسڵمانان رادەکێشێت بۆ خۆی و کەمەندکێشیان دەکات. دووبارە فۆرمێکی سادە تەنها چوارلایەکی رەش، بۆکسێکی رەش، کە بە موسڵمانانی سپی پۆش دەوردراوە، هەستێکی سادە و جوان کە ئیلاهیانە سادە و جوانە، خودی حەج خۆشی لە راستیدا کردەیەکی ناوازە و هونەرێکی سەیرە کە گەشتی ئەو هەموو نەتەوە جیاوازانەیە بەرەو دڵی ئیسلام. پێرفۆرمانسێکی هونەری سەیر بەتەنها بەیەك "الله اکبر" نزیکەی دوو ملیۆن مرۆڤ رێک و رەوان دەچنە بەردەم قاپی پەروەردگار وبێ جووڵە دەوەستن.

چەندین نموونەی ناوازەی تر کە هەریەکەیان چەندین کۆد و سیمبولی لەنێو هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و بە پێی شارستانیەت و کولتورە جیاوازەکان دەزانین فۆرم و شێوازی خۆیان گۆڕیوە، بەڵام بە مانا قووڵەکەی پشتمان هەر ماونەتەوە و دووبارەکەرەوە و جەختکەرەوەی ئەو میراتە گەورەبوون کە لە خودا بۆ پێغەمبەرەکەی بەدیاری نارده خوارەوە.

بڕوانە مزگەوتی (الحمرا) لە ئیسپانیا، مزگەوتی (تاج محل) لە هیندستان، یاخود مزگەوتەکان لە سوریا، مزگەوتەکانی ئەسفەهان،

یاخود مزگەوتی (مالی) لە ئەفریقیا، کە تا ئێستاش هەر قوڕ و دارە. هەموویان ریزیان لە کولتورەکانی خۆیان گرتووە و تاڕادەیەك لۆکالیەتی ناوچەکانیان پاراستووە، بەڵام هەمیشە پشتێنەیەکی یەکێتی ناوەکی لە نێو هەموویان بە درێژایی مێژوو هەر ماوەتەوە هەر دەشمێنێتەوە، چونکە لەیەك سەرچاوە ئیلهام وەردەگرن و هەر ڕەنگی ئەویش دەگرن لە دواجاردا.

**زەخرەفەی ئیسلامی:**

وردەکاری و زەخرەفە و هونەر بۆ پراکتیزکەرانی عیبادەت و لە خودا نزێک بوونەوە بووە، هەرکات کەسێکی خوداناس سەرقاڵی پەرستشێک بوویێت، تاوەکو توانیبێتی وردەکاری و ورد بینینی زۆری تێدا کردووە، کە وەکو زێکری دوای نوێژ خەرێکی بوون و شتەکانیان بەرهەمهێناوە، هەر بەو خۆشەویستیەوە ژیاون کە کار و کردەوەی چاك، بەرهەمی چاك بەرهەم دەهێنێت.

لە زۆربەی شارستانیەتەکاندا زەخرەفە بەرچاو دەکەوێت ئەویش یان زەخرەفەی" هەندەسی" بووە یان زەخرەفەی" سروشتی"، بەڵام هیچ شارستانیەتێک بە ئەندازەی ئیسلام باوەڕی بە زەخرەفەی هەندەسی نەبووە، باوەڕبون بە رەهەندی ئەندازەی و ماتماتێکی لەو دیدگا ئەقڵانی و هۆشیاری پەروەدگارەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گەردونی لەسەر بونیاد ناوە و هەمیشە سیستەمێکی رێکوپێک و ئەقڵانی لە پشتی دووبارەبوونەوە و گۆڕانی یەك لەدوا یەکەکانیبوون بووە. هەر لەبەر ئەمەیە لە زیهنی موسڵماندا بابەتە ماتماتیکی و هەندەسیەکان ڕەنگدانەوەی توانای ئەقڵانێتی ئیلاهیە و پێشرەوی بنەما و ستراکچەرەکانی گەردوونن.

بەرێز "نۆرمان" کاتێک لە ئەسفەهان بیناسازی و زەخرەفەی ئیسلامی دەبینێت بەسەرسورمانەوە دەڵێت"یەکەم جار گەردوون دەبینم بە شێوەیەکی ماتماتێکی". بە دیوێکی تریشدا ئەگەر بەبنەما قورئانیەکان سەیری زەخرەفەی ئیسلامی بکەین، لەسەر بنەمای دووبارە بوونەوە و ئیقاع و رەزم دروستبووە کە سەرەتا و کۆتایی نیە. واتە سەرەتا و کۆتایی لە نێو یەکدایە، لە هەر شوێنێکی قورئانەوە دەتەوێت دەست پێ بکە و کۆتایی پێ بهێنە. سەرەتایەك نیە بۆ دەستپێکردن، هەر وەکو چۆن کۆتایەکیش نیە بۆ تەواوبوون، موسڵمانان رێگەی پێدراوە لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا لە ناوەڕاستەوە یاخود لە هەر ئایەت و سورەتێکەوە کە دڵیان دەیخوازێت دەست پێبکەن، بە دەربڕینێکی تر سەرەتا لە هەموو شوێنێکە و کۆتایش لە گشت شوێنێک.

کەواتە زەخرەفەش لە هەر جێگەیەکەوە دەست پێدەکات گرنگ نیە، گرنگ پێشاندەرەوەی هەستی ئیستاتێکی و دووبارەی ئەو رەزمەیەکە دروستی دەکات لەویشەوەیەکیتی وێنەیی پێکدەهێنێت کە ئارامی دەبەخشێتە بینەر، نەخش و نیگارەکان بەخشەری ئاسودەی و ئارامی بیرخەرەوەی ئەو راستیەن کە ئێمەی مرۆڤ بە تەنها پێویستی جەستە و پراکتیکیمان نیە، بەڵکو ئێمە پێویست گەلێکی رۆحی و ئەخلاقیمان هەیە و بەوەش درێژە بە مرۆڤ بوونی خۆمان دەدەین.

زەخرەفەی سروشتی و ئۆرگانیش، جۆرێکی تری زەخرەفەی ئیسلامیە کە لە مزگەوت و کۆشك و تەلارەکان بەکاربراوە، سەرچاوەی ئەم

جۆرە لە سروشتەوەیە کە بە وێنەی گەڵا و گوڵ و دار و درەخت بەرجەستە دەبێت، ستراکچەرە گشتیەکەی بە هەندەسی بونیاد دەنرێت، دووبارە گوڵ و گوڵزار سیمبولن بۆ یاد خەرەوەی بە هەشتی خودایی. خاڵێکی گرنگی تر زەخرەفە بە تەنها لەسەر دیواری مزگەوت و تەلارەکاندا بەرجەستە نەبووە، بەڵکو زۆرجاریش بۆ رازاندنەوەی کتێبەکان بەکار هاتووە، لەسەر و هەمووشیانەوە بۆ رازاندنەوە و دیزاینی قورئانی پیرۆز بەکار هاتووە، هەتاوەکو شێوەیەکی تایبەت ببەخشێت لەگەڵ نووسینەکانی و خۆشنووسی قورئان.

**وێنەکێشان** (Miniature) :

یەکێکی تر لە رەهەندەکانی هونەری ئیسلامی نیگارکێشانە کە هەندێکیان بچووک بوون و لە نێو کتێبەکاندا بوون هەر لەبەر ئەوەشە پیدەوترێت "مینیاتور" واتە نیگارکێشانی بچووك، و هەندێکیشیان لەسەر دیواری تایبەتی مزگەوت و کۆشك و تەلارەکان کێشراون، ئەو وێنانەی لەسەر دیواری مزگەوتەکان بەتایبەت لە رووکاری دەرەوەیان زۆر دەگمەن و لە راستیدا زۆربەی وێنەی خانوو کۆشك و تەلاری شوشەیین و لە ناو رەنگی ئاڵتونی و سەوزی سروشتێدا نوقوم بوون و هیچ مرۆڤ و گیاندارێکی لێ نیە کە پێدەچێت وێنەی خەیاڵکراوی بەهەشت بێت بە گێڕانەوە قورئانیەکە. مزگەوتی دیمەشق لە سوریا کە لە سەردەمی ئومەویەکان بونیاد نراوە، نموونەیەکی باڵای ئەم جۆرە وێنەکیشانەمان پێشان دەدات کە هونەرمەندەکانی ئەو بوارە کێشاویانە، لە رێگەی وێنەکانەوە پێمان دەبێژن ئەو جێگە نەبینراوانەی کە نە چاو بینوێتی و نە ئەقڵ دەتوانێت وێنای بکات بۆ کەسانێک کە لە ژیاندا بەباشی

**زیادەرەوی نیە ئەگەر بڵێین دوای قورئان گشت هونەری ئیسلامی لە نێو مانا قووڵەکانی فەرمودەوە هاتۆتە دەرێ**

ژیاون، شوێن خودایەکی باش و راست کەوتوون.

جۆری دووەمی مێنیاتور، کە بە باڵاترین جۆری وێنەکێشانە، ئەویش وێنەی ناو کتێبەکانە، کە زۆربەیان بۆ روونکردنەوە بوون و هەندێکیشیان لە گێڕانەوەی چیرۆکە قورئانیەکاندا دەورێکی گرنگیان بینیوە، وەکو چیرۆکی ئیبراهیم و ئیسماعیل و مووسا و عیسا و عروجی پێغەمبەری ئیسلام و ... هتد.

هەندێک لەو وێنانە بۆ روونکردنەوەی کتێبە زانستی و پزیشکی و دەرمانسازی بەکار هاتوون، لە راستیدا دەورێکی ئێجگار گەورەیان دیووە لە روونکردنەوەی کتێبدا، بۆ نموونە لە دەرمانسازیدا کاتێک وتوویانە ئەم نەخۆشیە بەم دەرمانە و بەم جۆرە گیایە چارەسەر دەبێت، ئەوا پزیشکەکان وێنەی گیا و گوڵەکەیان کێشاوە و بەمەش هەموو کەس ئاسان توانیویەتی ئەو دەرمانە بناسێتەوە، چارەسەری پێکراوە. بەهۆی کار لەسەرکردنی موسڵمانە هونەرمەندەکان دەتوانین وێنەکێشانی مێنیاتور بە شێوازێکی تایبەتی هونەری ئیسلامی هەژماربکەین و وەکو یەکێک لە کایە هەرە دیارەکانی هونەری ئیسلامی لە قەڵەم بدەین.

# هایدگەر: بیناسازی رەسەن ئەو بیناسازیە مادەکانی هی ئەو شوێنە بن کە بیناکەی لێ بونیات دەنرێت

جێگـەی باسـە وێنەکێشـانی مێنیاتـوری ئیسـلامی کاتێـک دەگوازرێتـەوە بـۆ کلتورەکانـی تـر بـۆ نموونـە هیندسـتان راستەوخۆ تابلـۆکان لـە روونکردنـەوەی کتێبەکانـەوە بـۆ تابلـۆی گـەورە و لەسـەر دیـواری کۆشك و تەلارەکاندا هەڵدەواسرێت و تاڕادەیـەك دیمەنـە سروشـتی و دونیاییـەکان بەرجەسـتە دەکرێـت، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی مەغۆلەکانـدا، یەکێـک لـەو شـتە سـەیرانەی کـە بەنـدە لـە لێکۆڵینـەوەی هونـەری ئیسـلامیدا بەدیم کردووە ئەوە بـوو کـە ئێمـە هەمیشـە مەغۆلەکانمان وەکـو شـەڕانگیز و تینـووی خوێـن ناسـیووە، کەچی لـە باسـی وێنەکێشـاندا قوتابخانـەی تایبـەت بـە خۆیـان هەبـووە و بڵاوتریـن شـێوازی هونەریـان بەرهەمهێنـاوە، بـۆ نموونـە یەکێـک لـە سـێ قوتابخانـە هـەرە گـەورە دیارەکـەی وێنەکێشـان (Miniature) ئیسـلامی کـە یەکێکیـان مەغۆلەکانـە، کـە بریتیـن لـە قوتابخانـەی "فارسـی، عوسمانی، مەغـۆل". لـەوەش گرنگتـر بـۆ مایەکـی دور و درێـژ هونەرمەنـدان و زانایـان لەگـەڵ وڵاتانـی فـارس و چیـن ئاڵوگۆڕیـان کـردووە.

شتێکی تـر ئـەوە بـووە کـە کتێبەکانـی ئـەو کات وەرگێـڕاونەتـە سـەر زمانـی عـەرەبـی و سـەر زمانـی وڵاتانـی ئیسـلامی، زۆربـەی روونکردنەوەکانیـان بە وێنە بووە، کە ئەمەش زۆر هاوکاری و ئاسانکاری بـۆ خوێنـەر کـردووە، تاوەکـو لـە بابەتەکانـی زۆر بـاش تێبـگات چێـژ لـە خوێندنەوەیـان وەربگرێـت. ئـەوەی جێگـەی دڵخۆشـیە ئێمـەی کوردیـش سـەر بـە قوتابخانـەی فارسـین، چونکـە سـەردەمانێکی نزیکیـش قسـەکردن بـە زمانـی فارسـی لـە کوردسـتاندا نیشـانەی خوێنـەواری و رۆشـنبیری بـووە، ئەگـەر نموونـەی تابلـۆکانـی شـەرەفخانتان بیربهێنمـەوە کـە لەوپـەڕی توانـای هونـەری و لێهاتوویيـدا بەرجەسـتەکراون، یاخـود بـۆ نموونـەی (عەبدوڵڵاخـان) کـە دەوترێـت زیاتـر لـە دەیـان بـواردا پسـپۆڕی هەبـووە، ئـەو جگـە لـەوەی هونەرمەنـد و وێنەکێشـێکی بلیمەتیـش بـووە.

تاوەکو ئێرە هەڵوێستەکردنێکی سەرپێیی بوو لـە ئاسـت هونـەر و کاریگـەری مەعنـەوی هونـەری ئیسـلامی، ئەوەنـدەی شـیاو بێـت باسـمان لـە چەنـد کایـەو ژانـەری هونـەری ئیسـلامی کـرد. لـە بەشـی دووەمـدا هەوڵدەدەیـن کـە کایەکانـی تـری ئـەم هونـەرە مەزنـە بهێنینـە گفتوگۆ پێکەوە لە جوانی و لێهاتویی ئـەم هونـەرە چێـژ بەریـن. ئـەو کایانـەش بریتـی دەبـن لـە "میوزیـک و سـەما-سـماع، سـینەما، جلوبـەرگ و کەلوپەلـی ناومـاڵ، فـەرش، و ...هتـد،".

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

– ——— –

١. رۆجەر سکرۆتن (why Beauty Matters)

٢. ئارەش نەراقی (Rum's Religion of Love)

٣. سەیید حسێن نەصر (Islamic art and spirituality)

٤. نینۆس بوکهارت (Art of Islamic Language and Meaning)

٥. تەحسین حەمە غەریب، شاکار: راڤەی کتێبی علوم حەدیسی مامۆستا ناصر.

٦. تەحسین حەمە غەریب، رۆحناسی.

٧. Seyyed Housien Nasr "Islamic spirituality and needs humanity today"- Lecture.

٨. تەحسین حەمە غەریب، حوزور و قورئان، ٢٠١٦.

٩. قورئانی پیرۆز، (قلب المؤمن عرش الرحمن) دڵی موسڵمان عەرشی پەروەدگارە .

١٠. سەیید حسێن نەصر، Islamic art and spirituality

١١. هەمان سەرچاوە.

١٢. فریتۆڤ شڤان (The Eye of the Hart)

١٣. سەیید حسێن نەصر، جیاوازی نیوان هونەری موقەدەس و هونەری دینی.

١٤. تەحسین حەمە غەریب، رۆحناسی .بێگومان مەبەستمان گشت قەرائاتەکان نیە.

١٥. ئەم بۆچوونە بیرورای خۆمە دەکرێت رەخنەی لێبگیرێت، چونکە ئەو کەسانە لەسەر ئەم بابەتانە نووسینیان هەیە پلەبەندی هونەری ئیسلامی بەم شێوەیە دەکەن: "خۆشنووسی، بیناسازی، خوێندنەوەی قورئان، نیگارکێشان، هۆنراوە و میوزیك و...هتد،".

١٦. ﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ فَأَيۡنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجۡهُ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ ١١٥ ﴾ البقرة.

١٧. سەیید حسێن نەصر، Islamic art and spirituality

١٨. وەهبی رەسوڵ،



ئارەشی نەراقی

# ماڵێکی گڵین، ماڵێکی دڵین
## (وتارێک لەبارەی حەج لە روانگەی عاریفانەوە)*

و: یاسین حەمەسەعید

لە نێو پەرستشەکاندا حەج زێتر لە هەموو پەرستشێکی تر (پێچەوانەی نەریت-دژەباو)ە. وەک ئەوەی حافیزی شیرازی لە بارەی (پێچەوانەی نەریت)ەوە فێرمان دەکات کە دەڵێت: نهێنیەکی تێدایە و تاکەکەس بە موورادی دڵ دەگەیەنێت.

ئەگەر کەسێک دەیەوێت رۆحی تەڕ و ناسک ببێتەوە و لە جیهانی مانادا پەیوەندی دروست بکات، دەبێت بە ئاراستەی (پێچەوانەی نەریت)ەوە هەوڵ بدات یان دژەباو بێت، واتە لە چوارچێوەی دووبارە و باوە خەفەتهێنەرەکانی ژیانی رۆژانە بچێتە دەرەوە و تێیان پەڕێنێت. ئەم ئەزموونەش رۆحی کەسەکە پڕ لە ناسکی و نوێبوونەوە دەکات.

لە حەجدا (پێچەوانەی نەریت) گەلێک زۆرە. لەم مەراسیم و فەریزەیەدا شێوازی ژیانی کەسەکە لە بنەڕەتەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. بەپێچەوانەی پرۆسەی باوی رۆژانی پێشووتری لە جۆرێکی تری ژیان کە لەسەر بنەمای مەعنەویەتگەرایی و گرنگی پێدانی بەردەوامە بە مەحبوب و مەعشوق، بە شێوەیەکی هێمایی بەشداری دەکات. و ئەمەش لە خۆیدا ئەزموونێکی نوێبوونەوە و چێژبەخشیشە.

لەم درفەتەدا کە هەمە و سوودی لێوەردەگرم، پێم باشە بە کورتی مانای (حەج) لە روانگەی عاریفان و بە تایبەتی حەزرەتی مەولانا باس بکەم. بەڵام بەر لەوە پێم باشە بەکورتی روونی بکەمەوە کە بۆچی لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی ئایین و ئاسمانی جیهانی مانادا بڕێک مەناسیک و پەرستش دانراون و لە ئێمەی مرۆڤ ویستراوە ئەو مەناسیک و شەعایرانە جێەجێ بکەین، و لە بنەڕەتدا چیەتی ئەم ئاداب و مەناسیکانە کە لە چوارچێوەی جۆرەها پرستشدا خۆیان دەنوێنن، چین؟.

* * *

لە ئیمامی عەلیەوە دەگێڕنەوە کە ئیمان سێ پایەی هەیە: پایەیەکی پشتڕاستکردنەوەیەکە لە دڵەوە، پایەی دووەم: وتنی زارەکی و دانپیانانی زمانیە و سێیەمیش: بریتیە لەوەی کە بە کرداری و بە ئەندامەکانمان ئیمان بنوێنین. لەم روانگەوە ئەزموونی ئیمانی وەک ئەزموونی عاشیقیە. مرۆڤ کاتێک عاشیق دەبێت دۆخێکی بەچێژ لە ناخی گیان و دڵیدا هەست پێدەکات. بەڵام عاشیق خۆ توانا و تەحەمولی خۆشاردنەوە و دەرنەبڕینی هەستەکانی بۆ مەعشوقی نیە، واتە درەنگ یان زوو نهێنی دڵی خۆی لەگەڵ مەحبوبدا و بەڵکو لەگەڵ جیهان و هەموو مرۆڤەکاندا دەدرکێنێت.

بەلانی کەمەوە عاشقێکی راستگۆ دەبێت عیشقەکەی خۆی بۆ مەحبوب بە زمانی دەربڕێت. وتنی (خۆشم دەوێیت) کە بەشێکە لە پرۆسەی عاشیقی. بەڵام خۆ ئەمە کۆتایی ئەم داستانە نیە. عاشیقی راستگۆ دەبێت بە کرداری عیشقی خۆی پیشان بدات. ئێوە ناتوانن بە کەسێک بڵێن من عاشقی تۆم، بەڵام کاتێک مەعشوقەکەتان پەرداخێک ئاوی داوا کرد، پێی بڵێن: "من زۆرم خۆش دەوێیت، بەڵام من ئامادە نیم لە جێگەکەم هەستم و و پەرداخێک ئاوت بۆ بهێنم"!.

ئاو کە گەلێک ئاسانە، عاشیقی راستگۆ لە پێناو مەعشوقیدا گیان و جەستەی دادەنێت. کەواتە، عیشق دەبێت لە پلەی کرداریشدا خۆی بنوێنێت و لە هەموو جەستە و ئەندامەکانی و شێوەی ژیانیدا خۆی پیشان بدات و رەنگ بداتەوە. ماجەرا و داستانی ئیمانیش هەر بەم چەشنەیە. کاتێک نووری ئیمان چووە ناخ و دەروونی کەسێک و دەستی بە درەوشانەوە کرد و پەری روخسارەکانی باخی خودا پەچەیان لەسەر روومەتیان لادا و کەسەکە لەناکاو خۆی وەک کەسێکی دڵ دادە و عاشیق دەبینێتەوە، ئەم حاڵە خۆشە دەروونیە وا لە کەسەکە دەکات هەندێک راستی دەربڕێت و لە دوای ئەمەش هەڵبەتە شێوازی ژیانی بە گوێرەی ئەو دۆخەی کە بۆی دروست بووە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

لە راستیدا سەرچاوە و دەستپێکی هاتنەکایەی مەناسیک و رێورەسمە ئایینیەکانیش دەبێت بەمجۆرە دابنرێت و یان بزانرێت: پیاوچاکێک لە پیاوچاکەکانی خودا (کە پێشەنگ و ترۆپکەکانیان پێغەمبەرانن) خاوەنی دۆخێکی تایبەت و ئەزموون زۆر قووڵە و گۆڕانکاری هێنەر دەبێت(لە هەموو کایەکانی ژیانیدا) کە ئێمە بە (ئەزموونی گوتاری وەحیانی) گوزارشتی لێدەکەین.

کاتێک ئەم کەسە رۆحانیە رۆح و گیانی تامی شیرینی ئەم ئەزموونە دەچێژێت، ئەوا ئەم دۆخەش بە زمانی دەردەبڕێت. و لە سەروو ئەمەشەوە، ئەم دۆخە لەسەر هەموو جەستە و ئەندامانی خۆی دەنوێنێت و خۆی لە شێوەی

ڕواڵەتیشدا دەردەخات. ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی و دەرەکی ئەو دۆخە لە چوارچێوەی جۆرێک لە مەناسک و ڕێوڕەسمدا دەردەکەوێت. واتە مەناسک و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان لە لایەکەوە بریتیە لە خۆنواندن و ڕەنگدانەوەی سروشتی چەند دۆخێک کە لەر سەر دڵ و دەروونی پێغەمبەر یان پیاوچاکێکی ڕۆحانیدا دروست بووە.

بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە روون بکەمەوە نموونەیەک دەهێنمەوە: کاتێک ئێمە دڵخۆشین بە شێوازێکی سروشتی دڵخۆشی ئێمە لە چوارچێوەی زەردەخەنەدا لە روخسارماندا بەدەردەکەوێت. لە ڕاستیدا ئەم زەردەخەنەیە ڕەنگدانەوەی دەرەکی دۆخێکە کە لەسەر ناخ و دەروونی ئێمەدا زاڵ بووە. بۆ پێغەمبەر یان پیاوچاکێکیش ئاداب و مەناسیکەکان دۆخێکی دڵ ئەنگێز و دڵخوازە کە لە سەرناخی ئەو کەسە ناسکەدا دروست بووە.. کەواتە بە گوزارشتێکی سادە سەرچاوە و بنەڕەتی ئاداب و مەناسیکەکان شتێک نەبووە جگە لە ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەوەی کە لە دڵی بونیاتنەر یان ڕاگەیەنەری ئاییندا تێپەڕیوە.

ئەم ئاداب و ڕێوڕەسمانە بە لانی کەمەوە دوو ڕۆڵی گرنگ بۆ کەسی خاوەن ئەزموون دەگێڕێت:

بەرهەم و ڕۆڵی ئەم ڕێورەسمانە ئەوەیە کە نهێنی دەروونی ئەو پیاو چاکە دەردەخات، و لەسەر باوەڕی بە ڕاستەقینەی ناسک شایەتی دەدات. بە لانی کەمەوە بە شێوەیەکی هێمایی لە ئەزموون و باوەڕی قووڵ کە لە ناخی ئەودا دروست بووە دەدوێت.

لە ڕاستیدا ئەم پەرستشانە بۆ کەسێکی وەک پێغەمبەر نواندن و دانپیانانی بە زمان و کرداره لەڕێی جەستە و ئەندامەکانیەوە. وەکو میوەیەک وایە کە بە شێوازێکی سروشتی کە لەسەر پەلی درەخت و لە تەنیشت گەڵاکانەوە دەردەکەوێت. ناخ و دەروون وەک ناوکێک وایە، کاتێک بەهاران دێت ئەو ناوکە دەڕوێت و لە خاک سەر دەهێنێت و دەپشکوێت و گوڵ دەردەکات. ئەم سەوزبوون و گوڵگرتنە لە ڕاستیدا نواندن و دەرخستنی نهێنی ئەو ناوکەیە.

کاتێک کە ناوکێک دەڕوێنین نازانین گوڵێکی سوورە یان داری سێو، بەڵام کاتێک ناوک و تۆوەکە نهێنی خۆی واتە ئەوەی کە لە هەناو و دڵێدا شاردویەتیەوە لە بەهاراندا بە شێوازێکی سروشتی دەیخاتەڕوو ئیدی هەموو ڕاستیەکان دەردەکەون. کەواتە مەناسیک و پەرستشەکانیش ڕووەک و گەڵایەکە کە لە دانە و ناوکی دەروونی پێغەمبەر یان پیاوچاکێکدا دەڕوێت.

ڕۆڵی دووەمی ئاداب و مەناسیکەکان وەک ڕۆڵی صەدەفێک وایە. بە هەمان شێوە کە صەدەف دوڕ و گەوهەر لە دڵی خۆیدا هەڵدەگرێت لەنێو ئاوی دەریادا بۆ ئەوەی پارێزراو بێت. ئاداب و پەرستشەکانیش هەم گەوهەری گرانبەها و ئێجگار ناسکی ئەزموونە ئیمانیەکانە لە ناخی خۆیدا لە زیان پێگەشتن دەپارێزێت.

لە پرۆسەی عیشق و عاشیقیدا تەنیا ئەوەی کە تۆ کەسێکت خۆشبوێت بەس نیە. بەڵکو هەڵسوکەوتی عاشیقانە، نە تەنیا عیشقی تۆ پیشان دەدات، بەڵکو ئاگری عیشقی تۆش تاو دەدات و گەرمتری دەکات. کاتێک دۆخێکی خۆش لەلای ئێوە دێتە کایەوە، نابێت ئەم دۆخە هەروەها فەرامۆش بکرێت و دەبێت گرنگی پێبدەیت. کاتێکیش ئێوە شاد و دڵخۆشن ئەوا

پێدەکەنن. ئەم خەندە و پێکەنینە تەنیا پیشاندەری دەرەکی شادبوونی ناوەکی ئێوەیە بەڵکو خودی پێکەنین وەکو نەوتێکە کەبە ئاگرێکدا دەکرێت، دڵخۆشی ئێوە زێتر دەکات. مەناسیک و پەرستشە ئایینیەکان ئەگەر بە جوانی وەربگیرێت و جێبەجێ بکرێن ئەوا هەر ئەم رۆڵە دەگێڕن، واتە بە گڕ و ئاگرێک کە لە هەناوی ئێمەدا داگیرساوە، نەوتی پێدا دەکات تا ئەم گڕە کپ نەبێتەوە و بەڵکو هەمیشە لە بڵێسەداندا بێت.

کەواتە، مەناسیک و پەرستشەکان دوو رۆڵی گشتی و سەرەکی لە رۆحی سالیکدا دەگێڕن: یەکەم، دەرخەری سروشتی دۆخی ناوەکی ئیماندارن، و دووەمیش ئەو دۆخە لە دڵی صەدەف ئاسای خۆیدا دەپارێزێت.

ئەوەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا دۆخ و حاڵی پیاوچاک و رابەرانی ئایین و شەریعەتن. کاتێک پێغەمبەر (د.خ) بانگەوازی خۆی رادەگەیەنێت و بڵاوی دەکاتەوە، ئەم ئاداب و مەناسیکانە رەنگی بە کۆمەڵ وەردەگرێت. واتە گەلێک کە بانگەوازی ئەو پێغەمبەرەیان وەرگرتووە و بەدەمیەوە چوون و ئەویان بە پێشەوای خۆیان داناوە و ئاداب و مەناسیکەکانی جێبەجێ دەکەن، و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی نەریتێک لە پانتایی مێژوودا.

هەنووکە ئێمەش میراتگری نەریتێکی ئایینین. نەریت وەکو رووبارێکە و کەسەکانیش لە شوێنە جیاوازیەکانی ئەو رووبارەوە دەتوانن خۆیان تێرئاو بکەن.

لە راستیدا مرۆڤەکان لە دوو روانگەوە دەتوانن لەگەڵ ئەم نەریتە ئایینیە هەبووە و

**ئیمان لەسەر سێ پایە وەستاوە بڕوای دڵ و وتنی زمان و کرداری جەستە ، ئالێرەدا زۆر لە عیشق دەچێت**

لەبەر رۆشتووەدا پێکەوە گرێ بدرێن. گروپێک لە کەسەکان بە گوزارشتی عاریفان بەشێک لە مەجزوب و راکێشراوانن. واتە کەسانێکی خۆشبەختن کە بێ ئەوەی بیریش هەڵکەنن ئاو لە ئەرزی وشک و بیابانەوە بۆیان هەڵدەقوڵێت. ئەم کەسانە بە هۆی ئەوەی خاوەنی رۆحێکی ئێجگار ناسک و هەستیاریان هەیە لەو دۆخە مەعنەوی و مەقامە عیرفانیەی کە لە رۆحی پێغەمبەردا هەیە، هەر کامیان بە گوێرەی توانای خۆیان، ئەزموونی دەکەن و دەبنە هاوبەشی ئەو هەستەی پێغەمبەر. مەولانا دەڵێت:

بە معراج آیید گر از آل رسولید
رخ ماه ببوسید چو بر بام بلندید

"ئێوەش وەرن میعراج بکەن ئەگەر لە زومرەی ئالی رەسولن، روخساری مانگ ماچ بکەن چونکە لەسەر سەربانێکی بەرزن"

ئەگەر ئێوە خۆتان بە پەیڕەوکاری پێغەمبەر دەزانن دەبێت لە هەموو بوارەکاندا چاو لە پێغەمبەر بکەن و پەیڕەوی لێبکەن لەوانەش لە ئەزموونی میعراجی پێغەمبەردا (د.خ). ئەگەر

## عاشق توانا و تەحەمولی خۆشاردنەوە و دەرنەبڕینی هەستەکانی بۆ مەعشوقی نیە،

کەسێک هاوبەشی ئەزموونەکانی پێغەمبەر بێت واتە لەو دۆخە دڵڕفێنەدا هاوبەشی دەکات، نزیکی ئەو لەگەڵ ئاداب و مەناسیکەکاندا وەک نزیکی خودی پێغەمبەرە لەو ڕێوڕەسانە. واتە بە هەمان شێوە کە پێغەمبەر لە نیوە شەواندا بە پەرۆشەوە هەڵدەستا و بەتاسەوە نوێژی دەکرد و ئاگری فیراق و دووری لە مەحبوب بە هۆی نزا و پاڕانەوەوە ئارامی بۆ دێت، عاریفی شەیداش ئاڵوگۆڕی سروشت و بەهۆی ڕاکێشانی دەروونیەوە بۆ ئەنجامدانی پەرستشەکان لە خەو هەڵدەستێت. ئێوە کاتێک عاشیقن، بەرگەی دووری و فیراقی مەحبوب ناگرن. بەردەوام بە دووی بیانوویەکدان تا دەرگای گفتگو و دواندن لەگەڵ مەعشوقدا بکەنەوە.

بۆ پێغەمبەر (د.خ) نوێژ، گفتگۆ لەگەڵ مەعشوقدا بوو. بۆیە ساتەکانی دەژمارد تا لەگەڵ مەحبوبیدا بچێتە خەڵوەتەوە و تاسەی دەروونی خۆی بە نوێژ بشکێنێت. ئەگەر کەسێک هاوبەشی چێژە ڕۆحیەکانی پێغەمبەر بێت، لەگەڵ ئەو هاندارە سەرەتاییانەی کە ڕۆحی پێغەمبەری وروژاندووە دەبێتە هاوبەش.

و هەمان شادی و کرانەوە کە بەسەر ڕۆحی پێغەمبەردا (د.خ) دەباری، بەسەر ڕۆحی ئەویشدا دەبارێت. بەمجۆرە ئەو پەرستشانەی کە بە هەموو جەستە و ئەندامەکانی عاریفەوە بەجێ دەهێنرێن، وەکو زەردەخەنەیەک وایە کە لە سەر لێو و ڕوخساری کەسانی دڵخۆش خۆی دەنوێنێت.

بە واتایەکی تر، پەرستش بۆ ئەمجۆرە کەسانە ئیدی ئەرک بەجێهێنان نیە. (ئەرک) واتە کاری گران و دژوار، کارێک کە دەبێت بە دژواری و زۆر لەخۆکردن لەسەر خود جێبەجێ بکرێت. هەر لەسەر ئەم لێکدانەوەش، بۆ ئەو کەسەش کە هاوبەشی هەستە دەروونیەکانی پێغەمبەرە، ئیدی پەرستش کارێکی سروشتیە، نە ئەوەی ئەرک بێت، هەڵبەتە ئەمە خەسڵەتی مەجزوبان و شەیدایانە، واتە ئەو کەسانەی کە لە بزوێنە سەرەتاییەکاندا لەگەڵ پێغەمبەردا بەشدار دەبن و وەک ئەویش و بەچاوکردن لێی، ئاوەکە لەسەرچاوەیەکەوە دەگۆزن.

بەڵام چیرۆکەکە بۆ ئێمەی هەڵکەتوو لەم نێوەندەدا بەجۆرێکی دیکەیە. نزیکی ئێمە لەگەڵ نەریتی ئایینی و ئاداب و مەناسیکەکان بە جۆرێکی دیکەیە. بەجێهێنانی ئەم نەریت و پابەند بوون پێیانەوە بەلانی کەمەوە ئەوا بۆ دۆخی ئێمە گران و دژوارە و دەچنە بازنەی ئەرکەوە. چونکە ئێمە لە سەرەتای ڕێگەکەوە لەو پێدراوە دەروونیەکان بێبەش بووین و بۆیە دەبێت تێبکۆشین تا بەهۆی پابەند بوون بەو ئاداب و مەناسیکانەوە ئەو ئەزموونە دەروونیانە لە باخی دەروونماندا بهێنینە بەرهەم. بۆ کەسی سالیک ڕێگەی ڕێساکە بەم شێوەیە، دەبێت تێبکۆشیت تا بە وردی و خۆڕاگری، ڕۆحی سەرکێش

خۆی بە ئەنجامدانی چەند کارێک کە بۆی گران و دژوارن، رایبهێنێت و کۆتی بکات.

لە سەرەتادا ئەو ئەرکانەی کە کەسی سالیک بەهۆی جەستە و ئەندامەکانییەوە بەجێیان دەگەیەنێت یان لەسەر خۆی دەیانسەپێنێت، لە چوارچێوەی کارە دەرەکی و رەواڵەتیەکانەوە تێناپەڕێت. بەڵام هێدی هێدی دەروونیشی کاریگەری ئەوەی لەسەر دەرەوەیدا روودەدات دادەنێت. بۆ نموونە، وا دابنێین ئێوە غەمبارن. ئەگەر لەم حاڵەتەدا لەناکاو، ئەگەرچی بە زۆریش بێت، دەست بە پێکەنین بکەن، ئەو پێکەنینە هێدی هێدی کاریگەری لەسەر ناختان دادەنێت و لەوانەشە بەم پێکەنینەی خۆتان، پێکەنینتان دێت و بەمەش لە راستیدا دڵخۆش دەبن و دەبینن کە ئیدی لەمە بە دواوە وەک ئەرک پێناکەنن بەڵکو بە هۆی ئاڵوگۆڕی دەروونتانەوە پێدەکەنن.

باری دەروونی ئێمە تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری لە بارودۆخی دەرەکیمان وەردەگرێت. بۆ نموونە قورئان پێمان دەفەرموێت:﴿ وَلَا تَمۡشِ فِي ٱلۡأَرۡضِ مَرَحًاۖ ﴾ لقمان: ١٨

واتە: "بەسەرزەویدا بە شانازییەوە مەڕۆن". باڵ و پەڕەکانی خۆتان فڕێ بدەن و بەبێ فیز و خۆزلزانین هەنگاو بنێن.

بۆ ئەوەی بەبێ خۆزلزانین فیز هەنگاو بنێین ئەوا کەم کەم دەروون و ناخیشمان دەبێتە شوێنکەوتەی رواڵەتمان. ئەم رێسایە حیکمەتێکە کە لە پشت خۆماندووکردن و پەرستشەکانەوە خۆی شاردۆتەوە. کەواتە هەرچەندە ئەنجامدانی ئاداب و مناسیکەکان بۆ ئێمە گران و دژوار بێت، بەڵام ئەگەر بەم دژوارییە رابێین و هەمواری بکەینەوە تا بە تێپەڕبوونی کات رواڵەتیشمان رەنگی ئەو بگرێت و خۆی رێکبخاتەوە.

با نموونەیەکی دیکە بهێنمەوە، وا دابنێن کەسێک سامانەکەی زۆر خۆشدەوێت. لە رێگەیەکی مەعنەوییەوە بەم کەسە رادەگەیەنرێت کە دەبێت ببەخشێت و بەلانی کەمەوە بەشێک لە ماڵ و سامانەکەی ببەخشێت. بێگومان ئەم کارە بۆ ئەو گەلێک گرانە. بەڵام راهێنانی لەسەر بەخشین بە تێپەڕبوونی کات کاریگەری لەسەر ناخی دادەنێت، نەفسی رەقی نەرم دەکات و ئەو شتەی کە لە پێشتر پێی نامۆ و بێگانە بوو ئێستا پێی ئاشناو یەکانگیرە، ئەمەش وەک تایبەتمەندی پەرستشەکانە کاتێک کە بە ئاگایی و ئامادەیی دڵ هاوکات بێت.

هەڵبەتە پابەندبوون بە ئاداب و مەناسیکەکانەوە لەوانەیە جێکەوتی نەرێنیشی لێبکەوێتەوە:

گرنگترین جێکەوتی نەرێنی پەرستشەکان بریتیە لە ریا کە ئێمە و کۆمەڵگەکەمانی خستۆتە بەر هەڕەشەوە: حافیزی شیرازی دەڵێت:

واعظان کاین جلوه بر محراب و منبر می کنند
چون به خلوت می روند آن کار دگر می کنند

"واعیزەکان کە بەم چەشنە خۆیان لە سەر دوانگە و مینبەر دەردەخەن، کاتێک دەڕۆنە چۆڵەوانییەوە چەشنێکی تر دەکەن"

دەردی ریاکاری هەموو ئایین پەروەران دەخاتە بەر هەڕەشە. واتە لەوانەیە ئیدی لە شوێنکاتێکدا کەسێک ئەم ئادابانە بۆ رەزامەندی مەعشوق و بۆ مەحبوب ئەنجام نەدات، و بۆ پاکبوونەوە و پاکژکردنەوەی دەروون نەیانکات. پەرستش بکات تا بۆ خۆی ناو و نان بەدەست

بهێنێت یان بۆ بازار دۆزینەوەی بازرگانیەکەی بێت. لێرەدا ئیدی ئایین پەروەری و مەعنەویەت و پابەندبوون پێیانەوە دەبێتە کاڵا، کاڵایەک بۆ فرۆشتن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان.

دەردی دووەم (رواڵەتگەرایی)ە. هەندێک جار سالیکان و ئایینداران لە شێوەی جیاوازدا دەوەستنەوە. واتە لە سنوور و چوارچێوەی رواڵەت و روخساری پەرستشەکان دەرناچن. هەڵبەتە لە قەڵەمڕۆی ئاداب و پەرستشە ئایینیەکاندا چەند شێوە و رواڵەتێک بوونیان هەیە، بەڵام نابێت ئەمەش فەرامۆش بکرێت کە دەبێت ئەم شێوە و رواڵەتانە لە خزمەتی واتا و بەهاکاندا بێت. ئەم رواڵەتیە دەبێت لە خزمەت ناواخندا بێت. و ئەگەر ئەم خاڵەش رەچاو نەکات ئەم شێوە و رواڵەتانەش بۆ توێکڵی بێ بەها دەگۆڕێت. لێرەدا تاکی ئاییندار رەنج دەکێشێت، بەڵام ئەم رەنجە خەزێنەیەکی لەگەڵدا نابێت. تاک سەرمایەی تەمەنی لە زەوی شۆرەکاتدا بە فیڕۆ دەدات. کەواتە، بەها و پیرۆزیەکانی روخسار شوێنکەوتەی بەها و پیرۆزیەکانی ناواخنە، نە بە پێچەوانەوە. ناواخن لە ناخی خۆیدا خوازراو و پیرۆزە، بەڵام رواڵەت تا ئەو کاتەی کە لە خزمەتی ناواخندا بێت بە بەها و جێی رێزە.

دەردی سێیەمی پەرستش بریتیە لە دووبارەبوونەوە و بێزاربوون. کاتێک پەرستش و مەناسیکەکان دووبارە دەبنەوە، هێدی هێدی دەبنە خوو و ناسکی و شیرینیان لە کیس دەدەن. گۆڕانی (پەرستش) بۆ (خوو) یەکێکە لە گرنگترینی ئەو دەردانەی کە رۆحی ئایین پەروەری دەخاتە بەر هەڕەشە و مەترسیەوە. هەڵبەتە دووبارەبوونەوە خۆی بەشێکی گرنگی پەرستشەکانە. بەڵام ئەم بابەتە رێگر نیە کە ئێمە بۆ رۆح بەخشین بە پەرستشەکانمان هونەر و شێوازی نوی نەگرینەبەر. بۆیە سالیکان و ئایینداران دەبێت هەوڵ بدەن هەر ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو گۆڕانکاری بە پەرستشەکانیان ببەخشن. لە پێغەمبەری ئیسلامەوە (د.خ) دەگێڕنەوە کە دەفەرموێت: کاتێک دەچنە مەککەوە زۆر لەوێدا مەمێننەوە، مەراسیمەکان بەجێ بگەیەنن و مەککە بەجێ بهێڵن. چونکە ئەگەر لەوێدا زۆر بمێننەوە ئیدی هێدی هێدی ژینگەی مەککەتان لا ئاسایی دەبێتەوە. کاتێک کە ئێوە یەکەمجارە دەچنە مەککەوە حاڵەتیکی سەیر و نامۆتان هەیە، هەموو شتێک بۆ ئێوە جوڵێنەر و بە کارتێکەر دێتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر بەردەوام بۆ ئەوێ بڕۆن و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەوێدا بمێننەوە، وردە وردە لە ناسکی و رادەی کاریگەری ئەو ژینگەیە لە سەرتان کەم دەبێتەوە.

پێشەوایانی ئایین و عیرفان بە شێوەی جیاواز ئێمەیان فێر کردووە تا لە گۆڕانی پەرستش بۆ خوو رێگری بکەن. بۆ نموونە، وتوویانە کە لە نوێژەکانتاندا ئایەتە جیاواز و جۆراجۆرەکانی قورئان بخوێنن. یان شوێنی پەرستشەکانتان هەر چەند ماوەیەک جارێک بگۆڕن. یان هەندێک جار بە پەرستشە سوننەتەکان، پەرستشە فەرزەکان دڵنشین تر بکەن.

هەندێک لە عاریفانمان گوێ راگرتن بە مۆسیقا و سەما (سماع)یشیان بە شێوازێکی کاریگەر بۆ ناسک کردنەوەی رۆح زانیوە، ناسکی و تەڕیەک کە رۆحی سالیک لە نزا و مەناسیکە شەرعیەکانیش بە تەڕی و ناسکی دەهێڵێتەوە.

ئەوەی تا ئێستا ئاماژەم پێدا، چەند ڕێسایەکی گشتی لە بارەی پەرستشەکانەوە بە دەست دێن:

(١). دەبێت لە نێوان روخسار و ناواخندا، لە گەوهەر و صەدەفدا، رواڵەت و دەرووندا جیاوازی و جیاکاری بکات.

(٢). رواڵەت هێمای دەروون و پارێزەریەتی. کەواتە، رواڵەت هەمیشە دەبێت خزمەتگوزاری ناخ و دەروون بێت.

(٣). بەهای دەروون لە سلوکی مەعنەویدا بابەتێکی زاتیە، بەڵام بەهای رواڵەتی بۆ پەرستشە جوزئی و پاشکۆییەکانە.

ئەمەش بەو واتایە نیە کە رواڵەت فەرامۆش بکەین، بەڵکو بەو واتایەیە کە نابێت بنەڕەت لەگەڵ چڵ و لقەکاندا تێکەڵ بکەین و بە هەڵە لێیان تێبگەین. رواڵەت تا ئەو شوێنە بەهای خۆی هەیە کە لە خزمەتی دەروون و ناخ بێت. ئەگەر پەرستشەکان لە ناواخن بەتاڵ ببنەوە ئەوا دەبنە خوو و چیدی پەرستش نین. لە رووی سلوک و رەفتارەوە نە تەنیا سوودمەند و روو بە گەشانەوە نین، بگرە هەندێک جاریش هۆکاری سیس بوون و چەمانەوەی رۆحی سالیکیشن.

* * *

ئێستا باشتر وایە لەبارەی مانای هێمایی حەج لە روانگەی عاریفانەوە بدوێین. لە نیگای عاریفاندا، پرستشەکانمان، بە دەبڕینی هێمایی و ئاماژەیی بەشێک لە راستیە ئایینی و مەعنەویەکانە. بەلای ئەوانەوە (حەج)یش لەم ڕێسایە بەدەر نیە.

عاریفانی ئێمە دوو جۆر حەجیان لێکجودا کردۆتەوە: حەجێک کە دوا مەنزڵی بۆ کۆڵانی دۆستە. ئەمەش حەجی گشتیە و حەجێکیش بۆ

**پەرستشەکان لە سەرەتادا لە بابەتی رواڵەتی تێناپەڕن بەڵام پاشان شۆڕ دەبنەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ**

ئارەزووی دیداری دۆستە و ئەمەش حەجی تایبەتە. گروپێک بۆ دیداری (ماڵ- بیت) دەڕۆن و گرووپەکەی تریش بۆ دیداری خاوەنی ئەو ماڵە.

بە واتایەکی تر کەعبەیەکی گڵین هەیە و بە هەمان شێوەش کەعبەیەکی دڵین. کەعبەی گڵی کاتێک بەهای خۆیی هەیە کە ئێمە بگەیەنێتە کەعبەی دڵ. کەعبەی گڵی قیبلەی خەڵک و کەعبەی دڵ شوێنی تەجەلـلا بوونی حەقە. کەعبەی گڵ ماڵی خودایە و کەعبەی دڵ خاوەنی ماڵەکەیە. یەکەمیان حەجی ماڵی خەلیلە و دووەمیش حەجی حەرەمی جەلیل. ئەم دوو حەجە بە تەواوەتی لە یەکتری جیاوازن. مەولانا دەڵێت:

حەج زیارت کردن خانە بود
حج رب البیت مردانە بود

"حەج زیارەتی ماڵەکەیە، حەجی خاوەن ماڵ پیشەی مەردانەیە"

بۆ ماڵی خودا رۆشتن کارێکی ئاسانە. هەڵبەتە زۆریش باشە، بەڵام دیداری خودای ماڵەکە ئامانج و سەر لووتکەی هەموو کارەکانە. بە گوزارشتی هەندێک لە عاریفان، ئێمە

ئاکامدا بەرەو پێش ناڕوات و لە هەمان شوێندا کە پێشتر لەوێ بووە دەمێنێتەوە. مەولانا لە مەسنەویدا چیرۆکێک لە بارەی مەجنونەوە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ ئەم مانایەدا یەک دەگرێتەوە و دەڵێت: جارێکیان مەجنون بە سواری وشترێکەوە ویستی بڕوات بۆ دیداری لەیلا. ئەم وشترە دایکانەیەش لە ماڵەکەی مەجنوندا بەچکەیەکی هەبوو و نەیدەتوانی بە ئاسانی لێی جیا بێتەوە و بەجێی بهێڵێت. مەجنون سوار لە سەر ئەم وشترە تا نیوەی بیابان ڕێگەکەی بڕی. لەو ساتانەدا لەسەر وشترەکە خەوی لێکەوت، و وشترەکەش سوودی لەوە وەرگرت و بە ئاراستەی ماڵەوەی بۆ لای بەچکەی گەڕایەوە. کاتێک مەجنون بەخەبەر هاتەوە هەمدیسان وشترەکەی بە ئاراستەی لەیلی بەڕێخستەوە، بەڵام هەمدیسان خەوی لێکەوتەوە سەر لە نوێ وشترەکە لە هەمان ڕێگەدا کە هاتبوو بە ئاراستەی ماڵەوە گەڕایەوە، مەولانا دەڵێت مەجنوون چەندین جار بەم شێوەیە لە بیابانەکەدا هات و ڕۆشت و نە بە لەیلی دەگەشت و نە وشترەکەش بە بەچکەکەی.

دواجار مەجنون خۆی لە وشترەکەوە خستەخوارەوە و وا ڕێکەوت لە ئەنجامی ئەم کەوتنە خوارەوەدا قاچێکی بشکێت و بۆیە وتی من بەم قاچە شکاوەوە زووتر بە لەیلی دەگەم تا بەم وشترەوە. لە ڕاستیدا لێرەدا مەجنون هێمای ڕۆحی مرۆڤە و کە مەیلی بەلای بەرەو باڵا ڕۆشتن و هەڵکشانە و وشترەکەش هێمای جەستەی ئێمەیە و مەیلی بەلای بەرەو خوار ڕۆشتندایە. ئەگەر کەسێک خۆی بخاتە نێوان ئەم دوو هێزە پێچەوانەوە بە دڵنیاییەوە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە و ناگات بە ئامانجەکەی.

**بەهای دەروون لە سلوکی مەعنەویدا بابەتێکی زاتیە، بەڵام بەهای رواڵەتی بۆ پەرستشە جوزئی و پاشکۆییەکانە.**

دوو حەجمان هەیە: هەندێک بۆ تەوافی حەج دەڕۆن و دەبنە حاجی، گرووپێکیش کەعبە دێتە زیارەتیان و تەوافیان دەکات و دەبنە حاجی.

بەڵام ئەی واتای فەریزەی حەج چیە؟

(١). لە مەراسیمی حەجدا گرنگترین هێما و ئاماژە (کەعبە)یە. کەعبە دڵی مەراسیمی حەجە. هەڵبەت هەموومان دەزانین یەکێک لە روخسارە گرنگەکانی کەعبە قیبلە و رووگەیە. ئەم هێمایە بە ئەهلی ئیمان دەڵێت کە ژیانی ئایینداران ژیانێکی ئاراستەدارە. هەر کام لە ئێمەی مرۆڤ روومان بەرەو قیبلەیەکی جیاوازە. جیاوازی ئێمەی مرۆڤ لە ژمارە و جۆری ئەو قیبلانەیە کە لە ژیانی خۆماندا روومان تێکردووە.

کەعبە بە شێوازێکی هێمایی دوو پەیامی سەرەکیمان بە گوێدا دەچرپێنێت:

یەکەم: قیبلەی خۆتان بکەنەوە بەیەک. کەسێک دڵی لە سەودای هەزاران مەحبوبدا داناوە و خۆیان قەرزاری هەزاران خاوەن قەرز کردووە، ئەوا لە هەزار و یەک لاشەوە رادەکێشرێت و لە



کەواتە ئەو ڕۆحانەی تاسەی ڕۆشتن بۆ باڵایان هەیە، دەبێت هەموو قیبلەکانیان یەک بخەن. هێمای کەعبە وەبیرمان دێنێتەوە کە ئەهلی مانا و دڵ دەبێت ببنە یەک دڵ و تاکە قیبلەیان هەبێت.

دووەم: هێمای کەعبە پەیامێکی ترمان فێر دەکات، ژیانی سالیکی ڕێگای حەق دەبێت ئاراستەدار بێت، بەڵام هەر ئاراستەیەکیش ئێمە بە ئامانجمان ناگەیەنێت. قیبلەی سالیک دەبێت ڕێگەی خودا بێت. گیان دەبێت ڕووی لە عەرش (ئاسمان) بکات تا بتوانێت لە بەندی فەرش (زەوی) ڕزگاری بێت و بە دیداری مەحبوب شاد ببێت.

هەر بەم هۆیەوەیە کە کەعبە بە واتای تەواوی هێمای (یەکتاپەرستی)ە. واتە لەم جیهانەدا یەک پەرستراو و قیبلەیەکیش زیاتر نیە کە ئەویش پەروەردگارە و لەم پێگەیەدا هیچ مەحبوبێک شان لە شانی نادات.

(٢). لەیەلاکی ترەوە، کەعبە (ماڵی خودا) شە. و ئەم خاڵەش بە رای من هێمای مەراسیم و فەریزەی حەجە. ژیانی کەسی ئیماندار هەمیشە بە دەوری ناوەندی خودادا دەسوڕێتەوە. سەنتەری ژیانی ئیماندارانەی ماڵی خودایە. بەڵام (ماڵی خودا) لە کوێیە؟ لە پێغەمبەری خوداوە دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (القلب بیت الرب)، ماڵی ڕاستەقینەی خودا دڵی مرۆڤە. کاتێکیش کەسێک پرسیاری لە پێغەمبەری ئیسلام کرد: (ئەی پیغەمبەری خودا، لە کوێ بۆ خودا بگەڕێین، لە ئاسمانەکاندا یان لە زەویدا؟) و لە وەڵامیدا فەرمووی: ( لە دڵی بەندی ئیمانداردا بۆی بگەڕێ). کەواتە کەعبە هێمای ماڵی خودایە و بە گوێرەی هەواڵەکانی پێغەمبەریش، ماڵی خودا، دڵی کەسی ئیماندارە. لەم دوو پێشەکیەدا دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کەعبە لە راستیدا هێمایەکە لە (دڵی پیاوچاکی ئیلاهی)، دڵێک کە تاریکیەکانی بەجێهێشتووە و پەیوەندی بە ڕووناکی خوداییەوە کردووە.

مەولانا لە مەسنەویدا چیرۆکێکی شیرینی

هەیە کە گوزارشت لەم مانایە دەکات. دەڵێت کاتێک کە (بایەزیدی بەستامی) عاریفی ناسراوی خوراسان دەیەوێت بۆ مەبەستی بەجێگەیاندنی حەج گەشت بکات و لە ڕێگەکەیدا، بە پێی نەریتی سۆفیانە لە هەر شار و هەوارێکدا سەردانی پیاوانی گەورە و زانا و عاریفانەکان دەکات. تا دەگاتە شارێک و لە خەڵکی شارەکە ناونیشانی پیاوێکی لەم چەشنە وەردەگرێت و پێی دەڵێن لەم شارەدا پیرە پیاوێکی زاهید هەیە کە زیارەتی لەسەر ئەهلی دڵ بە پێویست و واجب دادەنرێت.

بایەزید دەڕوات بۆ بینینی و بە کەسێکی نوورانی پاک دەروون دێتە بەرچاوی و بۆی دەردەکەوێت خاوەنی ماڵی و منداڵ و زۆریش هەژارە. پیاوەکە لە بایەزید دەپرسێت بۆ کوێ دەڕۆیت؟ بایەزیدیش دەڵێت دەمەوێت بڕۆم بەجێهێنانی فەریزەی حەج. پیاوە پیرەکەش دەپرسێت چەندێک پارە و پوڵت پێیە؟ بایەزید پێی دەڵێت دوو سەد درهەم.

پیرەپیاوەکە سەیری بایەزید دەکات و پێی دەڵێت ئەو پارەیەم بدەرێ و حەوت جاریش بەدەورمدا بسوڕێرەوە و بەمەش تۆش حەجەکەت بەجێ دەهێنیت! بایەزید بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە هەمان ئەو کارە دەکات کە پیرەمێردەکە پێی وت. بەڵام پاشان لە پیرەمەردەکە دەپرسێت ئەوا ئەو شتەی کە تۆ ویستت من ئەنجامم دا بەڵام تۆش نهێنی وتەکانت بۆ من بدرکێنە. ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت مەگەر تۆ نەتدەویست زیارەت و تەوافی ماڵی خودا بکەیت. دڵی من ماڵی خودایە، خودا هەر لەو کاتەوە کە دڵی منی دروستکردووە تەنیا بۆ یەک ساتیش دڵی منی بەجێ نەهێشتووە و بەڵام لەو کاتەوەی کە ئەو ماڵە گڵینە (کەعبەی) دروستکردووە بۆ یەک ساتیش پێی نەخستۆتە ناویەوە.

کعبە هر چندی کە خانەی بر اوست

خلقت من نیز خانە سر اوست

"هەرچەندە کەعبە ماڵی خۆیەتی، لە دروستبوونمەوە (دڵ)م ماڵی نهێنی ئەوە"

ئەگەر بە دووی ماڵی خودادا دەگەڕێیت، هەوڵ بدە دڵێکی ساف و عاشیق و ئیماندار بدۆزیتەوە. ماڵی خودا دڵی بەندە ئیماندارەکانیەتی و ئەمەش ماڵێکە کە هەرگیز لە حوزری خودا چۆڵ نەبۆتەوە. هەڵبەتە بۆ تەوافی ماڵی کەعبە بڕۆ بەڵام بۆ بینینی خاوەنی ماڵەکە. کەواتە لە روانگەی مەولاناوە کەعبە هێمای دڵی کەسی ئیماندارە، دڵێکی پاک کە پڕە لە نوور و حوزوری خودایی.

(٣). شەمسی تەبرێزیش لە (مقالات شمس)دا لەبارەی رەمز و رازی مەراسیمی حەج و بە هەمان شێوەش فەلسەفەی نوێژکردنی روو بە کەعبە، ئاماژە بە خاڵێکی حەکیمانە و دڵڕفێن دەکات کە لەگەڵ بابەتەکەی ئێمەدا یەک دەگرێتەوە. شەمس دەڵێت: ئێمە لە هەر کونج و کەلەبەرێکی ئەم جیهانەدا بین روو لە خاڵێکی دیاریکراو کە کەعبەیە نوێژ دەکەین. وا دابنێن کە ئێوە لە (مسجد الحرام) نوێژ دەکەن. لێرەدا هەموو نوێژخوێنان بەرەو کەعبە نوێژەکەیان دەکەن. وا دابنێ ئێستا کەعبە هەڵبگیریت و لا ببرێت چی روو دەدات؟ دەبینن کە هەمووان بەرەو ئاراستەی یەکتر سووجدەیان بردووە. وەک ئەوەی بڵێیت کەعبە ناوەندێکی پێکهێناوە تا مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەم مەراسیمە ئاییینیەوە سووجدە بۆ یەکتری بەرن هەروەک چۆن فریشتەکان لە

کاتی ئافراندنی باوە ئادەمدا سووجدەیان بۆ برد.

ئەو گەوهەرە ئیلاهیەی کە خودا لە وجودی ئێمەدا دایناوە، بەم شێوەیە رێزی لێبنێین. کەواتە نوێژکردن بە ئاراستەی کەعبە دەتوانرێت وەک رێزلێنانێک دابنرێت بۆ مرۆڤ و رۆحە ئیلاهیەکەی کە خودا خۆی فووی پێدا کردووە و خولقاندویەتی. ئەم رۆحە یان دلۆپە پیرۆزە کە مرۆڤ وا لێدەکات شایستەی رێزلێنان بێت، هەڵبەت (دڵ)ی مرۆڤە. مەولاناش دەڵێت چوون بۆ حەج واتە تەڵەبی دڵکردن و حاجیش واتە تالیبی دڵ.

کەواتە، حاجی لە پرۆسەی گەڕان بە شوێن دڵدایە و گەشتی حەجیش هێمایەکە لە گەڕانێکی مرۆیی بۆ دۆزینەوەی دڵ و بۆ ئەوەی کەسەکە (حاجی) ببێتە خاوەن دڵ. حاجی بە شێوازێکی ئاماژەیی و هێمایی هەموو هەوڵ و ماندوو بوونەکانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی ماڵی خودا، کە هەمان خانەی دڵینە، پیشان دەدات. کەواتە لە روانگەیەکی هێماییەوە عاریفانی گەشتی حەج رێزلێنانی دڵی ئاگا و حاجی تالیبی دڵن.

بەڵام حاجی چۆن دەتوانێت پەی بەوە بەرێت کە ئایا حەجەکەی قەبوڵکراوە لە لایەن خوداوە یان نا؟ بەڕای من لێرەدا ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی روون بۆ ئەم بابەتە بوونی هەیە. حاجی بۆ ئەوەی بزانێت کە حەجەکەی قەبوڵکراوە یان نا، دەبێت بۆ ناخی خۆی بگەڕێتەوە و ببینێت تا چ رادەیەک قەدری دڵی دەزانێت و رێزی لێدەنێت. بەڵام چۆن؟ هەمدیسان بەڕای من وەڵامەکە هێندە ئاڵۆز و دژوار نیە، کەسێک کە حورمەتی دڵی لا بێت، هەرگیز دڵی کەسی تر ئازار نادات، هەرگیزیش بەناڕەوا دڵی کەس ناشکێنێت. کەواتە حاجی کەسێکە کە زبری و تاڵیەکانی ئەوانی تر وەردەگرێت و لە بریدا نەرمی و شیرینی پێشکەشی بەرامبەرەکانیان دەکات. ئەمەش وەصفی حاجیە، حاجیش میهرەبانە!.

شێخی سەعدی دەڵێت: جارێکیان لەگەڵ کاروانێکدا لە سەفەری حەجدا دەگەڕامەوە. لە کاتی سەفەرەکەدا ئەهلی کاروان و حاجیەکان بووە دەمەقاڵەیان و بە یەکتر جنێویان دەدا و دواتریش دەموچاوی یەکتریان کووتا.

یەکێک لە کاروانیەکانیش کە ئەم رووداوانەی دەبینی و لەبەر خۆیەوە وتی: ئێوە بۆ حەج رۆشتوون و بەڵام لە راستیدا ئەو وشترەی ئێوەی بۆ حەج بردووە بۆتە حاجی و ئێوە بە دەست بەتاڵی گەڕانەوە.

ئەو وشترە فێر بوو کە پووش و پاوان بخوات، بەرگەی دژواری و دۆخە سەختەکانی رێگا و بیابان بگرێت، بەمەش سوودیشی بۆ ئەوانی تریش هەبێت، بەڵام ئێوە حەجتان کرد و تەماحکارتر و تووڕەتر و نامیهرەبانتر بوون و گەڕانەوە. نەبادا کەسێک بۆ سەفەری حەج بڕوات و ئەو فرۆکە و پاسەی کە ئەو پێی دەچێتە مەککە ببێتە حاجی و ئەویش ناحاجی بگەڕێتەوە!.

**سەرچاوە**

—

*. ئەم بابەتە وتارێکی ئارەشی نەراقیە کە لە جەژنی قوربانی ٢٠٠٤ بۆ کۆمەڵێک لە هاوڵاتی ئێرانی دانیشتووی کالیفۆرنیا پێشکەش کراوە و دواتر و نووسراوەتەوە و پوختە کراوە.

# گوناهناسی مەعریفی
# پەیوەندی نێوان (گوناه) و (پێشکەوتنی کۆمەڵگە)

تەحسین حەمەغەریب
ئا: ئاری عەلی

پێشەکی:

لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین ئەوە روون بکەینەوە کە ئەگەر ئێمە گۆڕانکاری لە رووگەی فیقهی خۆماندا بکەین دەربارەی گوناه، چ جێکەوت و دەسکەوتێکی دەبێت لە ژیانی رۆژانە و مەعریفی و ئەخلاقیماندا، ئایا تێگەیشتنی فیقهی هێندە کاریگەرە تا ئەو رادەیەی بتوانین لەبەر رۆشنایی ئەودا سەرلەبەری دۆخی کۆمەڵگەی -نەک تەنها مسوڵمانان و باوەڕداران- بەڵکو کۆمەڵگەی مرۆیی پێبخوێنیەوە؟ ئایا ئەوەی لە بابەتەدا ئێمە بە (تێگەیشتنی تەقلیدی لە فیقە و دین)ناوی دەبەین چی بەرهەم دێنێت بۆ ئەم سەردەمە، یان چی پێماوە بۆ ئەم رۆژگارە زۆر گۆڕاوەی ئێستامان، دەکرێت تێڕوانین بۆ فیقە هێندە قووڵ و گەورە بکرێت بە ئەندازەیەک مانای ژیان لەخۆبگرێت؟ هەموو کایە و بوارەکان تێیدا جێبکرێنەوە؟ گوناه چ پەیوەندیەکی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە؟

لە ناوەندی هەژان زنجیرە باسێکمان خستەڕوو، لەڕاستیدا وەک پرۆژەیەک بەناوی (فەلسەفەی سوننی، رووگەی سێیەم)، پێکدێت لە حەوت بەش، سەرجەمیان لە کەناڵی یوتیوبی ناوەندی هەژاندا دانراون، ئەم نووسینە دوابەشی ئەو پرۆژەیە، لەو کارەماندا هەوڵمانداوە کە رووگەیەک لە فەلسەفەی

ئیسلامی باسبکەین کە نە سەربە رەوتە عەرەبیەکەیە، کە بریتییەلە کارەکانی (محمد عابد جابری) و نە سەربە رەوتی ئێرانی شیعەیە، کە (هێنری کاربۆن) و (سەید حسەین نەسر) رابەرایەتی دەکەن.

ئەم نووسینە دەربارەی بابەتێکە کە لە پەنجاکانی سەدەی رابردووەوە بووەتە سەنتەر، ئەویش جێکەوتی گوناهە لەسەر مەعریفە. وەک ئاشکرایە کە گوناه باسێکی ناوەندی و زۆر گرنگ و جێمەبەستی دینەکانە، لە دینەکانی رۆژئاوادا وەک؛ ئیسلام و مەسیحیەت و دینی جولەکە، گوناه پێگەیەکی ئێجگار گرنگ و سەرەکی هەیە. لە دینە رۆژهەڵاتیەکانیشدا جێکەوتی لەسەر مەعریفەی مرۆیی هەیە، بەتایبەت ئایینی بودایی. ئێستاش ئەم بابەتە لە دەروونناسی نوێدا کەوتووەتەوە بەرباس و بووەتەوە بە سەنتەر، ئەمە جگە لە وەی لە مەعریفەناسی نوێدا بە هەمان شێوە بایەخێکی گەورەی هەیە. هەروەها لە فەلسەفەی ئەخلاقی نوێدا مژارێکی گەرموگوڕە. بۆنمونە ئەوانەی لە بواری ئەخلاقدا تۆژینەوەی لەسەر دەکەن بەراوردی (گوناه) و (شەرم) دەکەن. زۆربەی فەیلەسوفانی ئەخلاق لەم رەهەندەوە ئیشیان کردووە و شوێنکاریان دیارە. ئەوان وەک بابەتێکی نەرێنی بۆ شەرم دەڕوانن، بەلام دیدێکی ئەرێنیان بۆ گوناه هەیە، لەبەر ئەوەی گوناه لایەنێکی فیکری و مەعریفی هەیە.

لە گوناهدا؛ منی مرۆڤ هەمیشە پێچەوانەی بیروباوڕەکانی خۆم دەجوڵێمەوە و مامەڵە دەکەم. بەڵام لە شەرمدا؛ بریتییە لە شەرمکردن لەوی دی، وەک ئەوەی رەنگ و

**ئەو فیقهە تەقلیدیەی کە هەیە کاڵا بە باڵای عەرەبە! ئەوەی ئێستا دەوترێت نەریتی عەرەبە و بووەتە فیقە**

بۆیەکی سۆزاوی هەبێت.

روونکردنەوەی گوناه بە نمونەکەی بودا

پرسیارەکانمان لە نمونەکەی بوداوە دەستپێدەکەین، ئەو دەڵێت؛ کاتێک ئێمە بە گالیسکەیەک بە شوێنێکدا دەڕۆین کە سروشتێکی جوانی هەیە، دەخوازین زۆرترین دیمەنی ئەو شوێنە ببینین، بۆ ئەمەش دەبێت زۆرترین ماوە ببڕین تا زۆرترین رووبەری ئەو شوێنە رازاوەیە ببینین، بەڵام رێگەکەمان گڵە، هەتا ئێمە بجوڵێین تەپوتۆز زۆرتر دەبێت، لە کاتی رۆشتندا تەپوتۆز نایەڵێت دیمەنەکان ببینین، لە لایەکی ترەوە ناکرێت بووەستین، چونکە لە وەستاندا هەر هێندە دەبینین کە لێمانەوە دیارە، ئەم بەشە دیارەیش کەمێکی ئەو شوێنەیە کە ئارەزووی دیتنی دەکەین، کەواتە لێرەدا چی بکەین؟ لە هەردوو باردا ئێمە پێچەوانەی ویست و ئارەزووی خۆمان دەوەستینەوە، چ بووەستین، چ بڕۆین! بودا دەڵێت؛ ئەم تەپوتۆزە هەڵە و گوناهەکانی مرۆڤە کە رێ دەگرێت لە بینینەکانی مرۆڤ. ئەم بابەتە لە نیوەی دووەمی

# یەکێك لە کێشەکانی تەوژمە ئیسلامیەکان ئەوەیە کە لە جێڕەوتی ئیسلامی مەعریفی دەرچوون.و لایانداوە

سەدەی بیستەوە گەڕاوەتەوە نێو مەعریفە، ئایا گوناە ڕۆڵ دەبینێت لە مەعریفەی مرۆڤدا؟ هەر بۆیە هەڵەکردنی مەعریفی رووتبوونەوەیەکی پێوەیە، وەک لە چیرۆکەکەی (ئادەم و حەوا)دا باسکراوە، کاتێک کە گوناهەکەیان کرد ئیتر شەرم و نەنگی خۆیانیان بینیەوە، ﴿ فَأَكَلَا مِنْهَا فَبَدَتْ لَهُمَا سَوْءَاتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ الْجَنَّةِ وَعَصَىٰ آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَىٰ ﴾ طە: ١٢١) بە گەڵای درختی بەهەشت دەیانویست خۆیان داپۆشن. لە هەرسێ ئایینە ڕۆژئاوییەکەدا ( ئیسلام، مەسیحی و یەهودی ) دا پەیوەندیەکی راستەوانە هەیە لە نێوان گوناە و مەعریفەدا. بۆنمونە کەسێک زۆر ئاگایانە و بەمەبەست و سەرپشکانە لە ئاوێکی ساردا مەلە دەکات، دواتر سەرمای دەبێت و نەخۆش دەکەوێت، ئیتر تای بەرز دەبێتەوە، ئەمەش وای لێدەکات وڕێنە بکات، ئەم وڕێنەکردنەی قسەیە، وتنە، بەڵام حەقبێژی نیە،یان بڵێین حەقیقەتێکی تێدا نییە، مەعریفە نیە، لەسەرەتایشەوە ئەوە خۆمم کە ئەمەم ئەنجام داوە. گوناهێکی خۆمە وایلێکردووم تووشی ئەم بارە ناجێگیرە ببم.

کەواتە لێردا روونە کە پەیوەندییەک لەنێوان گوناە و مەعریفەدا بوونی هەیە.

ئەم باسە پانتاییەکی بەرینی هەیە لە ئاییەنەکاندا، نە تەنها لەسەر ئاستی تاک، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەیش هەمان شێوەیە، لە ئاستی شاریشدا، هەر بەوجۆرەیە. لە کتێبە پیرۆزەکاندا دەبینین باسی ئەو شارانە دەکەن کە وێران بوون بەهۆی گوناهەکانیانەوە.

گوناە لەم سەردەمەدا باسێکی گرنگی (فەلسەفەی دین)ە، ئایا بەڕاست گوناهەکانی مرۆڤ جێکەوتیان هەیە لەسەر شار، شارستانی، لەسەر ئاوەدانی؟ ئەمە گفتوگۆی زۆری لەسەرە لەلایەن فەیلەسوفانی دینەوە، وەک جان هیک(John Harwood Hick ١٩٢٢–٢٠١٢)) کە نووسینی باشیان هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

پێوەرەکانی ئێمە بۆ گوناه و خۆشبژێوی رۆژئاوا

کاتێک کە مرۆڤ لە رەوشێکی ئاساییدا بیر لەم بابەتە دەکاتەوە، ئەو پرسیارەی بۆ دروستدەبێت، هەمیشە ئێمەی مرۆڤ کاتێک تووشی نەداری و ستەم و نادادگەری دەبین دەڵێین خەتای گوناهەکانی خۆمانە. بێفەرمانیمان کردووە یان لە دین لامانداوە، بۆیە ئاوامان لێهاتووە، بەتایبەت لەناو توێژی خوێندەوار و رۆشنبیردا بەردەوام ئەمە پرسیارە؛ ئاخر بۆ ئێمەی نەگبەت؟! خۆ لە رۆژئاوا ئەگەر بە پێوەرەکانی گوناە، ئەو پێوەرانەی دین بۆ گوناهی داناوە تەماشایان بکەین ئەوان زۆر لە ئێمە گوناهبارترن، بەڵام سەیری ژیانیشیان بکە!

ئەگەر بڕیار بێت گوناهی کۆمەڵگە جێکەوتی هەبێت لەسەر دەرئەنجامەکانی ژیان، نەک ستایلی ژیان چونکە گوناهەکە ستایلەکەیە، ئەو دەرئەنجامەی لێیدەکەوێتەوە جێکەوتی هەبێت لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و..هتد، ئەگەر بە پێوەرە ئاسییەکانی گوناهکردن بێت جڤاتە رۆژئاواییەکان لە ئێمە گوناهبارترن! بەڵام بۆچی ئەوان ئاوا پێشکەوتوون؟!

**ریشەی رووگەی سێیەم لە فەلسەفەی ئیسلامیدا**

وەڵام و روونکردنەوەی ئەم پرسە، بەم تەرزە لە فەلسەفە دەخوات کە ئێمە ناومانناوە (رووگەی سێیەم). کاتێک کە سەرنج دەدەین لە فەیلەسوفە سوننیەکانی سەدەی نۆزدە و بیست، کەسانی وەک (شێخ وەلی الله دەهلەوی، ئیقباڵ لاهوری)، ئەوانەی کە ئیشیان لە بواری فەلسەفەدا کردووە، پێش ئەمانیش، وەک (مەولانای رۆمی و حافز) و چەندینی تر، ئەمان زۆربەیان سوننی مەزهەبن، سوننیبوونەکەشیان عەرەبیانە نیە، ئەگەر دوا شەپۆلەکانی ئەم رەوتە لە کەسانێکی وەک (کاک ئەحمەدی موفتیزادە، مامۆستا سەعیدی نورسی و مامۆستا ناسری سوبحانی)دا ببینینەوە، ئەگەر مامۆستا ناسر بە نمونە وەربگرین، بە بۆچوونی ئێمە دەکرێت ئەو تەفسیرە بۆ پەیوەندی نێوان گوناه و ژیانی کۆمەڵگە بدۆزینەوە. دەکارین پەیوەندی نێوان گوناه و ئەو بابەتە زۆر ورد و هەستیارانە بدۆزینەوە کە جۆری ژیانی کۆمەڵگە لەڕووی بەختەوەری و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانیەوە دەرەخسێنن. ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە رۆڵی دین لەم سەردەمەدا ئاشکرا دەکەن. بە تێڕوانینی ئێمە ئەمەیە وای لە

هەندێک فەیلەسوف کردووە بچنەوە بە هزرین تێزەکانی خۆیاندا بۆ نمونە هابرماس(Jorgen Habermas, (١٩٢٩-).

بۆ ئەوەی کەمتر بنووسین و زووتر بگەینە مەبەست؛ ئێمە باوەڕمان وایە بە تێگەیشتنە تەقلیدیەکە بۆ گوناه ناتوانین ئەو پەیوەندیە بدۆزینەوە. چونکە وەک لەسەرەوە باسمان کرد ئەوە نمونەی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی و ئەوەش جڤاتی رۆژهەڵاتی، دەبینین لە تەواتوریش تێپەڕیوە! "ئەوان" کردەگەلێک ئەنجام دەدەن کە لە دیندا گوناهن، بەڵام لە "ئێمە"ش پێشکەوتووترن، خۆشتریش دەژین! ئیتر لەوە بگەڕێ کۆمەڵگەی ئەوان مانا لە ژیانیاندا نەماوە و خەمۆکی دۆزەخە گەورەکەی ئەوانە، کە زۆرتر لە چل ساڵی بەرەوە سەرەوە گرفتاری دەبن، بەڵام دواجار بە پێوەرەکانی خۆشگوزەرانی ئەوان لە ئێمە خۆشتر دەیگوزەرێنن. لێرەوە تێدەگەین ئەمە بەڵگەیە و پیماندەڵێت بەم رێگەیە وبەم ئەو پێوەرە تەقلیدیانەی کە بۆ گوناه دانراوە ناتوانین ئەم پەیوەندیە وردە مووئاسایە بۆزینەوە. بۆیە ئەگەر لە (شێخ ولی الله دەهلەوی)ەوە دەستپێبکەین، دەپرسین گەورەترین داهێنانی ئەو لە کتێبی (حجة الله البالغة)دا چییە؟ چی کەشف کردووە؟ ئەو میتۆدەی ئەو دایناوە چی بووە؟ دەهلەوی یەکێکە لە تەلەبەکانی (محمد عبد الوهاب)، بەڵام ئەو تێڕوانین و دیدە سەلەفیەی ئەو هەیبووە، دەهلەوی ئەمەی تێپەڕاندووە، گەڕاوەتەوە بۆ نیمچە قارەی ئاسیا.

لە کتێبەکەیدا و لەبەردەم محمد عبد الوهاب-دا لە سعودیە، تێگەیشتنی خۆی رایگەیاندووە کە ئەو فیقهە تەقلیدیەی کە

هەیە کاڵا بە باڵای عەرەبە! ئەوەی ئێستا دەوترێت نەریتی عەرەبە و بووەتە فیقە، هەروەها گونجاوە لەگەڵ دیوە کەلتوریەکەی عەرەبدا. دەبێت فیقە لەوە گەورەتر لێتێبگەین، واتا کاتێک کە ئەم کاڵایە بۆ عەرەب بشێت، ئەی بۆ کۆمەڵگەیەکی تر چی؟ کەواتە وەڵام ئەوەیە کە دەبێت فیقهێکی ترمان هەبێت، بەڵکو چەندین فیقهی ترمان هەبێت. ئەم جۆرە دید و هزرینە لە (شێخ ولی الله دەهلەوی)ەوە دەستپێکردووە، ئێمە لە چەند شوێنی دیکەش بە (ڕەوتی مەعریفەی دینی)ناوزەدمان کردووە. ئەم ئیسلامەی لێرەدا بەرچاوە ئیسلامێکی مەعریفیە نەک ئیسلامێکی حەرەکی، ئەو ئیسلامەی ئێستا لەناو ئیسلامیەکاندا بەرباسە حەرەکییە، تەڤگەری هەیە، سەرباز و موجاهیدی هەیە، بەڵام پشتێنەی مەعریفی لەپشتەوە نیە. وەک وتمان ئیتر لە دەهلەویەوە ئیسلامی مەعریفی دەرکەوت، دواجاریش کەسانی تری وەک (جمال الدینی ئەفغانی و محمد عەبدە) تا رادەیەک راژەی ئەم رەوتەیان کردووە، ئەگەرچی خۆیان پێچایە بابەتە سیاسیەکان، بەڵام لە (ئیقباڵی لاهوری)یدا گەیشتەوە لوتکەی خۆی.

بە تێڕوانینمان، یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە کە لە جێڕەوتی ئەو ئیسلامە مەعریفیە دەرچووین. بۆیە ئیسلام بووەتە ئایدیۆلۆژیا، گروپچێتی، ئەوەی ئێستا ناودەبرێت بە ئیسلامی سیاسی. بۆ زیندووکردنەوەی ئەمەش پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ ئەو ئیسلامە مەعریفی و فیکری و فەلسەفیە. لێرەوە بەو کەشفە گەورەیەی شێخی دەهلەوی دەزانین کە بەڕاستی دەبێت ئێمە بەم فیقهەدا بچینەوە، ئەوەی کە تایبەتە بەعەرەب جیای بکەینەوە لەوەی کە عەرەبی نیە. لەڕاستیدا ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە (محمد عابد جابری) دەیکرد، کاریان بۆ ئەوەدەکر نە تەنها دەبێت فیقە عەرەبی بێت، بەڵکو دەبێت ئەخلاقیش عەرەبی بێت. ئەگەر کارەکانی جابری بخوێنینەوە دەبینین بۆنمونە ( ئیمام راغیبی ئەسفەهانی)لە بواری ئەخلاقدا دەکاتە سەنتەر و دەیەوێت عەرەبی بێت. فەلسەفە دەبێت عەرەبی بێت، تەنانەت ئەقڵی عەرەبی، ئەوەی (جۆرج تەرابیشی) رەخنەی دەکات، واتا هەوڵەکانی جابری لە راستیدا پرۆژەی بە عەرەبیکردنەوەی فیکر و فیقە و فەلسەفە و ئەخلاقە.

**ناسری سوبحانی و تێپەڕاندنی فیقهی پێشوو**

ئەوەی ئێمە دەیخەینەڕوو(ڕەوتی فەلسەفەی سوننی)، پێچەوانەی ئەم رەوتە عەرەبیەیە، روونتر بڵێین روگەی ئیشکردنی وایە کە چۆن عەرەبی نەبێت. ئێستا بەدیاردەکەوێت ئەو هەڵوێستەی دەهلەوی چ گرنگ و گەورەیە لەو قۆناغەدا. کەواتە دەبێت ئەم فیقهە تەقلیدیە تێپەڕێنین، گەورەتری بکەین.

ئەم تەرزە لە روانین بۆ فیقە، بەڵێ جێڕەوتی خۆی وەرگرت، گەورە بوو، ئەگەرچی زۆر خاو دەهات. (سەید سابق) کە فەقیهێکی گەورەی ئیخوان بوو لە میسر، هەروەها کەسێکی قانونی بوو، ئەوە بوو دواتر لەسێدارە درا، هەندێک هەوڵیدا کە ئەم فیقهە لەگەڵ تەشریعی نوێدا بسازێنێت. پێش ئەم (عبدالرزاق سەنهوری)، کەسێکی بەناوبانگە، بنیاتنەری حقوقی عەرەبیە، دامەزرێنەری کۆلێژی یاسایە لە میسر، هەروەها یەکێکە لە دانەرانی یاسای

عێراق و زۆر وڵاتی تر. سەنهوری هەوڵێکی تری دا کە فیقهی ئیسلامی بگەیەنێتە بابەتە قانونیە جیهانیەکان، بەڵام ئەمانیش هەر بە پاشخانی دیدێکی عەرەبیانەوە ئەم کارانەیان دەکرد. ئەم جۆرە ئیشکردنە وردەوردە گەشەی دەکرد و دەگەیشت، بیرمەندەکانیش لە بواری فیکریەوە ئیشیان لەسەر دەکرد، بۆنمونە، (عەلی عیزەت بیگۆڤیچ، عبدالکریم سروش)، بەڵام ئەو کەسە کێیە کە بازی بەم بابەتە دا و گوژمێکی تری پێدا؟ دەتوانین بڵێین ئەو کەسە (مامۆستا ناسری سوبحانی)یە.

نەک هەر لەناو عەرەبەکاندا، بەڵکو سەرنجی زۆر جێگەی تریشمان داوە، زۆر بەدواداچوونی ئەم بابەتەمان کردووە، بۆ نمونە باشترین کتێب لەم بوارەدا (فقە الزکاة)ی (دکتۆر یوسف قەرەزاوی)یە کە دوو بەرگە، (ئەبو ئەعلای مەودودی) کە مامۆستای (سەید قوطب) بووە، ئەم کتێبە ناو دەنێت کتێبی سەردەم. ئێمە هاتین چەند مانگێک بە وردی ئەم کتێبەمان خوێندەوە، لەڕاستیدا هەندێک کێشەی ئابووری ئیسلامی لەو کتێبەدا چارەسەر کردووە، ئەمە سەرەتای ئەو سیستەمە بانکیەیە کە لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی گەشەی کردووە، کە ئێستا خاوەنی ملیارەها دۆلارن. تەنانەت ئەوەی (دکتۆر عەلی قەرەداغی)یش تیۆریزەی بۆ دەکات سەرەتاکەی بۆ ئەو کتێبە دەگەڕێتەوە. ئەمیش دیسان بە بۆچوونی ئێمە لەڕووی میتۆدەوە نەگۆڕاوە، هەر هەمان فیقهە عەرەبیەکەیە. هەمان بنەمای فیقهی کۆنی بەکارهێناوەتەوە. بەڵام کاتێک سەرنج دەدەینە ئیشەکانی ناسری سوبحانی، دەبینین ئەمەی تێپەڕاندووە. بازێکی

> **بۆ چارەکردنی قەیرانە دینیەکان پێویستە ئەوەی تایبەتە بەعەرەب جیای بکەینەوە لەوەی کە عەرەبی نیە.**

بەم بابەتە داوە کە لەسەرووی ئەوەی ئەوانەوەیە.

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان ئەو ئیشەی کە مامۆستا ناسر کردی لە گەڵ ئەو ئیشانەی کە فەقیهانی تری جیهانی ئیسلامی کردویانە، ئیتر لە (عبدالرزاق سەنهوری)یەوە تا دەگاتەوە (دکتۆر مصطفی زەڵمی)، وایانزانیەوە دەرچوون لەو فیقهە تەقلیدیە-مەبەستمان ئوسوڵ فیقە-یشە، دەرچوونە لە ئیسلام، تەنانەت لە ساڵانی شەست وحەفتاکاندا کە لە بەغدابووە، لە شوێنێکدا دکتۆر زەڵمی گلەیی لە رۆشنبیرانی کورد دەکات دەڵێت؛ کە بەداخەوە شەریعەتیان پشتگوێ خستووە. دبینین خاوەنی چەندندین بڕوانامەی بەرزە بەم باگراوندەوە، بەڵام نەیانتوانیوە تێپەڕێنن.

کاتێکیش لە کارەکانی مامۆستا ناسر رادەمێنین، دەبینین ئەو فیقهەی لای ئەمە وەک گوڵی باخ کراوەتەوە! با بەنمونەیەک ئەمە روون بکەینەوە؛ باسی زەکات؛ دەبینین فەقیهانی تر هەر لەناو ڕێسا دێرینەکانی فیقهدا بۆ زەکاتیان روانیوە، لە فلان ماددە چل یەک و لەوی تر دە یەک و لە شتێکی تر پێنج یەک و ...هتد.

# دەبێت بگوازینەوە لەفیقهی عەرەبیەوە کە تەنها باسی ئەو شتانە دەکات کە لەناو عەرەبدا هەن، بۆ فیقهی سەراسەر گیر

ئەم زاراوانە هەمان زاراوەی کتێبە مێژینەکانی فیقە و بنەمای فیقهن، هەمان بابەتیان تەوزیف کردووەتەوە، هەمان پاشخانی مەعریفیان بەکار خستووەتەوە. قیاس، ئەوپەڕی دێن قیاس دەکەن وەک جابری دەڵێت. واتا ئەگەر جاران باسی ترێ و گەنم و جۆیان دەکرد، ئێستا دێن بۆنمونە زەیتونی دەخەنەپاڵ. دەبینین هەمان میتۆدە، بەڵام تەنها بابەتەکەی گۆڕاوە، لەبری ئەوەی باسی مێوژ بێت باسی مۆزە بۆنمونە، یان چەندین شتی تر، چونکە ئێستا فیقهی ئیسلامی چووەتە چەندین وڵاتی ئەوروپی و شوێنانی تر. بەڵام ئەمە لای مامۆستا ناسری سوبحانی وانیە!

**ناسری سوبحانی و تیۆریای (عفو)**

سوبحانی، لەبری ئەوەی بێت بە بابەتێکی پارەیی (بەشەکی) بابەتێکی تر چارەسەر بکات، روانینی بۆ کۆی بابەتەکان هەیە، ئەو (تیۆریای عفو)ی هەیە، کە ئەمە لە (کۆنفرانسی زانستی مامۆستا ناسری سوبحانی: ٢٠١٥)یشدا باسمان کردووە؛ ئەو دەڵێت ئاستێکی بژێوی لە نێو کۆمەڵگەدا دیاری دەکرێت، هەرچی لەو ئاستە زیاد بێت، بۆنمونە؛ ئەگەر خێزانێکی پێنج کەسی مانگانە بە بڕی یەک ملیۆن دینار دەژین، واتا ساڵێک دوازدە ملیۆن دینار، هەرچی لە دوازدە ملیۆن دینار زیاتر بێت، کە لە دەوڵەمەندەکانەوە، واتا لە لوتکەوە دەبێت ریزی لێبگیرێت، ئەو زیادەیە وەردەگیرێت و دەدرێت بە هەژاران تا دەگاتەوە بە بڕە دیاریکراوەکە، یەک ملیۆن دینار. (.تؤخذ من أغنيائهم وترد إلى فقرائهم،..: سنن أبي داود » كتاب الزكاة »باب في زكاة السائمة رقم: ١٥٨٤) تا ئەو ئاستە بژێویە دروست دەبێت. روونە کە ئەمە بەو میتۆدەی فەقیهەکانی تر نیە، ئەمەیە فیقهی زەکات لای مامۆستا ناسری سوبحانی. دەبینین کە جیاوازیەکەی چەند زۆرە. ئیشەکەی شێخی دەهلەوی تەواوتر دەکات.

مامۆستا ناسر لە تیۆریای (عفو)دا دوو هەنگاوی گەورەی ناوە؛

یەکەم: فیقهی لە بابەتێکی جوزئییەوە گواستووەتەوە بۆ سیستەمێکی گشتی، تا بتوانێت لەگەڵ سەردەمدا مامەڵە بکات.

دووەم: لە فیقهێکی عەرەبییەوە کە تەنها باسی ئەو شتانە دەکات کە لەناو عەرەبدا هەن، بۆ فیقهێکی سەرانسەرگیر.

ئەگەر سەرنجی سەلەفیەکان بدەین ئەو شتانەی کە لە ناو عەرەبدا زەکاتیان ناکەوێت چەندهێندەی ئەو شتانە بن کە پێشتر لای عەرەب هەبوون زەکاتیان واجب نیە. دەبینین ئێستاش لە باسی سەرفیترەدا دەڵێن هەر دەبێت برنج یان گەنم یان قوتی ئەو وڵاتە بێت نابێت پارە بێت، ئەمە بنەماکەی لێرەوەیە، واتا بابەتە نەریتیە مێژووییە

عەرەبیەکە سەنتەرە. بەڵام ئەمەی کەسێکی وەک ناسری سوبحانی کردوویەتی شەقاوێکی فراوانی بەم باسە داوە، زۆر پێشی خستووە.

هەرچەند باوەڕمان وایە هێشتا مامۆستا ناسریش تەواوی نەکردووە، بەڵام وەک ئاماژەمان پێدا یەکەم؛ کردی بە سیستەم، دووەم؛ لە عەرەبیبوونەوە ترازاندی بۆ کۆمەڵگە ونەتەوەکانی تریش، وێڕای ئەوەی کە ئەمە لەگەڵ رۆحی شەریعەتە ئیسلامیەکەشدا گونجاوترە. ئەگەربڕیار بێت یەکێک لە خەسڵەتەکانی شەریعەتی ئیسلامی جیهانیبوون بێت، لەڕووی ئاسۆیی و ستوونیەوە، ستوونی بۆ هەموو سەردەمەکان، ئاسۆیی بۆ هەموو کۆمەڵگەکان، ئەوا بەم هەنگاوە باشتر دەگونجێت.

**گوناه و ئاستی بژێوی**

بە فیقهە عەرەبیە نەریتیەکە ناتوانین پەیوەندی لەنێوان (نەدانی زەکاتی مێوژ، گەنم یان درەو) و (تاوان)دا بدۆزینەوە. بەڵام بەم مامەڵەیەی کەسێکی وەک مامۆستا ناسر کردی، سەرەتاکەی وەک باسمان کرد دەگەڕێتەوە بۆ شێخ ولی الله دەهلەوی، دەتوانین ئەو پەیوەندیە بدۆزینەوە، چونکە ئەو تیۆریایەی ناسری سوبحانی لە بواری زەکاتدا بیناکراوە لەسەر عەدالەت، لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بە هەژارەکان تا بگەنە ئاستی بژێوی. ئەگەر کۆمەڵگەیەک ئەمە نەکات ئەوا ناعەدالەتی و هەژاری بڵاو دەبێتەوە. لێرەدا پەیوەندیەکە زۆر روون و ئاشکرا دەردەکەوێت.

ئەگەر لە دیدە نەریتیەکەوە بۆی بڕوانین؛ ئەوانەی کە گەنمیان هەیە زەکاتیش نەدەن لەئاستی بژێوی کۆمەڵگە زۆر ناگۆڕێت، بۆ نمونە لە وڵاتێکی نەوتی وەک ئەوەی ئێمەدا، بەڵام کاتێک باسی ( دووبارە دابەشکردنی داهاتی کۆمەڵگە) دەکەین، ئیتر خواردنە، نەوتە، کە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێتەوە و دەدرێت بەهەژاران، تا ئاستی بژێوی بۆ کۆمەڵگە فەراهەم بکرێت. ئەمە ئەرک و رۆڵی زەکاتە، ئەگەر ئەمە نەکرێت ناداپەروەری دروست دەبێت، لە ئەنجامی ئەم نادادپەوەریەوە نەداری و هەژاری و نەخۆشی تەشەنەدەکەن، ئەوە روونە ئێستا هەندێک لە نەخۆشیەکان بەهۆی هەژاریەوەیە، بەهۆی ئەوەی کەسی هەژاری نەخۆش پارەی نیە دەرمان بکڕێت، نەخۆشیەکەی بڵاو دەبێتەوە.

ئێمە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان (گوناه وەک بابەتێکی ئەخلاقی دینی) و (ئاستی بژێوی کۆمەڵگە) بدۆزینەوە، دەبێت ئەو فیقهە، ئەو تێگەیشتنە تەقلیدیەی کە بۆ دین هەیە گەورەتری بکەین. خەتاکە ئەوە نیە کە پەیوەندی نیە لەنێوان گوناه و ئاستی بژێوی خەڵکدا، -کە لە واقیعدا ئەم پەیوەندیە نیە- بەڵکو گرفتەکە لەوێدایە کە تێگەیشتن بۆ دین هێندە بچوکە کە ئەگەر ئەم تێگەیشتنەش نەبێت هیچ لە کۆمەڵگە ناگۆڕێت! روونتر بڵێین ئەگەر ئێمە تێگەیشتن و فیکری دینیمان بگەیەنینە ئاستێکی بەرزتر و بەرینتر، ئەودەم باشتر پەیوەندی نێوان گوناه و بژێوی، گوناه و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دەدۆزینەوە. بۆنمونە ئەگەر زەکات ببەینە ئاستێکی باڵاتر لەمە، تەنانەت لە ئایینی مەسیحیدا، کەباس لە پەیوەندی نێوان خۆت و خودا و خۆت و دراوسێکەت دەکات،

لەم نمونەیەوە دتوانین بڵێین زەکات بریتییەلە پەیوەندی نێوان من وجیرانەکەم و مرۆڤەکانی تر. ئەگەر کەسەکێک بژێوی و عەدالەت لە ژیانیدا نەبێت چۆن بتوانێت ژیانێکی مرۆییانەی هەبێت تا من پەیوەندی دراوسێیەتم هەبێت لەگەڵی؟! من لە جیهانێکدا دەبم ئەویش لە جیهانێکی تر! هەر کۆمەڵگەیەک توانییێتی زۆرترین بڕی ئەم جیاوازیە کەم بکاتەوە، واتا لەڕووی بژێوییەوە کەمترین کەلێن هەبێت لە نێوان ژیانی تاکەکانیدا، هەروەها رەچاوی کۆژانەکانی تاکی تێدا کرابێت، ئەوە زۆرترین بڕی خۆشگوزەرانی فەراهەم کردووە. ئەوەی کە ئێستا لە ئەورووپا دەیبینین.

لەو کۆمەڵگەیەی کە سەرمایەداری زۆر زەق ناهاوسەنگە، واتا چینێک لە خەڵکەکەی زۆر دەوڵەمەندن و چینێکی تر تابڵێیت هەژار، دەبینین کە نەخۆشی و نەخوێندەواری و چەندین گرفت تێیدا بڵاوە، دواکەوتووترە تا کۆمەڵگەیەکی تر. ئەمە لەو گوناهەوە سەرچاوەی گرتووە کە بریتییەلە دروستکردنی جیاوازی لە کۆمەڵگەدا بە دابەشکردنی بۆ دوو توێژی ئەوپەڕی دەوڵەمەند و ئەوپەڕی هەژار.

بۆ ئەوەی لە پەیوەندی نێوان (ئایین) و (ئاستی بژێوی و نەخۆشی و نەخوێندەواری کۆمەڵگە) تێبگەین، دەبێت تێگەیشتنمان لە ئایین ببەینە ئاستێکی بانتر. نابێت تەنها ئەم پەیوەندیە لە ئاستێکی فیقهی رووکەشانەی سەلەفیانەدا قەتیس بکەین، گەرنا ئایین رۆڵی نابێت. ئەوەی کە لەسەرەوە باسمان کرد، زەکاتمان بە نمونە وەرگرت، هەر بەڕاست

ئەگەر زەکات بەو بۆچوونە تەقلیدیە وەربیگرین هیچ جێکەوت و رۆڵێکی نەبێت لە ژیاندا، چ مانایەکی هەیە؟! بەڵام ئەگەر لەم روانگە قووڵەی مامۆستا ناسرەوە، کە بریتییەلە هەرچی کەمترکردنەوەی کەلێن و جیاوازی بژێوی نێوان مرۆڤەکان، ئەوا بێگومان جێکەوت و رۆڵێکی زۆر گەورەی دەبێت لە ژیاندا. ئەمەیە کە پێیدەڵێین ئەرکی ئەخلاقی. ئێمە دەڵێین کە ئەحکامی دینی ئەخلاقین، نابێت هیچ رێسایەکی دینیمان هەبێت دژ بێتەوە لەگەڵ رێسایەکی ئەخلاقی. لەم روانینەوەیە کە پەیوەندی نێوان (گوناە) و (پێشکەوتنی کۆمەڵگە) دەردەکەوێت.

### کاڵاکانی عەدالەت و گوناهی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی

کاڵاکانی ئەم سەردەمە تەنها شتە ماددیەکان نین، دەبێت لە هەر دوو رەهەندی ستوونی و ئاسۆییەوە بۆ ئەم پەیوەندیە بڕوانین و گەورەتری بکەین، بۆنمونە زەکات لە فڵان بابەتەوە بگوازینەوە بۆ بابەتێکی تر، لە رێسایەکی تایبەتەوە بگوازینەوە بۆ سیستەم، وەک ئەوەی مامۆستا ناسر کردویەتی. هەوەها بیگوازینەوە بۆ ئاستێکی ئەخلاقیتر، هەم بۆ ناو هەموو گروپەکانی کۆمەڵگە، هەم بۆ ئاستی دەرەکی، بۆ کۆمەڵگەکانی دیکەش، ئەوەی کە ئێستا لە فەلسەفەی عەدالەتدا پێیدەوترێت (عەدالەتی جیهانی). نەک ئەوەی کۆمەڵگەیەک خۆی بۆ خۆی عادلانە بژی و سنوورەکانی دابخات، ئێستا کێشەکە ئەوەیە، خەڵک دەڵێن کۆمەڵگەکانی رۆژئاوا پێشکەوتوون، کۆمەڵگەکانی تر دواکەوتوون، لەڕاستیدا ئەوان لەم دۆخەیاندا دوو گوناە دەکەن، بەدەر لەوەی چینەکانی ناوخۆیان

بەرامبەر یەک دەیکەن؛

یەکەم: ئەوەیە کە ئەم بژێویەی ئەوان بەرمەبنای گوناهێکە کە بریتییەلە چەوساندنەوەی کۆمەڵگەکانی تر، وەک دەبینین ئێستا دێن نەوتی رۆژهەڵات دەبەن و خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان دروستدەکەن، جەنگ لە وڵاتانەدا دەنێنەوە و خۆشبژێوی بۆ خۆیان فەراهەم دەکەن. لێرەدایە کە بیرمەندانی سۆشیال و بیرمەندانی دینی لە بەرەیەکن، بۆ نمونە کەسێکی وەک (سەمیر ئەمین) لەناو دنیای عەرەبیدا ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە سەرمایەداری نەخۆشییە، هەمان ئەوەیە کە (عبدالکریم سروش)لەم بارەوە لە ئێران دەڵێت. لەڕاستیدا وایە، سەرمایەداری نوێ نەخۆشیە توشی مرۆڤایەتی بووە، بنەمایەکی هەیە کە گوناهێکە، ئەویش بریتییەلە بێبەشکردنی هەژاران.

دووەم: دەرگاکانی خۆیان دادەخەن بەڕووی مرۆڤەکانی تردا، بۆ نمونە ئەگەر دنیا قاتوقڕی و نەخۆشی بێت ئەوان باکیان نیە، بەڵام ئەگەر مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان دروست ببێت، دێنە دەنگ، چی بکرێت دەیکەن، ئێستا سەرنج لە دیاردەی کۆچ بدەین، دەبینین کە لە چ بنەمایەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بنەمایەکی ئەخلاقی، گوناه.

بەم شێوە دەبینین کەپێشکەوتنی کۆمەڵگە بەستراوە بە تێڕوانینی ئێمەوە بۆ دین و چەمکی گوناە، بۆ مەعریفەی دینی! ئەمە دەبێت جێکەوتی لە ناوەوە و دەرەوە هەبێت، واتا تەنها نەبەستراوە بە ئایینێکەوە، بەڵکو بۆ هەموو دینەکان دەبێت ئاوا بێت، تێڕوانینەکان لەم گۆشەنیگایەوە بن، بەرزتر و بەرینتر لە

**بۆ ئەوەی لە پەیوەندی نێوان (ئایین) و (ئاستی بژێوی) تێبگەین، دەبێت تێگەیشتنمان لە ئایین ببەینە ئاستێکی بانتر.**

چەمکەکان بڕوانین. ئەمە مرۆڤسەنتەریە. لێرەوە نەک تەنها دەبێت لە فیقهدا گۆڕانکاری بکەین، بەڵکو لە باگراوندی ئەخلاقی و رۆحی-یشماندا دەبێت گۆڕانکاری بکەین. ئەوەی کە گوتمان تەنانەت لە بابەتەکانی ئەم باسەشدا دەبێت گۆڕانکاری بکەین، بۆنمونە کێشە تەنها پارە(دراو)نیە وەک ئەوەی لەم رۆژگارەدا خەڵکی زۆرتر بیریان بەلای ئەوەوەیە. چونکە وەک دەزانین کاڵاکانی عەدالەت لەم سەردەمەدا جگەلە پارە شتی تریش هەیە. پارە بۆخۆی دەرئەنجامە، بۆ نمونە عەدالەت لە دابەشکردنی مەعریفەدا، ئێستا ئەگەر رێگە بگرین لەوەی کە زانیاری بگاتە خەڵکی تر ئەوە لە هەژاریدا دەمێننەوە. عەدالەت لە بەشداریکردن لەو بڕیارە مرۆییە کاریگەرانەی کە چارەنووسازن بۆ نەتەوە و کۆمەڵگەکانی تر، بۆ مرۆڤایەتی. ئەوان، رۆژئاواییەکان بڕیاردەدەن لەسەر کۆمەڵگەکانی تر بەبێ رەچاوکردن و پرس و بەشدارپێکردنی ئەم جڤاتەی کە بڕیاری بەسەردا سەپاوە. ئەمە گەورەکردنی چەمکی زەکاتە بۆ جگەلە پارە. لە ئیشەکانی پێشترماندا وەک ناوەندی هەژان، ساڵی ٢٠٠٠

# بژێویەی رۆژئاواییەکان بەرمەبنای گوناهێکە کە بریتییە لە چەوساندنەوەی کۆمەڵگەکانی تر،

لە زنجیرە کۆڕەکانی (هۆڵی بازرگانی)لەمەڕ عەدالەت، هەر ئەودەم وتومانە کە کاڵاکانی عەدالەت بریتین لە (پارە، دەسەڵاتی سیاسی و مەعریفە). کێشە تەنها پارە نیە، کاتێک کەسێک بەشبڕاو دەکەیت لە زانیاری دەربارەی خۆی، بەوە پارە پەیدابکەیت، ئەوە گوناە و ستەمە، وەک دەزانین لەم رۆژگارەدا هەندێجار زانیاریەک بایی ملیۆنەها دۆلارە. کاتێک مرۆڤەکانی تر لەم زانیاریە بێبەش دەکەیت، ئەو ناعەدالەتیە تەشەنەدەکات کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەدەستیەوە گرفتار و گیرۆدەیە.

**چەمکی زەکات و قۆرخکردنی داتاکان**

ئێستا ئەم بابەتە زۆر گرانتر دەکەوێتەوە لەم سەردەمەدا لە چاو سەردەمانی پێشوو، بۆنمونە ئەگەر زەکاتی زانیاری نەدەیت، بەمانا فراوانەکەی زەکات، وەک چۆن مرۆڤایەتی بۆ پارە دەیدات، داتاکان تەنها لای کەسانێک گلبدرێنەوە، دۆخێک دێتە ئاراوە کە ئەم کەسانەی زانیاریرکانیان لای خۆیان قەتیس کردووە دەتوانن تەنانەت لەڕووی بایۆلۆژیەوە لە مرۆڤەکانی تر جیاواز بژین! دەستکاری جەستە و جینەکانی خۆیان بکەن، تا ئەو رادەیەی خەڵکانی تری وەک خۆیان دروستبکەنەوە! ئەوەی ئێستا لە ئارادایە، باسی کۆپی و ئەو بابەتانە. تێدەگەین کە ئەم مرۆڤە قۆرخکارانە لە چ ئاستێکی بژێویدان و مرۆڤەکانی تریش لە چ دۆخێکدا دەبن! بۆیە دەبینین زەکات دەبێت زۆر مەزنتر تیۆریزەی بۆ بکرێت. ئەو گەندەڵیەی داروین دەڵێت: "مرۆڤ گەندەڵی دەکات، چونکە کاتی خۆی سروشت ئیشەکانی خۆی دەکرد، بەڵام ئێستا گەندەڵیەکانی مرۆڤ وایکردووە کە توانا و بڕستی مانەوەی نیە، دێن بە دەرمان و پارە تێدا خەرجکردن و هەر بەزۆر دەیهێڵنەوە" ، کە ئەمە پێچەوانەی چەمک و تێگەی زەکاتە، کە نابێت ژیان و مانەوە تەنها تایبەت بێت بەم مرۆڤەوە کە دەست و دڵی لە ئاست مرۆڤەکانی تردا نوقاندووە.

کۆپیکردنی مرۆڤ بۆ ئەم ئاستەی زانست لەم سەردەمەدا کارێکی نەکردەنی نیە، بۆیە زۆر دوور نیە ببینین جەستەیەک چێبکەن بێناسنامە، مرۆڤانێکی بێدایک و باوک بهێنرێنە بوون، تەنها بۆ خزمەتی مرۆڤگەلێکی تر، بۆنمونە؛ هەرکاتێک ئەندامێکی جەستەی ئەم نەخۆشکەوت بێن لە جەستەی مرۆڤە بێدایک و باوکەکە بۆی دەربهێنن و بیخەنە شوێنی! ئەو کاتە ئەم جۆرە مرۆڤە، ئەم بوونەوەرە گەندەڵە، سوپەرمانە، نەک مرۆڤی ئاسایی، ئەوەی کە نیتچە دەڵێت. ئەم مامەڵە گوناهکاری و نائەخلاقیە وادەکات کە مرۆڤایەتی لەناوبچێت! دەبینین تا لەبارەیەوە روونکردنەوە بدەین ئەم پەیوەندیەی نێوان گوناە و پێشکەوتنی

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئاشکراتر دەبێت. کاتێک تەماشای ژیانی سەرۆکێک دەکەین بۆ نمونە ئۆتۆمبێلەکەی ئاڵتوونە، بەدڵنیاییەوە ئەوە لەسەر حسابی خەڵکی تر کۆیکردووەتەوە، بە نمونە (دۆناڵد ترەمپ)، خۆ ئەو تەنانەت ئەهلیەتی بوونەسەرۆکی نیە، کەچی ئەم پارە و سامانە کە بە مانای عەدالەت بە ناعەدالەتی کۆیکردووەتەوە، وای لێدەکات ببێتە سەرۆک. ئەمە جێکەوتی لەسەر رەوتی کۆمەڵگە و ریتمی ژیان دەبێت.

سەردەمانی پێشووکە (جان هیک) ناوی دەنێت قۆناغی یەکەم، مرۆڤ بەهۆی تاوانەکانیەوە سروشت لەناوی دەبردن، لافاوێک، زەمینلەرزەیەک ...هتد، بەڵام ئێستا﴿ ظَهَرَ ٱلۡفَسَادُ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ بِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِي ٱلنَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعۡضَ ٱلَّذِي عَمِلُواْ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٤١ ﴾ الروم: ، بەهۆی ئەو ئیشانەی خۆیانەوە خۆیان لەناودەبەن. زۆرینەیەک لە مرۆڤایەتی دەفەوتێن بەدەستی مرۆڤ خۆی! سەردەمانی زوو بۆنمونە ئەگەر شارێکی زۆر گەورە لەناودەچوو، ئەوپەڕی سی هەزار کەس دانیشتوانی دەبوو، بەڵام ئێستا ساڵانە بەهۆی هەژاری، نەداری، نەبوونی خۆراک، ئاو و تەنانەت هەوای پێویست، نەخۆشی ئایدز، کۆچی ناچاری، کۆیلایەت سپی(استیغلالی سێکسی) ملیۆنان مرۆڤ لەناودەچن! هەموو ئەمانە دەرئەنجامی گوناهەکانی مرۆڤە. ئەم هەموو کارەساتە وادەکەن کە گەورەتر لەوەی کە هەبووە لە مانای گوناه تێبگەین. مەعریفەی دینیمان گەورەتر بکەین.

نابێت من لە چوارچێوەی مەزهەبەکی خۆمەوە لە دین بڕوانم، ئەو کاتە پەوەندی نادۆزمەوە، (مصطفی مەلەکیان) قسەیەکی جوانی هەیە بۆ مەلاکان: " لێیان دەپرسێت ئەم هەموو پارەیەی ئێوە لە فیقهدا سەرفی دەکەن جێکەوتی لەسەر کۆمەڵگە چییە؟، ئەی ئەوە نیە قانونیشتان هەیە؟ قانوونی دینی، ئەی ئەمە چییە بە جیا دەیکەن؟! چ کاریگەریەکی لەسەر ژیان هەیە؟". واتا ئەگەر نەشبێت کۆمەڵگە وێران نابێت. بەڵام ئەگەر چەمکی فیقە بەو مانا بەرینە بێت کە دەبێتە مایەی مانەوەی کۆمەڵگە، فەراهەمکردنی عەدالەتی مرۆیی، ئەمە دروستکردنی جێکەوتە لە ژیاندا. هەرگیز بە فیقهێکی تەقلیدی وەستاو ئەمە دروست ناکرێت. هەروەها بە فیکرێکی تەقلیدیش.

لە نەوەدەکاندا ئیسلامیەکان هاواریان دەکرد ئیسلام چارەسەرە، ئەگەر بەو شێوە چەقبەستووە بێت ئەوە هەرگیز نابێتە چارەسەر، بەڵکو دەبێتە بار بەسەر ژیانەوە. بۆیە ئەوەدەمەی بە مەعریفەیەکی فراوانتر و لە روانگەیەکی قوڵی قورئانیەوە بۆ گرفتەکان بڕوانین، دەتوانین پەیوەندی نێوان گوناه و پێشکەوتنی کۆمەڵگە بدۆزینەوە. گەنجان زۆرجار دەپرسن بۆ فڵان کەس هەتا خراپە دەکات هەر ملی قایمتر دەبێت؟! بە تێگەیشتنە نەریتیەکە، دەبینین لە سیستمە زۆردارەکاندا ئەمە وایە، بەڵام لە رووکەشدا، گەرنا لە راستیدا ئەو کەسانە گیرۆدەن، گیرۆدەی ناعەدالەتی خۆیانن، کۆمەڵگەشیان بە چ دەردێک بردووە. ئەم پەیوەندیە خاڵی یەکگرتنەوەی دین و ژیانە، نەک ئەوەی ژیان بئاخنینە ئەو مانا بچووکەی بۆ دین و فیکر و فیقە هەمانە.

ئەو رەوتە فیکری و فەلسەفیەی کە هاتووە، لەسەرەوە باسمان کرد، هاوکاری ئەمەیە. ئێمە لە کۆنفرانسەکەی مامۆستا ناسردا وتوومانە کە ئەو دەرئەنجامانەی ئەو بەدەستیهێناون باهەرچییەک بن، بۆ ئێمە ئەو رەوتە گرنگترە کە ئەو گرتوویەتیەبەر، خەیاڵەکەی، ئەو روانینە کراوەیەی گرنگە.

بەکورتی، بۆ ئەوەی مانا بە ژیانمان ببەخشین، بۆئەوەی پەیوەندی کۆمەڵگە و دین بدۆزینەوە، دەبێت لە بواری دینیدا جارێکی تر بە تێڕوانیەکانماندا بچینەوە، بۆئەوەی حەقیقەت چۆنە وا دەربکەوێت، گەرنا هەر بەزۆر پەیوەندی دین و ژیان بریتیی بکەین لەوەی کە لەناو کتێبە تەقلیدیەکاندا هەیە، ئەمە پەیوەندی نیە، بگرە نەبێت باشترە! چونکە دین عەیبدار دەکات، دەبینین کە زۆرجار بە گوێرەی ئەم تێروانینە نەریتیەکە پێشبینی دەکرێت بۆ کۆمەڵگە کەچی بەو شێوەیەش دەرناچێت. هەروەها رێگرە لە بەردەم ئەوەی کە کۆمەڵگە چەندێک شیانی ئەوەی هەیە و دەکرێت بچێتە پێشەوە، بەڵام ناوێرن چونکە بابەتەکە باسی دینە! لە هەندێک وڵات بە فەتوای زانایان و مەلاکان، بۆنمونە لە ئێران هەژارترین کەس کوردەکان و سوننیەکانن کە رێگەیان نەداون بەشداری ئەو سیستەمە بانکیەی ئەوێ بکەن، کۆمەڵگەکانی تر سودێکی زۆریان لێبینیوە و ئەمانیش هیچ، ئێمە نالێین تاوان بکەین، ریبا بخۆین، ئاخر خۆ ریباخواردن جگەلە ستەمکردن چییە؟ ریباخۆر پارەی دەستەکەوێت بەبێ هیچ زەحمەتێک. هەموو مامەڵەیەکی ئابووری دەبێت بردنەوە و دۆڕانی تێدابێت، لەکڕینی شمەکێکدا دەبێت ئەگەری قازانج و زەرەری تێدابێت. گوناهی ریبا ئەمەیە ئەم دوو ئەگەرەی تێدا نیە، ئەمەیە مامەڵە نائەخلاقیەکەی، کەسی ریباخۆر بەردەوام لە بردنەوەدایە.

لە قورئاندا دەیان ئایەتمان هەیە دەفەرموێت هەرچی گوناهێک دەیکەن لە خۆتانەوەیە. ئەمەشە مانای ﴿ لَهُۥ مُعَقِّبَٰتٌ مِّنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ يَحْفَظُونَهُۥ مِنْ أَمْرِ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا۟ مَا بِأَنفُسِهِمْ ۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوْمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥ ۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ ﴿١١﴾ ﴾ الرعد. ئێمە کە دیوە ئەخلاقیەکەی خۆمان گۆڕی، قووڵتر لە گوناە تێگەیشتین، بەدڵنیاییەوە شێوازی ژیانیشمان جۆرێکی تر دەبێت. تەنانەت لەڕووی دەروندروستی-یشەوە، کاتێک هەست دەکەیت ژیانت ناڕوات تەنها بە گوناە نەبێت، (دکتۆر عەلی وەردی) لە کتێبەکانیدا باسیدەکات؛ کابرای دوکاندار کە بە رۆحێکی دینیەوە دەچێتە بازاڕ، دوایی ناچارە درۆ بکات تا شمەکەکانی بفرۆشێت، دواتر هەمیشە هەست بە سزای ویژدانی خۆی دەکات، دەروونە دینیەکەی سزای دەدات، بۆیە بۆ قەرەبووکردنەوەی دەچێت مزگەوتێک دروست دەکات، فەرشێک دەخاتە مزگەوتەوە، بۆپڕکردنەوەی ئەو بۆ شاییە! سەرنج بدەین لێردا چ تێگەیشتنێک بۆ گوناە هەیە. لەم نمونانەدا نامانەوێت خاتر بگرین، واتا مەبەستمان ئەوە نیە وا لە گوناە بکەین کە کردنی ئاسان بێت، بەڵکو مەبەسمانە تێڕوانینمان بۆ گوناە بەم جۆرە نەبێت کە کەسە دوکاندارەکە هەیەتی، ئەمەش بە پێداچوونەوەیکی سەرلەبەری سیستەمی تێگەیشتمان دەکرێت بۆ گوناە. وەک ڤیتگنشتاین دەڵێت" دین شتێکی جوزئی

نیـە، بەڵکـو رووگەیەکـە لـە ژیانـدا". کـە ئەمـە حیکمەتێکـی زۆر گـەورەیـە. لـەم پێودانگـەوە لـەزەکات بڕوانیـن دەبینیـن کـە زەکات ئـەم شـتە و ئـەو شـتە نیـە، یـان بریتـی ناکرێـت لـە فـڵان شت لای فڵان فەقیە، بەڵکو زەکات رووگەیەکە لـە ژیـان کـە پەیوەنـدی نێـوان هـەژاران و زەنگینـان رێکدەخاتـەوە، ماناکـەی سـەراپای ژیـان دەگرێتـەوە.

**ئەخلاق و ئایین وەک رووگە**

ئەخـلاق بریتـی نیـە لـە شـتێکی دیاریکـراو، هەمـوو دنیـا لـە یـەک شـتدا کـورت بکەینـەوە و دایبخەیـن، بـۆ نمونـە درۆنەکـردن، جێگـەی وا هەیـە درۆکـردن تێیـدا ناچارییـە، بۆنمونـە تـۆ شـوێنی کەسـێک دەزانیـت کـە خەڵکانێـک بەدوایەوەن بیکوژن، لێت دەپرسن لەکوێیە؟ تۆش بـۆ ئـەوەی نەیکـوژن دەڵێیـت نازانـم، ئەگـەر راسـت بڵێیـت نائەخلاقیـت کـردووە، ئەگـەر درۆ بکەیـت کارێکـی ئەخلاقیـت کـردووە! ئەمـە ئازایەتیـە، لێرەدا کارێکـی جوامێرانـەت کـردووە. مرۆڤێکـت رزگار کـردووە! بۆیـە ئەگـەر ئەخـلاق وەک شتێکی جوزئـی لێیتێبگەیـن ئـەوا هیـچ کەسـێک ناتوانێـت ئەخلاقیانـە بـژی، بـەڵام ئەگـەر ئەخـلاق بـە رووگەیـەک بزانیـن بـۆ ژیـان دەبینیـن لێـرەدا ئەخـلاق چەنـد فراوانـە. ئەمـە مانـا گەورەکـەی ئایینـە بـۆ هەمـوو چەمکەکانـی تریـش هەروایـە.

ئەمـەی خستمانە روو پڕکردنـەوەی بۆشاییەکانی سـەرمایەداری نیـە، بێیـن بـۆ هەڵـە و گوناهەکانـی جیهانـی سـەرمایەداری فەتـوای رەوابوونیـان بـۆ بدەیـن. وەک ئـەوەی لـە وڵاتانـی کەنـداودا دەیبینیـن کـە فەتوایـان بـۆدەدەن تـا کەلێنەکانـی سیسـتەمی سـەرمایەداری بـە دیـن

> **کاڵاکانی ئەم سەردەمە تەنها ماددیەکان نین، دەبێت لە رەهەندی ستوونی و ئاسۆییەوە بۆ ئەم پەیوەندیە بڕوانین**

پڕبکەنـەوە، ئـەو هەمـوو دەوڵەمەندیـەی ئـەوێ کـە زۆربەی زۆری مامەڵەیەکی نائەخلاقیە، بەداخەوە، لـە ئاسـتە گشـتیەکەیدا نـەک لـە ئاسـتی تاکـدا، بەڵکـو ئـەم مەعریفـە دینیـە بیێتـە راستکەرەوەی، ئەمـە ئەرکـی دینـە. هەروەهـا ئـەم وڵاتانـە تەنانـەت کێشـە بـۆ کۆمەڵگەکانـی تـر دەنێنـەوە، بۆنمونـە ئیمـارات و سـعودیە کێشـە بـۆ میسـر و قەتـەر و .. دروست دەکەن، تەنانـەت سـەیر ئەوەیـە دەبنـە کێشـە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا! بۆنمونە وڵاتێکـی وەک سـعودیە، زۆرجـار لـە بودجەکەیـدا کـورت دەهێنێت، ئایا سعودیە پارەی نیە؟ بابەتەکە ئەوە نیـە، بەڵکـو ئەگـەر داهاتـی لـە خەرجـی زیاتـر بێت ئـەو کاتـە ئەمەریکا داوای پارەی لێدەکات، بـەڵام بـۆ ئەمەریکا؟ بـۆ هـەر دەبێـت بدرێـت بـەو، ئەگـەر سـعودیە باوەپیـارەی جیهانـی ئیسـلامیش بێت خەڵکـی هـەژار لـەم جیهانە ئیسـلامیەدا نیـە ئـەم هـاو کاریـان بـکات؟ چـی وا دەکات ناچـار بێـت بیـدات بەئەمەریـکا؟ بۆچوونـە تەقلیدیـە فیقهیەکەیـە شـەرعیەتی پێدەدات کـە بیدات بـە ئەمریـکا! دەتوانێـت ئـەم گوناهـە بـکات، بـەڵام ئەگـەر مانـای دیـن گـەورە بکەیـن ناتوانێـت ئـەم

**سروش: سەرمایەداری نوێ نەخۆشیەکە توشی مرۆڤایەتی بووە، بنەمایەکی هەیە کە بریتییەلە بێبەشکردنی هەژاران.**

گوناهـە بـکات، دەبێتـە بەربەسـت بـۆی.

گوناهـ و گۆڕینـی سیسـتەمی سـەرمایەداری جیهانی

بۆیـە کـە دەڵێیـن لـە ئاسـتی جیهانیدا تەماشـای ئـەم بابەتـە بکەیـن، باسـەکە زۆر هەمەگیـر و فراوانـە، ئێسـتا هەندێـک بیریـار هەیـە باوەڕیـان وایـە کـە ئێمـە ناتوانیـن سیسـتەمی سـەرمایەداری بگۆڕیـن، بۆنمونە(عبدالکریـم سـروش) بـاوەڕی وایـە ئێمـە لانـی کـەم ئەوپـەڕی بتوانیـن خۆمـان بپارێزیـن، وەک هەڵدانـی چەترێـک کـە لەبارانـدا کـە نایەڵێـت تەڕببیـن، بـەڵام ڕێ لـە بارینەکـە ناگرێـت، واتـا مـن بـۆ خـۆم نەچمـە نـاو ئـەو سیسـتەمەوە، هـەر ئەمەنـدە، بـەڵام بـە بۆچوونـی ئێمـە دەکرێـت بیگۆڕێـن، ئەویـش بـە دۆزینـەوەی مانـای قووڵتـری نێـوان ئاییـن و ئەخلاق و مەعریفە، کـە خۆشـبەختانە ئێسـتا تیۆریـای مەعریفـەی مرۆیـی، ئیپسـتمۆلۆژیا هاوکارمانـە لـەم بابەتـەدا، جارێکـی تـر چەمکـی گونـاه بووەتـەوە سـەنتەر، دەتوانیـن ڕێگـری لـە سیسـتەمی سـەرمایەداری جیهانـی بکەیـن. بـەو چەوساندنەوەیەی ئەمـڕۆی نـاو مرۆڤایەتـی بڵێیـن سـتۆپ! ئەمـەش لەگـەڵ ئـەم ڕەوتـە سـوننیەدا باشـتر گونجـاوە وەک لـە هـەر ڕەوتێکـی تـر.

کەواتـە دوا بابەتمـان بریتییەلـەوەی هەمـوو دینـەکان لەسـەری کۆکـن، تەنانـەت ئـەو دینانـەش کـە پێغەمبـەر سـەنتر نیـن بەڵکـو خـودا سـەنتەریش نیـن وەک دینـی بودایـی، لـە دیـدی ئایینەکانـەوە پەیوەندیـەک لـە نێـوان گونـاه هەڵەکانـی مـرۆڤ و مەعریفـەدا هەیـە. ئـەم ڕەوتـە لەگـەڵ ئـەم تێزەی خسـتمانە ڕوو کـە ناومانناوە (ڕووگـەی سـێیەم) هەماهەنـگ و سـازگارە. بـەم جـۆرە مرۆڤـی دینـدار دەتوانێـت یەکانگیرییـەک لـە نێـوان مەعریفـەی دینـی و مەعریفـەی دەرەوە دینـی-یـدا دروسـت بـکات. وەک لـە کۆرسـی (خـودا و مـەرگ) دا ئاماژەمـان پێکـرد کـە یەکێـک لـە ڕێسـاکانی ئەخلاقـی بـاوەڕ ئەوەیـە کـە هاوسـازی و یەکبوونێـک هەبێـت لـە نێـوان هەمـوو باوەڕەکانمانـدا چ بـاوەڕە دینیەکانمـان چ بـاوەڕە دەرەوە دینیەکانمـان، کـەی ئێمـە لەڕووی دەروونییـەوە تێکدەچیـن، ئـەو کاتـەی بـاوەڕە دینیەکانمـان شـتێکمان لێبخـوازن و بـاوەڕە دەرەوە دینیەکانمـان شـتێکی ترمـان لێبخـوازن، بۆنمونـە ئێسـتا لەنێـوان (ضریبة) یـان بـاج و زەکاتـدا، تـا ئێسـتا نەیانتوانیـوە لـە جیهانـی ئیسـلامیدا ئەمـە یەکبخەنـەوە! ئەمـە دوو ڕەوتـی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا دروسـتکردووە.

ئـەم ڕووگەیە(ڕووگـەی سـێیەم) ئـەم دوو جـۆرە لـە بـاوەڕ یەکدەخاتـەوە. وادەکات هـەم لـە ڕووی دەروونییـەوە دروسـتتربم، هـەم لـە ڕووی فیکرییـەوە کار بـە تیۆریـای ئینسـیجامگەرایی بکـەم، هاوتریـەیی لـە نێـوان سـەرجەمی باوەڕەکانـی منـدا فەراهـەم دەکات، وەک وتمـان بـاوەڕی دینـی و بـاوەڕی دەرەوەدینـی. چەنجار بینیومانـە کەسێـک دەگاتـە

حاڵێکی زۆر ناچاری دەزانێت وانیە بەڵام دەڵێت: چی بکەم ئیتر شەرعە! بۆنمونە بابەتێکی وەک دیموکراسی، لە چەندین کەسمان بینیوە تەنانەت حاکمی دیندار، کەباوەڕیان پیی هەبووە بەڵام دەڵێت: بەڕاستی شتێکی چاکە بەڵام بڵێین چی پێچەوانەی شەرعە! بڕوانن کە هاوتریەیی مەعریفەی دینی و مەعریفەی درەوەدینی چەند گرنگە. ئەگەر وامان نەکرد ئەوە دەرئەنجام چی دەبێت؟ هەر ئەوە دەبێت کە ئەمڕۆ کەسانی سیکۆلار مەبەستیانە، واتا ئەگەر بەم جۆرە قووڵە لە پەیوەندی نێوان گوناه و پێشکەوتنی کۆمەڵگەمان نەڕوانی، ئەوا عەلمانیەت دروست دەبێت، بەراستی هەماهەنگی نەکردن لەنێوان ئەم دوو جۆرە مەعریفەیە عەلمانیەتە! ئەم بەشەیان بۆ ناو قانون، ئەم بەشەی تریشیان بۆ شەریعەت! ئەم جیاکردنەوەیە خودی عەلمانیەتە! ئەگەر عەلمانیەت بریتی بێت لەوەی کە پانتاییەک، ناوچەیەک هەیە خودا لەوێدا حزووری نیە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە تەقلیدیەی ئێستا خودی عەلمانیەتە، بەوەی کە دوو ناوچەی لێکدابڕاوی مەعریفی فیکری فیقهی ئەخلاقی دروستکردووە. ئەمە بنەمایەکی فەلسەفی هەیە، کاتێک ئێمە وا لە خودا تێبگەین کە مەوجودێکە بە تەنیشت مەوجودەکانی ترەوە و لەدەرەوەی مەوجودەکانە، کەواتە جێگەیەک هەیە کە خودای لێ نیە! ئەمە خودی فەلسەفەی سیکۆلاریزمە، ئەم جۆرە عەلمانیەتەیە کە کێشەی ئەم سەردەمەیە نەک عەلمانیەتی سیاسی! بۆیە گۆڕانکاری لەم تێگە و روانینەدا بۆ فیقە زۆر بابەتی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت.



موسعەب ئەدهەم

# ئەخلاق وەک فریادرەس"ئەخلاق لە سەردەمی نوێدا"

سەردەمی نوێ:

بۆ ئەوەی لە گرنگی ئەخلاق زێدەتر تێبگەین لە سەردەمی نوێدا، پێویستە لە تایبەتمەندیەکان و شوناسی ئەم سەردەمە نوێیە بگەین، گەلێ گرنگە بە لایەنی کەمەوە لەو لووتبەرزی مرۆڤەکانەوە هەیە، ئێمە لە دەرەوەی مرۆڤ و مرۆڤبوونمان شتێکمان بە ناوی ئەخلاقەوە نیە، بۆیە پرسیارەکە رووبەڕووی دەروون و ناوەوەی ئێمەی بوونەوەر وەك مرۆڤ دەبێتەوە.

چ شوێنێکی مرۆڤ لەنگ بوو، کە وایکرد ئەخلاق دابهێنێت؟ یاخود بە دەستەواژەیەکی بەدبینانەتر، بۆچی مرۆڤ شتێکی پڕ لە تێچوونی وەکو ئەخلاقی ژیانکردنی داهێنا کە بووە هۆی ئەوەی دروستبوونی کەموکوڕی و ناتەواوی لە ناوبانگ و سامان و پێگە و خۆشەویستبوون و پێگەی کۆمەڵایەتی؟ لە راستیدا ئەم تێچوونانە بوونیان هەیە و تەنانەت بەمجۆرەش نیە، ئەخلاقیانە ژیان ببێتە هۆی خۆشەویستبوون، ئەگەر تێڕابمێنن، دەبینن هەر چەندە ئەخلاقیانەتر بژین، تەنیاتر دەبینەوە و هەرچی تەنیاتریش ببنەوە، غەمگینتر دەبن و تووشی پەژارە دەبن.

دەروونناسانی ئەخلاق مژۆڵی ئەوە بوون و وتوویانە، ئەمانە راستن، بەڵام ئەخلاقیانە ژیان، کۆمەڵە نیاز و پێویستیەك دەهێنێتە دی کە بەدیهێنان و هاتنەدیان بەهای ئەم تێچوونانەی هەیە و

ئـەوە دەهێنێت کـە تێچوونیشـی هەبێت.

بـەڵام ئێستا ئـەم نیـاز و پێویستیانە کامانـەن؟ لـەم رووەوە پێنـج بووچـوون بوونیـان هەیـە کـە زۆرتریـن لایەنگریـان هەیـە، ئەوانیـش:

١- هەمـوو کۆمەڵگەیەك پێویستی بە وابەستەبوون و پەیوەنـدی هەیـە و زۆرێـك لـە کۆمەڵناسـان دەڵێـن، ئەخـلاق ئـەم وابەسـتەبوون و پەیوەسـتبوونە دەهینێتە دی "نیـاز و پێویستی کۆیی و گشتی".

٢-پێویسـتی بـە ئارامـی و ئاسـایش بـوەوە هـۆی دروسـتبوون و هاتنـەدی ئەخـلاق، ئەگـەر رەنـج و ئـازاری ئەوانیتـر نەدەیـن، تووشـی رەنـج و ئـازار نابیـن (پێویسـتی تاکەکسـی).

٣-دروسـتبوونی کۆمەڵگـەی نموونەیـی، پێویسـتی بـە ئەخلاقـە. پێنـج تایبەتمەنـدی کۆمەڵگـەی نموونەیـی بریتیـن لـە: سیسـتەم و رێکخسـتن، ئاسـایش، خۆشـگوزەرانی، عەدالـەت و ئـازادی. ئەخـلاق مەرجـی پێویسـتی ئـەم کۆمەڵگەیـە و مەرجـی تـەواو "کافـی" ئـەو ئەخلاقەش، دەبێت ماف و یاسای لەگەڵدا بێت.

٤ - ئامانجە دەروونیـەکان "ئارامـی، رەزامەنـدی ناوەکـی، ژیانـی مانـادار، ئومێـد و شـادی"، بوونەتـە هـۆی رووکـردن و هاتـن بـەرەو ئەخـلاق.

٥- ئەخـلاق، بـە پێچەوانـەی وتـەی پێشـینانەوە، هـۆکار نیـە، مـرۆڤ لـە نێـو خۆیـدا خوازیـاری ئەخلاقـە "دەروونناسـی ئەفلاتۆنـی(١).

**ئەخلاق لە سەردەمی نوێدا**


ئەگـەر ئەخلاق و ئەخلاقیانە مامەڵەکردن و بە مانایەکـی تـر ئەخلاقیبـوون لـە رستەیەکدا کـورت بکەینـەوە ئـەوا گوتـەی فەیلەسـوفی بەناوبانگـی ئێرانـی (موسـتەفا مەلەکیـان) دەکەینـە دەسـتکەلای بابەتەکەمـان، بـەوەی ئەخـلاق چیـە و کامەیـە؟ ئـەو دەڵێت: ئەخلاقیبـوون بـەو مانایەیـە کە بازنـەی ئـەو شتانەی رێگەمـان پێدراوە و بە تەنگتر و تەسکتر لە بازنـەی تواناکانمـان بزانیـن(٢) واتـە، ئێمـەی مـرۆڤ دوو بازنەمان لە پێشدایە و لەبەردەم دوو بازنەداین:

یەکەمیـان بریتیـە لـە بازنـەی رێگـە پێدراوەکان.

دووەم، بریتیـە لـە بازنـەی تواناکانمـان.

ئـەم نموونەیـە هاوکاریمان دەکات کە ئـەم بابەتـە زیاتـر روون بکەینـەوە، کەسـێك توانـای ئازاردانـی کەسـی بەرامبـەری هەیـە و دەتوانێـت بـە هەمـوو جۆرێـك و بـە بێ هیـچ رێگریـەك سووکایەتی یـان ئـازاری جەسـتەیی بـدات، کە ئەمـە دەچێتە بازنـەی توانـای مـرۆڤ و بازنـەی تواناکانیـەوە، بـەڵام ئـەم کەسـە کـە دەتوانێـت ئـەو ئـازارە بـە بەرامبەرەکـەی بگەیێنێت، ئەو کارە ئەنجام نادات، لەبەرئەوە رێگەی پێنـەدراوە، ئیـدی ئـەو رێگـە پێنـەدراوە هەرچـي بێـت و هـەر شـتێك بێـت، ویـژدان، ئەخـلاق، ئاییـن، رەوشـت و ئـاکار و ...هتـد. کەواتـە ئێمـەی مـرۆڤ لـە دووجـۆر بازنـەی تایبـەت بـە خۆمـان هەیـە و ئەخلاقیـش ئەوەیـە کـە مـەرج نیـە هەرچـی ئـەوەی دەتوانیـن ئەنجامـی بدەیـن، رێگەشمان پێدرا بێت.

لێرەدا پرسـیارێك دێتـە پێشـەوە ئەویـش ئەوەیـە بۆچـی لـەم سـەردەمەدا پێویسـتی زیاترمـان بـە ئەخلاق و ژیانی ئەخلاقیانەیە؟ بۆ ئەوەی بە کورتی وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدەینـەوە کـە دەشـێت چەندەها نووسـین و کتێبـی مەزنـی لەمـەڕ بنووسـرێت، هـەروەك چـۆن چەندیـن فەیلەسـوفی مـەزن لـەم سـەردەمەدا بـە دوای وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا دەگەڕێن و کتێبـە مـەزن و لێکۆڵینـەوە گەورەکانیـان




ئەنجام داوە، ئەوا بە کوورتی دەشێت بڵێین، لە ڕۆژگارێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە پێویستی مرۆڤ بۆ ژیانی ئەخلاقیانە و ئەخلاقیانە ژیان لەبەر چەند هۆکارێك کە باسیان لێوە دەکەین زۆر لە سەردەمەکانی پێشوو پێویست ترە، بە درێژایی مێژوو مرۆڤ نیازمەندی ژیانی ئەخلاقیانە بووە، هیچ کات پایەی ئەخلاق و ئەخلاقیانە ژیان بۆ مرۆڤ شتێکی زیادە و جوانکاری نەبووە. بەڵام لە

ڕۆژگاری نوێدا واتە ڕۆژگاری پاش شەڕی جیهانی دووەم، پێویستی مرۆڤ بە ژیانی ئەخلاقیانە پلە بە پلە بەبەراورد لەگەڵ رابردوودا زیاتر بووە.

ئێستاکە لە ڕۆژگارێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە پێویستیمان بە ئەخلاقیانە ژیان زۆر گرنگتر بووە و لەلایەکی ترەوە ئەخلاقیانە ژیان پلە پلە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا دژوارتر و پڕ کێشەدارتر بووە، هەم گەڕانەوە بۆ ئەخلاق و هەمیش قوڵبوونەوە لە ئەخلاقدا هەردووکیان دەبێت لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لە لایەن بیرمەندان و چاکسازان و دڵسۆزانی بارودۆخی مرۆییەوە جەختیان لەسەر بکرێتەوە. لێرەدا لەو ڕووەوە قسە دەکەین کە بە چ هۆکار و بەڵگەیەك ئێمەی مرۆڤ ئەمرۆ نیاز و پێویستمان بە ئەخلاقە زیاتر لە ڕۆژگارانی پێشوو و هەروەها بە چ بەڵگە و هۆکارێك ژیانی ئەخلاقیانە لە رابردوو دژوارترە. بارودۆخی ئێمە سەبارەت بە ئەخلاق کتومت وەکو نەخۆشێکە کە لە نیوەی شەودا پێویستی بە پزیشکە، لە لایەکەوە زیاتر پێویستی پێیەتی لە هەر کاتێکی تر و لە لایەکی ترەوە دەست گەیشتن بە پزیشك لە هەرکاتێکی تر کەمتەر.

لە ڕۆژگارانیدا پێشوودا ئەخلاق بۆ چۆنیەتی ژیانمان پێویست بوو، بەڵام مانەوەی چەندیەتی کۆمەڵگە بە بێ ئەخلاق کەم تا زۆر شیمانەی بوونی هەبوو، کۆمەڵگە کۆنەکان لە ڕووی دابینکردنی ئەو دۆخەی کە پێویست بوو، پێویستی بە ئەخلاق بوو، بەڵام دەیتوانی خاوەنی چەند ڕێسا و یاسایەکی ئەخلاقی کەمتر و کەمتر بێت و لەگەڵ ئەمەشدا بتوانن لەڕووی چەندیەتی "نوعیة"وە درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. لەو ڕۆژگارانەدا ئەخلاق چۆنیەتی بە ژیان دەبەخشی و چەندێتی ژیانمان کەمتر پەیوەست بوو بە ئەخلاقەوە، ناڵێین هیچ وابەستەی ئەخلاق نەبوو، بەڵام کەمتر پێوەی پەیوەست بوو. بەڵام ئەمرۆ ئێمە ئەگەر مرۆڤەکان ئەخلاقیانە ژیان بەسەر نەبەین لەم حاڵەتەدا هەر بەو جۆرەی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی نەتەوە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە، ژیانمان نەك تەنها لەڕووی چۆنیەتی "نوعیة"وە ژیانی پێدەگات بەڵکو لەڕووی چەندێتی "کمیة"شەوە لە شەش ڕووەوە بە سەختی لە مەترسیدایە:

**ئامانجە دەروونیەکان "ئارامی، ڕەزامەندی ناوەکی، ژیانی مانادار، ئومێد و شادی"، بوونەتە هۆی ڕووکردن و هاتن بەرەو ئەخلاق.**

١- پیسبوونی هەوا.

٢- پیسبوونی ئاو.

٣- لە دەستچوونی دارستانەکان کە ژینگەکەمان پاك و خاوێن رادەگرن.

٤- هەژار و هەژارتربوونی ڕۆژبەڕۆژی خاك.

٥- سەرهەڵدانی نەخشی نوێ.

٦- دەرکەوتنی شەڕی ناوەکی.

ئەم زیانانە کە ڕووبەڕووی چەندێتی "کمیة"ی ژیانمان، واتە ژیانی بایۆلۆژیمانن، دەرەنجامی بەکارهێنانێکە کە یەکێکە لە گەورەترین رەزیلەتە ئەخلاقیەکان. کە پیسبوون ڕوویدا نەخۆشی

**مەلەکیان: ئەخلاقیبوون بەو مانایەیە کە بازنەی ئەو شتانەی ڕێگەمان پێدراوە و بە تەنگتر و تەسکتر لە بازنەی تواناکانمان بزانین**

نوێ لە دایك دەبن و ئەم نەخۆشیانەش تەنها چارەسەریان دروستکردن و دۆزینەوەی دەرمانی نوێیە، ئەمە خاڵێکە کە لە هەواڵ جیهانیەکاندا دەوترێت: ئەو نەخۆشیانەی کە لەم بیست ساڵی دواییدا ڕووبەڕوویان بووینەتەوە یەکەمین جارە مرۆڤایەتی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

ئەو توانایەی کە جەنگی ناوەکی پێی بەخشیوین، لە ڕاستیدا توانایەکە کە مانەوەی چەندێتی "کمیة"ی مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسیەوە. "چەنگیزخان" ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا تەواوی تەمەنی خۆی لەسەر پشتی ئەسپ بووە و کوشتن و برینی دەکرد، دەیتوانی هێندەی چەند خەڵك بکوژێت و لەناو بەرێت؟ ئەو ژمارە مرۆڤەی کە "چەنگیزخان" لە هەموو تەمەنیدا دەیتوانی بکوژێت، ئێستا لە دە دەقیقەدا دەتوانرێت بکوژرێن، بە فشار خستنە سەر دوگمەیەك تەواوی ئەو کوشتنانەی بە درێژایی مێژوو ڕوویانداوە لە نیوەی ڕۆژێکدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت. ئەمە واتە ئەگەر کەسێك ئەم توانا و لێهاتنەی بەدەستهێناوە ئەگەر ئەخلاقی نەبێت، توانای وێرانکردنی زۆر زۆرە، کاتێك "چەنگیزخان" لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلام خەڵکی دەکوشت، خەڵکی لە (ئەندەلوس و ئیسپانیا)دا ژیانی خۆیان بەسەر دەبرد. بەڵام ئێستا چ شوێنێکی جیهان هەیە کە ئەگەر وێران بێت خەڵکی لە شوێنەکانی دیکەی جیهانەوە بتوانن بە پێی ژیانی ئاساییان بژین و درێژەی پێ بدەن. کەواتە لە ڕابردوودا بە نائەخلاقیانە ژیان تەنها چۆنیەتی ژیان دەکەوتە مەترسیەوە بەڵام ئێستا چەندێیەتیشی "نوعیة"ی دەکەوێتە مەترسیەوە(٣). بۆیە ئەخلاق و ژیانی ئەخلاقی لە ڕابردوو زێدەتر گرنگ و پێویستترە و بۆ ئێمەی نیشتەجێبوانی سەردەمی نوێ و مۆدێرنە.

کەواتە ئەخلاق ئەو فریادرەسەی گەر زوو پێمان نەگات و خۆمان نەگەێنینە هەرێمەکەی، ئیدی ڕووبەڕووی لەناوچوونێکی حەتمی و تەواو دەبینەوە، بە جۆرێك ئیدی هیچ مرۆڤێك و زانایەك و عاقڵێکیش ناتوانێت ڕێگری لەم سنوور بەزاندن و تێپەڕبوونە بەسەر هەموو شتێکدا، لە لایەن مرۆڤەکانی دیکەوە بکات.

**بابەتە بنەڕەتیەکانی فەلسەفەی ئەخلاق**

لە ڕاستیدا گرنگترین بابەتەکانی فەلسەفەی ئەخلاق ئەمانەن، پەیوەندی زانست و ئەخلاق، پەیوەندی ئایین و ئەخلاق، پەیوەندی ئەخلاق و ماف، پێناسەی چەمکە ئەخلاقیەکان، تەوجیە و بەڵگەپێدانی حوکمە ئەخلاقیەکان، پێوەری چاکە و خراپە و دەبێت و نابێت، سروشتی گوزارە ئەخلاقیەکان و جێکەوت و کاریگەری گوزارە ئەخلاقیەکان، بێجگە لەم بابەتانە کە لێرەدا فەلسەفەی ئەخلاق، بریتیە لە لۆژیکی ئەخلاق، ئەوا فەلسەفەی ئەخلاق مانایەکی تری هەیە و

ئەویش بریتیە لە توێژینەوەی فەلسەفی بابەتە ئەخلاقیەکان، وەکو تووڕەیی، شەهوەت و سیفەتە ئەخلاقیەکانی تری و تایبەتمەندی لەم شێوەیە.

بە بۆچوونی "جۆرج ئەدوارد مۆر" کە بە مانایەك بوونیادنەری فەلسەفەی ئەخلاقە و کتێبە گرنگەکەی بەناوی (بنەماکانی ئەخلاق) بە سەرچاوەی فەلسەفەی ئەخلاق لەم سەدەیەدا دادەنرێت.

(مۆر) لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت: من هەوڵمداوە دوو جۆر بابەت بە روونی لە یەکدی جیابکەمەوە کە فەیلەسوفانی ئەخلاق هەمیشە بانگەی ئەوە دەکەن وەڵامیان دەدەنەوە، بەڵام تاکو رادەیەك هەمیشە ئەم دوو بابەتە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بابەتەکانی تردا تێکەڵ دەکەن، ئەو دوو بابەتەش بریتین لە:

چ جۆرە شتانێك دەبێت لەبەرخاتری خۆیان دروست ببن و بوونیان هەبێت.

ئێمە دەبێت چ جۆرە کارگەلێك ئەنجام بدەین؟

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم دەڵێت، ئەو شتانەی دەبێت لەبەر خاتری خۆیان ئەنجام بدرێن، هەمان ئەو شتانەن کە لە خودی خۆیان بە باشیان دەزانین، دیارە لێرەدا پێناسەی وشەی "باش" نامومکینە لە دیدی ئەم فەیلەسوفەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو شهودگەرایە.

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە کە دەبێت ئەو جۆرە کارانە ئەنجام بدەین کە زۆرترین باشە و چاکە دەهێننە دی(٤).

**ئایا ئەخلاق رەها "مطلق"ە یان رێژەییە؟**

لە سەردەمی نوێدا و بە تایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا و راست تر لەم ساتانەدا، یەکێك لەو بابەتانەی لە ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاقدا فەیلەسوفان و بیرمەندانی مژۆڵی خۆی کردووە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کە ئایا ئەخلاق بەو هێندەیەی بۆتە بابەتێکی فراوان و یەکێك لە گەورەترین و گرنگترین پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی کردار و رەفتار و گوتە و بیر و ئاکارەکانی مرۆڤەکان بە تایبەت لە سەردەمی نوێدا، خۆی رێژەییە یان رەهایە؟ بە تایبەتی تریش گرنگی ئەم بابەتە و ئەم پرسە ئەو کاتە نومایانتر دەبێت کە باس لە ئەخلاقی گەردوونی و جیهانی دەکرێت، نەك هەر ئەوەش بەڵکو چەندین کۆنفراسی جیهانی بەستراوە و دەبەسترێت لەمەڕ ئەوەی ئێمەی نیشتەجێبوانی سەر ئەم زەمینە کە مرۆڤەکان بوونەتە هەڕەشە نەك هەر بۆ دەوروبەریان، بەڵکو تەنانەت بۆخودی خۆیان و قڕکردن و سڕینەی یەکدی، پێویستمان بەوە نیە کۆمەڵێك رێسای ئەخلاقی جێگیر و جیهانیمان هەبێت و هەموان لەسەر چەند رێسایەکی زێڕین و مەزن رێك بکەوین، تاکو هەم ژیانی کۆمەڵایەتیمان و هەمیش ژیانی تاکەکەسی و خودیمان ئارامتر و ئاسودەتر و دوور لە بەڵاو و ناخۆشی بێت، ژیانێك لە سایەیدا هەست بە ئارامی دەروونی و دوور لە مەترسی و لەنێوچوون بکەین.

ئەوانەی کە پێیان وایە ئەخلاق رێژەییە دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە و بابەتە سەرەکیانە بدەنەوە و ناشێت خۆیان لابدەن، یبن بە مانایەکی تر ئەو کەسەی خۆی بە رێژەگەرا دەزانێت و پێی وایە ئەخلاق رەها نییە، بەڵکو رێژەییە، ئەوا ناوانن ئەم کارانە ئەنجام بدەن، ئەوانیش:

رێسای یەکەم: رێژەگەراکان ناتوانن کەسانی تر بە ئەنجامدانی نادروست و هەڵە تاوانبار بکەن.

رێژەگەرایی وا دەکات رەخنە لە رەفتاری ئەوانیتر نامومکین بکات، چونکە رێژەگەرایی

لە کۆتاییدا بوونی "کاری نادروست" ڕەت دەکاتەوە، بە دەستەواژەیەکی تر، ئەگەر ئێوە باوەڕتان وایە ئەخلاق شتێك نیە جگە لە پێناسەی کەسایەتی، ئیدی هیچکات ئێوە ناتوانن بڕیار و داوەری لەسەر ڕەفتار و کردەوەکانی کەسانی تر بدەن. ڕێژەگەراکان تەنانەت ناتوانن لەمەڕ بابەتێکی وەکو ڕەگەزپەرستی ڕەخنەیان هەبێت بەر مەبنای ئەخلاق بێت، بۆ نموونە مافی مرۆڤ ناواتن ئاراستە بکەن و وەك شتێکی پەسەندی بزانن، چونکە شتێك بەناونیشانی ماف ناتوانێت بوونی هەبێت. ڕێژەگەرایی مەبەستی مافی هەڵبژاردنە، چونکە هەموان هەڵبژاردن پەسەند دەکەن، تەنانەت هەڵبژاردنی پەرستنی نەژاد.

ڕێسای دووەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن لەمەڕ بابەتی شەڕ شتێك بڵێن.

بوونی شەڕ لە جیهاندا یەکێك لەو ڕەخنانەیەی هەیە و قسەی لەکەڵ دەکرێت، ئیدی لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات و بوونی هەیە تاکو دەگاتە بوونی و نەبوونی خودا و پرسگەلی هەستیار و گرنگ. بەڵام ڕێژەگەراکان ناتوانن باوەڕیان بە بوونی شەڕ هەبێت، لە ڕاستیدا هیچ شتێك ناتوانێت ناوی شەڕی لێ بنرێت، چونکە بە پەسەندکردنی بوونی شەڕ و قبوڵکردنی دەبێت جۆرێك لە پێوەری ئەخلاقی پەسەند بکات.

ڕێسای سێیەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن سەرزەنشتی هیچ کەسێك بکەن یان پیرۆزکردن و نەمرکردنی کەسێك پەسەند بکەن.

پیرۆزکردن و بە شت زانین یان سەرزەنشتکردن لە ڕێژەگەراییدا بە تەواوی بێمانا دەبێت، چونکە پێوەرێکی ئەخلاقی کە بتوانین لەسەر بنەمای ئەو پێوەرە بڕیار بدەین و داوەری بکەین بەوەی چ شتێك دەبێت مەحکوم بکرێت و چ شتێك سوپاس و پیاهەڵدانی بۆ بکرێت بوونی نیە. بە بێ ڕەها "مطلق"ەکان هیچ شتێك ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها، بە خراپ، تراژیدی یان هۆکاری سەرزەنشتکردن بێت. هیچ شتێکیش بە شێوەی ڕەها، باش، شایەنی ڕێز و ڕێزگرتن یان شایەنی ئەوە نیە بە پیرۆز و نەمر بزانرێت.

ڕێسای چوارەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە شتێك نادادپەروەرانە و بێویژدانانەیە.

لە ڕێژەگەراییدا، عەدالەت، ویژدان دوو چەمکن کە بە ڕەهایی هیچ مانایەکیان نیە، یەکەم لەبەرئەوەی ئەم وشانە خۆیان مانایان نیە، ئەم دوو زاراوەیە لەسەر بنەمای یەکسانی لەسەر بنەمای پێوەری واقیعی و بینا لەسەر ئەوەی چ شتێك ڕاست و دروستە، وەستاو و دامەزراون، هەر بەو جۆرەی تاکو ئەو جۆرەی پێشتر گوتمان، ڕێژەگەراکان ناتوانن باوەڕیان بە هەڵە و باوەڕی ڕاست و دروست هەبێت. دووەمیش ئەوەیە شتێك بە ناونیشانی هەستکردن بە گوناه بوونی نیە.

ڕێسای پێنجەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن ئەخلاقی خۆیان ناتەواو بکەن.

کەمکردنەوە و ناتەواوی ئەخلاقی نامومکینە. بە دڵنیاییەوە ڕێژەگەراکان دەتوانن ئەخلاقی تاکەکەسی خۆیان بگۆڕن، بەڵام هیچکات ناتوانن کەسی ئەخلاقی بن. چاکسازی ئەخلاقی وابەستەیە بە جۆرێك ڕێسای دیار و بینراوی ئەخلاقی بۆ کردار و ئەنجامدانی کردار، بەڵام ئەم ڕێسایە کتومت شتێکە ڕێژەگەراکان ئینکاری دەکەن. ئەگەر ڕێگەیەکی باشتر بوونی هەبێت، ناتەواویش

ناتوانێت بوونی هەبێت. لە سەرووی ئەوەشەوە ئەنگێزەیەکیش بۆ ناتەواوبوونی بوونی نابێت.

ڕێسای شەشەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن باسی ماناداری ئەخلاقیان هەبێت.

ڕێژەگەراکان باسکردن لەبارەی ئەخلاقەوە، بێمانا دەکەن. شتێك بۆ باسکردن ناهێڵێتەوە. باسی ئەخلاقی واتە، بەراوردکردنی لایەنە چاکەکانی دیدگایەك لەگەڵ دیدگایەکی تر تاکو ئەوەمان بۆ دروست ببێت کام دیدگا و ڕوانین باشترە. بەڵام ئەگەر بابەتە ئەخلاقیەکان بە تەواوی ڕێژەیی بن و هەموو دیدگاکان بە شێوەیەکی یەکسان بەرامبەر و یەکسانن، لەم کاتەدا هیچ یەکێك لە شێواز و جۆرەکانی بیرکردنەوە بەسەر شێواز و جۆرەکانی تری بیرکردنەوە زاڵتر و لە سەرووترەوە نیە. لەم کاتەدا هیچ یەك لە لایەنگیریە ئەخلاقیەکان ناتوانین بە ناتەواو، ناعەقڵانی، یان بێسوود و بێ کەڵك و تەنانەت بە دڕندانەی بزانین.

ڕێسای حەوتەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن برەو بە ڕەوابوون و هەڵکردن بدەن.

دواجار ڕێژەگەراییدا ڕەوابوون و هەڵکردن بوونی نیە. ئەگەر ڕێسای ئەخلاقی بوونی نەبێت، ناتوانین ڕێسایەك بوونی هەبێت کە هەڵکردن و ژیانکردن لەگەڵ ئەوانیتردا بە ناونیشانی بنەمایەکی ئەخلاقی داوا بکەین(٥).

جیهانی ئەخلاق فراوان و مەزن، هێندەی مەزنی و گەورەیی نەك هەر جیهانی بینراو، بەڵکو دەشێت بڵێین جیهانی نەبینراویش، بۆیە گەلێك لە فەیلەسوفەکان تەنانەت ئەوانەش کە جۆرێك لە جۆرەکان ئاییندار نەبوون، بەڵام نەیانتوانیوە خۆیان لە ئەزموونی ئایینی بەدوور بگرن و حیسابی بۆ نەکەن و باسی نەکەن، بۆ نموونە فەیلەسوفێکی بەناوبانگی وەکو "ڤیتگنشتاین"ی پێی وایە، ئەخلاق سەر بەم جیهانە نیە، بەڵکو سەربە جیهانێکی ترە، یان لەسەرووی جیهانی ئێمەوەیە، بۆیە توانای چارەسەی گەلێك لە گرفت و کێشەکانی ئێمەی هەیە و فریادرەسی هاوارەکانمانە، ئەو هاوارانەی کە لە سەردەمی نوێدا جیهانی مادی و دیار نەك بە هانایانەوە نایەت، بەڵکو هیچ وەڵامێکی نیە بۆیان، بۆیە بەرەو بەرەو جیهانی نەبینراو بەرز دەبنەوە و ئیدی چارەسەریشان هەر لەوێوەیە. بۆیەش دەشێت ئەم بابەتە کە لە دەرگادانێکە زێدەتر لەسەری بڕۆین و لە بابەت و نووسینەکانی تردا ئەو دەرگایە واڵا بکەین و سەر بکێشینە ناو جیهانە فراوان و بێسنوورەکەیەوە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١. موستەفا مەلەکیان، دەروونناسی ئەخلاق، کۆرسی تایبەت لەمەڕ دەروونناسی ئەخلاق، ئەنتەرنێت.

٢. جوگرافیای پدیدە اخلاق و دانش اخلاق، استاد مصطفی ملکیان، ١٣٨٠.

٣. ئەخلاق و مەعنەویەت، کۆمەڵە نووسەر، و: موسعەب و فاتیمە ئەدهەم، ل ٤٦.

٤. فلسفەی اخلاق در قرن بیستم، اری وارنوك، ترجمە، ابولقاسم فنایی، بوستان کتاب، ١٣٨٧، (ص ٣٥- ٤٧-٤٨)

٥. سایت صدا نت، گرگ کوکل، و: زوهەیر باقرپەرست.

٦. سایت دکتر عبدالکریم سروش، دەرسگوتارەکانی سلوك دیندارانە در جهان جدید.



نوعمان موحەممەد ئەڵماس

# مسوڵمانان لەسەر خوانی مۆدێرنە

ئا: ئاری عەلی

پێشەکی

ئەم بابەتە دەربارەی چەند پرسێکە، لەمەڕ ئەوەی موسوڵمانان لە سەردەمی مۆدێرنەدا چۆن مامەڵە بکەن؟ هەروەها چۆن تێبگەن کە دینداری لەم سەردەمەدا ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە؟

هەر لە ناونیشانەکەوە مەبەستمانە ئەوە بڵێین کە خوانێک ئامادە و بەردەستە، ئەو خوانە هی شارستانییەتی ڕۆژئاوایە، موسوڵمانان بیانەوێت یان نا، پێیان خۆش بێت یان نا، هەرکەس بەجۆرێک لەسەر ئەم خوانە ئامادەیە. مەبەستیشمان لە خوان و سفرەی مۆدیرنە، ئەو قۆناغە مێژووییانەیە کە تیایدا جیهانی کلاسیک بەجێ دەهێڵرێت و لە ڕۆشنگەرییەوە دەست پێدەکات ،تا دەگاتە قۆناغی مۆدێرن و دواتر پۆست مۆدێرن، لێرەیشدا مەبەستی سەرەکیمان بریتییە لە سەرجەم ئەو نوێگەری و گۆڕانکارییانەی لەم چەند سەدەی دواییدا،ا لە جیهاندا و بە دیاریکراوی لە ڕۆژئاوادا ڕوویان داوە و دواجار شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاوای بە فۆڕمێکی هەژموونکارانەی بەهێزەوە لێکەوتووەتەوە.

ئەم هەژموون و ئامادەبوونەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا، بەو گۆڕنکارییانەی لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا لەگەڵ خۆی هێناوییەتی، ڕەوشێکی وەهای بەرپا کردووە کە نەک تەنها ئایینی ئیسلام، بەڵکو

ئایینەکانی تریشی خستووەتە سایەی باندۆری خۆیەوە و، هەموو مرۆڤایەتیی ئێستا لەگەڵ بەرهەمە مادی و تیۆری و فیکرییەکانیدا، مامەڵە دەکەن. بۆیە ئاشنابوون بەم دۆخە نوێیە زۆر گرنگە - بەتایبەت بۆ کەسانی خوێندەوار — تا ئاشنا ببن و بزانن لەم سەردەمەدا، چۆن ژیان دەکرێت و، پێگەی لە کوێدایە، چونکە پێزانین دەبارەی پێگەی خود بابەتێکی گرنگە، گەلێکجار مرۆڤەکان کار و هەڵوێستەکانیان دروست دەرناچن، لەبەر ئەوەی پێگەی خۆیان نازانن. ئەم باسە هەم بۆ فەلسەفەی زانستە مرۆییەکان ڕاستە، هەم بۆ دین و دینداریش دروستە، لە هەمان کاتدا بۆ تاک تاکی مرۆڤەکانیش هەر وایە. بەشێکی ئەوەی مرۆڤ، کە بتوانێت خۆی ڕاست بکاتەوە لەوێدایە، کە ئاگای لە پێگەی خۆی بێت، بزانێت لە کوێدا قەراری گرتووە. بۆیە زۆرجار لەم لایەنەوە گرفتمان هەیە، تەنانەت ئەم خاڵە لە ڕەوت و کاری پارتە سیاسییەکانیشدا بەئاشکرا دیارە، حیزب هەیە لە ناوچەکەدا پشتگیر یان دژە بە پڕۆژە و بڕیارێکی دیاریکراو، بەڵام نازانێت وەکوو کێ و لە کام پێگەوە دژە یان پشتگیر، واتا پێگەی خۆی نازانێت. لەم میانەیەدا باندەستی ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئەو حیزبەوە، ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت، لە کورتبینی و خۆونکردن.

کەواتە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین، کە دەبێت لێی تێبگەین، گەرنا لە سادەترین ئاستدا، گیرۆدەی گرفتی زۆر دەبینەوە، بۆنموونە مرۆڤەکانی ئێستا لە هەموو شوێنێك و لە هەموو کاتێکدا دەکەونە بەر شەپۆلی هەموو جۆرە هەواڵێك، ئێمەی مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە دەکەوینە بەر مامەڵەی میدیاکان، تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان، سات لەدوای سات بەر هەواڵی جۆراوجۆر دەکەوین، ڕۆژانە و تەنانەت لەنێوان هەناسەی کاتژمێرێك بۆ ئەویتر، هەواڵ و زانیاری دەدرێت بە چاو و زەین و گوێماندا، تێدەگەین ئیتر ئەمە سەردەمانی پێشوو نییە تا زانیاریمان بە ماندووبوونێکی زۆر دەست بکەوێت.

گرنگە بۆمان پێش ئەوەی بچینە ناو وردەکاریی بابەتەکەمانەوە، ئەو پرسە بخەینە ڕوو، کە ئایا دەشێت مرۆڤ، لەم ڕۆژگارەدا، ئەو زانستەی دەیزانێت، یان ئەو پێگەیەی لەم هەلومەرجە نوێیەدا هەیەتی، هیچ خزمەتێك بە جۆری دیندارییەکەی نەکات؟ یان کاریگەریی لەسەر دروست نەکات؟ واتا ڕوونتر بپرسین: ئایا زانستی نوێ یان جیهانی نوێ، ڕۆڵی هەیە لە جیهاندیدی کەسی باوەڕدار لەم سەردەمەدا؟ ئیتر ئەم زانینە زانینی ئاسایی بێت یان بەدەستهێنانی بڕوانامە و وتنەوەی وانە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا، یان تەنانەت بگاتە ئاستی داهێنانیش. ئێمە خەڵکانێك دەبینین کە بڕوانامەی بەرزیان هەیە لە زانستی جۆراوجۆری سەردەمدا، بەڵام شارەزایی ئەو کەسانە لەو بوارانەی خۆیاندا، کارلێکێکی تەندروستی بەدی نەهێناوە، یان هەست ناکەین ڕوئیایەکی جیاوازتر و قووڵتری پێ بەخشی بێت، بەو مانایەی وەك کەسێک کە ئیماندارە و سەر بە مەنزومەیەکی شارستانیی وەحی-سەنتەرە، پێگەی خۆی وردتر و چاوکراوەتر ببینێت. دەکرێ بڵێین زۆرجار ئەم کارلێکە نابینین.

**چی ڕوویداوە؟**

بۆ ئەم پرسیارە پێم باشە ئاماژە بەو کتێبەی




مزگەوتی پێرماتا لە جاکارتا بە دیزاینی مۆدەرنەوە

مامۆستا 'تەحسین حمە غەریب' بکەین، (چی بکەین؟ چی روویدا؟). هەروەها کتێبەکەی 'داریوشی شایگان' کە لە ڕاستیدا ئیلهام بەخشی ئەم بابەتەی ئێمەیە، (ما الثورة الدينية). ئەو بەوردی باسی ئەو شتانە دەکات کە سەردەمەکانی پێشوو لە سەردەمی نوێ جیا دەکاتەوە، ژیارەکانی ڕۆژهەڵات (ئیسلامی، هیندی، چینی...هتد) و، ئەو ئایینانەی کە لەناو ئەم ژیارانەدا هەبوون و هەن، کۆمەڵێك چوارچێوەی فکریی گشتیی هەیە، کە ئەو ئایینانە لەخۆ دەگرن، دەکرێت بە شارستانییتییە تەقلیدییەکان، ناویان ببەین،'تەقلید' بە واتای نەرێنی نا، بەڵکو وەك بەرامبەرێک بە زاراوەی 'سەردەمی نوێ'، بەم شێوەیەش مەبەستمان نەریت و سوننەتە.

وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە لە چەند خاڵێکدا دەخەینە ڕوو:

یەکەم: لە ژیارەکانی سەردەمانی پێش مۆدێرنەدا، تەنانەت لە شارستانییەتی مەسیحییشدا هەر وا بووە، ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشت و بوون، ڕوانینێکی تەئەمولگەرایانە بووە، واتا بەرمەبنای ئەزموونی ڕۆژانە و ئەنجامی تاقیگەی زانستی نەبووە، بەڵکو تێڕامانی رۆحی بووە بۆ گەردوون. بەڵام کە لە سەردەمی نوێ دەڕوانین، دەبینین دیدگای مرۆڤ بۆ گەردوون، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دیدگای مرۆڤی نوێ بەرمەبنای ماتماتیک و زانستی ئەندازەیە و هەڵقوڵاوی تەئەممولی ڕۆحی نییە. هەڵبەت مەبەستمان مرۆڤایەتی بە گشتییە، گەر نا، تاك و تەنها مرۆڤانێک هەن، لانیکەم لە نێو موسوڵمانان و شوێنکەوتەی ئایینەکانی دیکەدا، تا ئێستایش ڕوانینی تەئەممولگەرایانەیان هەر

> **لە ژیارەکانی سەردەمانی پێش مۆدێرنەدا، ڕوانینی مرۆڤ بۆ سروشت و بوون، ڕوانینێکی تەئەمولگەرایانە بووە.**

بوونی ماوە. بەڵام باسی ڕەوشێکی باوی گشتی دەکەین، نەك شوێنێکی تایبەت.

دووەم: لە دیدی مرۆڤی پێش مۆدێرندا، بوون و گەردوون چەقێکی نەبینراوی هەبووە، (المركز اللامرئي للوجود)، لە هیندستان لەناو موسڵماناندا، لەناو کاسۆلیکییەتی مەسیحیدا، تەنانەت لەناو ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەگشتی، بیر و باوەڕ بەو جۆرەیە کە ئەم گەردوونە، لەپشتەوە ناوەندێکی هەیە، کە نەبینراوە، شتێکی تر ئەم گەردوونە بەڕێوە دەبات، ئەم گەردوونە شوێنەواری زات و هێزێکی باڵایە، بۆیە مامەڵەیەکی ڕۆحییان لەهەمبەر کردووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەردەمی نوێ ئەم جیهاندیدە یان نامێنێت یان لاواز دەبێت، خەڵك زۆر دڵی پێنادەن! مەرج نییە باوەڕی پێنەمابێت، بەڵام ئەو هەژموونەی جارانی نییە لای مرۆڤی ئەم ڕۆژگارە. ئەم روانگەیە هێندە کاریگەری هەبووە لە ژیانی مرۆڤی سەردەمانی مێژین، تا ئەندازەی خورافیات، بە نموونە دەبینین هیندستان نیشتمانی خورافیاتە، تەنانەت تا ڕادەیەکی زۆر نەك بەتەواوی، ئەو

## دیدگای مرۆڤی نوێ بۆ سروشت بەرمەبنای ماتماتیك و زانستی ئەندازەیە و هەڵقوڵاوی تەئەممولی ڕۆحی نییە.

جۆرە دینداریەی موسوڵمانان لەوێ بارگاوی بووە بەو کەشە خورافییە. عیرفانی ئیسلامی بەشێکی زۆری بەر ئەو جۆرە لە ڕامان و توانا پڕئافراندنە کەوتووە، ئەمە نکوڵیی لێ ناکرێت. بەڵام کە دێینە سەر رۆژگاری نوێ، ناکرێت بڵێین زانستی نوێ ئەمەی بەتەواوی لابرد، بەڵام مرۆڤی مۆدێرنی بە دۆخێك گەیاند، کە بەرامبەر ئەم بابەتانە بێدەربەست بن. جاران خورافیات و بابەتە مەعنەوییەکان سەراپای ژیانی مرۆڤی داگرتبوو، بەڵام ئێستا وا نەماوە، زانست و ئەقڵی ئامێری و ئەزموونکردن، جێگەی بە بابەتە مەعنەوییەکانیان لێژ کردووە، بۆ نموونە بابەتێکی وەک خەو بینین، کە یەکێك بووە لە زانستە زۆر گەورەکانی سەردەمەکانی پێشوو تر، کوا ئێستا جێگەی گرنگیپێدانە؟ تەنانەت لە ڕووی نوسین و دانانی کتێب لەو بوارەدا چ نوێکاری و داهێنانێک هەیە؟ هەر دانراوە کۆنەکانە. زیندوێتی ئەم بوارە بە ناونیشانی زانستێک لە کوێدایە؟ لە ڕاستیدا ئەم بوارە مردووە.

سێیەم: لای مرۆڤی پێش مۆدێرنە، جیهان بەسەر سێ ئاستدا دابەشکراوە:

١- جیهانی بەرهەست: ئەم جیهانە مادییەی کە تێیدا دەژین. بە زمانی قورئان 'عالەمی شەهادە'.

٢- جیهانی خەیاڵ: پێوەندیی بە جیهانی خەیاڵکردنی مرۆڤەوە هەیە.

٣- جیهانی رۆح: جیهانی ئەودیوە، لەپشت جیهانی بەرهەستەوەیە.

ئەم سێ ئاستە بۆ جیهان لە هزربینیی خەڵکی پێش مۆدێرنەدا، بەرامبەرە بە سێ جیهان لە خودی مرۆڤدا:

١-جیهانی جەستە.

٢-جیهانی نەفس.

٣-جیهانی ڕۆح.

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ لە هاودڵییەکی سەیردا بووە لەگەڵ ژینگەکەیدا، لانیکەم لەرووی تیۆرییەوە. بەڵام ئەم هەماهەنگی و هاوئاوازییە لەم رۆژگارەدا بەدی ناکرێت.

هەر لەبارەی ئەو وەرچەرخانەی کە بە هاتنی سەردەمی نوێ ڕوویانداوە، ئادوین ئارسەر بێرت Edwin Arthur Burtt (١٨٩٢ – ١٩٨٩)؛ فەیلەسوفێکی فەلسەفەی زانستە، سەبارەت بە وەرچەرخانی بۆچوونی مرۆڤەکان، سێ خاڵ باس دەکات:

یەکەم: باوەڕی وایە کە لە فیکری دێرینددا (بەتایبەت سەدەکانی ناوەڕاست) مرۆڤ لەنێو بوونەوەردا پێگەیەکی بڵندی هەیە، بێگومان ئەمە لە دەقە دینییەکاندا هەیە، کە مرۆڤ گەورەی بوونەوەرە، جێنشینی خوادیە... هتد. بەڵام لە فیکری نوێدا سروشت سەربەخۆتر و جێگیرترە لە مرۆڤ، سروشت وەك ڕەقیبێکی زۆر گەورەی مرۆڤ دێتە هەژمار، بۆیە دەبێت

مرۆڤ زاڵ بێت بەسەریدا، لە دژی بجەنگێت! بەڵام ئەم دیدگایە لە کەلتووری دێریندا بوونی نەبووە وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە.

دووەم: لە فیکری کۆندا جیهانی بینراو، بچووکتر بوو لە جیهانی مرۆڤ. واتا خەڵکی سەردەمانی پێشوو زۆر مەزنتر وێنای جیهانی ناخی مرۆڤیان دەکرد، لەچاو ئەو جیهانەی کە لە دەرەوەیە. بێگومان ئەمە دیدێکی ڕۆحی و خەیاڵی و ڕامانکارانەیە بۆ بابەتەکان. هاوکات فەلسەفە خزمەتکاری دین بووە، تەنانەت ئەو فەلسەفەیەی کە لە دنیای ئیسلامیدا یان لەلایەن گرووپە دینییەکانەوە سووك و بێبەها تەماشا دەکرا و، بە عیلمی شەیتان ناو دەبرا، هەر ئەم فەلسەفەیە ئەگەر ناوکۆیی لێی بڕوانین، خزمەتێکی زۆری دینی کردووە، هەر خودای پێ ئیسپات کراوە، نبووەتی ڕاستاندووە.

بۆ نموونە فارابی، کەسێکی ئەفلاتونییە لە ژیاری ئیسلامیدا، دەبینین ئەم مرۆڤە زۆرێک لە خوێندەوار و ڕۆشنبیرانی ئەم دواییەی شارستانییەتی ئیسلامی، تەنانەت کاتێك خۆیشی لە ژیاندا بوو، تەقەلای زۆریان هەبووە هەر لە ئیسلام دەریکەن و بە موسوڵمانی هەژمار نەکەن. بێجگە لە فارابی، ئیبن سینا و زۆریکی تر لە فەیلەسوفانی دونیای ئیسلام، کاریان ڕاستاندنی بوونی خودا و پێغەمبەرێتی بووە. ئەمە لە دونیای مەسیحییەت و یەهودیشدا هەر ڕاستە و ئاشکرایە.

سێیەم: ئامانجی مرۆڤ خوداناسی بوو، زانستی سەرەکی، زانستێك کە ڕاستەقینە بوویێت، مەعریفەیەك کە حورمەت و بەهای هەبوویێت، بریتی بووە لەو زانستەی مرۆڤ بگەیەنێت بە خودا. هەروەها ئامانج تێیاندا ئەوە بووە، کە ئەم زانست و مەعریفانە بمانگەیەنن بە پلە باڵاکانی عیرفان، تا خۆمان بناسین، ڕۆحمان گەشە بکات،.. هتد. وێرای ئەمانەش چێژی ڕۆحی بابەتێك بووە کە بە گرنگییەوە لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا باس کراون، بگرە ئەمە لە هەموو شتێک گرنگتر بووە.

بەڵام لە فیکری سەردەمی نوێدا ئیتر ئەمانە نامێنن، یان گرنگیان پێنادرێت، لە سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە ئاڕاستەیەکی گەورەی ناو فەلسەفە، بریتی بوو لە هەڵتەکاندنی ئایین. بۆنموونە ئۆگەست کۆنت Auguste Comte (١٧٩٨–١٨٥٧) و، چەندینی تر لە فەیلەسوفان، ڕایانگەیاند کە ئایین ڕووی لە مەرگە! بەڵام پێویست ناکات زۆر لە دژی بجەنگین، چونکە خۆی بە سروشتی حاڵ، وەك کای گڕگرتوو هێور هێور دادەمرکێتەوە!

'کۆنت' بڕوای وا بوو، مرۆڤایەتی لە ڕووی گەشەی عەقڵییەوە بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە: قۆناغی فەلسەفەی ئایینی، قۆناغی فەلسەفەی ئەبستراکت (عەقڵی پەتی) قۆناغی فەلسەفەی واقیعی، بەم شێوەیە ئیدی قۆناغی بیری ئایینی بەسەر چووە و مرۆڤ گەیشتووەتە ئاستێکی باڵای گەشەکردنی عەقڵی، کە قۆناغی فەلسەفەی واقیعییە. دەپرسین ئەی ئێستا چی؟ وا نزیکی سێ سەدە بەسەر ئەو سەردەمەدا گوزەراوە، خۆ ئایین دانەمرکایەوە، نەبوویە خۆڵەمێش. با بە ڕەنگ و سیمای جیاوازەوە بێت، بەڵام نمایانبوون و جیلوەی دین هەر بەردەوامە.

پێتەر بێرگەر Peter Ludwig Berger (١٩٢٩–٢٠١٧)، لە بابەتێکدا بەناونیشانی

(بۆچی دین نەمرد؟)، باس لەوە دەکات کە ئەم بانگەشەی مردنەی ئایین وا نەبوو، بەو جۆرە دەرنەچوو کە ژمارەیەك فەیلەسوفی ڕۆشنگەری و تەنانەت دواتریش ڕایانگەیاندبوو.

هەر لە بارەی ئەو وەرچەرخانە گەورەکەوە، هۆسرەڵ Edmund Husserl (١٨٥٩–١٩٣٨)، پێی وایە ئەو پرۆسەیە لە گالیلۆوە دەست پێدەکات و، تەنانەت زانستی فیزیایش بەبێ ئەو مومکین نەبوو. گالیلۆ، خۆی پیاوێکی دیندار بووە، بەڵام بە بەکارهێنانی تێلیسکۆپ و ڕوانین بۆ جیهان لە گۆشەنیگای ئەندازەییەوە، ئەو پەیامەی بە مرۆڤایەتی گەیاند، کە دەکرێت لەبری مامەڵەی ڕۆحی و هەستەکی، مامەڵەی ماتماتیکی و ئەندازەیی لەگەڵ سروشتدا بکرێت.

بێگومان وتنی ئەمە سادە و ئاسانە، بەڵام واتایەکی گەورەی هەیە، واتا لەبری ئەوەی مرۆڤ بڵێت سروشت چەندێك بەرین و مەزن بێت، بەڵام هێشتا ناگاتە فراوانیی جیهانە ناوەکیەکەی مرۆڤ، هەروەها لەپشت هەموومانەوە هێزێکی بە توانا و گەورە، گەردوون بەڕێوە دەبات،.. هتد. لەجێی هەموو ئەمانە مرۆڤ بێت و بڵێت با واز لەو جۆرە جیهاندیدە بهێنین، ئێمە دەتوانین بەهۆی ماتماتیک و ئەندازەوە دەرگیری سروشت ببین، پێوانەی بکەین، وەك رووبەرێك، رووکەشێك باسی درێژی و پانی و ڕەهەندی تری بکەین و، بەکاری بهێنین. ئەمەیە ڕووگەی مرۆڤی گۆڕی. ئاشکرایە کە ئەم دوو ڕوانگەیە زۆر لێك جیاوازن.

لێرەوە ئیتر پشت لە سروشت کرا، وەك زیندوویێك، وەك هەبوویەکی ڕۆحدار، چیتر سروشت ئەو لایەنە نییە شایستەی ئەوە بێت مرۆڤ وەك بەرامبەری خۆی ژیانی لەتەکدا بکات، بەڵکو سروشت لەم قۆناغەی هزری مرۆڤدا، بەرکارە، مادەیە و ئامرازە. بۆیە مرۆڤ زۆر بەسانایی و بەو پەڕی خەمساردییەوە، وەك دەسەڵاتدارێکی تێرنەخۆر کەوتە گیانی سروشتەوە! بڕی ئەم وێرانکارییەی مرۆڤ بە ڕادەیەکە، دەبینین بە چەندین ڕێکخراوی ژینگەپارێزیی گەورەی جیهانی و کیشوەری و هەرێمی و..هتد نایەتەوە سەر ریتمی خۆی.

بەپێچەوانەوە، سەردەمانی پێشین، مانگ و خۆر و ئەستێرە، بۆ مرۆڤ چەندین شتیان دەگەیاند، نیشانە بوون بۆ زۆر مەبەست، بۆ نموونە زاراوەی ئەفلاکی سەبعە و چەندینی تر، لەو زاراوانەن کە لە فەلسەفەی کۆن دا هەبووە و تێکەڵ بە دینیش بوون. بەتایبەتی ئایینی مەسیح، هەروەها بەقووڵی هاتووەتە ناو فەلسەفەی ئیسلامیشەوە، بۆنموونە باسی مەرتەبەی وجود کراوە، بەڵام وەك ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم بوونناسییە لەم دۆخەدا نەمایەوە.

لە قورئاندا هاتووە: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ ﴾ الإسراء: ٤٤. ئێمە بڕوامان وایە کە هەموو بوونەوەران زیکری خودا دەکەن، بەڵام بە ڕوانینی تاقیگەیی و ماتماتیکییانە بۆ ئەم بابەتانە، ئیتر هەست دەکەین جیهاندیدە مەعنەوییەکە، دیار نامێنێت! ناڵێین نامێنێت، بەڵام شتێکی دی دێتە پێشەوە. ئەمە بنەمایە بۆ دەسپێکی تەکنەلۆژیا، چونکە ئیتر مرۆڤ جۆرە مامەڵەیەکی تر لەهەمبەر سروشت پیادە دەکات.

**بزاوتە لێکچووەکان:**

فەیلەسوفی ناوداری فەرەنسی 'ئی جیلسۆن' (١٨٨٤-١٩٧٨)، ئاماژە بۆ سێ ڕەوت دەكات، كە لە سەدەكانی ناویندا لە دنیای مەسیحییەتدا بوونیان هەبووە، هاوشێوەی ئەو سێ ڕەوتە لە جیهانی ئیسلامیشدا بوونیان هەبووە، هەروەك بەدوور نازانرێت، بەشێك لەو بزاوتەی ئەوروپای سەدەكانی ناوەڕاست كاریگەر بوو بێت بە بزاوتە فیكرییەكانی دونیای ئیسلام، بەو حوكمەی هەندێك لەوانەی دونیای ئیسلام لە ڕووی زەمەنەوە پێشتر سەریان هەڵداوە. جیلسۆن باسی مشتومڕی ئەو ڕەوتانە دەكات، دەربارەی ئەقڵ و ئیمان، زۆر بەكورتی ئەمانەن:

یەك: ڕەوتێكیان باوەڕیان وا بووە، كە ئیمان پێش ئەقڵ و تێگەیشتنە، واتا مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێكی تەواو، پێویستە سەرەتا ئیمان بهێنێت، ئینجا دەتوانێت ئاقڵ بێت. تەرتولیانوس' (AD ٢٤٠ .c – ١٥٥ .Tertullianus، c و قوتابخانەی قەدیس ئۆگەستین St. Augustine (A.D ٤٣٠-٣٥٤.) سەر بەم ڕەوتەبوون. لە جیهانی ئیسلامیشدا دەتوانین تارادەیەك، بەڵام نەك بەتەواوی قوتابخانەی ئەشعەری لەم خانەیەدا دابنێین. لەنێو ئەم ڕەوتەدا گوتەیەكی بەناوبانگ هەیە، هەمیشە جێی سەرنجە، یەكێك لە قەشە گەورەكان دەڵێت: "من ئیمانم هێناوە تا تێبگەم"، واتا ئیمان بنچینەی تێگەیشتن بووە. بەڵام كام تێگەیشتن؟ ئەم تێگەیشتنەی ئێستا نا، كە تێگەیشتنێكی سیكۆلارە، واتا تۆ بتەوێت شتێك تێبگەیت، من دێم و ئەو شتە بۆ تۆ دەگوازمەوە، تۆیش لێم تێ بگەیت. زانیاری و ئەفكارە، چوارچێوە و پرنسیپی هەیە، دەكرێت كەسەكان بیگەیەنن بە یەكدی. ئەمە جیایە لەو فەهمەی كە پێش مۆدێرنە هەبووە، كە تێگەیشتنێكی خواداو بووە، لە ڕێگەی كەشفی ڕۆحیەوە پێی گەیشتوون. بۆیە دەوترێت ئەزموونی رۆحی ناگوازرێتەوە، یان ناوترێت. ئەمە لە جیهانی ئیسلامیشدا هەر وا بووە.

**لە دیدی مرۆڤی پێش مۆدێرندا، بوون و گەردوون چەقێكی نەبینراوی هەبووە،و گەردوون شوێنەواری زات و هێزێكی باڵایە**

دوو: ئەم ڕەوتە باوڕیان وا بووە، كە ئەقڵ پێش هەموو شتێكە، واتا دەبێت مرۆڤ بەڵگاندنی فەلسەفی بكات، بە ئەقڵ بگات بە راستیەكان، پاشان ئیمان دەهێنێت. لە جیهانی ئیسلامدا، موعتەزیلەمان هەیە كە ئەم باوەڕەیان هەیە، هەروەها فەیلەسوفەكان بەگشتی لەم جۆرەن.

سێ: ئەوانەن كە دەیانەوێت گونجاندن بكەن و هەر دوو ئاڕاستەكەی پێشوو یەكبخەن، واتا دەیانویست بڵێن ئەقڵ و ئیمان هاوكات پێكەوە كۆ دەكرێنەوە، ئەقڵ دژی ئیمان نییە و بەپێچەوانەیشەوە، ئەمانە بە ڕوشدییەكان ناسرا بوون و لەژێر كاریگەریی بۆچوونەكانی ئیبن ڕوشددا بوون. لە دنیای ئیسلامیشدا ئەم ئاڕاستەیە هەیە، خودی ئیبن روشد، پێشتر ئەم كارەی لەنێو جیهانی ئیسلامدا پێشكەش كردووە، هەروەها چەند فەیلەسوفێكی تریش ویستوویانە بڵێن كە ئەقڵ

## له قۆناغی مۆدێرنەدا، زانست و ئەقڵی ئامێری و ئەزموونکردن، جێگەی بە بابەتە مەعنەوییەکانیان لێژ کردووە

و شەریعەت هیچ جۆرە دژایەتییەکیان نییە.

لەم بەراوردکردنەدا مەبەستمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەو پێکهاتە کۆنە، ئەو پارادایمە، هەمان پێکهاتە بووە بۆ ئایینەکانی تریش. ئەوە دەمارگیرییە بووەتە هۆی ئەوەی لە ئێستادا هەندێک خەڵکی موسوڵمان یان مەسیحی نایەوێت لە چوارچێوە گشتییەکەدا توێژینەوە و موتالا بکات، واتا نایەت بڵێت لەو سەردەمەدا جیهانبینییەك لە ئارادا بووە کە سەرانسەر هەموو ئایینەکانی گرتووەتەوە، یان چوارچێوەیەك هەبووە هەمووانی لەخۆگرتووە.

ئەم نموونانە بۆیە لەبەریەك دادەنێین، تا ئەوە دەربکەوێت کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، هاوزەمان یان پێشتر لەگەڵ ئەم ڕەوتانەی کە لە ئەوروپادا هەبوون، هەمان دیدگا لە جیهانی ئیسلامیشدا هەر هەبووە، چونکە ئێمە باس لە پارادایمی تێهزرینی مرۆڤی ئەو سەردەمە دەکەین، بە هەموو ئایینەکانەوە.

زانست وەك بزوێنەری سەرەکی مۆدێرنە...

ئەگەر یەکەم بزوێنەر بۆ وەرچەرخانە مەزنەکە لە جیهانی نەریتییەوە بۆ جیهانی مۆدێرن، بریتی بێت لە بەرهەمە نوێیەکانی زانست، ئەوا بزوێنەرێکی دیکەی سەرەکی ئەو وەرچەرخانە بریتییە لە فەلسەفە، بەتایبەت ئەو ڕەوتەی هەر زوو کاریگەر بوو بە زانستی نوێ، بانگەشەی بۆ مەعریفەی پشتبەستوو بە ئەزموون و هەستەوەرەکان کرد و دژایەتی خۆی بۆ خورافات ڕاگەیاند.

فرانسیس بیکۆن Francis Bacon (١٥٦١ –١٦٢٦) فیکرەیەکی هەیە، کە بێگومان کاری خۆی کردووە، بەناوبانگە بە (بتەکانی ئەقڵ)، ئەو باس لە چوار وەهم دەکات، وەك بتەکان دەبێت لە ئاوەزی مرۆڤدا تێك بشکێندرێن، ئەم بیرۆکەیە گوزارشتە لەو ئاڕاستە تازەیەی فەلسەفە کە لە ژێر ڕووناکیی زانستدا دێتە ئاراوە، هەروەها پشتبەستنە بە زانست و هاوکات بە گوتەی زانستباوەڕەکان، وازهێنانە لە خورافیات، یان لە بابەتە مەعنەوییەکان.

چوار وەهمەکەی فرانسیس بیکۆن:

یەك: وەهمی قەبیلە.

دوو: وەهمی ئەشکەوت.

سێ: وەهمی بازاڕ.

چوار: وەهمی شانۆ.

لێرەوە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی مۆدێرنە (زانست)ە، زانست بووە بنچینەی هەموو شتێك، لەم قۆناغەدا ئیدی باوەڕ وایە، کە مرۆڤ بەبێ ئەوەی ویلایەتی دین لە ئارادابێت و فەرمان لە خودا وەربگرێت، خۆی دەتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوە ببات! بانگەوازی خامۆشبوونی دین و هێواش هێواش کوژانەوەی هەر ئەمە بوو. دەوترا ئەقڵ جێگەی دینی

گرتووەتـەوە، ئاییـن کاتێك گرنـگ بـوو، کـە ئـاوەزی مـرۆڤ گەشـەی نەکردبـوو! ئێسـتا کـە مـرۆڤ دارای ئەقڵێکـی گەشـەکردووە چیتـر دیـن زیادەیـە! هیـچ ڕۆڵێکـی بـۆ نەماوەتـەوە!

**مرۆڤ لە سێ قۆناغدا:**

مستەفا مەلەکیان، بەراوردێکی جوانی کردووە بۆ مرۆڤی پێش مۆدێرن و مۆدێرن و پۆست مۆدێرن:

یـەك: قۆناغـی پێـش مۆدێـرن: مرۆڤـی سـوننەتی، نەریـت بـۆ ئـەو بنەمـای سـەرەکی بـوو، بـاوەڕی بـە وەحـی ئاسـمانی هەبـوو، هەمـوو شـتەکانی لـە سـایەی ڕووناکـی وەحیـدا دەبینـی، ئـەو ڕووگـە گشـتگیرەی کـە موسـوڵمان هەیبـووە، دینـداری ئایینـەکانی تریـش هـەر هەیـان بـووە، بـۆ نموونـە کاسـۆلیک واتای چییـە؟ واتا دینێـک کـە سەرتاسـەری ژیـان دەگرێتـەوە، هەمـوو شـتێک لەنـاو دیندایـە و ناکرێـت لـە دەرەوەی دیـن بـۆی بگەڕێیـت. چونکـە دیـن هیـچ شـتێکی جـێ نەهێشـتووە، ئـەم ئاڕاسـتەیە تـا ئێسـتاش لەنـاو زۆربـەی موسـوڵماناندا ئامادەیـە. ئەمـە بـۆ مرۆڤـی پێـش مۆدێرنـە.

دوو: قۆناغـی مۆدێـرن: پێـش چـوار سـەدە لـە ڕۆژئـاوا ئـەو فیکرەیـە سـەریهەڵدا، کـە ئەقـڵ بنەمـای هەمـوو شـتێکە. واتـا مـرۆڤ دەتوایـت، بـە ئەقـڵ هەمـوو شـتێك دەرك بـکات، ئەمەیـش سـەرەتای مۆدێرنـە بـوو، دواتـر ئەقـڵ بـوو بـە ڕەقیبـی وەحـی و سـوننەت.

قۆناغـی سـێیەم: پۆسـت مۆدێـرن: ئـەم قۆناغـە بەهاتنـی 'نیتچـە' سـەری هەڵـدا، هـەم ئەقـڵ و هـەم وەحیـی خسـتە کەنـارەوە! چونکـە نیتچـە گومانـی لـە ئەقڵیـش کـرد! ئـەو بـاوەڕی بـە (کـۆڕای گشـتی) هەبـوو، واتـا زۆرینـەی خەڵـک

چـی پێباشـە، ئـەوە باشـە! ئـەوەی مرۆڤـەکان کۆدەنگـن لەسـەری ئـەوە دەکرێتـە بنەمـا، ئەمـەش پۆسـت مۆدێرنەیـە. بۆیـە پۆسـت مۆدێرنیـزم ڕەخنەیـە لـە مۆدێرنیـزم و لـە ئەقڵـی مۆدێرنیـزم.

وەك ئاشـکرایە سـەرزەمینی بەرپابوونـی مۆدێرنیـزم و پۆسـت مۆدێرنیـزم ئەوروپایـە، بـە جیـاواز لـە گەشـە و گـۆڕانکاریـی شارسـتانییەتەکانی تـر، کـە لـە دیرۆکـی مرۆڤایەتیـدا ڕوویـداوە، ئـەم شارسـتانییەتەی ڕۆژئـاوا تەنهـا ڕۆژئـاوا تێیـدا بەشـدارە، ئەمـە خاڵێکـی زۆر دیـارە بـۆ جیاکردنـەوەی لـە سـەردەمەکانی تـر. زۆرتریـش وا دیـارە کـە ئـەم شارسـتانییەتە ڕۆژئاواییـە بـەوە خۆشـحاڵ نەبێـت، کـە ژیارەکانـی تـر لەگەڵـی بەشـدار بـن، لـە گەشـەکردنیدا! بۆیـە بـەردەوام بەریەککەوتـن هەیـە، بەگشـتی ئـەم دەخوازێـت زاڵ بێـت بەسـەر شارسـتانییەتەکانی تـردا. ژیارەکانـی تریـش وەك پێویسـت کارلێکیـان لەگەڵـدا نەکـردووە، بـە ئیسـلام و ئەوانـی تریشـەوە، ئەمـە نوکتەیەکـی ورد و جێبایەخـە.

یەکێـک لـە بەرئەنجامەکانـی دەرکەوتنـی ئـەم شارسـتانییەتە تازەیـە لەسـەر خۆرهەڵاتـە، ئـەو بەرئەنجامـە بریتییـە لـەوەی کاتێـک کـە ژیـارە دێرینەکانـی ڕۆژهـەڵات دەکەونـە ژێـر بانـدۆڕی ئـەم شارسـتانییەتەوە، ئیتـر لەیەکتـر دادەبڕێـن! چونکـە سـەردەمانی رابـردوو لێکئاگایـی و لێکنزیکـی هەبـووە لەنێـوان شارسـتانییەتی ئیسـلامی و هنـد و..هتـدا، کارلێـک هەبـووە، بـەڵام بـە دەرکەوتنـی مۆدێرنـە، ئەگەرچـی ئـەم ژیارانـە دراوسـێی یەکتـرن، بـەڵام دوورن لـە یـەک! بێخەبـەرن لەیـەک! بـۆ نموونـە لـەم سـەردەمەدا کەمتریـن کارلێـک و مامەڵـە هەیـە لەنێـوان

هندۆس و ئیسلامدا! ئێمە لێرەدا حوکمی باشی و خراپی ئەم ڕەوشە نادەین، بەڵکو باسی دۆخێک دەکەین، دەڵێین کە پێشتر وا نەبووە، موسوڵمانان کتێبیان لەسەر ژیار و حیکمەتی هندی نووسیوە، ئەم حیکمەتە گوزاراوەتەوە بۆ زەمینی ژیاری ئیسلامی، دنیایەک نووسین و کتێب لەم بوارەدا هەیە، کەس ناتوانێت نکوڵی لەم ڕاستییە بکات. ئیتر کەسێک دەڵێت خراپە یان چاکە، ئەمە بەجێی خۆی، دەکرێت کەسێک پێی خراپ بێت، وەک ئاماژەمان پێدا ئەمە پەسنی دۆخێکە، ئەو کاتە وا بووە. کارلێکێکی گەورە هەبووە، ئیسلام کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوانی دی، هەروەها بەپێچەوانەیشەوە.

شارستانییەت شتێکی مردوو نییە:

جەخت لەوە دەکەینەوە کە شارستانییەت، شتێکی مردوو نییە، ناکرێت، ئاسایی نییە کە کارلێك لەنێوان شارستانییەتەکان لە ئارادا نەبێت، ئاگاداری یەك نەبن. بۆ نموونە سەعدی شیرازی، چەندە لەناو جیهانی ئیسلامیدا دیار بووە، هێندەش لەناو شارستانییەتی هندی و چینیدا بەناوبانگ بووە! پادشای ئەو دەمی چین ئاهەنگی کردووە، سەعدی شیرازی بانگهێشت کردووە، بە شیعری کەس دڵخۆش نەبووە جگە لەو! ئەمە لە کاتێکدا سەعدی بە فارسی شیعری وتووە! خۆ دیارە هەمووان زانیویانە کە سەعدی موسوڵمانە، ئەوانیش دیارە کە چی بوون! بەڵام ئێستا کوا ئەم کارلێکە هەیە! بۆ نموونە کوا ئێمە ژاپۆن وەك دین و فەرهەنگ دەناسین؟ کوا هندۆس دەناسین؟ کەی بودیزم دەناسین؟ کەی ئەوان ئێمە دەناسن، بگرە بەپێچەوانەوە تەنانەت توندوتیژی لەنێواندا هەیە.

ئەمە ئیتر بابەتێکە زۆر هەڵدەگرێت، دەکرێت بەسەربەخۆیی بابەتی چەندین توێژینەوە بێت.

**ئەم سەردەمە گۆڕاوە:**

بەکورتی پەیامی ئێمە لەوەی باسمان کرد و زۆر شتی تر، دەکرێت لەم بارەوە بگوترێت ئەوەیە کە بڵێین (ئەم سەردەمە گۆڕاوە، چیتر لە سەردەمانی پێشوو ناچێت، ئەم جیهانەی ئێستا جیهانەکانی پێشتر نییە). ئەمە چۆن وایە؟ ئەمە پەیوەندیی بە تەوقیتی زەمەنییەوە نییە! دەکرێت بوترێت سەردەمانی پێشووش لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی دی جیاوازی هەبووە، یان ڕوونتر بڵێین سەردەمەکانی پێشووتریش بەهەمان شێوە لەیەکدی نەچوون؟ ئیتر لەپای چی لێکنەچوونی سەردەمی مۆدێرنە و سەردەمانی پێش مۆدێرنە هێندە گەورە بخرێتەڕوو؟!

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەکرێ بوترێت، جیاوازیی سەردەمەکانی پێشووتر لەگەڵ سەردەمی نوێدا قووڵترە، چونکە دابڕان و وەرچەرخانە، درێژەی سەردەمەکانی پێش خۆی نییە. بۆ نموونە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) تا سەدەی دوانزەی کۆچی، چەند قۆناغێکی جیاواز هەیە، هەندێک گۆڕانکاری ڕوویداوە، بەڵام هەمان جیهانە، هەمان جیهاندید لە ئارادایە، لەو ماوەیەدا هەرچی ئەنجام دراوە، هەر چەشنە گۆڕانکارییەک کراوە، هەر لە چوارچێوەی هەمان جیهانبینیدا کراوە، بەڵام لە سەدەی دوانزەی کۆچی بەدواوە بابەتەکە بەتەواوەتی شتێکی ترە، دۆخێکی ئاراوتەیە، هەر لە بناژووەوە جیهانبینیی مرۆڤ گۆڕاوە! ڕەوشێک هاتووەتە ئاراوە کە پێشتر پێشینەی نییە لەناو مرۆڤایەتیدا، ئەمە شتێکی ترە!

**هەڵوێستی موسڵمانان بەرامبەر شارستانییەتی نوێ:**

لێرەدا ئاماژە بۆ دوو هەڵوێستی جیاواز دەکەین:

یەکەم: ئەوەی سەید قوتب بە (الانهزام النفسی) ناوی دێنێت، یان لە ئێران ناو براوە بە کاریگەربوون بە ڕۆژئاوا (غرب زدگی) چونکە هەندێک لە موسوڵمانان کاتێک ڕۆژئاوایان دیوە، تووشی تێکشکانی دەروونی بوون، واتا تەسلیم بوون، دەڵێن با هەرچی بەهای ڕۆژئاوایە هاوردەی بکەین. ئیدی شارستانییەتی خۆمان هیچی پێ نەماوە. بێئاگا لەوەی ئەم شارستانییەتە شوناسەکان دەهاڕێت و ڕێگە بە بەشداریی ئەوانی دیکە نادات، وەک خۆیان بمێنن و ببنە پارچەیەکی زیندوو لە پێکهاتەی پەرەپێدان و وجودی خودی شارستانییەتەکە.

دووەم: لە بەرامبەر ئەمەیشدا، ئەو کەسەی ئەم شارستانییەتە نوێیە ڕەت دەکاتەوە، بێئاگایە لەوەی خۆی تووشی داخران و دەمارگیری بووە، هەر بۆیە چارەسەری ئەم بابەتە بەئینکاری نابێت، چونکە ناتوانین نادیدەی بگرین. سەراپای ژیانت مۆدێرنیزە بووە، ماڵەکەت پڕە لە بەرهەمی مۆدێرنە، پەیوەندی و هەڵسوکەوت و کردەوەی ڕۆژانەت هەمووی ئاوێتەیە بە کەرەستەی مۆدێرنە، بوون و کیانت سەرڕێژە لە ئامێر و تێکنەلۆژیا، تەنانەت ڕۆژانە سلوک و ئەقڵت فۆرمات دەکات، ئاگاشت لە خۆت نییە! بۆیە باش وایە مرۆڤ بەخۆی ئاگا بێت، هەر فۆرمات دەکرێت، بەخۆی بزانێت باشترە وەک لەوەی لە خۆی بێخەبەر بێت! بۆیە ئەزموونی سەد ساڵ، ئەوەی نیشانداوین کە ئەمە بە ملنەدان و خۆلێبواردن و دەمارگیری چارەسەر

**ئادوین بێرت: لە فیکری دێریندا (بەتایبەت سەدەکانی ناوەڕاست) مرۆڤ لەنێو بوونەوەردا پێگەیەکی بڵندی هەیە**

ناکرێت، بەوەش ناکرێت ئەژنۆمان بشکێت، بەڵکو دەبێت مامەڵە بکەین، تێبگەین کە گۆڕانکاری ڕوویداوە، دان بەوەدا بنێین کێشە هەیە، نەک بیانشارینەوە، لەمانەیش گرنگتر ئەوەیە بەوە بزانین کە ئەو گۆڕانکارییانە تێگەیشتنی ئێمەش بۆ دین دەگرێتەوە.

دەبێت ئەوە تێپەڕێنین، بۆ نموونە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، دەبینین هەر زۆر بەئاسانی لە کۆمێنتەکاندا بۆ پۆستێك، کە تۆزیک بۆنی مەعریفە و ئەقڵی لێدێت، بۆی دەنووسن: "براکەم ئەمە فەلسەفەیە و، بڕۆ فلان کتێب بخوێنەرەوە، فەلسەفە هەر لە کۆنەوە دژی دین و پێغەمبەرێتی بووە!" ئەم قسانە زۆر کۆنن، ئیتر هەق وایە نەکرێنەوە، باویان نەمێنێت، فڕێ بدرێن، ئەمە تیمارکردن نییە، شاردنەوە و هەڵاتنە، ئەمە نیشانەی بەتاڵیی هەگبەیە! تەمبەڵی مەعریفییە، ڕاکردن لە بەرپرسیارێتییە! کەسێکیش کە خۆی نەیتوانی لەم بابەتانە تێبگات، ڕەوا نییە ڕێگە لە خەڵکیش بگرێت.

**چۆن لە مۆدێرنەی ڕۆژئاوا تێبگەین و بیناسین؟**

**له فیكری كۆندا جیهانی بینراو، بچووكتر بوو له جیهانی مرۆڤ. واتا زۆر مەزنتر وێنای جیهانی ناخی مرۆڤیان دەكرد.**

ئێستا ئەگەر بپرسین ئەی چۆن و لە چەند ڕەهەندەوە لە مۆدێرنەی ڕۆژئاوا تێبگەین و بیناسین؟

بە چەند دێڕێک دەتوانین وەڵامەکە بخەینەروو، لە دوو ئاستدا، دەتوانین مۆدێرنە بناسین:

ئاستی یەکەم: ڕوانگەیەکی واقیعی و کردەیی هەیە بۆ تێگەیشتن لە مۆدێرنە، کە بریتییە لە شتە ڕووکەشییەکانی مۆدێرنە، وەک: دەوڵەتی نەتەوە، مرۆڤی مافسەنتەر، هاوڵاتیبوون، سەرمایەداری، تەکنەلۆژیا، ئەمانە شتە دیار و زەقەکانن، ڕۆژانە دەیانبینین، لە ڕێگەی ئەمانەوە، دەتوانین تێبگەین لە سەردەمی نوێ، چونکە کاتێک بەراورد دەکەین، دەبینین کە پێش مۆدێرنە ئەم بابەتانە هیچیان لە ئارادا نەبوون! بۆ نموونە کەی دەوڵەتی نەتەوە، سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر بوونی هەبووە؟ شتێک بەو ناوەوە نەبووە. بۆیە لێرەدا بەراوردکاری، ڕێگەیەکی گونجاوە بۆ تێگەیشتن.

لێرەوە پێگەی چەندین پرسیاری وەک (بۆچی سەلاحەدینی ئەیوبی دەوڵەتی نەتەوەیی دروست نەکردووە؟) دەردەکەوێت. وەک ئەوەی داوای شتێک بکەین کە نەبووبێت، یان داوای میوەیەک لە کەسێک بکەیت کە ناوی نازانێت، بەخەویش نەیبینیوە! دەوڵەتی نەتەوەیی لەو سەردەمەی ئەودا لای هیچ کەس و لەهیچ جێیەک نەبووە. هەروەها مرۆڤی مافسەنتەریش بەرهەمی مێژوویەکی نزیکە، کە کەمترە لە دوو سەدە، بەڵکو لە سەدەی بیستدا بەتەواوی دەردەکەوێت.

ئاستی دووەم: بریتییە لە ڕەهەندە تیۆرییەکەی، چۆن لەم ڕەهەندە تێدەگەین؟ لەڕێی خوێندنەوەی تیۆریاکانی بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە تا ئێستا، کە بە تان و پۆی تیۆریاکانی خۆیان ئەم سەردەمەیان چنیوە، بۆیە ئەمە کاری خوێندەوارەکانە، ئەگەر کەسێک دەیەوێت لە دوورەوە نکوڵی و دەمارگیری نەکات، هەروەها لە ڕووی مەیدانییەوە خوازیارە تێبگات و بزانێت "چی ڕووی داوە؟"، دەبێت ڕوو بکاتە کتێبەکان و فەیلەسوفەکان، ئەوانەی ئەندازیار و بیناکاری مۆدێرنەن، تا بیانخوێنێتەوە و تێبگات لە دونیای گۆڕاو.

ئەگەر پۆلێنێک بکەین بۆ ئەوگۆڕانکارییانەی هاتوونەتە ئاراوە، ئەوەش بە پێشگریمانە وەربگرین، کە باوەڕە دینییەکانیش دەگرێتەوە، واتا دینی ئێمەش دەگرێتەوە، سێ جۆر خەڵک هەن:

یەک: هەندێک هەن کە گوێ بەگۆڕانکارییەکان نادەن، کاریگەریش نابن پێیان، جیهانێکی بچووک بۆ خۆیان دەسازێنن و بە خەیاڵ تێیدا دەژین، ئەم جۆرە مرۆڤە، بەڵێ، بە جەستە لەم سەردەمەدا دەژی، بەڵام لە ڕاستیدا لەم جیهانەدا ناژی، لە دووسەد

ساڵ پێش ئێستەدا دەژی! ئەمە تۆمەت نییە، چونکە هەر کەس ئازادە چۆن دەژی و ژیانکردنی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هیچ کاریگەرییەک لە دوای خۆی جێ ناهێڵێت، بەخاوێنی دەچێتەوە حزووری خودا.

دوو: کۆمەڵێکی تر لە خەڵک هەن، کە گرنگی بە گۆڕانکارییەکان دەدەن، هەروەها گرنگی بە بیروباوەڕەکانیشیان دەدەن، واتا دەخوازن بیانگونجێنن، چونکە دەزانن ئەمە گۆڕانکارییە و هاتووە و ناکرێت ڕەچاوی نەکەیت.

سێ: ئەوانەن کە گۆڕانکارییەکان بە حەتمی دەبینن، دەست لە بەشێک یان لە هەموو بیروباوەڕە ئایینییەکانیان هەڵدەگرن، دەڵێن تازە ئەوەی هاتووە ئەوە تەواوە، واتا خۆیان سپاردەی مۆدێرنە دەکەن.

وەك ئاماژەمان بۆ کرد، هەرکەس ئازادە کام جۆرە هەڵدەبژێرێت، بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان، ناکاتە دەستهەڵگرتن لە بیروباوەڕ، کە دەتوانین بڵێین پەیامی ئەم نووسینە لەم خاڵەدا چڕ دەبێتەوە، واتا ئێمە دینداری دەکەین، هاوکات مامەڵەش لەگەڵ سەردەمدا دەکەین، بەڵام بە قوبوڵکردنی ئەو پێشگریمانەیەی کە (ئەو دینداریيەی کە لەم سەردەمەدا جێبەجێ دەکرێت، ناکرێت هەمان دینداریی پێشتر بێت، هەرچی زۆریش لە خۆت بکەیت ناتوانیت، دڵنیابە ناتوانیت). کاتێک لەم بۆچوونە زیاتر دڵنیا دەبم، کە تەماشا دەکەم مەسیحییەکیش، بووزییەك و هندۆسێکیش، هەمان حاڵیان هەیە، واتا تەنها تایبەت نییە بە منی موسڵمانەوە، بەڵکو تایبەتە بە دیندارانەوە. بۆم دەردەکەوێت کە ئەمە ئیمان لاوازی نییە، بگرە دیوێکی بەهێز و ئەرێنیی هەیە. ناکرێت ئەو فۆڕمی دینداریيەی کە ئێستا هەیە، هەمان فۆرمی دوو سەدە لەمەوپێش بێت، بە هەمان وردەکارییەوە.

پێنج گرفتی سەرەکیی لە بەرامبەر بیروباوەڕە ئایینییەکان:

یەکەم: فەرهەنگی مرۆڤی پێشتر (تەکلیفسەنتەر) و (گرووپگەرا) بووە، بەڵام فەرهەنگی مرۆڤی ئەمڕۆ (مافسەنتەر) و (تاکگەرا)یە.

یەکێک لەو خاڵانەی کە ئەم گۆڕانکارییانەی تێدا دیارە، هەروەها کێشەی بۆ هەندێ بابەت و چەمکی دینیی ئێمە دروست کردووە ئەوەیە، کە بچڕانی کەلتووری لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا هەیە، دینداریش لە زەمینەیەکی کەلتووریدا دەردەکەوێت و لە دەرەوەی ئەو کەلتوورەوە سەوز نابێت، بینا لەسەر ئەم بنەمایە، کۆمەڵێک بابەت دەگۆڕێن بە گۆڕانی کەلتوورەکە و سیاقە فەرهەنگییەکە. دینی ئیسلامیش واقیعیترین دینە لەم بوارەدا، بۆ نموونە هەر لە فیقهەوە بڕوانین ڕێسایەک هەیە دەڵێت: "الفتوى يتغير بتغير الزمان و المكان و الاشخاص." ئایینی ئیسلام لەم ڕووەوە چەقبەستوو نییە، ئەوە خۆمانین، بە تێگەیشتنەکانی خۆمان تووشی وەستانی دەکەین. فەرهەنگی مرۆڤی ئەمڕۆ بچڕاوە لەگەڵ فەرهەنگی مرۆڤی دوێنێ، بە جۆرێک، پانتایی لێکچوون کەم بووەتەوە، ڕوونتر بڵێین فەرهەنگی مرۆڤی پێشتر (تەکلیفسەنتەر) و (گرووپگەرا) بووە، بەڵام فەرهەنگی مرۆڤی ئەمڕۆ (مافسەنتەر) و (تاکگەرا)یە. ئەم دوو شتە زۆر لێک جیاوازن، بۆیە کەسێک کە تاکگەرایە، فەردانییەتی

بەلاوە گرنگە، بەدڵنیاییەوە دینداریەکەی جیاوازە لە کەسێک کە جەماعەتی بەلاوە گرنگە. بۆ نموونە فەرهەنگی باوکسالاری، کە ڕێگەی بە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەدا، دەبینین بۆ قۆناغێک لەناو موسوڵمانانیشدا قوبوڵکراوە، بەڵێ، وتراوە ناشەرعییە و ئەمە خیلافی هەیە و لەگەڵ ڕێبازی خیلافەتی راشیدیندا نایەتەوە، بەڵام نزیکی هەزار ساڵ زیاتر دەسەڵاتی ئیسلامی، ئاشکرایە کە سوڵتانی یان ئیمپراتۆری بووە! بۆچی ئەم بابەتە ڕێگەی پێدراوە لە ڕووی شەرعەوە؟ ئەگەر زۆر وردی بکەینەوە تێدەگەین کە ئەمە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا نایەتەوە، بەڵام فەرهەنگی مرۆڤ ئەمەی قوبوڵ بووە، لەبەرئەوەی کەلتووری ئەو سەردەمە ئەوەی قوبوڵ بووە کە یەکێک لەسەری سەرەوە بێت و ئەو خەڵکەش رەعیەت بێت لە بەردەمیدا.

بەڵام کاتێک دێینە ئەم سەردەمەوە، مرۆڤێك دەبینین تاکگەرایە، مافسەنتەرە، باوەڕی بە جەماعەت نییە، ئیتر ئەم سەڵتەنەتە چیتر بۆی نالوێت، لەبەری ناڕوات، ئیدی لە شوێنێکدا دەبچڕێت. ئەمە نموونەیەکی زۆر بەرچاو و ئاشکرایە. ئێستا دەگۆڕێت بە فەرهەنگی دیموکراسی و یەکسانی، خەڵک ئێستا لە هەر سەردەمێك زیاتر باسی یەکسانی دەکات، دەبینین ئافرەتان لە هەموو کات زیاتر بە شوێن مافی خۆیاندا دەڕۆن، ئافرەتانی موسوڵمان دەپرسن بۆچی فلان بابەت وایە؟ بۆ ئێمە بەشمان کەمترە؟ کەی ئەم بابەتانە پێشتر بەم جۆرە لە ئارادا بوون؟

نموونەی کۆیلایەتی، یەکێکە لە نموونە زەقەکان، بەڵێ لە ئیسلامدا هاندانێکی زۆر هەیە، تا کۆیلایەتی نەمێنێت، بەڵام فەرهەنگی پێشتری مرۆڤایەتی کۆیلایەتی قوبوڵ کردووە! بۆیە ئیسلامیش بەتەواوی ڕەفزی نەکردەوە، بەڵام کە دێیتە سەردەمی نوێ مرۆڤ قوبوڵی نییە، ئیتر تۆ بێیت بتەوێت بە ئیسلام دیسان بیهێنیتەوە؟! ئیسلام ئەولاتر قوبوڵی نییە.

کەممافیی ژنان، لە سەردەمی زوودا، بەڕوونی دیارە، بەڵێ، لە سایەی ئیسلامدا ڕێزێکی زۆر لە ئافرەت گیراوە، ئەوە مێژوو، دەتوانین سەیری بکەین، بە بەراورد بە ژیارەکانی تر، ئافرەت لە ئیسلامدا بەدڵنیاییەوە بوونەوەرێکی ترە. بەڵام بەراورد بە ئێستا زۆر جیاوازە.

دووەم: دژهاتنەوەی هەندێک بۆچوونی ئایینی لەگەڵ بابەتە سۆزدارییەکانی سەردەمدا.

بابەتە سۆزدارییەکانی مرۆڤ جێگیر نین، ژینگە و دەوروبەر و کەلتوور، بەشێکن لە پێکهێنەری ئەو لایەنە عاتیفییانە، یان ئاستی سۆزداری مرۆڤ. هەروەک پێوەرە ئەخلاقییەکان، دواتر باسی دەکەین، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر بە ڕێژەیەك جیاوازن، بۆ نموونە ژینگەیەکمان هەیە مرۆڤێکی زۆر ناسك پێدەگەیەنێت، کە شعووری ناسکە، لەولاوە ژینگەیەکی ترمان هەیە- ئیتر شوێنی یان کاتی بێت- مرۆڤێکی زبر پێدەگەیەنێت، ئەم دوو مرۆڤە دوو جۆر دینداری جێبەجێ دەکەن. بیستوومانە یان خوێندوومانەتەوە لە یۆنانی کۆندا، باسی ئەسینا و ئەسپارتا کراوە، ئەسینا شوێنی ناسککاری و ئەقڵە، ئەسپارتایش شوێنی جەنگاوەر و خەڵکە بەهێزەکە بووە، هاوسەردەم بەڵام دوو ژینگەی جیاواز.

بۆ نموونە لە ڕابردوویەکی زۆر نزیکدا،

سەربڕینی ئاژەڵ، لە شوێنە گشتییەکاندا ئاسایی بووە، لە ئیسلامدا سەربڕینی ئاژەڵ لەپێناو خودادا، وەك دەزانین کارێکی پڕخێر و چاکەیە، لەبەر چاوی منداڵان و لە شوێنە گشتییەکاندا زۆر ئاسایی بووە، هەر جێگەی پرسیاریش نەبووە، بەڵام ئێستا ئەمە ئاساییە؟! ئێمە خۆمان کە موسوڵمانین، دەڵێین با منداڵ نەیبینێت. ئەمە دەریدەخات کە لایەنی سۆزداری، گۆڕاوە و جیاوازە لە پێشووتر.

هەروەها بابەتی ڕەچاوکردنی پێگەیشتنی ئافرەت لە ڕووی جەستەیی و ئاوەزدارییەوە بۆ هاوسەرگیری، کە لە مێژوویەکی نزیکدا زۆرجار تەنها بابەتی پێگەیشتنی جەستەیی ڕەچاو کراوە و، لایەنی ئەقڵی زۆر کەمتر لەوە جێبایەخ بووە، بگرە هەر مایەی پرسیارکردنیش نەبووە، بەڵام ئێستا وا نییە، ئەم ڕەهەندانە زۆر حساب بۆکراون.

نموونەیەکی تر، سزادان و شەلاقکردنی تاوانباران لە شوێنە گشتییەکاندا شتێکی ئاسایی بووە، خەڵک هاتوون بۆ تەماشای، منداڵ سەیریان کردوون، بۆ نموونە لە ئێران تا ئێستایش ئەم بابەتەی هەر تێدا ماوە. ئەمە شتێکی قوبوڵکراو نییە بە بەرچاوتەوە کەسێک بدەن لە سێدارە، بێگومان حەز ناکەیت. ئیتر ئەمە پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئیسلام توندوتیژ بوو بێت، نەخێر، لە جگە لە ئیسلامیشدا کراوە، زۆر توندتریش کراوە. پێشتر خەڵک لە ڕووی عاتیفییەوە ئەمەی بەئاسایی وەرگرتووە، هەر لە بنەماوە پرسیار نەبووە، بۆ دەیهێنن بۆ ئێرە؟ ئەم کوشتنە بۆ لەم شوێنە گشتییەدا! بەڵام ئێستا ئەمە قوبوڵکراو نییە. مرۆڤایەتی چووەتە حاڵێکی ترەوە، ئێمەش دەبێت ئەمە ببینین

**ئایین ڕووی لە مەرگە! بەڵام پێویست ناکات زۆر لە دژی بجەنگین، چونکە خۆی بە سروشتی حاڵ، وەك کای گڕگرتوو هێور هێور دادەمرکێتەوە!**

نەک هەر لە ڕابردوودا بژین. گرنگ ئەوەیە کە لە ڕووی دەروونناسیی دینییەوە دەتوانین ئەمە کەشف بکەین. وێڕای ئەوانەش، خۆ ئەم جۆرە بابەتانە لە سەوابتی دین نین.

سێیەم: دژهاتنەوەی هەندێک بۆچوونی ئایینی لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقییەکانی سەردەمدا:

وەک پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد، (پێوەرە ئەخلاقییەکان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێن)، هەرچەندە خەڵکی دینداری ئاسایی، ئەمە هەروا بەسانایی وەرناگرێت، ئاسان نییە بۆی، بەڵام لە ڕاستیدا هەر چوارچێوەیەکی فەرهەنگی، کۆمەڵێک ئەخلاقییاتی تایبەت بەخۆی هەیە. دەبێت ئەوەش بڵێین ئێمە لە نووسینی ئەم بابەتەدا، باوەڕمان وا نییە کە ئەخلاق ڕێژەییە، هەرکەس بە کەیفی خۆی، نەخێر، بەڵام هەر سەردەمێک ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە. بەم جۆرە لە بابەتەکە تێبگەین، بۆیە لە سەردەمێکدا جەخت لەسەر شتێکە، لە سەردەمێکی تردا لە سەر شتێکی تر، ئەمە پەیوەندی نییە بە بابەتی ڕێژەییبوونەوە. ئەگەر بۆچوون و باوەڕە ئایینییەکان دژ هاتنەوە

## بانگەشەی مردنەی ئایین بەو جۆرە دەرنەچوو کە ژمارەیەك فەیلەسوفی ڕۆشنگەری و تەنانەت دواتریش ڕایانگەیاندبوو.

لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقییەکانی سەردەمێکدا، ئەوا قەیران دروست دەبێت، دەبێت خەڵکی دیندار ئەو تەنگژەیە چارەسەر بکەن.

بۆ نموونە فرەژنی لە سەردەمەکانی پێشوودا نەک هەر ئاسایی بووە، بەڵکو جێگەی جەدەلیش نەبووە. هەندێکەس وتوویانە: هەر خێریشە پیاو ژمارەی ژنەکانی زۆر بێت. ئەمە لەلای ژنیش زۆر کێشە نەبووە، هەروەها سەدای ناڕەزایی ژن لەم بارەوە کەم بیستراوە، بۆچی؟ چونکە لە ڕووی ئەخلاقییەوە، کۆی کۆمەڵگە ئەمەی قوبوڵ بووە، پیاویش زاڵتر بووە، ئیتر کۆمەڵگە ژیانی خۆی گوزەراندووە، نائەخلاقیش نەبووە، ناشەرعیش نەبووە. بەڵام ئێستا بەدەر لەوەی کە ئیسلام ڕێگەی بە فرەژنی داوە، ئەویش بە هەندێک مەرج، خەڵک هەیە، خەڵکی دیندار، دەڵێت کە من هەر لە ڕووی ئەخلاقییەوە قوبوڵم نییە، هەست دەکەم شتێکی نا ئەخلاقییە کە ژنێک ژنی تری بەسەر بهێنرێت، چونکە ئەو ئینسانە لە ڕووی دەروونییەوە تێک دەدەیت، تێکی دەشکێنیت، ئەمە شتێک نییە بیشارینەوە، دەتوانین لە کەیسەکانی دادگادا زۆر بەئاشکرایی ئەمە ببینین، ئەمە سەردەمانی پێشووش هەر وا بووە، بەڵام جێی سەرنج نەبووە، نەبووەتە باسوخواس.

نموونەیەکی تر: هاوڕێیەکم باسی ئەوە دەکات هەر لە هەشتاکانەوە، کە ئەو ساڵانە ئەو منداڵ بووە، ئۆتۆمبێلیان هەبووە، دەڵی چەند منداڵێک بووین، بۆ قوتابخانە هاتوچۆمان دەکرد، قوتابی سەرەتایی بووین، قوتابخانە دوور بوو لێمانەوە، جاری وا هەبووە باران بووە، ڕێگە قوڕ بووە، ئۆتۆمبێلەکەشمان لەماڵەوە بووە، باوکیشمان هەر لەماڵەوە بووە، باوکمان پێی وتووین ڕۆڵە با بارانەکە خۆش بکات، ئەو کات بڕۆن بۆ مەکتەب، بۆ ئەوەی تەڕ نەبن! ئەمە شتێکی نائەخلاقی نییە، مێژووەکەشی ماوەیەکی هێندە زۆر نییە، بەڵام سەرنج بدەین تێدەگەین لەو ماوە کەمەدا چ گۆڕانێک بەسەر ڕووگە و مامەڵەی مرۆڤدا هاتووە، ئەمە بەو جۆرە نییە، ئێمە بڵێین هەر ئەو خێزانە بەو شێوەیە بوون، نەخێر، خەڵکانی تریش هەر وا بوون! ئیتر دەبینین ئەمە نەبووەتە پرسیار لای منداڵەکان، بڵێن باشە باوکە تۆ ئەم ئۆتۆمبێلەت بۆچی ڕاگرتووە لە ماڵەوە؟ بۆچی ئێمەی پێ نابەیت بۆ قوتابخانە؟! نەبووەتە بابەتیش لای باوکەکە، گەرنا باوکەکە دڵسۆزە، گومان لەوەدا نییە، پرسیار نەبووە لای ئەویش بڵێت ئەمە زبرییە، چۆن دەبێت بەم بارانە یان با بارانیش نەبێت، بەم ڕێگە دوورە ئەم منداڵانە بە پێ بڕۆن؟ لە هەمووی دڵسۆزتر دایکییانە، دایکیش ئەمەی هەر بە بیردا نەهاتووە! ئەم بابەتە هەر جێگەی باس نەبووە! بەڵام ئێستا خەڵک ئاوایە؟ دەبینین منداڵ ڕێگەکەی کەمترە لە کیلۆمەترێک، نایەڵن بە پێ بڕوات،

گەورەشە، پاس و تەکسی بۆ گیراوە، بە ڕۆژی خۆرەتاویش نەك باران! ئەو هەموو وردەکارییە. بۆیە مامەڵەکەی پێشوو زۆر سەیرە بۆ ئێستا، نامۆیە. باوەڕ ناکرێت! بەڵام وا بووە و زۆر ئاسایی بووە، هیچ گرفتیش نەبووە! ژیانیش نەوەستاوە !دەبێت بپرسین ئەمە بۆ وایە؟ ئایا ئەو خەڵکەی پێشتر لە ڕووی ئەخلاقەوە لاواز بوون؟ ئەمانەی ئێستا باشن؟! مرۆڤی ئێستا دڵسۆز و سۆزدارترن لەوانەی پێشوو؟! نەخێر، بابەتەکە چوارچێوە فەرهەنگییەکەیە، پێشتر وتمان کە هەر سەردەمە و، چوارچێوەی فەرهەنگیی خۆی هەیە، هەر فەرهەنگە و، پێوەری ئەخلاقی خۆی هەیە. بمانەوێت یان نا، ئەم بابەتە بوونی هەیە و زۆر بەئاسانی دەبینرێت، شتەکان دەگۆڕێن. زۆر گرنگە مرۆڤی دیندار لەم بابەتانە تێبگات، ئیتر ئەو دەم باشتریش لە دین تێدەگەین.

چوارەم: دژهاتنەوەی هەندێک بۆچوونی ئایینی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانە:

ئەمە پەیوەندی بە بابەتی تیۆری فیکرییەوە نییە، بەڵکو هەر شتی ناو ژیانی ڕۆژانەیە، کردەییە،(شێوازی ژیان گۆڕاوە)، کەس نکوڵی لەم گوتەیە ناکات، بۆیە ڕەنگە نەکرێت بە هەمان شێوەی پێشوو ئەرکە ئاینییەکان ئەنجام بدرێت! پرسیاری سەرەکی لێرەوەیە: ئایا ئایینداری، بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئێستای ئێمە دەکرێت؟ واتا ڕێنماییە دینییەکان لەم ڕۆژگارەدا جێبەجێ دەکرێن؟ لە کاتێکدا هەندێک ئەحکام لەم سەردەمەدا جێبەجێکردنیان ئەستەم بووە! واتا بابەتەکە کردەییە نەك تیۆری. ئەو سێ خاڵەی پێشوو زیاتر شتی فیکری بوون، بەڵام ئەم خاڵە بەتەواوی کردەییە.

بۆ نموونە: بابەتێک هەیە لە فیقهی ئیسلامیدا بەناوی (الدیة علی العاقلة)، کەسێک کەسێک دەکوژێت لە بنەماڵەیەک، دەبێت خوێنەکەی بدات، ئەگەر بنەماڵەی کوژراوەکە لە بکوژەکە خۆش ببن، خوێنەکە کاتی خۆی سەد وشتر بووە، ئەمە پارەیەکی زۆربووە بەئاسانی پەیدا نەکراوە، لە شەرعدا سەرنجی مەزهەبەکان بدەن دەبینن، ئەمە لە فیقهدا بابەتێکی زۆر بڵاوە، لێرەوە (الدیة علی العاقلة)، واتا خوێنەکەی لەسەر ماڵباتەکەیەتی، یان لەسەر قەبیلەکەیەتی، ئەمە بۆ کاتی خۆی شتێکی گونجاو بووە، بەڵام لەم سەردەمەدا کە خەڵک هەیە ئامۆزای خۆی ناناسێت، پورزای خۆی بە دەساڵ نابینێت، کەس کەس ناناسێت، ئەوپەڕی دایک و باوکی خۆی و خوشک وبراکانی دەناسێت، (عاقلة) لەکوێ دەهێنیت؟! چۆن ئەمە جێبەجێ دەکەیت؟! لە ڕووی کردەییەوە ئەم حوکمە ئیتر دەرفەتی جێبەجێکردنی نییە! ئەمە نموونەیەکی زۆر ئاشکرایە. ئەوەی لە "فقە" شارەزا بێت ئەمە زۆر باش دەزانێت. ئەمە بۆ وایە؟ چونکە ئەم (عاقلة)یە هی سەردەمی قەبیلە و عەشیرەتە، کە بە نزیکەیی بڵێین وا خەریکە باوی نامێنێت و تێدەپەڕێت. ڕەنگە لە کوردستانی ئێمەدا و هەندێک شوێنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، تا ڕادەیەک هەر مابێت، بەڵام با سەرنج لە کۆی جیهان بدەین، خەڵک هەیە بە دوو مانگ و دوو ساڵ تەلەفۆنێک بۆ دایکی ناکات، نایبینێت، چ جای هەر بزانێت ئامۆزای هەیە یان نا، ئیتر بێگومان ئەو حوکمە لەم زەمینەیەدا جێبەجێ ناکرێت.

نموونەیەکی تر بریتییە لە بابەتی شەونوێژ:

سەردەمانی پێشوو خەڵک چۆن شەونوێژیان کردووە؟ کاتێك کە نوێژی عیشایان کردووە، کارەبا نەبووە، تەلەفیزیۆن و هیچ ئامێرێك کە ئێستا مرۆڤ سەرگەرم دەکات و پەیوەندی بە کارەباوە هەیە، هەروەها جەنجاڵی بۆ شەو دروست دەکات، دەبێتە خۆرەی کات، ئەو دەم نەبووە، لە هەمووی گرنگتر کارکردنی شەوانە نەبووە یان زۆر کەم بووە، دوای نوێژی عیشا، ئیتر خەڵک نوستوون، بێداربوونەوە لە جەرگەی شەودا، شتێکی ئەفسوناوی و سەیر بووە! تاریکاییەکی زۆر، کاتێک بەخەبەر دێیت شەوەکەت ڕووناک دەکەیتەوە، بەکورتی بڵێین دۆخێکی زۆر ڕۆحانی و نیشانەیەکی بەرزی مەعنەوی هەبووە، ئێستا ئەمە ماوە؟! نەماوە، خەڵک هەر بۆ بێتاقەتی تا سەعات سێی شەو ناخەوێت! بێگومان لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە بڵێین ناکرێت، بەڵام ئەمە واقیعە، شەونوێژیش دەکرێت، بەڵام ئایا ئەم شەونوێژەی ئێستا، لەژێر ئەم هەموو ڕووناکیی گڵۆپەدا، هەبوونی تەلەفیزیۆن و، دێیتە دەرەوە گرمەگرمی دوکان و بازاڕ و ئاوەدانی و دەنگ و هاژەی بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا، هەمان شەونوێژی پێشووە؟ لە شەوێکی تاریک و نوتەک، چرپەیەک نەهاتووە، پڕ لە سکوت، کابرا لە خەو ڕابووە، بە ڕووناکیی ڕۆحی خۆی دڕی بەو شەوەزەنگە داوە! ئەم دووانە لە یەک ناچن، بەراورد ناکرێن، کە دەڵێین سەردەم گۆڕاوە، هەر تەنها ڕستەیەکی هەواڵی نییە و بەس، ئەم شتانەشی لەگەڵ خۆیدا گۆڕیوە.

بۆ نموونە لە ڕەمەزاندا، دەبینین کە زۆر کەس لەبەرئەوەی پارشێوی لەکیس نەچێت ناخەوێت، لەبەرئەوەی خۆی هەر بەئاسایی تا کاتژمێر دوازدە یان یەک ناخەوێت، ئیتر یەکجاری هەر نانوێت تا پارشێو دەکات. ئایا جاران بەم شێوە بووە؟ چ بە خوێندنەوە، چ بە پرسیارکردن بێت، لە بەتەمەنەکان ئەو وەڵامەمان دەست دەکەوێت، کە نەخێر وا نەبووە. خۆ نایشکرێت ئێمەی دیندار بڵێین، ئەمە کاری شەیتانە و ئیتر با کارەبا و تیڤی نەمێنن! شتێکە و هاتووە و تەواو بووە، سەردەمێکە و تێیدا دەژین، تازە گەڕانەوەی نییە.

نموونەیەکی تر (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر)ە، دەبێت مرۆڤ ئەمەی تێدا بێت، کە بەردەوام فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگری لە خراپە بکات، ئایا ژینگەی مرۆیی ئێستا، هەمان گونجاویی هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەمە؟ لە کاتێکدا زەمینەی کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمە، زیاتر تاکگەرایی تێدا زاڵە، ئێمە باسمان لە چەند شارێکی دیاریکراوی کوردستان نییە، کە هێشتا فەردانییەت تێیدا کاڵە، بەڵکو مەبەستمان بەگشتییە، بۆ نموونە لە ئەوروپا ئەمە جێبەجێ بکە، خەڵک مەرحەبایی خەڵکی کردووە، شکاتیان لێ کردووە، گوایا ئەم کەسە بێزاری کردووین! لەم جۆرە جڤاتەدا چۆن ئەمە بکەین؟ ناڵێین ناکرێت، بەڵام شێوازەکەی گۆڕاوە، پێ دەچێت ئەوکاتە لەسەر ئاستی گرووپ لە شێوەی ڕێکخراوی خێرخوازی و چاکسازیی کۆمەڵایەتی، یان پەروەردەییی گەنجان و لاوان، یان هەر شێوازایکی تر، کە بە مۆدێلی ژیانی مرۆڤی مۆدێرن بخوات، گەرنا قوبوڵ کراو نابێت و بە پێچەوانەوە، بە خراپە دەشکێتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی تاک ,مەودای جێبەجێکردنی نەماوە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی کە (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر) لەناو

خەڵکانێکدا دەکرێت کە کۆمەڵگەیەکی بچووک بن، هۆز یان خێڵ بن، تاکەکان یەکدی دەناسن، پێودانگ و بەهای هاوبەشیان هەیە، ئەو کەسەی کە تۆ پێی دەڵێیت ئەو کردەوەیە مەکە دەتناسێت، بڕوای بەو بنەما و قیەمەی تۆیش هەیە. بەڵام ئێستا تۆ کەسێکی دینداریت، دراوسێکەت کەسێکی سیکۆلارە، یان باوەڕی بە دین نییە، فریکوێنسی تۆ لەگەڵ ئەودا ناکەونە سەر یەك! لەم کاتەدا چۆن ئامۆژگاریی دەکەیت؟ بڵێیت با هەڵسوکەوتت بەم شێوە بێت، دەڵێت: تۆ چ کارەیت، کەی کێشەی تۆیە؟ خەریکی ژیانی خۆت بە! بۆیە ئەمە بەراورد ناکرێت بە کۆمەڵگەی (مەککە و مەدینە) کە خەڵك یەکتریان ناسیوە، یەک ڕیتمی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووە. لەناو یەک مەنزومەی ئەخلاقیدا بوون. ئەمە هەر تەنها پەیوەست نییە بە جیهانی ئیسلامییەوە، بۆ ئایینی مەسیحی و ئایینەکانی تریش هەر وا بووە، هەمان زەمینەی ئەخلاقی و مرۆیی هەبووە. ئێستا لە شارێکی وەك بێرمینگهامی بەریتانیا، چەندین ئایینی تێدایە، بەو هەموو مەزهەبەوە، چۆن دەکرێت فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپە، بە شێوەی چەندە سەدەیەک لەمەوپێش پیادە بکرێت!

پێنجەم: دژهاتنەوەی هەندێک بۆچوونی ئایینی لەگەڵ ئەقڵانییەتی سەردەمدا:

هەندێک بۆچوون هەیە، کە لە ئایین پێچراوە، هەروەها بۆچوونێکی ئایینی بووە لە سەردەمەکانی پێشوودا، لەبەر ئەوەی کە لەچوارچێوەی ئەقڵانییەتی پێشوودا بەرهەم هاتووە، زۆر ئاساییە کە بە ئەقڵانییەتی ئەم

**فەرهەنگی مرۆڤی پێشتر (تەکلیف سەنتەرا) و (گرووپگەرا) بووە، بەڵام فەرهەنگی مرۆڤی ئەمرۆ (مافسەنتەرا) و (تاکگەرا)یە.**

ڕۆژگارە نەخوات، لەم کاتەدا دەبێت پێداچوونەوە بە دیدگای خۆماندا بکەینەوە، نەک ملنەدان و نکوڵی، چونکە (ئەقڵانییەتی سەردەمەکان لە یەک ناچن). "پیتەر بێرگەر"، لەم ڕووەوە باسی شتێک دەکات بە ناوی (جیهانی تێداژیاو)، واتا جیهانی ژیان تێداکراو. مرۆڤ ناتوانێت لە پرسیارەکانی سەردەمەکەی خۆی هەڵبێت، هەر لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا دەتوانێت بیر بکاتەوە، بۆ نموونە کەسێک چوار سەدە لەمەوبەر ژیاوە توانیوییەتی باسی مۆدیرنە بکات؟ یان باسی ئیندیڤیجواڵیزم (تاکگەرایی) بکات؟ نەخێر، ناکرێت. بەڵام ئێمە لەم رۆژگارەدا لەناویدا دەژین، بۆیە مرۆڤ ئەگەرچی خۆی ژینگەی جیاواز دەئافرێنێت، بەڵام دواجار دەبێتەوە بەرکاری ئەو ژینگە و سەردەمە جیاوازانە، ناچار دەبێت کوڕی ئەو ڕۆژگارەی خۆی بێت!

بەم شێوەیە بۆ تێگەیشتن لە حوکمێک یان دیاردەیەک، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژگاری لەدایکبوونی ئەو دیاردەیە، ئەمە هاوکارمانە تەنانەت بۆ ڕاڤەکردنی شتەکانی ڕابردوو، لێرەوە حوکم نەدەین، کەسێک،

**(پێوەرە ئەخلاقییەکان بە پێی سەردەمەکان دەگۆڕێن)، هەرچەندە خەڵکی دینداری ئاسایی، ئەمە هەروا بەسانایی وەرناگرێت.**

زانایەک، فەیلەسوفێک، پێشەوایەکی دینی بابەتێکی باس کردووە، نابێت لێرەوە حوکم بدەین بەسەریدا و، بیخەینە ژێر هێڵی راست و چەپی نائەخلاقیبوونەوە، بەڵکو ڕەچاوی جیهانی تێداژیاوی ئەو کەسە دەکەین، خۆ ئەوانیش دارای ئەقڵی رۆژگاری خۆیان بوون، بەڵکو لوتکەی ئەقڵیی سەردەمی خۆیان بوون، واتا نابێت مرۆڤ هێندە بێباکانە بڵێت ئەوەی رۆژگاری رابردوو هیچ نەبوو، نەخێر، بابەتەکە ئەوەیە تۆ ئێستا بە چاویلکەی سەردەمی خۆتەوە دەڕوانیتە سەردەمی پێش مۆدێرنە.

بۆ نموونە تەفسیری دیاردە گەردوونییەکان بەشتی تر کراوە، ئێستا ئەو شتانە لای مرۆڤی ئەم سەردەمە خورافەیە، ئەمەی کە ئێستا لای تۆ خورافەیە بەڵگەیە لەسەر بێئاوەزی مرۆڤی پێشوو؟! نەخێر.

تەفسیری زانستی بۆ قورئان، کەی سەر هەڵدەدات؟ ئاشکرایە لە سەردەمی مۆدێرنەدا دێتە ئاراوە، ئەگەر چاو بگێڕین بە تەفسیرە دێرینەکاندا، تەفسیری زانستی بۆ قورئان نابینین، ئیتر لەگەڵ ئەو خەوشانەیشدا کە هەیەتی، بەڵام بابەتێکی ئەم سەردەمەیە.

فتوحاتی ئیسلامی، ئەمە دیاردەیەکە لە مێژوودا هەیە و خەڵك باسی دەکات، ئیسلام هاتووە بە شمشێر، خەڵکی چەند شوێنێکی موسوڵمان کردووە، ئەم ناوچانەی بەزۆر داگیر کردووە. ئەگەر بە سادەیی تەماشای ئەم بابەتە بکەیت و فتوحات داببڕیت لە زەمینە مێژووییەکەی خۆی، بتەوێ لەم سەردەمەدا جێبەجێی بکەیت، دەبینین چ دیاردەیەکی نامۆ و ناجۆرە، بێگومان ترسناکە، قابیلی قوبوڵیش نییە، موسوڵمانیش لەمەولا، نابێت وا بیربکاتەوە، هەر کە شارێکی گرتە دەست، ئیتر بە ئاڵایەکەوە بە شمشێر بکەوێتە گیانی شوێنەکانی تریش، شتی وا ناکرێت، بەڵکو دەبێت هەر لە مێشکی خۆت بیسڕیتەوە، ئەی چۆن حوکم دەدەیت لەسەر ئەوەی پێشوو؟ ئەوەی پێشوو بۆ ئەو زەمینەیە پێویست و ئاسایی بووە، موسوڵمان فتوحاتی کردووە، خەڵکی تریش هەر وای کردووە، جگە لەمەیش، زەوی 'زەوی خودا' بووە، دەوڵەتی نەتەوە نەبووە، سنوور نەبووە، سیادەی نیشتیمانی نەبووە، هەرکەس ویستوویەتی و توانیوییەتی (زەوی خودا) فراوان بکات، کردوویەتی، قابیلی قوبوڵ بووە، نەك لای موسوڵمان، بەڵکو لای ئەوانی تریش هەر وا بووە، فەتح بەشێك بووە لە سیستمی نێودەوڵەتی، بەڵام ئێستا دەوڵەتی خاوەن سیادە هەیە و شتێك بە ناوی فەتح و فراوانخوازی و بەجۆرەی ئەوسا قوبوڵکراو نییە.

دواجار و لە هەمووی گرنگتر، بابەتی خوداناسی، ئەم خوداناسییەی کە ئێستا ئێمە هەمانە، لە کام خوداناسییەیە؟! بۆ وا دەڵێین؟ چونکە ئێستا چەندین پرس لەم بوارەدا سەریان هەڵداوە. بۆ

نموونە ئەو خودایەی ئێمە دەیپەرستین خودایەکی "متشخص"ە؟ "زات"ە؟ یان "مانا"یە؟ یان هتد..؟

ئەمانە کۆمەڵێک بابەتن، پێشتر لە ئارادا نەبوون، پێشتر گەنگەشە هەبووە لەسەر "الاسماء والصفات"، بۆیە مەبەستەکەمان چەندبارە دەکەینەوە، هەر سەردەمێک ئەقڵانییەتێکی خۆی هەیە، زۆر سروشتییە بە گۆڕانی سەردەمەکان، هەندێک بیروبۆچوونی ئایینی لەگەڵ سەردەمێکی تردا تەبا نەبێت، ئەوکاتە دەبێت دووبارە بە دید و ڕوانگەی خۆماندا بچینەوە.